ته‌موزی 2019 (13)

# دیدگای سۆشیالیستی

گۆڤارێکی سیاسی فیکریه، حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان دەریدەکات

بارودۆخی کوردستان و ئەحزابی بۆرژوازی، فەزای جەنگ و هەڕەشەکانی ئەمریکا، کرێکارانی کوردستان ومەسەلەی پشووە ڕەسمیەکان، کوشتار و توندوتیژی دژ بەژنان، نیو لیبراڵیزم لەئایدیاوە بۆ جیهانسازی، سەبارەت بەکاڵا- لەکتێبی سەرمایەی کارڵ مارکسەوە


عوسمانی حاجی مارف
سامان کەریم
خەسرەو سایە
مەهدی ڕەسوڵ (وەستا مەهدی)
محسن کەریم
جەمال موحسین

# دیدگای سۆشیالیستی

گۆڤارێکی سیاسی فکریە، حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری کوردستان دەریدەکات
ژمارە ١٣ / ساڵی سێهەم/ تەموزی ٢٠١٩

سەرنوسەر:

**جەمال موحسین**

دیزاین:

**خەسرەو سایە**

هەڵەچنین:

**ئیبراهیم محمەد**

بەشدارانی ژمارە:

**عوسمانی حاجی مارف، سامان کەریم، مەهدی ڕەسوڵ، ،**

**جەمال موحسین، محسن کەریم، خەسرەو سایە**

پەیوەندی:

0047 47276028

didgaisocialisti@gmail.com

www.hkkurdistan.org

# ناوەڕۆک:

★ **بارودۆخی کوردستان و کێشمەکێشی ئەحزابی بۆرژوازی و ژیان و چارەنوسی جەماوەری بێبەش و برسی لەم دۆخەدا،**
موحسین کەریم ........................................................ ٢

★ **تەوەری فەزای جەنگ و**
**هەڕەشەکانی ئەمریکا و ململانێکانی لەگەڵ ئێراندا،**
گفتوگۆ لەگەڵ هاوڕێیان:
عوسمانی حاجی مارف، سامان کەریم ........................................... ٢٠

★ **ئایا کرێکارانی کوردستان سودمەندن لە پشووە ڕەسمیەکانی حکومەت؟**
گفتوگۆ لەگەڵ مەهدی ڕەسوڵ (وەستا مەهدی)............................. ٤٧

★ **پێویستە بەر بەم کوشتار و توندوتیژیە دژ بە ژنان بگرین،**
گفتوگۆ لەگەڵ جەمال موحسین ........................................... ٦٠

★ **نیولیبرالیزم، لە ئایدیاوە بۆ جیهانسازیی سەرمایەداری،**
خەسرەو سایە................................................................. ٨٠

★ **سەبارەت بە کاڵا_ لە کتێبی سەرمایەی کارڵ مارکسەوە،**
کارڵ مارکس .................................................................. ١٠٤

★ **ئامادەبون بۆ نوێنەرایەتی کەسێک کە بە شایانی سزای تەوبیخی دەزانی، مانای چیە!؟**
وەڵامێک بە موئەیەد ئەحمەد................................................ ١١٢

# پێشەکی ژمارە:

لەم ژمارەیەی بەردەستاندا بابەتێک سەبارەت بە دۆخی سیاسی کوردستان دوای ئارایشی حکومەتی کابینەی ٩ و ئەو ئاڵوگۆڕانەی بەسەر ژیانی جەماوەردا دێت پێشکەشتان ئەکرێ. دواتر تەوەرێک سەبارەت بە فەزای جەنگ و ململانێی نێوان ئەمریکا و ئێران و کاریگەری لەسەر ناوچەکە لە شێوەی گفتوگۆدا لەگەڵ ڕابەری هەردوو حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان وعێراق ئەخەینە بەردەمتان. بە دوای ئەوەدا گفتوگۆیەک سەبارەت بە پشوی کرێکاران لە کوردستان دێت. مەسەلەی کوشتنی ژنان و توندوتیژی لە دژیان بابەتێکی تری ئەم ژمارەیەیە.

لە بەشی بابەتە فیکری و تیۆریەکانی ئەم ژمارەیەدا بابەتێک سەبارەت بە نیولیبرالیزم هاتووە. پاشان باسی کاڵا کە وەگێڕدراوە لە کتێبی سەرمایەی مارکسەوە خراوەتە بەردەست.

**جەمال موحسین**
**سەرنووسەر**
**ناوەڕاستی جوڵای ٢٠١٩**



# بارودۆخی سیاسی کوردستان و کێشمەکێشی ئەحزابی بۆرژوازی و ژیان و چارەنوسی جەماوەری بێبەش و برسی لەم دۆخەدا

گفتوگۆ لەگەڵ موحسین کەریم

بەدوای تێپەڕبوونی نزیک بە ١٠ مانگ بەسەر پرۆسەی بەناو ''هەڵبژاردن''دا و گێرمەوکێشەی حزبەکان لەسەر پێکهێنانی کابینەی ٩ ی حکومەت و ناتەباییەک کە لە نێوانیاندا هەبوو، لەگەڵ ئەوەشدا تەواوی جومگە سەرەکیەکان کەوتوّتە دەست پارتی بە بیانوی ئەوەی کە زۆرترین دەنگی بەدەستهێنا لە پرۆسەی

بەناو هەڵبژاردندا. بە واتایەکی تر حوکمی دوو بنەماڵەیی بەرەو یەک بنەماڵەیی چووە. بۆ پۆشینی ئەم مەسەلەیە و پەیوەندی نێوان دەسەڵات و خەڵکی بێبەش لەلایەک و حزبەکان لەلایەکی ترەوە و کاریگەری باڵادەستی پارتی لەسەر کۆمەڵگا و بزووتنەوەکان و چینی کرێکار، پێمان باش بوو ئەم گفتوگۆیە لەگەڵ موحسین کەریم ساز بکەین.

**دیدگای سۆشیالیستی: وەک ڕۆشنە سەرۆکایەتی پەرلەمان و لەوێشەوە سەرۆکایەتی هەرێم و حکومەتی هەرێم لە دەست پارتی و بە دیاریکراویش لە دەست بنەماڵەی بارزانیدایە. ئەمەش بە تایبەتی لای یەکێتی جێگەی قبوڵ نییە، لە کاتێکدا کە هەمیشە هاوپەیمانی سەرەکی و شەریکی پارتی بووە. بەڵام ڕێککەوتنی ئێستای نێوان گۆڕان و پارتی جۆرێک لە هەوڵە بۆ دوورخستنەوە یا بەرتەسککردنەوەی یەکێتی لە گۆڕەپانی دەسەڵاتدا. لەم هەلومەرجەدا کە بەسەنگینی کاریگەری روداوەکانی دوای ١٦ی ئۆکتۆبەری لەسەرە، پەیوەندی و هێزهاوسەنگی نێوان ئەم هێزانەی بۆرژوازی کورد چۆن ئەبینن و بە ڕای ئێوە لەم قۆناغەدا پەیوەندی ئەم سێ هێزە سەرەکیە لەگەڵ یەکتر و لەگەڵ دەوڵەتی ناوەندی چۆن لێک دەدەنەوە و بە تایبەتیش پارتی چۆن لەبەرامبەر ئەوانی تردا دەرئەکەوێ؟**

**موحسین کەریم:**

گومان لەوەدا نییە کە هەلومەرجی سیاسی کوردستان دوای ١٦ی ئۆکتۆبەر پێی ناوەتە قۆناغێکی تازەوە کە جیاوازی بنەرەتی هەیە لەپێش ئەو ڕوداوانە. ئەویش ئەوەی کە بە بڕوای من ستراتیژی بۆرژوازی و ناسیۆنالیزمی کورد، بریتی بوو لە ئابوری سەربەخۆ و خۆجیاکردنەوە لە دەوڵەتی ناوەندی عێراق. وە لەڕووی سیاسیەوە ئەوە سەری دەکێشایە هەنگاونان بۆ دروستکردنی دەوڵەتی سەربەخۆی بۆرژوازی کورد، بەتایبەتی لەلایەن پارتیەوە کە خۆی وەکو هێزی سەرەکی خاوەن ستراتیژی ئابوری سەربەخۆ و پێکهێنانی دەوڵەت دەناساند و مامەڵەی دەکرد. بەڵام وەکو بینیمان پرۆسەی ئابوری سەربەخۆ لەڕێگای فرۆشتنی نەوت لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە، تووشی شکستبوو وە قەیرانێکی ئابوری سەخت ڕووی لە کوردستان کرد. ئەوەش وایکرد بۆرژوازی کورد تووشی سەرلێشێواوی بێت و ریزی هێز و بزووتنەوەکانی زیاتر لەبەر یەکتر بترازێت، بەجۆرێک

## گفتوگۆ لەگەڵ موحسین کەریم

کە سەرەنجام لە پرسی ڕیفراندۆم دا، کە بڕیاربوو هەنگاوی سەربەخۆیی سیاسی دابین بکات، نەیانتوانی خاوەن یەک هەڵوێست و بڕیار بن، لەکاتێکدا سەری زمان و بنی زمانیان سەربەخۆیی بووە. ئەوەبوو هەرخۆیان، هاوشانی حەشدی شەعبی و ئێران و تورکیا و ئەمریکا بوونە هۆکارێک بۆ شکستی ئەو پرۆژەیە و سەرەنجام کۆتایی بەو ستراتیژەیان هات و ئێستا هەموو ستراتیژی سیاسیان تێکەوڵابوونەوەیە لەگەڵ دەوڵەتی ناوەندی و لەو ڕێگایەوە بەشوێن دابینبوونی گەشەی ئابوری و بەرژەوەندیە ئابوری و سیاسیەکانی بۆرژوازی کوردەوەن. تەنانەت بەردەوامبوونی دەسەڵاتەکەیان و ئیدارەکردنی کۆمەڵگای کوردستان لەلایەن بۆرژوازی کوردەوە، بەندە بەرێکەوتن و سازانیان لەگەڵ دەوڵەتی ناوەندیەوە. ئەوان ئێستا لەجیاتی ئابوری سەربەخۆ چاوەڕوانی ئەوە دەکەن کە دەوڵەتی ناوەندی بودجەیان بۆ بنێرێ تا مووچەی فەرمانبەرانی هەرێم بدەن! ئەم تێکەڵبوونەوەیە لەگەڵ دەوڵەتی ناوەندی ئێستا نەک هەر ستراتیژی سیاسی پارتی و یەکێتیە وەکو دوو هێزی تەقلیدی دەسەڵاتداری کوردستان، بەڵکو ستراتیژی سیاسی سەرجەم هێزەکانی بۆرژوازی کوردە بە ناسیۆنالیست و ئیسلامیەوە. ئەم هاوبەشیە ستراتیژیەیان ئەمڕۆ جۆرێک لە نزیکبوونەوەی دروستکردووە لە نیوانیاندا کە سەرەنجام بەوە گەیشتن کە لەسەر پرسی پێکهێنانی حکومەت دوای زیاتر لە (٨) مانگ هێنان و بردن و دەیان کۆبونەوە، ڕێک بکەون.

بەڵام مەسەلەیەکی دیکە پێویستە لێرەدا ئاماژەی پێ بکرێ، ئەوەیە کە لەبارێکی دیکەشەوە مەشهەدی سیاسی کوردستان ئاڵوگۆڕی بەسەردا هاتووە. چەمکی دەسەڵات و ئۆپۆزسیۆن بەشێوەی جارانی نەماوە. بە بڕوای من ئۆپۆزیسۆنی بۆرژوایی هەنگاوەکانی شکستی سیاسی خۆی دەپێوێ. بزووتنەوەی گۆڕان هیچ چارەیەکی لەبەردەمدا نەماوەتەوە بێجگە لەوەی کە بچێتە ناو ئەو بازنەیەی کە پارتی بۆی کێشاوە. گۆڕان ئیتر ناتوانێ وەکو هێزێکی ئۆپۆزیسیۆن درێژە بە تەمەنی خۆی بدات و بەناچاری ئەبێ قاچێکی لەناو دەسەڵاتدا گیربکات. بەتایبەتی دوای دەورەیەک بەشداریکردن لە حکومەتی بنکەفراوان و بێتوانایی لە سەپاندنی هیچکام لە پرۆژەکانی کە بانگەشەی بۆدەکردن و ئاوابوونی ئاسۆی ئۆپۆزسیۆن بوون بۆ گۆڕان، ئەوەشی بە ڕێکەوتن و جۆرێک لە یاریکردن لەناو گۆڕەپانی پارتیدا بۆ مەیسەر دەبێ، چونکە خاوەنی سەرەکی دەسەڵاتی سیاسی و حکومەت لە کوردستان پارتیە. ئەزمونی فشاری هاوبەشی یەکێتی و گۆڕان بۆسەر پارتی بۆ لاسەنگکردنی هاوکێشەی دەسەڵات لە کوردستان بەدژی پارتی شکستی هێنا. ئێستا یەکێتی خۆشی لەبەردەم دەرگای پارتیدا وەستاوە و داوای بەشی خۆی لە کێکی دەسەڵات دەکات. (یەکگرتوو و کۆمەڵ و نەوەی نوێ) ش ناتوانن نوێنەرایەتی ئۆپۆزیسیۆنێکی سیاسی

## بارودۆخی سیاسی کوردستان و کێشمەکێشی ئەحزابی بۆرژوازی..

بەهێزی بۆرژوازی بکەن و تەنها لە کەناری روداوەکاندا دەمێننەوە.
بۆ پارتیش نزیکبونەوە لە گۆڕان قازانجی سیاسی هەیە. گۆڕان لەناوچەی ژێردەسەڵاتی یەکێتیدا نفوزی سیاسی و رێکخراوەیی هەیە. ئەگەرچی وەکو دەورەی پێشوو توانای دروستکردنی سەریەشەی بۆ یەکێتی نەماوە بەهۆی ئەو بارودۆخە سیاسی و ناوخۆییەی تێیکەوتوە، بەڵام دەتوانرێ لەلایەن پارتیەوە وەکو هۆکارێکی فشارخستنە سەر یەکێتی حسابی لەسەر بکرێ. سەرەڕای ئەوەی کە لەڕووی پروپاگەندەی یاسایی و شەرعیەتەوە دەتوانێ لەگەڵ گۆڕان و باقی لایەنەکانی نزیک لە خۆی لەناو پەرلەماندا، خۆی وەکو زۆرینەی پەرلەمانی و پارێزەر و خاوەنی پرۆسەی دیموکراسی لە کوردستان هەڵبخات و یەکێتیش وەکو دژ بە دیموکراسی و سیستەمی پەرلەمانی نیشان بدات، هاوکات دەتوانێ بە زیاتر نزیککردنەوەی گۆڕان لە خۆی و دانی ئیمتیازاتی سیاسی و مادی پێی، کە بەسەرسەختترین نەیاری سیاسی پارتی دادەنرا، لەناو جەرگەی ناوچەی نفوزی یەکێتیدا جێپێیەکی قایمتر بۆ خۆی مسۆگەر بکات کە لە ماوەی ٢٨ ساڵی ڕابردوودا و لانی کەم لە دوای ٣١ی ئابی ساڵی ١٩٩٦ نەیتوانیوە لەم ناوچانەدا نفوز و دەسەڵاتێکی هەبێت.
هەڵبەتە پارتی لەم سیاسەتەیدا لەگەڵ بزووتنەوەی گۆڕان، دەیەوێ نەخشی یەکێتی وەکو هێزێکی دیکەی خاوەن حکومەتی هەرێم لەپاڵ خۆیدا، کە تائێستا وابووە و بە دان پێدانانی بەرپرسانی پلەباڵای پارتی کە دەیانووت "بەبێ یەکێتی ناتوانن حوکمی کوردستان بکەن"، بگۆڕن بۆ هێزێک کە داوای بەش لەپارتی بکات وەکو خاوەنی سەرەکی دەسەڵات و حکومەت، نەک وەکو شەریکێکی دیفاکتۆ کە نەتوانێ دەستبەرداری ببێت. بەڵام ئەمەش گرفتی خۆی هەیە. یەکێتی هێشتا خاوەنی ناوچەی نفوزی خۆیەتی، خاوەنی میلیشیا و چەکداری خۆیەتی، خاوەنی پەیوەندی سیاسی و دیپلۆماسی خۆیەتی لەگەڵ وولاتانی ناوچەکە. یەکێتی بە کردەوە دەسەڵاتداری ناوچەیەکی هەرێمی کوردستانە کە بە زۆنی سەوز دەناسرێ! سیستەمی سیاسی کوردستانیش لەسەر بنەمای ناوچەی نفوزو هێزی میلیشیا دامەزراوە، نەک لەسەر بنەمای سیستەمێکی حکومەتی ئاسایی یان دامەرزاوەی سیاسی و ئیداری کە دەنگدان و هەڵبژاردن پرسی دەسەڵات یەکلایی بکاتەوە، یان هێزێکی سیاسی لەرێگای کۆدێتای سەربازیەوە بتوانێ کۆشکی دەسەڵات بگرێ و خۆی وەکو حاکمی کوردستان بناسێنێ.
بە بڕوای من ئەگەر پارتی بیەوێ یەکێتی لە دامەزراوەی سەراسەری حکومەتی هەرێم بکاتە دەرەوە، ئەوکاتە بەکردەوە حکومەتی هەرێم تەنها لەناوچەی زۆنی زەردا مانای دەبێ. ئەوەش لەڕووی دیپلۆماسی و پەیوەندیەکانیان بە دەوڵەتانی دەرەوە کێشەیان بۆدروست دەکات و شەرعیەتی حکومەتی هەرێم لای ئەوان و لای حکومەتی عێراقیش دەباتە ژێر

پرسیارەوە. بێجگە لەو کێشانەی دیکە کە بەدوای ئەم بڕیارەدا دروست دەبێ، کە ئەگەری توندبوونەوەی کێشە و بارگرژی نێوان گۆڕان و یەکێتی لەناوچەکانی ژێردەسەڵاتی یەکێتیدا لەلایەک و لەلایەکی دیکەوە ئەگەری دەرکردنی بنکە و بارەگاکانی پارتی و یەکێتی لەناوچەکانی یەکتردا وەکو دەورانی شەڕی ناوخۆ.

بۆیە بەشێوەیەکی گشتی من وای بۆ دەچم، کە پارتی وەکو هێزێکی یەکەمی بۆرژوازی کوردستان کە خاوەنی دەسەڵاتی سەرەکی و حکومەتە، وە توانیویەتی تاڕادەیەک وەکو نوێنەری سیاسی سەرەکیی بۆرژوازی کورد دەربکەوێ و جۆرێک لە باڵادەستی ئەو چینە لەڕێگای قایمکردنی دەسەڵاتی خۆیەوە فەراهەم بکات، بەڵام بە ناچاری دەبێ لەگەڵ یەکێتیدا لەسەر دابەشکردنی دەسەڵات ڕێکبکەوێ کە سەرەنجام دوای مانۆڕێکی زیاتر لە(٨) مانگی ڕێکەوتن و حکومەتی هاوبەشی( یەکێتی-پارتی- گۆڕان)یان دروست کرد.

**دیدگای سۆشیالسیتی: بوونی دوو ئیدارەیی کە زۆر جار بە فەرمی و نافەرمی لە قسەوباسی سەرکردایەتی یەکێتی و پارتیدا دێت، مەسەلەیەکی دیفاکتۆیە (ئەمری واقعە). پێتان وانییە ئەمە زۆرتر واقعیەت پەیدا بکات؟ چونکە یان ئەبێ یەکێتی سەروەری پارتی قبوڵ بکات، یان ئەبێ پارتی بەشێکی زیاتر و دەسەڵاتێکی زیاتر بدات بە یەکێتی.**

**موحسین کەریم:**

من وەکو لەسەرەوەش ئاماژەم پێدا، توندبوونەوەی بارودۆخەکە بەو ئاقارەدا کە یەکێتی لە بەشداریکردن لە دەسەڵاتی سەراسەری هەرێمدا بێکاریگەر بکرێ، ئەگەرێکی سەختە و پێناچێت لانی کەم لە نزیک ماوەدا ئەوە بۆ پارتی بچێتەسەر. پارتی بە ناچاری دەبێ یەکێتی بەشدار بکات لە حکومەتدا، بەڵام دەیەوێ تا ئەوپەڕی ڕادەی مومکین فشار بخاتە سەر یەکێتی و کەمترین ئیمتیازی پێبدات لە حکومەتی هەرێمدا و هەروەها لە پرسی کەرکوک و بەشداری دەسەڵاتی حکومەتی ناوەندی کە پارتی دیسانەوە دەیەوێ وەکو هێزی یەکەمی کوردستان، خاوەنی بڕیار و بەشی سەرەکی بێت، یەکێتی بخاتە دوای خۆیەوە و کارتی کەرکوک لە دەستی یەکێتیدا بێکاریگەر یان لاواز بکات. بەڵام سەرەنجام هەرێمی کوردستان دوو زۆنی دەسەڵاتە و لە دوای ٣١ی ئابی ١٩٩٦ ەوە ئەوە ڕەسمیەتی وەرگرتوە، تەنانەت لە سەردەمی پەیوەندی زێڕینی یەکێتی و پارتیدا لە چوارچێوەی ڕێکەوتنی ستراتیژی نێوانیان، ئەم دوو زۆنیە هەڵنەوەشایەوە و دەستی پێوەگیرا. ئەم دوو زۆنییەی دەسەڵات هەمیشە واقعی و حەقیقەت بووە لە کوردستان، تەنانەت لە گرتنی پەیوەندیە سیاسیەکانی ئەو دوو زۆنەشدا. کەس نییە گومانی لەوە هەبێ کە زۆنی زەرد لە ڕووی ئابوری و سیاسی و سەربازیشەوە بە توندی بە تورکیاوە بەستراوەتەوە و دەورو

## بارودۆخی سیاسی کوردستان و کێشمەکێشی ئەحزابی بۆرژوازی..

نەخشی دەوڵەتی تورکیا لەو زۆنەدا زۆر بەهێزە. بەهەمان شێوەش، زۆنی سەوز لەگەڵ ئێراندا پەیوەندی ئابوری و سیاسی و بگرە سەربازیەکەی بەهێزترە. بەجۆرێک کە بە ناوچەی ژێر دەسەڵاتی پارتی دەوترێ ناوچەی نفوزی تورکیا و بە ناوچەی ژێردەسەڵاتی یەکێتیش بوترێ ناوچەی نفوزی ئێران! بۆیە ئەوەی کە هەمیشە واقعی بووە واقعیەتی دوو زۆنی و دوو دەسەڵاتی یەکێتی و پارتی بووە، لەپاڵ حکومەتێکی هاوبەش لە ئاستی سەرەوەی دەسەڵاتدا لە دەورانی دوای ڕێکەوتنی ستراتیژی نێوانیان و تا بەر لە توندبوونەوەی کێشمەکێشی نێوانیان لەدوای ڕوداوەکانی ١٦ی ئۆکتۆبەرەوە.

سەندنەوەی زۆنی سەوز لە یەکێتی لەلایەن پارتیەوە بە شەڕ ئەگەرێکی دوورە و نامومکین دێتە بەرچاو. ئەگەری بنکۆلکردنی دەسەڵاتی یەکێتی لەڕێگای هاوپەیمانی نێوان پارتی و بزووتنەوەی گۆڕانیش کێشەی خۆی هەیە و یەکەم هەنگاو دەکەوێتە بەر کاردانەوەی سیاسی و سەربازی یەکێتی دژی بزووتنەوەی گۆڕان و ئەگەر هەڵپێچانی بنکە و بارەگاکانی پارتی لە زۆنی سەوز و دوای ئەویش دەرکردنی بنکە و بارەگانی یەکێتی لە زۆنی زەردی بەدوادا نەیەت! ئەم ئەگەرانە زیاتر فرسەتی شەڕی ناوخۆ دروست دەکەن، کە ئەوەش دیسانەوە لە بەرژەوەندی سیاسی و ئابوری یەکێتی و پارتیش نییە.

کەواتە ئەوەی کە ئەگەرێکی مومکین و واقعیە لە ئێستادا کە بەرژەوەندی هەریەکە لە پارتی و یەکێتی مسۆگەر دەکات، ئەوەیە کە پارتی دەبێ شەراکەتی سیاسی و دەسەڵاتداریێتی یەکێتی قبوڵ بکات و ئەوەندەی ئیمتیاز بداتێ کە یەکێتی وەکو سەردار و خاوەن دەسەڵاتی بەشێکی هەرێمی کوردستان، پێی ڕازی بێت! بەڵام گومان لەوەدا نییە کە پارتی دەبێ وەکو هێزێکی یەکەم و خاوەن دەسەڵات و حکومەت لەلایەن یەکێتیەوە بەڕەسمی بناسرێ! کە ئەمەش دیاردەیەکی تازە نییە و هەڵبژادنی نێچیرڤان بارزانی بۆ پۆستی سەرۆکی هەرێم و مەسرور بارزانی بۆ پۆستی سەرۆکی حکومەت، جیاوازیەکی بنچینەیی دروست نەکردوە بە بەراورد بە دەورەی پێشووی حکومەت و کابینەکان، بەبێ ماوەیەکی کەم کە دوای ڕوادوەکانی ١٦ ی ئۆکتۆبەر پۆستی سەرۆکی هەرێم هەڵپەسێردرا! دەنا لەو کاتەشدا هەر بارزانیەکان سەرۆکی هەرێم و سەرۆکی حکومەت بوون وەکو ئێستا.

بەڵام چارەسەری دوو ئیدارەیی و گۆڕینی ئەم واقعیەت دیفاکتۆیە، بە دوو ڕێگا دەکرێ بەسەرنجام بگات، یەکێکیان دروستبوونی دەوڵەتە لە کوردستان و دوەمیان ئەوەیە کە حکومەتی ناوەندی عێراق بتوانێ دەسەڵاتی ئابوری و سیاسی خۆی بەشێوەیەکی بەهێز بەسەر کوردستاندا فەرزبکاتەوە. هەردوو ئەم ڕێگایە گرفتی خۆیان هەیە. یەکەمیان بەهۆی ئەوەی کە پرسی دروستبوونی دەوڵەت بۆ بۆرژوازی کورد، ئەگەرچی هیچ کاتێک

ستراتیژێکی سیاسی پایەداری ئەوان نەبووە و هەمیشە چاویان لە شەراکەتی سیاسی و ئابوری بووە لەگەڵ حکومەتی ناوەندا، بەهۆی شکستی پرۆژەی ریفراندۆم و ڕوداوەکانی ١٦ی ئۆکتۆبەرەوە بۆ ئایندەیەکی نادیار چوەتە دواوە. دووەمیش زاڵبونەوەی دەوڵەتی ناوەندی بەوجۆرەی کە دەسەڵاتی تەواوی هەبێ بەسەر هێزەکانی کوردستان وحکومەتی هەرێمدا، بەهۆی واقعیەتی ناجێگیری و لەرۆزکی خودی دەوڵەتی عێراقەوە و هاوکات بەهۆی دەستێوەردانی دەوڵەتانی ئێران و تورکیا لە هەرێمی کوردستانەوە، کارێکی سەختە و ئاسان نییە. بۆیە لانی کەم لە مەودای نزیکدا ئاڵوگۆڕێکی بنەرەتی لەم واقعیەتی دوو ئیدارەییەدا ڕوونادات. بێگومان فاکتەرێکی گرنگی دیکە هەیە، کە لەدەرەوەی ئە ودوو فاکتەرەی تردایە، ئەویش فاکتەری خەڵکی کوردستانە، کە دەتوانن هەلومەرجەکە سەر لەبەری قلّپ بکەنەوە کۆتایی بە دوو ئیدارەیی بهێنن و بنەماکانی دەوڵەتێکی سەربەخۆ دابمەزرێنن، بەڵام ئەوەش پێویستی بەوە هەیە کە سەرەتا ئەو خەڵکە هێزی خۆی رێکخراو و ساز و ئامادە بکات لە بەرامبەر دەسەڵاتی میلیشیایی بۆرژوازی کوردا بە ئاسۆی سیاسی سەربەخۆی رادیکاڵ و سۆشیالیستیەوە.

**دیدگای سۆشیالیستی: باشە هاوڕێ موحسین لە قسەکانیدا تۆدا باس لەوە دەکەی کە پارتی وەک هێزێکی سەرەکی بۆرژوازی کورد توانیویەتی ئەو جێگەوڕێگەیە پەیدا بکات کە سەروسامانێک بە بۆرژوازی بدات و لانی کەم وەک هێزێکی هەوڵدەر بۆ یەکگرتووکردنی بۆرژوازی و چینی باڵادەست خۆی بنوێنێ و باسی دروستکردنی حکومەتی بەهێزو پایەدار دەکات لە کوردستان. دەکرێ بنەماکانی ئەو بۆچوونەتانمان کەمێک زیاتر بۆ ڕوون بکەنەوە.**

**موحسین کەریم:**

بەڵێ من پێموایە کە پارتی تاڕادەیەک توانیویەتی وەکو نوێنەری سیاسی چینی بۆرژوازی و سەرمایە لە کوردستان خۆی نیشان بدات. بێگومان مەبەستی من ئەوە نییە کە پارتی نوێنەری سەرجەم توێژەکانی بۆرژوازی کورد دەکات، یان ئەتوانێ بیکات. بۆرژوازی وەکو چینێک بێگومان لەناوخۆیدا جۆرێک لە ململانێی تێدایە. بەرژەوەندی توێژە جیاوازەکانی سەرمایە و بۆرژوازی هەمیشە لەچوارچێوەی کێبڕکێدا یەکالا دەبێتەوە و دەچێتە پێشەوە. تەنانەت مەیل و بۆچوونی جیاوازی ئابوریش لە چوارچێوەی هەمان بەرژەوەندی گشتی ئابوری چینی بۆرژوایدا ڕەنگە سەر هەڵبدات. بۆرژوازی بزووتنەوەی سیاسی و کۆمەڵایەتی جۆراوجۆری هەیە و ئەحزابی جۆرواجۆریشی هەیە کە تەعبیری سیاسی لە بەرژەوەندیەکانی بۆرژوازی دەکەن و لەوانەیە هەندێکجار بکەونە بەرامبەر یەکتریشەوە.

## بارودۆخی سیاسی کوردستان و کێشمەکێشی ئەحزابی بۆرژوازی..

وەکو ئەوەی کە لەزۆربەی هەرەزۆری کۆمەڵگا بۆرژوازیەکانی دنیادا هەیە. بەڵام سەرەنجام رەوتێک و بزووتنەوەیەک و پارتێک یان چەند پارتێک لە دەورەیەکی دیاریکراودا دەتوانن نوێنەرایەتی سیاسی و بەرژەوەندی گشتی چینی بۆرژوازی بکەن. لەسەر ئەو بنەمایەش لەلایەن زۆربەی توێژەکانی بۆرژوازیەوە وەکو نوێنەری بۆرژوازی قبوڵ دەکرێن. بە بڕوای من پارتی لەماوەی چەندین ساڵی ڕابرووددا، بەتایبەتی دوای ئەوەی کە نەیارە تەقلیدی و مێژوویەکەی (تاڵەبانی) دانی بە پێگەی یەکەمی پارتی و بنەماڵەی بارزانی دا نا وەکو هێزی سەرەکی دەسەڵاتدار و فەرمانڕەوای کوردستان، ئەم پرۆسەیەی دەست پێکردووە و هەنگاو بە هەنگاو جێگیری کردووە.

هەر ئەوەی کە پارتی لەهێزێکەوە کە دەسەڵاتی بە (٥٠+٥٠) لەگەڵ یەکێتیدا دابەش دەکرد، بۆ ئەو قۆناغەی کە دەسەڵات بۆ ئەو براوەتەوە ئەو بڕیار دەدات چۆن یەکێتی و هێزەکانی دیکەی بۆرژوازی بەشدار دەکات لە حکومەتدا، ئەوە مانای وایە کە پارتی لەم ماوەیەدا توانیویەتی خۆی وەکو نوێنەری سیاسی بە بۆرژوازی کورد قبوڵ بکات. پرسی تەزویر و دەنگ کڕین، ناتوانێ پاکانەیەکی مەعقول بێت بۆئەوەی پارتی ٤٥ کورسی بهێنێت و یەکێتیش ٢٢ کورسی پەرلەمان لە کاتێکدا ساڵانێکی زۆر دەسەڵاتیان بە یەکسانی لەنێوان خۆیاندا دابەش دەکرد! چوونی بەشێک لە سیاسەتمەدارانی پلە یەکی یەکێتی بۆ لای پارتی و هەروەها گۆڕان بۆ لای پارتی و پەیدابوونی ئەو هەموو ڕۆشنبیرە ناسیۆنالیستەی بەرگری لە پارتی دەکەن، تەنها هۆکارەکەی بەرتیل دان و دەمچەور کردن نییە، بەڵکو بەشێکی ئەوەیە کە ئەمانە ئومێدی سیاسیان بەو حزبەوە وەکو حزبی دەسەڵات و نوێنەری سیاسی چینی بۆرژوازی کورد گرێداوەتەوە.

لەلایەکی دیکەشەوە، چ حکومەتی عێراق و چ دەوڵەتانی ناوچەکە و ئەمریکا و وڵاتانی رۆژاوا بە پلەی سەرەکی پارتی و بنەماڵەی بارزانی وەکو نوێنەری سیاسی و شەرعی و خاوەن بڕیار و دەسەڵات لە کوردستان مامەڵە دەکەن و هەڵسوکەوتی لەگەڵدا دەکەن. دەسەڵاتی پایتەختی هەرێم وناوەندی هەموو کۆنسوڵخانەکانی وڵاتان لە هەولێری ژێر دەسەڵاتی پارتیدایە. ئەمانە هەموویان بەڵگەی ئەوەن کە پارتی و بارزانیەکان وەکو نوێنەرانی سیاسی بۆرژوازی و دەسەڵاتی هەرێم قبوڵکراون.

بەڵام ئەوەی کە پارتی بانگەشەی دەکات کە گوایە حکومەتێکی بەهێز دروست دەکات و لەو فەوزایەی کە دەسەڵاتی بۆرژوازی تێی کەوتوە رزگاری بکات، کە بێگومان دەیەوێ بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ لایەنەکانی دیکەی وەکو یەکێتی و گۆڕان بە سەرچاوەی لاوازی حکومەت و فەوزای ئیداری ناوبەرێت، ئەگەر هاتوو ستراتیژی ئابوری سەربەخۆ سەری بگرتایە دەیتوانێ ئەو کارە ئەنجام بدات. لەمبارەدا هەم لەبەرامبەر خەڵکی کرێکار و

## گفتوگۆ لەگەڵ موحسین کەریم

زەحمەتکێشی کوردستان و هەم لەبەرامبەر هێزەکانی دیکەی بۆرژوازیدا پێگەیەکی بەهێزی بۆ خۆی و بۆ حکومەتەکەی دروست دەکرد و تاڕادەیەک کێشە ئابوری و سیاسیەکانی کەمتر دەکردەوە. بەڵام ئێستاش کە دوای شکستی ئەو ستراتیژەی، ستراتیژی تێکەڵبونەوە و ڕێکەوتنی لەگەڵ بەغدا گرتۆتەپێش و لەلایەن بەغدادیشەوە پێشوازی لێکراوە، ئەگەر بتوانێت ئەم ستراتیژەی جێبەجێ بکات و به تەواوی لەگەڵ حکومەتی ناوەندیدا خۆی سازبداتەوە و لەڕووی ئابوری و سیاسیەوە لێک هەڵپێکرێنەوە، دەتوانێ بەشێکی گرنگ لە کێشە ئابوری و سیاسیەکانی ئێستای چارەسەر بکات و لەبەرامبەر هێزەکانی دیکەی بۆرژوای کورددا پێشڕەوی بکات. بۆیە دەبینین بە هەموو شێوەیەک نێچیربارزانی وەکو نوێنەری ئاساییکردنەوەی پەیوەندی نێوان هەرێم و بەغدا خۆی نمایش دەکات و لە دوا پەیامی خۆیدا وەکو سەرۆکی هەرێم و وەکو وتەی ماڵاوایی لە کابینەی پێشووی حکومەت، پێداگری لە سەر پەیوەندی فیدراڵی نێوان هەرێم و ناوەند کردەوە و وەکو دەرگایەکی ئومێد بۆ چارەسەری کێشەکان و جێگیری سیاسی و پێکەوە ژیان لە عێراقدا پێداگری لەسەر کرد.

**دیدگای سۆشیالیستی: ئێستا با لە بەرەی بۆرژوازی دوورکەوینەوە و بێینە سەر کاریگەری ئەم جۆرە لە باڵادەستی شێوازی بنەماڵەیی بۆرژوازی کورد لەسەر چینی کرێکاری کوردستان و جەماوەری بێبەش و خەباتیان بۆ باشکردنی ژیانیان. جەماوەری برسی بە سەد زمان خواستی وەلانانی ئەم دەسەڵاتەیان دەربڕیوە و ناڕەزایەتیەکان گەواهی ئەمەن. بەڵام تا ئێستا هچ شێوازێک لە ناڕەزایەتی و نەفرەتی خەڵک لەو دەسەڵاتە، بە یەکێتی و پارتی و ئۆپۆزسیۆنە بۆرژوازیەکەیانەوە، نەگەیشتۆتە ئەوەی ئەو خواستی وەلانانە بگەیەنێتە جێگەی خۆی. پێتان وانییە ئەم باڵادەستیەی پارتی ئەم خواستەی خەڵک هێندەی تر دوور ئەخاتەوە؟ پەیوەندی نێوان دەسەڵات و خەڵک ئەچێتە چ ئاستێکەوە؟**

**موحسین کەریم:**

ئەوەندەی دەگەڕێتەوە سەر پەیوەندی نێوان خەڵک و دەسەڵات، بە بڕوای من هەلومەرجێکی خراپتر بۆ ژیان و خەباتی خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێش بۆ ئازادی و یەکسانی و ژیانێکی ئارام و شکۆمەند پێک دەهێنێ. بەڵام ئەوەندەش ئەو جەماوەرەی کە ئومێدی ژیانێکی باش و شایستە و هاوچەرخ و ئازادی هەیە، لەو دەسەڵاتە دوورتر دەخاتەوە و زیاتر دەکەوێتە بەرامبەریەوە. بێگومان هەرچەندە دەسەڵاتی بۆرژوازی کورد لە دەستی گروپێکی بۆرژوازیدا و بەتایبەتیش بنەماڵەیەکی سیاسیدا چڕبێتەوە، ئەوەندە دەسەڵاتی بۆرژوازی کورد یەکدەست دەبێتەوە. یەکدەستبوونەوەی بۆرژوازی و

## بارودۆخی سیاسی کوردستان و کێشمەکێشی ئەحزابی بۆرژوازی..

چڕبوونەوەی دەسەڵاتەکەی لەبەرامبەر خەڵکدایە، لەبەرامبەر ماف و ئازادیەکانی کرێکار و زەحمەتکێش و جەماوەری ستەملێکراو و بێبەشکراوی کوردستاندایە، لە زیانی بزووتنەوەی ئازادیخوازی و ئومێدەکانی جەماوەرە بۆ ژیانێکی ئارام و یەکسان و شکۆمەند. لە زیانی ژنانی کوردستانە کە دەیانەوێ لە کۆت و پێوەندی کۆنەپەرستی و پیاوسالاری دەسەڵاتی خێڵەکی بۆرژوازی کورد رزگاریان ببێت. لە زیانی لاوان و گەنجانی کوردستانە کە ئومێدیان لەسەر دوارۆژێکی روناک و بەختەوەرو ئازاد هەڵچنیوە. لەبەرئەوە نا کە دەسەڵاتی بنەماڵەیی بۆرژوازی کورد جیاوازی ریشەیی و جەوهەریی لەگەڵ نمونەکانی دیکەی دەسەڵاتداریتی بۆرژوازیدا هەبێ، بەڵکو لەبەر خاسیەتی یەکدەستبوونەوەی ناخۆیی و چڕبوونەوەی دەسەڵاتی بۆرژوازی کوردە دژ بە چینی کرێکار و جەماوەری بێبەشی کوردستان. بەمەش دەسەڵاتێک کە بۆ بۆروژازی ئەم ناوچەیە لەبارتر و گونجاوترە، جێگاپێی خۆی قایمتر دەکات. ئەو پەراوێزە لە ئازادی سیاسی لە کوردستان کە بەهۆی نائینسجامی سیاسی و رێکخراوەیی بۆرژوازی کوردەوە بۆ خەڵک مابوەوە، بەرەو بەرتەسک بوونەوە و نەمان دەچێت.

هەڵبەتە، وەکو پێشتریش ئاماژەم پێداوە، پۆستە سەرەکیە جێبەجێکارەکانی هەرێم دەمێکە لەدەستی بنەماڵەی بارزانیدایە و گواستنەوەی پۆستی سەرۆکی هەرێم لە مامەوە بۆ برازا و پۆستی سەرۆکی حکومەت لە ئامۆزاوە بۆ ئامۆزا شتێکی ئەوتۆی نەگۆڕیوە، بەڵام دوای دەورەیەک لە ناڕەزایەتی خەڵک دژی شێوازی بنەماڵەیی دەسەڵات و پڕوپاگەندەی ئۆپۆزیسیۆنی بۆرژوازی لە دژی دەسەڵاتی بنەماڵەیی و رەواجدان بۆ دەسەڵاتی دامەزراوەیی، کە تاڕادەیەک کاریگەری لەسەر بیرکردنەوەی خەڵکیش دانابوو، وەکو بەرکەوتنی گورزێک لە میزاجی گشتی خەڵک و ئومێدەکانیان بە کۆتایی هێنان بەم دەسەڵاتە دەردەکەوێ. جەماوەرێک کە پێیوابوو دەسەڵاتی بنەماڵەیی دەبێ بڕوات و دەسەڵاتێکی دامەزراوەیی (بۆرژوازی) لەجێگایدا دابمەزرێ، ئێستا کە دەبینێ بانگەشەکارانی ئەو جۆرە بۆچوونە خۆیان بوونەتە بەشێک لە داسەپاندن و قایمکردنی پایەکانی دەسەڵاتی بنەماڵەیی بۆرژوازی کورد، جۆرێک لە بێهیوایی سیاسی لەناویاندا زیاد دەکات. لەلایەکی دیکەشەوە ئەم گواستنەوەیەی دەسەلات لەناو چوارچێوەی بنەماڵەی بارزانیدا، بەمانایەکی دیکە مانای درێژەدانە بە قۆرخکردنی دەسەڵاتی سیاسی کوردستان بۆ ئەوان و شکستی ئەو باڵەی بۆرژوازی کوردە کە باسی لە دەسەڵاتی دامەزراوەیی و حکومی و پەرلەمانی و... تاد. دەکرد.

بێجگە لە خاسیەتی سەرکوتگەری و دژی ئازادی و کۆنەپەرستانەی پارتی کە فەزایەکی سیاسی خراپتر و کۆنەپەرستانەتر و چەقبەستوتر دەخوڵقێنێ، خودی ئینسجامی ناوخۆیی

ئەو حزبە و توانایيە تایبەتیەکانی بۆ خۆگونجاندن لەگەڵ دواکەوتوترین بزووتنەوە و بیروباوەڕ و بۆچوونی سیاسی و فکری و بۆگەنترین کەلتور و نەریتی کۆمەڵایەتی و بەندوبەستکردن لەگەڵ دڕندانەترین دەوڵەتی کۆنەپەرست، لەحاڵەتی باڵادەستبوونیدا، مەترسیەکی زیاتر بۆ بزووتنەوەی یەکسانیخوازی و ئازادیخوازی کۆمەڵگا و چینی کرێکار و ژنان و لاوانی تامەزرۆی ئازادی و ژیانێکی شکۆمەند دروست دەکات.
ئەوە ڕاستە کە بە داخەوە هێشتا خواستی جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێشی کوردستان بۆ وەلانانی دەسەڵاتداریێتی میلیشیایی بۆرژوازی کورد بەئاکام نەگەیشتوە، بەڵام هۆکاری نەگەیشتنەکەی ئەگەر لایەنێکی بریتی بێت لە توانای مانەوەی ئەو دەسەڵاتە بە هێزی چەک و میلیشیاکانی، بە کۆنترۆڵکردنی سەرچاوەکانی ژیانی خەڵک و ناچارکردنی بەشێکیان بۆ ئەوەی ئایندەی خۆیان بەو هێزانەوە گرێبدەنەوە و ڕووبەڕووی خواست و ئومێدی زۆربەی هەرە زۆری کۆمەڵگا بۆ گۆڕانکاری بنەڕەتی لەبارودۆخی سیاسی و ئابوری کوردستان بوەستنەوە، بەڵام بەشێکی دیکەشی بەستنەوەی ئەو ئومێدەی خەڵک بووە، بە ناڕەوا و تاڕادەیەکی بەرچاو، بە هێزەکانی ئۆپۆزسیۆنی بۆرژوازیەوە. بەداخەوە خەڵک بۆ دەورەیەک پێیانوابوو کە دەتوانن لە ڕێگای ئەو هێزانەوە کۆتایی بەم دەسەڵاتە بهێنن و بە بەهەشتی داواکاریەکانیان بگەن! بەڵام ئەوە بێجگە لە خۆشخەیاڵیەکی کوشندە هیچی دیکەی لێ سەوز نەبوو وە هەرگیز لێی سەوز نابێ. کاری ئۆپۆزسیۆنی بۆرژوازی بە ناسیۆنالیست و ئیسلامی و ناسیۆنال-لیبراڵەکەیەوە، بۆ ئەوەیە کە ناڕەزایەتی خەڵک لە دەسەڵاتی دوو حزبی دەسەڵاتدار بکەنە دەستمایەی سیاسی خۆیان لەسەر مێزی دانیشتنەکانیان لەگەڵ دەسەڵات بۆ بەدەستهێنانی ئیمتیازاتی سیاسی و مادی بۆ خۆیان و هیچی تر. ئەزمونی ١٧ ی شوبات و دواتریش خۆپیشاندانەکانی ساڵەکانی ٢٠١٦ و ٢٠١٧ و ٢٠١٨ ئەم سیاسەتە قازانجپەرستانەیەی ئەو هێزانەی بە ڕۆشنی بۆ جەماوەر خستەڕوو.
بەڵام ئایا ئەم خواستەی خەڵک چ دوای ئەو کلاولەسەرنانەی ئۆپۆزسیۆنی بۆرژوازی و چ دوای زاڵبوون و سەقامگیربوونی زیاتری دەسەڵاتی بنەماڵەیی- میلیشیایی بۆروازی کورد، دەچێتە دواوە؟ من پێموانییە.. خواستی خەڵک لە جێگای خۆی ماوەتەوە و بە بڕوای من دەمێنێتەوە، چونکە خەڵک بۆ یەکجار ئەزمونی ئەوەی کرد کە ئەم دەسەڵاتە ئیتر هیچ شتێکی هاوبەشی لەگەڵ ئەواندا نەماوە. کاتێک خەڵک دەگاتە ئەو بڕوایەی کە خواستی نەمانی دەسەڵاتێک بەرزبکاتەوە، پێموانیە کە گەڕانەوەیەک بۆ دواوە لەم خواستە مومکین بێت، تەنانەت ڕەنگە ریفۆرمێکی ناوخۆیی ئەو دەسەڵاتەش (ئەویش ئەگەر ئیمکانی ریفۆرم هەبێت) ئەو خواستە کاڵ نەکاتەوە. بەڵام ئەوەی کە ئایا ئەم خواستە تا چ ڕادەیەک دەتوانێ لە شێوازی کار و پراتیکی جەماوەریدا خۆی دەربخات، ئەوەیان مەسەلەیەکی دیکەیە و

## بارودۆخی سیاسی کوردستان و کێشمەکێشی ئەحزابی بۆرژوازی..

پەیوەندی بە هاوسەنگی هێزی نێوان خەڵک و ئەو دەسەڵاتەوە هەیە. بە بڕوای من ڕەنگە ئەو بارودۆخە خراپە و ئەو جۆرە لە بێبڕوایی و بێئومێدیەی کە ئۆپۆزسیۆنی بۆرژوازی بۆ ناڕەزایەتیەکانی خەڵکی دروست کرد و ئەم جۆرە لە یەکدەستبوونەوەی بۆرژوازی کورد و بەرجەستەبوونی لە دەسەڵاتی بنەماڵەیی بارزانیدا، کاریگەری لەسەر ئەوە دابنێ کە بۆ ماوەیەکی دیاریکراو جەماوەری خەڵک هاتنەدی ئەم خواستەیان بە ناعەمەلی بزانن، بەڵام دڵنیام کە ئەوە دەورەیەکە و تێدەپەڕێ، ئەزمونی وولاتان و خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێشی جیهان و ناوچەکەش ئەوەی نیشان داوین. خەڵکی سودان دوای ٣٠ ساڵ لە دەسەڵاتی سەربازی ئیسلامی عومەر بەشیر، خواستی کۆتاییهاتنی دەسەڵاتی بۆرژوایی ئەو وڵاتە بەرز دەکەنەوە بە کردەوە دێنە مەیدان بۆ جێبەجێکردنی. من پێموایە خەڵکی کوردستان بە ئاسانی و بە سادەیی نەگەیشتونەتە ئەو بڕوایەی کە ئەو دەسەڵاتە دەبێ بڕوات. ئەوە پرۆسەیەکی دوورودرێژی سیاسی و تەکاملی هوشیاری سیاسی بووە کە خەڵکی بەو ئاکامە گەیاندووە، بۆیە بە سانایی دەستبەرداری نابن، بەڵام ئەوەی ئەو هوشیاریە سیاسیە تا چ رادەیەک توانیویەتی رێگای دروست بۆ ئەو وەلانانە هەڵبژێرێ یاخود پەیدا بکات، ئەوەیان پرسێکی دیکەیە.

**دیدگای سۆشیالیستی: کەوایە چۆن دەکرێ ئەو ناڕەزایەتیانە بەرەوپیش بەرین و ئەو شێوازانەی خەبات چین کە دەبێ خەڵکی کرێکار و بێبەشی کوردستان بیگرنەپێش بۆ وەلانانی ئەو دەسەڵاتە؟ لەکام رێگاوە ئەم مەسەلەیە بەئاکام دەگات!؟**

**موحسین کەریم:**

گومان لەوەدا نییە کە خەبات لە دژی ئەم دەسەڵاتە میلیشاییەی بۆرژوازی بەردەوامە، چ بەشێوەی چالاکی سیاسی جەماوەری لە شێوازی مانگرتن و خۆپیشاندان و پەناگیری و.. تاد. چ لە شێوازی دیکەی ناڕەزایەتیدا.. لەوانە بۆنمونە؛ بەشدارینەکردنی جەماوەرێکی فراوانی خەڵکی کوردستان لە هەڵبژاردنی دەورەی ئەخیری پەرلەمانی کوردستاندا، یان بە دەربڕینی نەفرەت و تورەیی خەڵک لە دەسەڵات لە هەموو بۆنە و فرسەتکیدا کە بۆیان رێدەکەوێ، یان لەناو کۆڕ و کۆمەڵی خۆیاندا، کە بەجۆرێک کەم کۆڕ و دانیشتنی خەڵک هەیە دژی ئەو دەسەڵاتە قسە نەکرێ و باس لە زەرورەتی کۆتایی پێهێنانی نەکرێ. ئەوە سەرەڕای ناڕەزایەتیەکانی لێرە و لەوێی کرێکاران و خوێندکاران و خەڵکی زەحمەتکێش دژی بارودۆخی ژیان و گوزەران و کارکردی دەسەڵات لەسەر وێرانکردنی ژیان و پایەماڵکردنی ئازادیەکانیان و تاد. بەڵام بۆ ئەوەی ئەم ناڕەزایەتی و خەباتە بگۆڕدرێت بۆ شێوازێکی چالاکی ناڕەزایەتی و کردەی سیاسی جەماوەری فراوان بەڕای من دەبێ

## گفتوگۆ لەگەڵ موحسین کەریم

ناڕەزایەتیەکان لەڕووی سیاسی و ڕێکخستن و شێوازەکانی سازدانی چالاکیە جەماوەریەکانەوە، شێوازەکان و بارودۆخی تائێستای تێپەڕێنێ. خەباتی سیاسی و ئابوری جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێش بۆ باشکردنی ژیان و گوزەران و دەستڕاگەیشتنیان بە ماف و ئازادی هەرچی زیاتر و سەرەنجام بۆ گۆڕانکاری بنەڕەتی لە پەیوەندیە ئابوری و سیاسیەکانی کۆمەڵگا و دامەزراندنی دەسەڵاتی جەماوەری لە شوراکاندا، پرۆسەیەکی بەردەوامە و هەر لەڕێگای ئەم خەباتە و فراوانکردنەوە و ڕێکخستن و یەکگرتووکردنیەوە مەیسەر دەبێ.
بۆ سەرخستنی ئەم پەیامەش، بەبڕوای من یەکەم دەبێ لەڕووی سیاسیەوە ناڕەزایەتیەکان لەژێر کاریگەری و داروپەردوی سیاسەت و ئاسۆی سیاسی هێزەکانی ئۆپۆزسیۆنی بۆرژوازیدا دەربازی ببێت. دەبێ هەڵسوڕاوانی بزووتنەوەی ناڕەزایەتی جەماوەری هەرچی زیاتر بەرەو لای چەپ وەربچەرخێن، یاخود هەڵسووڕاوانی چەپ و کۆمۆنیست بتوانن ئاستێکی دیاریکراو نفوزی سیاسی و فکرییان لەناو جەماوەری ناڕازیدا هەبێ. بەبێ ڕادیکاڵبوونەوەی ناڕەزایەتیەکان و جێگاپەیداکردنی ڕابەران و هەڵسوڕاوانی سۆشیالیست و کۆمۆنیست، دەکرێ ناڕەزایەتیەکان دەست پێبکەنەوە، بەڵام ئاکامێکی باشتری لەوەی تائێستا هەیبوە، نابێت!
مەسەلەیەکی گرنگی دیکە، پرسی ڕێکخراوبوونی خەڵکی ناڕازی و بەدەستهێنانی ئاستێک لە ڕێکخستنی جەماوەریە لە هەموو جێگاکانی کارکردن و ژیانیاندا، وەکو کارگە و فەرمانگە و گەڕەکەکان. دەبێ لەهەموو ئەو جێگایانە کۆڕ و کۆمەڵەکانی هەڵسوڕاوان و ڕابەرانی ناڕەزایەتی جەماوەری پێکبێن و لەڕووی سیاسیەوە رادەیەک لە ئینسجامیان هەبێت و بتوانن لەسەر پراتیک و کاری عەمەلی ڕێکبکەون. کۆبونەوەی گشتی کرێکاران و فەمانبەران و ژنان و لاوانی ناڕازی لەو شوێنانە سازبدەن و ئەم کۆڕو کۆمەڵ و کۆبونەوە گشتیانە بەو ئاقارەدا بڕۆن کە بتوانن لە پرۆسەیەکی دیاریکراودا بگۆڕدرێن بۆ جۆرێک لە ڕێکخراوی جەماوەری، لە بابەتی شوراو ئەنجومەنە رادیکاڵ و شۆرشگێڕەکانی کرێکاران و زەحمەتکێشان و ژنان و لاوانی ناڕازی.
هەروەها ئەو کۆڕو کۆمەڵانە پێویستە ئاسۆیەکی سیاسی و عەمەلی و ڕوونیان هەبێ سەبارەت بەوەی کە دەیانەوێ ناڕەزایەتیەکان بەرەو کوێ بەرن، چۆن ئاراستەی دەکەن، چۆن وەڵام بە پێداویستیە سیاسی و ڕێکخراوەیی و تاکتیکیەکانیان دەدەنەوە و چۆن پیلانەکانی حزبە دەسەڵاتدارەکان و هەلپەرستی و دەوری دەلالّی حزبە ئۆپۆزسیۆنەکان پووچەڵ دەکەنەوە. بە بڕوای من ئامانج هەر ئەوە نییە ناڕەزایەتیەکان دەست پێ بکەنەوە، ئامانج ئەوەیە کە دەستیان پێکردەوە بەرەو کوێ دەڕۆن و چی دەکەن!؟

## بارودۆخی سیاسی کوردستان و کێشمەکێشی ئەحزابی بۆرژوازی..

بەبڕوای من هاتنە ناوەوەی کرێکارانی کوردستان بە خواستی سەربەخۆی ئابوری و سیاسی خۆیانەوە بۆناو بزووتنەوەی جەماوەری و هەروەها بەشداری ژنان و لاوان بە ڕیزێکی فراوان بۆ ناو بزووتنەوەی جەماوەری فاکتەرێکی گرنگە بۆ رادیکالکردن و قایمکردن و هەمەگیرکردنی ناڕەزایەتیەکان و بەخشینی جۆرێک لە سەقامگیری و بەردەوامی. گومان لەوەدا نییە کە بەشی هەرەزۆری خۆپیشاندەران و بەشداربووانی ناڕەایەتیەکان ژنان و لاوان و کرێکاران بوون، بەڵام کاتێک ئەو دوو توێژەی دیکە دەتوانن دەوری شایستەی خۆیان بگێرن کە چینی کرێکار و کرێکاران لە کوردستان بە دروشم و خواست و پلاتفۆرمی سیاسی و ئابوری خۆیانەوە، بە ڕادەیەک لە ڕێکخراوبوونی خۆیانەوە بێنە مەیدانەوە. بەبێ هاتنەناوەوەی چینی کرێکار، بەشێوەی سەربەخۆ چ لەڕووی سیاسی و چ لە ڕووی ڕێکخراوەیی و چ لەڕووی ڕوون وڕاشکاوبوونی خواستەکانیەوە، ئیمکانی سەرکەوتنی بزووتنەوەی ناڕەزایەتی جەماوەری زۆر لاوازە و بگرە دەتوانم بڵێم ئەستەمە.

من پێموایە ئەو فاکتەرانەی باسم کردن دەتوانن نەک هەر ببنە کرۆک و هاندەری سەرهەڵدانەوەی ناڕەزایەتیەکانی خەڵکی بێبەشی کوردستان، بەڵکو دەبنە کەرەستەیەکی گرنگ بۆ ڕێکخستن و رادیکاڵکردن و پاراستنیان لە هەلپەرستی هێزە بۆرژوایە ئۆپۆزسیۆنەکان و قایمکردنی هەنگاوەکان بە ئاراستەی بەدیهێنانی خواستەکانیان و بەرەو کۆتایی هێنان بە دەسەڵاتی میلیشیایی بنەماڵەیی بۆرژوازی کورد.

بەڵام هەنگاوەکانی داهاتووی خەبات دەبێ هەر لەو جێگایەوە دەست پێبکرێتەوە کە خەڵک تائێستا پێی گەیشتوە وە وەکو ووتم کەموکەڕیەکانی پڕبکاتەوە و چارەسەری بکات. شێوازەکانی خەبات دەکرێ لە خۆپیشاندان و مانگرتن بۆ خواستە ئابوریەکان، بۆ ئازادی سیاسی، بۆ خزمەتگوزاری گشتی، ئاو و کارەبا، تەندروستی، بۆ مافە فەردی و مەدەنیەکان، بۆ بیمە کۆمەڵایەتیەکان، دژ بە سوکایەتی و توندوتیژی و کوشتنی ژنان، بۆ مافەکانی منداڵان و خوێندنی خۆڕایی و هاوچەرخ، دژی بێ یاسایی و زاڵبوونی دەسەڵاتی میلیشیا بەسەر ژیانی خەڵکدا و تا هێرشە بەردەوامەکان حکومەت بۆ سەر ئاستی گوزەران و سەپاندنی باج و خەراجی جۆراوجۆر بەسەر خەڵکی کەمدەرامەتدا بەناوی"چاکسازی ئابوری"یەوە....تاد. دەست پێبکات و بەرین بکرێنەوە، لە ناوەندەکانی کار و خزمەتگوزاریەکانەوە تا گەڕەکەکان، لە شێوازی مانگرتنی گشتیەوە لە چەندین ناوەند و فەرمانگە تا ئاستی شارەکان و شارۆچکەکان. تا خۆپیشاندان و یاخیبوونی مەدەنی و .... تا هەڵسانی شۆڕشگێڕانەی جەماوەری... و دەستبردن بۆ دامەزراندنی دەسەڵاتی شوراکانی کرێکاران و خەڵکی زەحمەتکێش......

## گفتوگۆ لەگەڵ موحسین کەریم

**دیدگای سۆشیالیستی: بردنە پێشەوەی سیاسەتی کۆمۆنیستی چینی کرێکار، واتە بوونی دیدگایەکی سۆشیالیستانە بۆ پرۆسەی وەلانانی دەسەڵاتی بۆرژوازی کورد و جێگرتنەوەی بە دەسەڵاتێکی تر لە گرەوی چیدایە؟ بەڕاستی پێویستە چی بکرێ کە هەم ئەم دەسەڵاتە بخرێتە لاوە و هەم بە دەسەڵاتێکی جەماوەری لە شێوەی شوراییدا جێیبگیرێتەوە؟**

**موحسین کەریم:**

بە بڕوای من، گرنگترین فاکتەر لە پرسی وەلانانی دەسەڵاتی بۆرژوازی کورددا، ئەوەیە کە حزبێکی سیاسی کۆمۆنیستی لەئارادابێت کە هەم پێگەی لەناو چینی کرێکار و ناڕەزایەتی کرێکاراندا هەبێ و توانییێتی بەشێکی کاریگەر لە رەوتی سۆشیالیستی ناو چینی کرێکاری رێکخستبێت و لەخۆی نزیک کردبێتەوە و بەخۆیەوە گرێی دابێتەوە و هەم لەئاستی کۆمەڵگادا نوێنەرایەتی دەنگی ناڕەزایەتی و (نا)ی خەڵکی ناڕازی و وەتەنگهاتوو لەم دەسەڵاتە بکات و بنکەیەکی تاڕادەیەک بەرچاوی هەبێ لەناو جەماوەری کرێکار و کەمدەرامەتی کوردستاندا.

ئاڵوگۆڕی سۆشیالیستیانەی کۆمەڵگای کوردستان پێویستی بە ئامادەیی فکری و سیاسی و رێکخراوەیی چینی کرێکار و رادەیەک لە نفوزی سیاسی و فکریی بزووتنەوەی سۆشیالیستی کرێکاری هەیە لەناو چینەکەدا. دابینکردن و مەیسەرکردنی ئەم کارەش بەندە بە بوون و نەخش و رۆڵی چالاکانەی حزبی کۆمۆنیستی چینی کرێکارەوە لەناو کرێکاراندا و پەیوەندیەکی خەباتکارانەی ئەو حزبە بە ڕابەران و هەڵسوڕاوانی چینی کرێکار و بزووتنەوەی ناڕەزایەتی توێژە زەحمەتکێش و چەوساوەکانەوە.

چینی کرێکاری کوردستان گیرۆدەی کۆمەڵێک گرفتی جدیە هەربۆیە سەرەڕای بەشداریکردنی لە ناڕەزایەتیەکاندا، هەرچەندە بەشی زۆری بێمافیەکان یەخەی ئەو دەگرێت و بارودۆزی ژیان و گوزەرانی ئەو تێکدەدات و بەرەو خراپتربوونی دەبات، بەڵام نەک هەر نەیتوانیوە دەوری ڕابەری بزووتنەوەی جەماوەری ببینێ، بەڵکو تاڕادەیەک ئاسۆی بەدیهاتنی ئومێدەکانی خۆشی بە هێز و تاقمە بۆرژواییەکانی ئۆپۆزسیۆنەوە بەستووە و هێشتا وەکو بزووتنەوەیەکی سەربەخۆی چینایەتی سەروسیمای خۆی بەڕوونی دەرنەخستوە.

ئەو گرفتانەی چینی کرێکار و بزووتنەوەکەی هەیەتی ئەوەیە کە؛ هێشتا کرێکاری کوردستان لەژێر کاریگەری بۆچوون و فکر و ئاسۆی سیاسی بۆرژوازی کورد و ناسیۆنالیزم و کوردایەتیدایە و نەیتوانیوە جیابونەوەیەکی بنەڕەتی و یەکلاکەرەوە ئەنجام بدات. بزووتنەوەی کرێکاریی کوردستان گیرۆدەی لاوازی و ناڕۆشنی سیاسی و فکریە و لەباری عەمەلیەوە توانایەکی ئەوتۆی بۆ رێکخستنی خەباتی چینی کرێکاری کوردستان

نیشان نەداوە و لە پەراوێزی کۆمەڵگادا جێگای گرتوە. هۆکاری ئەم بێکاریگەریەی بزووتنەوەی کرێکارییش ئەوەیە کە بزووتنەوەی سۆشیالیستی کرێکاری و مەیلی سۆشیالیستی کرێکاری لەناو کرێکارانی کوردستان لاوازە. بوونی ریزێک لە رابەرانی سۆشیالیستی لەناو کرێکاراندا، بوونی کۆڕ و کۆمەڵەکانی کرێکارانی سۆشیالیست، مەرجێکی گرنگ و سەرەکیە بۆ ئەوەی کە بزووتنەوەی سۆشیالیستی کرێکاری خاوەنی نەخش و پێگەی خۆی بێت لەناو بزووتنەوەی کرێکاری و چینی کرێکاردا، بۆئەوەی دەوری هەبێ لە راکێشانی کرێکاران بۆ لای سۆشیالیزم و کۆمۆنیزم و رەواجدان بە ئاسۆ و بۆچونە کۆمۆنیستەکان و کاڵکردنەوە و نەهێشتنی کاریگەری بۆچوون و ئەفکار و سونەتە سیاسی و فکریەکانی بۆرژوازیە لەسەر چینی کرێکار. لە ئاکامی بەهێزبوونی رەوتی سۆشیالیستی ناو خودی چینی کرێکاری کوردستانەوە دەکرێ کرێکاران توانای ئەوە بەدەستبێنن کە دەوری کاریگەری خۆیان ببینن لە ڕەوتی خەباتی خۆیاندا دژی بۆرژوازی و هێزە رەنگاوڕەنگەکانی، بۆ بەدەستهێنانی ماف و خواستەکانی خۆیان و شلکردنەوەی دەسەڵاتی میلیشیایی بۆرژوازی کورد و هەروەها گێڕانی دەوری ڕابەری بۆ بزووتنەوەی جەماوەری..

پێبەپێی گەشە و بەرەوسەرچوونی رەوتی سۆشیالیستی لەناو چینی کرێکاردا، زەمینەی بەهێزکردنی مەیلی رێکخراوبون لەناو کرێکاراندا زیاد دەکات. ڕاستە تەنها سۆشیالیزمی کرێکاری نییە کە کار دەکات لەسەر رێکخستنی کرێکاران و بگرە رێکخستنی خەبات و ناڕەزایەتی ئەوان بۆ بەدەستهێنانی هەندێ لە خواست و مافەکانیان، بەڵام لانی کەم لە کوردستاندا، بەبێ بوونی رەوتێکی کاریگەر و تاڕادەیەک بەهێزی سۆشیالیستی، تەنانەت سەرکەوتنی کرێکاران لەم مەیدانەشدا کارێکی ئاسان نییە، چونکە لە کوردستانی عێراقدا تا ئێستا رەوتی نەقابەگەری و سەندیکالیستیش بەوشێوەیە لەناو کرێکاراندا بەهێز نییە و پێگەی کۆمەڵایەتی و سونەتی هەڵسوڕانی یان نییە یان زۆر لاوازە، بێجگە لە سەندیکا زەردەکانی حزبە بۆرژواییەکان کە هیچ پێگەیەکیان لەناو خەباتی کرێکارانی کوردستاندا نییە.

کارێک کە دەبێ حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان بیکات، کۆمەک کردنە بە شکڵگرتن و رێکخراوکردن و بەهێزکردنی ئەو مەیل و ڕەوتە سۆشیالیستیە لەناو چینی کرێکار و کرێکارانی کوردستاندا. ستراتیژی شۆڕشی کرێکاری، هەنگاوی یەکەمی بەوە دەست پێدەکات کە بزووتنەوەیەکی تاڕادەیەک بەهێزی سۆشیالیستی لەناو چینی کرێکاردا هەبێ کە ئامانجی دامەزراندنی دەسەڵاتی سیاسی چینی کرێکار و حکومەتی کرێکاری بێت، یاخود بە مانایەکی دیکە، هەڵوەشاندنەوەی سیستەمی کاری بەکرێ بێت. ئەوە پایەی کۆمەڵایەتی

و مادی شۆڕشی کریکاریە. حزبی کۆمۆنیستی کریکاری بەبێ پتەوکردن و قایمکردنی پێگەی ئەو ڕەوت و بزووتنەوەیە لەناو چینی کرێکاردا ناتوانێ دەوری رابەری ببینێ بۆ کۆتایی هێنان بە دەسەڵاتی میلیشیایی کوردایەتی. بەڵام ئەمە چۆن دەکرێ؟

ئایا مەسەلەکە بەوجۆرەیە کە حزب تەنها خەریکی کاری وردی ڕێکخستن و هوشیارکردنەوە بێت لەناو کرێکاراندا، ئەدەبیاتی کۆمۆنیستی بڵاوبکاتەوەو کۆڕ و کۆبونەوەی کرێکاران سازبکات و لەگەڵ کرێکارانی سۆشیالسیت و رادیکاڵ و هەڵسوڕاوانی بزوتنەوەی کرێکاریدا و پەیوەندیەکی توندتۆڵ و خەباتکارانەی هەبێ، دەوری کاریگەری هەبێت لە ئاراستەکردن و ڕێکخراوکردنی خەباتی ڕۆژانەی کرێکاراندا و پێگەیەکی باشی لەناو ڕابەرانی کرێکاری و سۆشیالیستیدا هەبێ، یان دەبێ حزب وەکو حزبێکی سیاسی سۆشیالیستی و کۆمۆنیستی لە ئاستی کۆمەڵگا و روداوە سیاسیەکاندا پێگە و نەخشی هەبێت؟ بە بڕوای من هەردوو کارەکە گرنگە و پێویستە. هەم هوشیارکردنەوەی سۆشیالسیتی کرێکاران و توندکرنەوەی پەیوەندی و کۆوبونەوە لەگەڵ هەڵسوڕاوان و ڕابەرانی کرێکاری و دامەزراندنی تۆڕی پەیوەندیەکان و بەستنەوەی بەشێکی بەرچاوی ئەو هەڵسوڕاوانە بە حزبەوە گرنگە، هەم حزب وەکو هێزێکی سیاسی دەبێ کاریگەری لەسەر ڕوداوەکانی کوردستان هەبێ و لەناو لیستی هێزەکاندا جێگا و پێگەی هەبێ و لەئاستێکی بەرچاودا نوێنەرایەتی دەنگی نارەزایەتی خەڵک بێت.

سەرەنجام مەسەلەکە دولایەنەیە؛ یەکێکیان ئەوەیە کە چینی کرێکار لەڕووی سیاسی و ڕێکخراوەییەوە تواناییەکانی ئەوەندە بێت کە بتوانێ ڕابەرایەتی بزووتنەوەی نارەزایەتی جەماوەری و خواستی کۆتاییهێنان بەم دەسەڵاتە لە ئاستی جەماوەریدا بکات، و هەم دەبێ بزووتنەوەی سۆشیالیستی ئەوەندە هێز و توانای فکری و سیاسی و ڕێکخراوەیی و جێکەوتەیی سونەتە خەباتکارانەکانی هەبێ لەناو چینی کرێکاردا تا ئەو توانایە ببەخشێ بە چینی کرێکار و بزووتنەوەی کرێکاری، کە نەخشی مێژوویی خۆی ببینێ لە ئامادەکردنی پێداویستیەکانی شۆڕشی کرێکاری و بەرپارکردنیدا و لەم ڕێرەوەشدا دەوری ڕابەریی خەباتی گشتیی جەماوەری بێبەش و زەحمەتکێش ببینێ بۆ کۆتایی هێنان بە دەسەڵاتی میلیشیایی-کوردایەتی. ئەوەش وەکو وتمان دەبێ وەکو ئەرکێکی سیاسی و ڕێکخراوەیی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی بەئاکام بگات و مەیسەر بکرێت.

بۆیە جێێ خۆیەتی کە هەر لێرەوە بانگەوازی سەرجەم ئەو ڕابەر و هەڵسوڕاوە کرێکاری و سۆشیالیستانەی کوردستان و هەموو کۆمۆنیستەکان و یەکسانیخوازانی کوردستان بکەم کە بە ڕاستی دەیانەوێ کۆتایی بە ژیانی کۆیلایەتی و بێمافی و نایەکسانی کرێکاران و جەماوەری زەحمەتکێش و بێبەشی کوردستان بهێنن و ژیانێکی شایستەی مرۆڤی ئەم

## بارودۆخی سیاسی کوردستان و کێشمەکێشی ئەحزابی بۆرژوازی..

سەردەمەیان بۆ فەراهەم بکرێ، هەموو ئەو ئازادیخوازانەی کە دەیانەوێ کۆمەڵگای کوردستان کۆمەڵگایەکی ئازاد بێت بۆ دانیشتوانەکەی و هەموو کەسێک لە ئارامی و ئاسایش و خۆشگوزەرانیدا ژیان بەسەر بەرێت، با بێن و خەباتی خۆیان لەناو حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستاندا بەرنە پێشەوە. ناڕەزایەتی لێرەو لەوێ و ناڕێکخراوو بێ ئاراستەو بێ ئاسۆو ئامانجی سیاسی ڕوون بەهیچ شوێنێک ناگات. گۆڕانکاری بنەرەتی لە ژیانی ئابوری و سیاسی خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێش و بێبەش بەبێ حزبێکی سیاسی کۆمۆنیست و خاوەن ئاسۆ و ستراتیژی شۆڕش کە ئامانجی خۆی بەرپاکردنی شۆڕشی کرێکاری و دامەزراندنی حکومەتی کرێکاریە لە کوردستان، ئیمکانی نابێت. ئەزمونی سەرجەم خەبات و ناڕەزایەتیەکان و شۆڕشەکانی خەڵکی زەحمەتکێش و بێبەشی دنیا و ناوچەکە ئەوەی چەندینجار پشتڕاست کردۆتەوە.



ساما‌ن كه‌ريم



عوسمانی حاجی مارف

# ته‌وه‌ری فه‌زای جه‌نگ و هه‌ڕه‌شه‌كانی ئه‌مریكا و ململانێكانی له‌گه‌ڵ ئێراندا،

گفتوگۆ له‌گه‌ڵ هاوڕیان :

عوسمانی حاجی مارف و سامان كه‌ریم

دیدگای سۆشیالیستی: كێشمه‌كێش و ململانێی نێوان ئه‌مریكا و ئێران هه‌ر له‌ توندبوونه‌وه‌دایه‌ و هه‌ڕه‌شه‌كانیان له‌ یه‌كتری شێوازی جیاجیا به‌ خۆیه‌وه‌ ئه‌گرێ. ئێمه‌ ئه‌مانه‌وێ له‌ چه‌ند گۆشه‌ و لایه‌كه‌وه‌ ئه‌م مه‌سه‌له‌یه‌ بخه‌ینه‌ به‌ر باس و تیشكی بخه‌ینه‌ سه‌ر.

## فەزای جەنگ و هەڕەشەکانی ئەمریکا و..

**سەرەتا بۆ چوونە نێو گفتوگۆکەوە با لە پرسیارێکەوە دەست پێ بکەین کە پەیوەست ئەبێتەوە بە بەیاننامەی هاوبەشی هەر سێ حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان و عێراق و ئێران حکمەتیست خەتی ڕەسمی. لەو بەیاننامەیەدا هاتووە کە سەرباری ئەوەی کۆماری ئیسلامی ناوەڕۆکێکی کۆنەپەرستانەی هەیە بەڵام ملهوڕی و هەڕەشەی ئەمریکا بە هەر پاساوێکەوە بێ، زۆردارانەیە و مەحکومە. پرسیار ئەوەیە، کۆماری ئیسلامیش بە ئەندازەی ئەمریکا کۆنەپەرست و ملهوڕە لە ناوچەکەدا گەر زیاتریش نەبێ. هاتنی مەسەلەکە بەمجۆرە و تەنها مەحکومکردنی ئەمریکا لەم کێشمەکێشەدا بۆچی ئەگەڕێتەوە؟**

**عوسمان حاجی مارف:**

بارگرژی و گێژاو و ناجێگیرییەکی سیاسی کە تا ئێستا بەسەر ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا سایەی کردوە و بەردوەامی هەیە، لە هەمانکاتدا ئامادەکاریی هێزە سەربازییەکانی ئەمریکا و توندکردنەوە و فراوانکردنی ئابڵوقەی ئابووری بەسەر ئێراندا و خولقاندنی بارودۆخی جەنگێکی مەترسیدار، وەها پێشبینی دەکرێت کە ئەگەری ئەوە هەیە شەڕێک لە ناوچەکەدا لەنێوان ئەمریکا و ئێراندا ڕووبدات. بەڵام لێرەدا دەتوانین پرسیارێک بێنینە پێشەوە شەڕ ڕووبدات یان ڕوونەدات، ئایا ئەم بارگرژی و فەزای شەڕە کە ئێستا سایەی کردووە لە ناوچەکەدا، ڕاستیەکەی بەوە دەستنیشان دەکرێت کە ئایا تەنها کێشمەکێش و شەڕێکە کە لە نێوان ئەمریکاو ئێراندایە؟ یان ئەم هەلومەرجە لە ڕەخساندنی فەزای شەڕ و مەترسییەکانیدا ئەبعاد و ئاکامێکی تریان هەیە؟

پێش ئەوەی بچینە ناو زیاتر لێکدانەوەی ئەم هەلومەرجە بۆ وەڵامی ئەو پرسیارەی کە ئێمە لە بەیاننامەکەماندا بۆچی بە ڕاشکاوی سەرکۆنەی دەوری ئەمریکا دەکەین. ئەگەر فەزای ئەم شەڕە تەنها لە چوارچێوەی کێشمەکێش و بارگرژی نێوان هەردوو دەوڵەتی ئەمریکا و ئێراندا ببینرێ و لێکبدرێتەوە، واتە وەها لێکبدرێتەوە کە داماڵراوە لە واقعیەتی شەڕ و کێشمەکێشی وڵاتانی زلهێزی دنیا و جەمسەرە ئمپریالییەکان و واقعیەتێک کە دوو دەیە زیاترە کارەسات باڵی تاریکی بەسەر ناوچەکەدا کێشاوە، لەو حاڵەتەدا دەتوانین بڵێین ئەو هەڵوێستەی ئێمە ناتەواوییەکی تێدایە! بەڵام هەڵەی گەورە ئەوەیە تەنها بەڕووکەشی مەسەلەکە لەوەدا ببینرێ و لێکبدرێتەوە کە ئێران دەخوازێ ئەتۆم بەرهەم بهێنێ و پشتیوانی لە تیرۆریزم دەکات، بەم مانایەش ئێران مەترسییە بۆ سەر جیهان و ئەمریکا لێی قبوڵ ناکات، لە لایەکی تریشەوە ئێران وەک ڕژێمێکی کۆنەپەرست سەرکێشی دەکات و ملکەچی مەرجەکانی ئەمریکا نابێت، ئاکامەکەی تەنها دەبێتە شەڕێکی وێرانکاری نێوان ئەمریکا و ئێران، ئەمە بۆچوونێکی سادە و ڕووکەشیە لە هەمانکاتدا دەکرێ لێکدانەوەی کەسان و لایەنێک بن کە لە چاوەڕوانی ئەوەدان لەم ڕێگایەوە کۆتایی بە دەسەڵاتی

جمهوری ئیسلامی بهێنرێت و ئاکامەکەی کە وێران بوونی ئێرانە ببێتە دەستکەوتێکی سیاسی و ببنە هاوبەشی ئەمریکا و ناوچەیەک بەدەستەوە بگرن، بەمجۆرەش دەبنە لایەنگر و پشتیوانی ئەمریکا و سیاسەتەکانی، هەربۆیە هۆی بنەڕەتی مەسەلەکە بە فەرامۆشی دەسپێرن، وە هەلومەرجی سیاسی ناوچەکە بەرەو ڕووی هەر تراجیدیا و بەڵایەک دەبێت لە حساباتی بیرکردنەوەی بەرژوەندی و هەڵوێستە سیاسیەکانیاندا جێگای نابێتەوە، هەر کارەسات و دەردی سەرییەک بەسەر دانیشتوانی ئێران و ناوچەکەدا دێت بۆیان گرنگ نیە.

ئەگەر کەمێک بگەڕێینەوە دواوە بۆ تێڕوانین لە مێژووی دەوری ئەمریکا لە جیهان و ناوچەکەدا دەتوانین ئەو ئاکامە بدەین بە دەستەوە کە بۆچی ئێمە دووبارە وەک هەمان هەڵوێستمان لەبەرامبەر جەنگی کەنداو و ڕووخانی ڕژێمی بەعس و دەور و دەخالەتی ئەمریکا لە هەلومەرجی سیاسی سوریادا...هتد. لە بەرامبەر ئەم خوڵقاندنی بارودۆخەی شەڕی ئێستای ئەمریکا و ئێراندا سەرکۆنەکردنی ئەمریکامان دووبارەکردەوە، واقعیەتەکەی ئەوەیە کاتێک دەوڵەتی ئەمریکا پیادە و سەرکردایەتی جەنگی کەنداوی بەڕێوە دەبرد، دەورانی کۆتایی دوو جەمسەری "ئەمریکا و سۆڤیەت" بوو کە بۆ چەندین دەیە بە جەنجاڵی و دابەشکردنی جیهان لەنێوان ئەم دوو جەمسەرەدا شەڕێکی سارد جیهانی داگرتبوو، بەڵام بەدوای دارمانی سۆڤیەت و کۆتاییهاتنی جەنگی سارد و کۆتایی هاتنی بلۆکی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا دەرگای دنیایەکی تەواو جیاواز و ئاسۆیەک بەڕووی ئەمریکادا کرایەوە کە وەک تاکە زلهێزێک بۆ سەپاندنی باڵادەستی خۆی دەیتوانی نەخشە و سیاسەتەکانی بەرێتە پێشەوە، هەر بۆیە دەورانی جەنگی کەنداو تا ڕوخانی ڕژێمی بەعس بە دەورانێکی ئاڵتونی بۆ باڵادەستی ئەمریکا ئەژمار دەکرێت.

ئەو نەخشە و پلان و شەڕانەی ئەمریکا بەدوای کۆتاییهاتنی دوو جەمسەری ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا ئەمریکا پیادەی دەکرد جگە لە هەنگاوێک وەک چنینەوەی ئاسەواری سەرکەوتنی لە جەنگدا بۆ زیادکردنی بەرژەوەندی نفوز و سەپاندنی باڵادەستی ئەمریکا مانایەکی تری نەبوو، بە مانایەک ئەوەی دەبێت بە بنەما وەربگیرێت هەوڵی سەپاندن و پاراستنی باڵادەستی ئەمریکایە بەسەر جیهاندا، بۆیە فەزای شەڕ و شەڕخوازی لەهەر جێگەیەکی دنیا بە دەور و نەخشی ئەمریکا پیادە بکرایە دەبوایە ئەمریکا سەرکۆنە بکرایە. بە ڕۆشنتر ئەوە بڵێین کە جەنگی کەنداو و دەرپەڕاندنی هێزەکانی عێراق لە کوێتدا بە ئامانجی ڕزگارکردنی کوێت و تەمێ کردنی سەدام نەبوو، بەڵکو داگیرکردنی کوێت بووە بیانوویەک تا ئەمریکا لە ڕێگایەوە بەدوای ئامانجەکانی خۆیدا بگەڕێت، ئامانجی سەرەکی ئەمریکا لەو جەنگەدا ئەوە بوو کە دەیویست تەواوی وڵاتانی دنیا بخاتە ژێر کۆنترۆڵی نەخشە و سیاسەت و بەرژەوەندییەکانی خۆیەوە، ئاکامەکەشی ئەو وێرانکاری و کاولکارییە بوون کە دانیشتوانی

عێراق بەرەو ڕووی بووەوە.

لە درێژەی هەمان ئەو هەلومەرجەدا بەتایبەتی بەدوای ڕووداوەکانی ١١ی سێبتەمبەر و شەڕی ئەفغانستان و ڕوخانی ڕژێمی بەعس، بەردەوامی و درێژەی هەمان جێگەوڕێگا و دەوری باڵادەستیی ئەمریکا بوو لە جیهاندا، بەمانایەک مەترسی بنەڕەتی لە جیهاندا ئاڕاستەیەکە دەوری باڵادەستی ئەمریکا سایەی کردبوو، وە ڕۆڵی دەگێڕا لە هەر نەخشەیەکی سیاسی و سەربازی کە ئەمریکا وەک تاکە جەمسەرێک پیادەی دەکرد، بەرامبەر ئەو هەموو کێشمەکێش و جەنگ و ئاژاوانەی ئەمریکا نەخشەی بۆ دەکێشا و بڕیاری لەسەردەدا دەبوایە بە توندی سەرکۆنە و بەرەنگاری بکرایە. ئێمەش وەک کۆمۆنیزمی کرێکاری ئەو هەڵوێستانەمان لە هەر دەورەیەکدا بە دروستی پیادە کرد.

ئەگەر مەسەلەیەک بەبیربهێنینەوە کەبەدوای ڕووداوەکانی ١١ی سێبتەمبەر ئەمریکا بۆ بەڕێوەبردن و نەخشە و بەرژەوەندی و سیاسەتەکانی ئەوەی ڕایگەیاند کە لە بەرنامەیدایە هێرش بکاتەسەر ئەفغانستان و عێراق و سوریا و کۆریا و ئێران، بەڵام بەدوای شەڕی ئەفغانستان و عێراقدا ئاڵوگۆڕێک لە وڵاتانی عەرەبی و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا پێشهات، بە تایبەتی لە سوریادا نەک بە ویستی نەخشە و سیاسەت و بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا نەچوە پێشەوە، بەڵکو پاشەکشەیەکی گەورەی بە ستراتیجی سیاسەتەکانی ئەمریکا کرد و شکستێکی گەورەی لە ناوچەکەدا بەرەو ڕووی ئەمریکا کردەوە، کە دواتریش هاتنەکایەی قەیرانی ئابووری لە جیهاندا و بەرزبوونەوەی جەمسەری وڵاتانی سەرمایەداری تر لەبەرامبەر ئەمریکادا لە نموونەی ڕوسیا و چین، چوارچێوەی کێشمەکێش و شەڕەکانی ناوچەکەی بردە ئاست و شێواز و دەورانێکی تر و مەترسیدارترەوە، دەتوانین نموونەکەی لەشەڕی بەرامبەر داعش و ناوخۆی سوریا و یەمەندا ببینین.. مەبەستم ئەوەیە تەواوی ئەو شەڕانە زۆرانبازی و کێشمەکێش و شەڕی نێوان بەرژەوەندی وڵاتانی زلهێزی جیهانە، تا ئەوەی پاککردنەوەی داعش یان ڕوخاندنی حکومەتی ئەسەد بێ، هەر بەو مانایەش هەڕەشەیەک کە ئەمریکا لە ئێرانی دەکات و ئابلۆقەی ئابووری دەخاتەسەر، فەزای مەترسی شەڕلە ناوچەکەدا دەخوڵقێنێ، نە لەبەرامبەر بەرهەمهێنانی یۆرانیۆم دایە، نە لەبەرامبەر ئەوەدایە کە ئێران هاوپشتی تیرۆریستە، بەڵکو درێژەی هەمان فەزای کێشمەکێش و شەڕی وڵاتانی زلهێزی جیهانە کە لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا چەقی بەستووە و بەردەوامە، ئەمریکا لە عێراق و سوریاو ناوچەکەدا و لە بەرامبەر تورکیا و ئێراندا مەوقعیەتێک کە پێشتر هەیبوو پاشەکشەی پێکراوە و لەدەستی داوە، بەم هەنگاوەی بۆ سەپاندنی ئابلۆقەی ئابووری بەسەر ئێراندا و نیشاندانی هێزی سەربازی و خوڵقاندنی فەزای شەڕ و هەڕەشە لە ئەمنیەتی ناوچەکە، لەلایەکەوە هەوڵێکە بۆ قەرەبووکردنەوەی

ناکامیەکانی و لەلایەکی تریشەوە هەوڵێکە بۆ گەڕاندنەوەی جێگاوڕێگایەک کە لە دەستی داوە لە ناوچەکە و هەوڵدانە بۆ پاشەکشە بەو جەمسەرانەی بەرامبەری وەستاونەتەوە، واتە ئەم فەزای شەڕە کە جێگای مەترسییەکی گەورەیە بەهەر کۆنەپەرستی و دەورێک کە ئێران هەیەتی لە ناوچەکەدا بەڵام فەزایەکە نەخشە و سیاسەتەکانی ئەمریکا دەیچەرخێنێ و ئاکامەکەی لە هەلومەرجی شەڕی عێراق و شەڕی سوریا کارەساتبارتر و وێرانکەرتر وبارگرانتر دەبێت، بۆیە دەبێت ئەم فەزایەی ئەمریکا خوڵقاندوویەتی بە توندی سەرکۆنە و بەرەنگاری بکرێت.

**دیدگای سۆشیالیستی: لە ڕاگەیاندنە فەرمیەکانی ئەمریکادا بە ڕۆشنی ئەوە هاتووە کە نە بەشوێن گۆڕینی ڕژێمەوەن لە ئێران و نە بەشوێن جەنگەوەن. لەکاتێکدا لەم دواییانەدا تا لێواری جەنگ مەسەلەکە ڕۆیشت کە ئێران فڕۆکەیەکی بێ فڕۆکەوانی ئەمریکی بەردایەوە و ترەمپ لە دواساتەکاندا بڕیاری دا بە هێزەکانی شەڕ نەکەن. هاوکات ئێرانیش هەر ڕایئەگەیەنێت کە ئەمریکا لە گفتوگۆکردندا جدی نییە. باشە ئەگەر مەسەلەکە نە جەنگ و نە گۆڕینی ڕژێمە، ئایا ململانێکە لەسەر چییە؟**

**عوسمان حاجی مارف**

مەسەلەی میحوەری لە ململانێی نێوان ئەمریکا و ئێراندا، بەجیا لە ململانێی جیهانی و کێبڕکێی جەمسەری تازە، کە بەدوای دۆخی سوریا و ناکامی سیاسی ئەمریکا و پاشان شکستی سەربازی داعش هاتە پێشەوە، هاوکات پەیوەندی بە ڕۆڵ و جێگاوڕێگای ئێرانەوە هەیە، هەر وەکو ئەمریکا بەڕۆشنی ڕایان گەیاندووە، کە ئێران دژ بە بەرژەوەندیەکانی ئەمریکایە لە ناوچەکە و کۆسپێکی بەردەم سیاسەت و نەخشەکانیەتی، ئەمریکا دەیەوێت سنورێک بۆ دەستێوەردانەکانی ئێران و پێشڕەوییەکانی لە ناوچەکەدا دابنێت و لانی کەم تواناکانی و دەستێوەردانەکانی بخاتە چوارچێوەیەکەوە کە بە ڕەزامەندی ئەمریکا بێت. لایەنی بەرامبەریش کە ئێرانە، دەیەوێت دەست تێوەردان و ئامادەییەکانی خۆی لە ناوچەکەدا، بەیاسایی بکات و لەچوارچێوەی سیاسەتی ئیمپریالیستی ناوچەکەدا، بەفەرمی دان بەڕۆڵەکەیدا بنرێت، واتە لە پرۆسیسی دوبارە پێناسەکردنەوەی ناوچەکەدا، چۆن ئەمریکا دەیەوێت لەلایەکەوە ناکامیەکانی قەرەبوو بکاتەوە و باڵادەستی بێ ڕەقیبی خۆی بگێڕێتەوە، ئێرانیش دەیەوێت ڕۆڵی بەفەرمی بناسرێت، پرسی پیتاندنی یۆرانیۆم و چەکی ئەتۆمی، تەنها ڕێگایەکە و پڕوپاگەندەیەکی ناو کەشێکی جەنگییە بۆ ملدانی ئێران بە گفتوگۆ و دانوساندن، لەسەر پرسە سیاسییەکانی ناوچەکە و ئایندەکەی.

خودی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی خۆیان خاوەنی گەورەترین عەمباری چەکی وێرانکاری

ئەتۆمین، ئەوە ئیسرائیل و تا دەگاتە هیندستان توانایی سەربازی و چەکی ئەتۆمییان هێندە هەیە کە لە توانای ئێراندا نییە بە چەندین دەهەش، کێبڕکێیان بکات.
دیارە چ ئەمریکا و چ ئێرانیش کێشەیان گفتوگۆکردن نیە، بەڵکو کێشە لەسەر پرسەکانی گفتوگۆکەیە. ئەمریکا هەموو هەوڵێکی ئەوەیە دەستی بە گفتوگۆ لەگەڵ ئێران بکات، لەم ڕاستایەشدا بتوانێت تا ڕادەیەک لغاوی ئێران و بەرژەوەندییەکانی لە ناوچەکەدا بکات، ئێرانیش بەهەمان شێوە دەیەوێت کاتێک بچێتە پای گفتوگۆ کە فایلەکانی ڕۆڵی هێشتنەوەی بە فەرمی لە ناوچەکەدا بۆ بناسرێت، باس لە ئاڵوگۆڕی ڕژێمی ئێران نەک لە نەخشەی ئەمریکادا نییە، بەڵکو پێداویستیەکانی وەکو نەخشەیەکیش جێگای باس نییە، پێگەی ئێران هەروەکو چۆن ئەفغانستان نییە عێراقیش نییە، ئێران کاراکتەرێکی چالاک لە ململانێی سیاسی و تەنانەت سەربازی ناوچەکەیە لە عێراقەوە بۆ یەمەن، لەسوریاوە بۆ لوبنان و کەرتی غەزە و پرسی فەلەستین. بۆیە هەر ئاڵوگۆڕێک لە سیستەمی سیاسی وستراکتۆری ئێراندا، هەلومەرجی ناوچەکە بەتەواوەتی دەگۆڕێت و لە توانای ئەمریکا و بۆرژوازی لە ئاستی جیهانیدا نییە کۆنترۆڵی لەدەست دەرچوونی بکەن، ئەوە بەجیا لەوەی لەهەر هەوڵێکدا بۆ گۆڕینی ئێران، ئەوروپا بە گشتی و ڕوسیا و چین بە تایبەتی، دەبنە کاراکتەری جدی و کۆسپێک کە دەتوانێت ناکامییەکانی ئەمریکا هێندەی تر گەورە بکاتەوە.
ئەوە دروستە کە ئەم هەلومەرجەی ئێستا لە ناوچەکەدا شێوازەکەی ئەوە ڕادەگەیەنێت کە ئیمکانی ئەوە هەیە شەڕێکی گەورە لەنێوان ئەمریکا و ئێراندا بەرپا ببێت، بەمانایەک نیشاندانی فەزای شەڕ بوەتە هەلومەرجێکی مەترسیدار کە لە زهنیەتی زوربەی خەڵکدا ئەوە چاوەڕوان دەکرێت ئەم شەڕە درەنگ یا زوو دەست پێبکات، هەرچەندە ئەمریکا ئەوە ڕادەگەیەنێت وەک لە پرسیارەکەی ئێوەشدا هاتووە نە دەیەوێت شەڕبکات نە دەیەوێت دەسەڵاتی سیاسی لە ئێراندا بگۆڕێت، هەروەها چاوەڕوانییەکیش کە لە جمهوری ئیسلامی ئێراندا هەیە لە بەرامبەر هەڕەشەکانی ئەمەریکادا، ئەوە نیشاندەدات کە ئامادەیە بۆ شەڕ، بەڵام لە هەمانکاتدا وێنایەک ئەدا بەدەستەوە کە ئەم هەلومەرجە تەنها نیشاندانی فەزای شەڕە، بەجۆرێک ئێران فەرامۆشی هەڕەشەکانی ئەمریکا دەکات و دڵنیایە لەوەی کە بەرەو ڕووی شەڕ نابێتەوە، بەڵام ئەوەی پێویستە لەم هەلومەرجەدا سەرنجی بدەین ئایا پێشبینی ئەوە دەکەین کە شەڕ بەرپادەبێت یان نا، چۆنیەتی ئامادەکردنی ئەم هێزە سەربازی و لەشکرکێشی و ئامادەکردنی ئستولی دەریایی و فڕۆکەی جەنگی و موشەک و...هتد، هەروەها جۆری ڕووبەڕووبوونەوەکانی ئێران، لە نیشانەکانی شەڕێکی گەورەیە لە ناوچەکەدا، بەڵام نیشاندانی ئەم فەزای شەڕە واقعیەتەکەی ئەوەیە کە پێش هەمو شتێک پێویستە ئەوە بزانین شەڕێک نییەلە بەرامبەر ئێراندا، بەڵکو هەڕەشە و وەستانەوە و

مانۆڕێکی سەربازییە لە بەرامبەر جەمسەرە ئمپریالییەکانی وەک ڕوسیا و چین و بەشێک لە وڵاتانی ئەوروپای ڕۆژئاوادا.
ئاکامی ئەو پاشەکشە و شکستانەی کە ئەمریکا لە عێراق و سوریادا دەرگیریان بوو، بەم مانۆڕە هەوڵدەدا هاوسەنگی لەبەرامبە ڕەقیبەکانیدا بگۆڕێت و قەرەبووی شکستەکانی لەناوچەکەدا بکاتەوە و ئەو نفوزەی لەدەستی داوە بیگێڕێتەوە. مەسەلەیەک کە پێویستە ئاماژەی پێبکەین ئەوەیە کە بەرپابوونی شەڕ ئەگەرێکی دوورە چونکە ئەمریکا نەدەتوانێت ئەو شەڕە بکات نە لە ئێستادا بەقازانجیەتی بڕواتە مەیدانی ئەو شەڕەوە، ئەگەر ئەمریکا بیەوێت ئەوشەڕە لەگەڵ ئێراندا بکات، یەکەم: ئەو توانا و ئیمکانیەتەی نییە کە بتوانێ هێزێکی سەربازی گەورە بخاتە ناو خاکی ئێرانەوە، بۆ نموونە مەزەندەی ئەوە دەکرێت کە ئەمریکا پێویستی بە سەدوبیست هەزار سەربازە بۆ چوونەناو خاکی ئێران، دووەم: ئەمریکا نەک هاوپەیمانییەکی گەورەی جیهانی و باڵادەستی لەدەستداوە، بەڵکو جەمسەرە ئمپریالیەکانی تر ئامادەن لەبەرامبەریدا بوەستنەوە و شەڕی لە بەرامبەردا بکەن، سێهەم: لەئێستادا هەر هەوڵێکی دەرەکی بۆشەڕ لەگەڵ ئێران و ڕوخانی جمهوری ئیسلامی ئاکامێکی نەرێنی وەهای لێدەکەوێتەوە کە ئێران دەکاتە پارچەپارچە و دەسەڵاتداریەتی هێزە میلیشیاکان و فەراهەمهێنانی هەلومەرجێکی سیاسی سەدان قات لە هەلومەرجی عێراق، لیبیا، سوریا و یەمەن وێرانتر و خراپتر دەبێت، بەم مانایەش نەک بەقازانجی ئەمریکا نییەبەڵکو وەک شکستێکی تر دەچێتە پاڵ هەمان شکستەکانی ئەمریکاوە و دەبێتە ئایەندەیەکی نادیار بۆ دەور و مەوقعیەتی ئەمریکا لە ناوچەکەدا.

**دیدگای سۆشیالیستی: کەوایە هاوڕێ عوسمان کێشەکە تەنها لە نێوان ئەمریکا و ئێراندا نییە؟**

**عوسمانی حاجی مارف:**

واقعیەتەکەی ئەوەیە هەروەک لە شەڕی دژ بە داعش لە موسڵ و لە سوریا هەروەها دواتر لە بەرامبەر کێشەکانی ناوخۆی سوریا دیمان، کە چۆن وڵاتانی زلهێزی دنیا بەتایبەتی وەک ڕوسیا و ئەمریکا هەر لایەکیان بەقازانجی خۆی لە مەیدانی ئەو شەڕانەدا کێشمەکێشەکانی خۆیان دەبردە پێشەوە، هەڵبەتە لە ئێستادا سەرکەوتن و دەستکەوتێک کە ڕوسیا بەدەستی هێناوە لە ناوچەکەدا بەوەی دەسەڵاتی ئەسەدی پاراست، تورکیای لە خۆی نزیک کردەوە و ئێران وەک بەرەیەکی بەهێزی ڕوسیا وەستاوەتەوە، ئەو دەستکەوتانەیە کە هاوسەنگی و هاوکێشەی سیاسی بە زیانی ئەمریکا گۆڕی، پێکهێنانی ئەم فەزای شەڕو هەلومەرجە سیاسییەی ئێستا هەوڵێکی جدی و پەلهاویشتنی گەورەی

## فەزای جەنگ و هەڕەشەکانی ئەمریکا و..

ئەمریکایە بۆئەوەی ڕەقیبەکانی لە وڵاتانی زلهێزی دنیا بێنە پای گفتوگۆ و دانوستان و ملدان بە سیاسەتەکانی، چونکە لەڕاستیدا گۆڕانی فەزای شەڕ بە پێکدادان و شەڕێکی واقعی کارەسات و وێرانکارییەکی وەها دێنێتە ئاراوە کە بە زیانێکی گەورە بۆ هەمولایەکیان تەواو دەبێت، واتە دەبێت ئەمە ڕۆشن بێت کە فەزای ئەم شەڕە کێشمەکێشی نێوان جەمسەرە ئمپریالیەکان و زلهێزەکانە نەک ئەمریکا و ئێران.

بۆیە ئامادەکاری بۆ خولقاندنی شەڕێک بەم شێوەیە بە دوور دەبینرێت، بەڵام فەراهەمهێنانی فەزای شەڕ ئەگەری هەیە لە توندپێچیەکدا ببێتە شەڕ و وێرانکاری و هۆکاری تر و کێشەی تر بێنە پێشەوە و ئەم فەزای شەڕە لە ویست و نەخشەکانی ئەمریکا دەرچێت و شەڕ ڕوو بدات.

**دیدگای سۆشیالیستی: تۆ باسی کێبڕکێی نێوان وڵاتانی زلهێزی دنیات کرد، با بێینە سەر ئەوەی کە لە بنەڕەتدا کێبڕکێ و ململانێی ئەوان لەسەر چییە؟ ئایا وەک چەند زلهێزێکی ئیمپریالیستی بە شوێن فراوانکردنەوەی بازاڕ و جۆرێک لە "داگیرکاری"ی نافەرمییەوەن؟**

**عوسمان حاجی مارف:**

لە واقعیەتی مێژووی گەشەی وڵاتانی سەرمایەداریدا لە دەورانی ناردنە دەرەوەی سەرمایە و ئامراز و هۆکانی بەرهەمهێنان بۆ ناوچە و وڵاتانی تر، مانای هەنگاونانی سەرمایەدارییە بۆ ئمپریالیەت، بەم شێوەیە فراوانبوونەوەی سەرمایەداری ئاستێکی فراوانتر و جیهانی دەرەخسێنێت و دەبێتە هۆی گەشەی ئابووری و کەڵەکەی زیاتری سەرمایە، لە هەمانکاتدا ڕکابەری و کێشمەکێش لەسەر ناوچەی نفوز و ساغکردنەوەی بازاڕی سەرمایەکەیان دەکەونە بەرامبەریەکتر بۆ دامەزراندن و جێکەوتنی ئەو سەرمایەیەی دەنێردرێتە دەرەوە.

مێژووی زیاتر لە سەد ساڵەی سەرمایەداری مۆنۆپۆڵی دوو جەنگی جیهانی گەورە و دواتر جەنگی ساردی کردۆتە ئەمری واقع و بەردەوامیی کێشمەکێشیان سەلماندنی واقعیەتی ئەو سەرمایەدارییەیە کە لەسایەی وڵاتانی بلۆکە ئمپریالیەکان و ڕکابەرییاندا هەرگیز ئیمکانی ئەوە نییەئارامی و جێگیری بڕەخسێنێت، هەربەومانایە ئەم واقعیەتەی ئێستا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدایە بەدوای ئەو قەیرانە ئابوورییە جیهانییەی ٢٠٠٨داو لە هەمانکاتدا بەرزبوونەوەی جەمسەرەکانی ڕوسیا و چین واقعیەتی نەخشەی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی خستە ژێر پرسیارەوە، بەو مانایەی وڵاتانی زلهێزی دنیا لە هەوڵی دووبارە دابەشکردنی ناوچەکە و جیهاندان. تەواوی شەڕی کێشمەکێشی ئەم دەورانە بەجیا لە نیشاندانی توانای سەربازی و هەوڵدان بۆ فراوانکردنی نفوزی سیاسی، بۆ ئایندەیەکە کە هەریەک لە وڵاتانی زلهێزی دنیا لەباری ئابوورییەوە پێگە و جێگەی خۆی جێگیر بکات،

هەر بۆیە بە ڕوون و ئاشکرا بینیمان کە ئەمریکا لەپاڵ خولقاندنی ئەم فەزای شەڕەدا چۆن هەوڵدەدا سنوور بۆ فراوان بوونەوەی کۆمپانیای "هواوی" چین لەئاستی جیهاندا دابنێت، یان وەستانەوەی بەرامبەر گرێبەستی کۆمپانیا گاز و نەوتییەکانی ڕوسیا لە عێراق و ئێراندا، و ڕێگری لە ناردنە دەرەوەی سەرمایە و بازرگانی وڵاتانی ئەوروپا لە ناوچەکەدا چ دەورێک دەگێڕێت.
بەدوای جەنگی دژ بە داعش لە موسڵ و مانەوەی دەسەڵاتی ئەسەد لە سوریا، ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست پێویستی بە ڕێکخستنەوە و سەقامگیریی ئابووری هەیە و هەریەک لە وڵاتانی زلهێزی دنیا بەدوای بەش و پاراستنی دامەزراندنی سەرمایەکانیانەوەن لەم ناوچەیەدا، ئەمەش پێویستی بە ناوچەیەکی ئارام و ئامن هەیە. لەئێستادا واقعیەتەکە لە باری ئابوورییەوە ئەوە نیشاندەدا کە بەرژەوەندییە ئابوورییەکانی ئەمریکا لە ناوچەکەدا بەتایبەتی لە ئێراندا لەبەرامبەر ڕەقیبەکانیدا لە ئاستێکی زۆر نزمدایە، واتە بەگشتی فەزاکە لە باری ئابووری و ناوچەی نفوزەوە کەمتر بەقازانجی ئەمریکایە، بۆیە پێویستی بە فەراهەمهێنانی فەزای ئەم شەڕە و نیشاندانی بۆ ئامادەیی بۆ شەڕ تا ڕکابەرەکانی دانوسان و ڕێکەوتنی لەگەڵدا بکەن. هەر بە دوای ڕەخساندنی ئەم فەزای شەڕەوە ئەمریکا چووە ناو کۆبوونەوەکانی بیست وڵاتانی سەرمایەداری گەورەی جیهانەوە.

**دیدگای سۆشیالستی: ئەمە ئەمانگەیەنێت بە ڕوویەکی تری مەسەلەکە ئەویش جەنگ یان بەرپاکردنی فەزای جەنگییە. با پرسیارەکەمان برێک گشتگیر و ڕیشەییتر بکەین. بۆچی جەنگ هەمیشە بژاردەیەکی بەردەم وڵاتانی زلهێزە چ لە مێژوودا و چ لەم ساڵانەی دوایی و ئێستادا، گەر دوور نەڕۆین جەنگی یەک و دووی کەنداو و هێرشی سەربازی ساڵی ٢٠٠٣ بۆسەر عێراق تازەترین نموونەی ئەم دوو سێ دەیەی دوایین بەتایبەتی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا و هەروەها لە نموونەکانی شەڕ لە سوریا و یەمەن و لیبیا و گەیشتن بە لێواری شەڕ لەگەڵ کۆریای باکوردا...هتد؟ جەنگ خزمەت بە چ سیاسەتێک و چ بنەمایەکی ئابووری ئەکات؟**

**عوسمانی حاجی مارف:**

پێم وانییە جەنگ لەو چوارچێوەیەدا باس بکرێت کە شەڕ هەمیشە هەڵبژاردەیەکی وڵاتانی زلهێزی دنیا بێت، چونکە خودی سەرمایەداری بۆ قازانج و کەڵەکەی سەرمایە و دامەزراندنی سەرمایە لەبنەڕەتدا پێویستی بە ئارامی و ئاسایشە نەک جەنگ، بەڵام واقعیەتی ناکۆکییەکانی کۆمەڵگەی سەرمایەداری و کێشمەکێش و ڕکابەریی نێوان وڵاتانی سەرمایەداری و پێشهاتەی بەردەوامی قەیرانی ئابووری، لە هەمانکاتدا هەوڵدان بۆ

دامەزراندن و ساغکردنەوە و جێکەوتنی سەرمایە، پرۆسەیەکی ئاڵۆز و پێچاوپێچە، کە نەک هەرگیز ناتوانێ ئارامی و ئاسایش دابین بکات، بەڵکو قووڵکردنەوەی ئەو کێشمەکێش و ناکۆکییانە بە ناچاری دەیانگەیەنێتە ئاستی جەنگێکی وێرانکەر.
بەمانایەکی تر جەنگ درێژکراوەی سیاسەت و کێشمەکێشی سیاسییە، کە چینە کۆمەڵایەتییەکان بەگوێرەی پێداویستی بەرژەوەندیەکانیان بەرەو ڕووی دەبنەوە و پیادەی دەکەن.
لەلایەکی ترەوە لەهەر سەردەم و کاتێکی دیاریکراودا جەنگەکان تەعبیر لە واقعیەتی بەرژەوەندی چینە کۆمەڵایەتییەکان و هێزە سیاسی و دەوڵەتەکان دەکەن.
گەر بێینە سەرباسی جەنگەکانی کەنداو دەتوانین لە دەورانی هەوڵی هەژمونی باڵادەستی ئەمریکا بەسەر جیهاندا وەک تاک جەمسەرێک لەو جەنگانەدا پێناسەی بکەین، کە بەرژەوەندییە ئابووری و سیاسیەکانی ئەمریکا لەبەرامبەر تەواوی وڵاتانی زلهێزی دنیادا دەچێتە ڕیزبەندیی پێشەوە و دەیخاتە ژێر ڕکێف و چوارچێوەی نەخشە سیاسیەکانیەوە، هەر وەک دیمان ئەمریکا لەجەنگی کەنداودا بەشی زۆری وڵاتانی سەرمایەداریی جیهان بەناوی هاوپەیمانییەوە کێشکردە ناو ئەو جەنگەوە و ملکەچی مەوقعیەتی خۆی کردن و بە بەڕێوەبەرایەتی و سەرکردایەتی باڵادەستی ئەمریکا ئەو جەنگە بەرپاکرا.
هەروەها بەدوای جەنگی کەنداودا ئەو ئاڵوگۆڕانەی هاتنەپێشەوە وەک قەیرانی ئابووری جیهانی و سەرهەڵدان و دەرکەوتنی جەمسەر و بلۆکی تر لە نموونەی ڕوسیا و چین لەبەرامبەر ئەمریکادا، وەرچەرخانێکی تر بوون لە واقعیەتی کێشمەکێشی وڵاتانی سەرمایەداریی جیهاندا، کە نەک کاریگەریی لەسەر کەمکردنەوەی باڵادەستی ئەمریکا دانا، بەڵکو لە هەمانکاتدا پاشەکشە و شکستی گەورەی لە نەخشە و سیاسەتەکانی ئەمریکادا کردە واقعیەتێکی بەرجەستە. بۆیە دەتوانین بڵێین ئەگەر جەنگی کەنداو تەعبیر بووبێ لە هەژمونی و باڵادەستی ئەمریکا بەسەر جیهاندا، بەڵام بەدوای ئەو کێشمەکێشانەی لەسەر ئۆکرانیا هاتنە پێشەوە، هەروەها ئەو هەلومەرجەی لە وڵاتانی عەرەبی بەتایبەتی سوریا و لیبیا پێشهات، تا دەگات بە شەڕ دژی داعش، دەتوانین لێکدانەوەیەکی تری بۆ بکەین تا ئەو ئاستەی وێنای بکەین بە نموونەی شەڕێکی جیهانی لە مەیدانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، چونکە بە ئاشکرا بینیمان کە چۆن ئەو شەڕە بۆتە مەیدانی ڕکابەریی هێزە سەربازییەکانی ڕوسیا و ئەمریکا تا ئەوەی هاوپەیمانێتی بێت بۆ دەرپەڕاندنی داعش. واقعیەتی ڕاستەقینەی ئەو شەڕە، شەڕی ئاشکرای نێوان وڵاتانی زلهێزی دنیای خستەڕوو لەبەرامبەریەکدا تا ئەوەی شەڕبێت دژی داعش.
لە هەمانکاتدا ناکۆکی و کێشمەکێشی ئەمریکا لە بەرامبەر کۆریادا لە چوارچێوەی هەمان

دەورەی باڵادەستی و نەخشە و سیاسەتێکە کە ئەمریکا دەخوازێ بەسەر جیهاندا بیسەپێنێت و لەو ڕێگەیەوە بەر بە گەشەو هاوپەیمانی جەمسەرەکانی بەرامبەری بگرێت.

**دیدگای سۆشیالیستی: هەرچەندە لێدوانی ئەوە هەیە کە ئەمریکا نایەوێ جەنگ بکات لەگەڵ ئێران، بەڵام هەن کە پێیان وایە سەرکێشیەکانی ترەمپ و لێدوانە ئاگرینییەکانی ئیسرائیل و توندیی ئێران و ڕاوەستانەوەی ڕاشکاوانەی ڕوسیا و چین لە پشت ئەو ئەگەرەوەن کە جەنگ نزیک ئەکاتەوە. لێکدانەوەی ئێوە چییە لەسەر ئەوە و ئایا پێتان وایە جەنگ لە دژی ئێران ڕوودەدات؟**

**عوسمانی حاجی مارف:**

وەک پێشتر ئاماژەم پێدا بەدەر لەوەی ئەم هەلومەرجەی هاتۆتە پێش لە ڕووکەشدا توندبوونەوە و پەرچەکرداری ئەمریکا و ئێران لە بەرامبەر یەکتردا وا ڕادەگەیەنن کە ئەگەری ئەوە هەیە درەنگ یا زوو ئەو شەڕە ڕووبدات، بەڵام بەهەر خۆدەرخستن و مانۆڕ و هەڕەشە و مەرجێک کە ئەمریکا دەیەوێت بەسەر ئێراندا بیسەپێنێت و هەوڵدەدات هاوپەیمانی بۆ پەیدابکات و لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا شەرعیەت بە مەرجەکان و بڕیارەکانی بدرێت، ئەوەی جێگای سەرنجە واقعیەتی ئێستای ئەم ئاڕاستە و کێشمەکێشەی ئەمریکا بەرامبەر ئێران، هەروەک چۆن لەبەرامبەر شەڕ دژ بە داعش و ناوخۆی سوریا، نەک نەیتوانی هاوپەیمانی بە قازانجی نەخشە و سیاسەتەکانی پێکبهێنێ، بەڵکو کەوتە بەرامبەر ڕکابەرییەکی توندی وڵاتانی زلهێزی دنیاوە، بەتایبەتی دەوری ڕکابەری هێزە سەربازییەکانی ڕوسیاوە، لەم مەسەلەیەشدا هەروایە.

ئەم نەخشە و پلانەی ئێستای ئەمریکا بەرامبەر بە ئێران نەک درێژکراوەی هەمان هەلومەرجە بەڵکو ڕکابەری و کێشمەکێشی وڵاتانی زلهێزی دنیایە لە ناوچەکەدا بەدوای کۆتایی هاتنی شەڕی داعشدا، لە ئاستێکدایە ئاڵۆزتر و توندتر و ڕاشکاوانەتر ڕووبەڕووی یەکتر بوونەتەوە، هەر بۆیە سیاسەت و مەرجەکانی ئەمریکا لە چوارچێوەی هاوپەیمانی بلۆکێکی زۆر لاوازدایە، بەم شێوەیە بۆ ئەمریکا چوونەناو ئەم جەنگە لەم هەلومەرجە دژوار و سەختەدا سەرنەکەوتووە، هەر بۆیە بۆ خۆشی لەپاڵ ئەو مانۆڕە فراوان و گەورەیەی نیشانیداوە ئەوە ڕادەگەیەنێت کە نە شەڕ هەڵدەگیرسێنێت و نە جمهوری ئیسلامی دەگۆڕێت.

دەستبردن بۆ شەڕ لەبەرامبەر ئێراندا، ڕاستەوخۆ بەمانای جەنگێکی فراوان لە تەواوی ناوچەکەدا و لەئاستی چەند دەوڵەتدا دێت، کە لە لایەکەوە جەمسەرە سەربازییە زلەکان دەجولێنێت کە ڕاستەوخۆ بێنە ناو کایەکە و ئامادەیی سەربازی و دەستێوەردانی سەربازی

بگرنە بەر، لەلایەکی تریشەوە دەوڵەتەکانی ناوچەکە کە لە هەلومەرجی ئێستادا خۆیان نەک جەنگی بەوەکالەت (وەکو پێشوو) بەڵکو ڕاستەوخۆ دەبنە بەشێک لەجەنگ و هاوکاتیش جەنگی نیابەتی لەلایەن حزب و گروپە سیاسی و ملیشیاکانەوە کە سەر بە وڵاتانی ناوچەکەن وەکو ئەمری واقعێکی داسەپاوی بەرهەمی جەنگ، دۆخەکە هیندەی تر مەترسیدارتر دەکات، کە ئایندەی تەواوی ناوچەکە دەشێوێنێ، کە ئارامکردنەوە و وەلانانی کاریگەرییەکان چەندین دەیەی دەوێت.

بەڵام لە هەمانکاتدا پێکهێنانی فەزای شەڕ واقعیەتێک دێنێتە پێش کە ئەگەری شەڕیش دوور نیە، بەتایبەتیش شەڕی سنووردار وەک بۆمبارانی چەند ئامانجێکی دیاریکراو لەلایەن ئەمریکا یان ئیسرائیلەوە وەکو چەکی گوشار، لەو نێوانەدا چەندین هۆکار و لایەن دێنە پێش کە فەزای شەڕ و تەنانەت ئەگەری جەنگی فراوانیش بکەنە واقع، لە نموونەی دەخالەتی ئیسرائیل یان زیادەڕەوی لە سەرکێشی ئێراندا.

**دیدگای سۆشیالیستی: بەڵام ئەگەر جەنگ ڕاستەوخۆ لەگەڵ ئێرانیش ڕوونەدات گریمانەی ئەوە هەیە کە فەزای جەنگی عێراق بگرێتەوە بە تایبەتی کە هەمووان ئەزانن عێراق پێگەیەکی بەهێزی ئێرانە و پارامیلیتارێکی (نیمچە سوپایەکی) خۆی لەوێ هەبوو کە حەشدی شەعبیە و ئێستاش ئەوەتا عادل عەبدولمەهدی تێکەڵ بە سوپای ئەکاتەوە و لەولاشەوە ئەمریکا عێراقی خستۆتە ژێر فشارەوە کە پابەند بێ بە گەمارۆی ئابوورییەوە کە خراوەتە سەر ئێران. پێتان وایە پریشکی شەڕ عێراق بگرێتەوە؟**

**عوسمانی حاجی مارف:**

تێوەگلانی عێراق لەم نێوەدا تەنها پەیوەندی نییە بەوەی کە جەنگ ڕوودەدات یان نا، وەک لە وەڵامی پرسیارەکانی تردا باسمان کرد، کە واقعیەتی دەور و دەخالەتی ئەمریکا لە ناوچەکەدا لە شەڕی کەنداوەوە تا ئێستا کاریگەری لەسەر گێژاو و ناجێگیری سیاسی لەسەر تەواوی ناوچەکە داناوە، پێشتر ئەوەمان وت کە ئەمریکا نەخشەی بۆ سەپاندنی باڵادەستی بەسەر جیهاندا پێویستی بەوە بوو شەڕی کەنداو بەرپا بکات، دواتر بەرنامەی بوو کە زنجیرەیەک شەڕ و دەخالەت و ئاڵوگۆڕ بەرامبەر بە ئەفغانستان، عێراق، ئێران، سوریا و کۆریادا ئەنجام بدات، هەر لێرەوە دەتوانین ئەوە بڵێین کە هەموو ئەو دەخالەت و هەوڵانەی بۆ بەجێگەیاندنی نەخشە سیاسییەکانی لەناوچەکەدا چەندین ساڵە کاریگەری نەرێنی و پڕ لەگێژاوی سیاسی و خوڵقاندنی کارەسات و وێرانکاری لەسەر تەواوی ناوچەکە داناوە.

لە ئاکامی پاشەکشە و شکستەکانی ئەمریکا لە ناوچەکەدا، ئێران توانیویەتی دەور و

دەخالەتی ڕاستەوخۆ لە عێراقدا زیاتر مسۆگەر بکات، لە هەمانکاتدا توانیویەتی زۆربەی ئەو هێز و لایەنە سیاسییە ئیسلامی و ناسیۆنالیستانەی دەسەڵاتداران لە عێراقدا بکاتە پاشکۆی بەرژەوەندی و سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی، ئەم واقعیەتەش بە مانایەک نەک تەنها هۆکارێکە گەر شەڕ ڕووبدات کاریگەری لەسەر عێراق دەبێت، بەڵکو هەر ئێستا کە فەزای شەڕە کاریگەری لەسەر عێراق و ناوچەکە بەنەرێنی داناوە. هەلومەرجێکی مەترسیدار و دڵەڕاوکێی خستۆتە ناو دڵی خەڵکی عێراقەوە و لەچاوەڕوانی بۆ دۆخێکی دژوارتردا ڕایانگرتووە، لە هەموو حاڵەتێکدا بە ڕوودان یا ڕوونەدانی شەڕ ئەمریکا هەوڵ ئەدات دەور و دەستی ئێران لە عێراق و سوریا و ناوچەکە بە گشتی سنووردار بکات، تا لەم ڕێگایەوە بەر بە دەوری ڕوسیا لە ناوچەکەدا بگرێت.

**دیدگای سۆشیالیستی: با بێینە سەر گەمارۆی ئابووری. هەمووان ئەزانین کە گەمارۆ کاریگەریی لە سەر ڕژێمی ئێران و سەرانی نابێ، هەروەک لە عێراق بینیمان لە ساڵەکانی نەوەتەکاندا زیاتر منالان و پیران لە بێدەرمانی و بێخۆراکیدا بوونە قوربانی. کاریگەریی ئەم گەمارۆیە هەر ئێستا لەسەر جەماوەری برسی و زەحمەتکێشی ئێران دیارە. بەجیا لەمەش هەر نارەزایەتیەکی جەماوەری برسی دژ بە کۆماری ئیسلامی ئیتر لەژێر بیانووی هەبوونی گەمارۆدا هێندەی تر سەرکوت و خەفە ئەکرێ. ڕای ئێوە چییە لەمبارەیەوە؟**

**عوسمانی حاجی مارف:**

ئەوە ڕاستە کە هەر گەمارۆیەکی ئابووری بسەپێنرێ بەسەر هەر وڵاتێکدا دانیشتوانی ئەو وڵاتە لە کرێکار و زەحمەتکێش و هەژار و منداڵان و پیر دەبنە قوربانی ئەو گەمارۆیە و ڕووبەڕووی برسێتی و نەداری و هەژاریی زیاتر دەبنەوە، ئەمە جۆرێکە لە دەخالەتی ڕاستەوخۆی ئەمریکا لەبەرامبەر هەر دەسەڵاتێکی سیاسیدا بێت، کە ئاکامەکەی دەکاتە بێئیرادە کردن و لاوازبوونی دەور و دەخالەتی دانیشتوانی ئەو وڵاتە لەبەڕێوەبردن و ڕێکخستنی ژیان و نارەزایەتییەکانیاندا، لە هەمانکاتدا بۆ سەرمایەداران و بازرگانان و دەسەڵاتداران کەڵەکەی سەرمایە و پاراستنی دەسەڵاتیان نەک وەک خۆی دەمێنێتەوە بەڵکو زۆر جار دەبێتە هەلێک بۆ پاراستنی مەوقعیەتیان لەبەرامبەر نارەزایەتییەکانی خەڵکدا.

سەبارەت بە گەمارۆیەک کە بەسەر دانیشتوانی عێراقدا سەپێنرا و جێبەجێ کرا، لە هەمانکاتدا ئەو گەمارۆیەی ئێستا بەرامبەر ئێران جێبەجێ دەکرێ، ئەوە لایەنێکی مەسەلەکەیە کە تاچەند کاریگەری دەبێت لەسەر خەڵکی، چونکە واقعیەتی ئەو گەمارۆیەی بە سەر عێراقدا سەپێنرا و ئەو گەمارۆیەی ئێستا بەسەر ئێرانەوەیە لە چوارچێوەی بەرنامە و نەخشەی سیاسەتێکدایە کە ئەمریکا بۆ سەپاندنی بالادەستی و هەوڵدان بۆ پاراستنی ئەو

باڵادەستییە بەکاری هێناوە و بەکاری دەهێنێت، هەر بۆیە دەبینین هەوڵێک کە ئەمریکا بە نەخشە و سیاسەتەکانی کە لە ناوچەکەدا پیادەی دەکات بەتایبەتی ڕکابەری و کێشمەکێشی لەگەڵ جەمسەرەکانی بەرامبەریدا، ئەم گەمارۆیەی وەک بەشێک لە درێژەدان بەنەخشە و سیاسەتەکانی ئەژمار دەکرێت، بۆنموونە ئەگەر سەرنج بدەین کاتێک کە گەمارۆی خستە سەر عێراق لە چوارچێوەیەکدا بوو کە بەحوکمی جێگاوڕێگایەک کە ئەمریکا لەو دەورانەدا بووی، ئەو گەمارۆیە لە ئاستی جیهانی و ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا پێشوازی لێکرا و قبوڵکرا و جێبەجێ کرا، بەگشتی هەموو لایەنەکان پابەندبوون لە جێبەجێکردنیدا، هەر بۆیە کاریگەرییەکەی لەسەر دانیشتوانی عێراق فەلاکەتبار و کارەساتێکی زۆر گەورە بوو، بەڵام ئەم گەمارۆیەی ئێستا ئەمریکا بەسەر ئێراندا دەیسەپێنێ بەگوێرەی ئەو جێگاوڕێگایەی ئەمریکا لە ئاستی جیهاندا لەدەستیداوە و باڵادەستییەکەی مایەپووچ بووە، لە بارودۆخی ئێستادا قبوڵکردنی گەمارۆی ئابووری بەسەر ئێراندا لە ئاستی ڕێککەوتن و هاوپەیمانی جیهاندا کارێکی نەکردە و سەختە، ئەمریکا ناتوانێ پەیوەندییە ئابوورییەکانی ئێران بە وڵاتانی ترەوە ڕاگرێت، هەر بۆیە کۆماری ئیسلامی ئێران باشتر دەتوانێ لەبەرامبەر ئەم گەمارۆیەی ئەمریکادا خۆی بپارێزێت، ئەوەی ئێستا لە ئێران و ناوچەکەدا زیاتر جێگای نیگەرانی و چاوەڕوانیە خولقاندنی فەزای ئەو شەڕەیە کە کاریگەری نەک لەسەر دانیشتوانی ئێران داناوە، بەڵکو مەترسی و هەڕەشەی ئەو بارودۆخەی شەڕە کە سایەی بەسەر تەواوی دانیشتوانی ناوچەکەدا کردووە، چونکە لە هەمانکاتدا بەرپابوونی ئەم شەڕە زۆر جیاوازتر دەبێت لەچاو جەنگی کەنداودا، بەو مانایە شەڕێکە گەر ئەو هێز و لایەنانەی لە جەنگی کەنداودا هاوپەیمان بوون، لەم شەڕەدا هەمان هاوپەیمانەکانی جەنگی کەنداون کە ئەدەن بەیەکدا، ئەم دۆخە بەجۆرێکە لە بیرکردنەوەی خەڵکدا ئاشکرا و ڕۆشنە و مەترسییەکانی چەندباری جەنگی کەنداو کارەساتبارتر، وێرانتر دەکات. هەربۆیە پێویستی بە بەرەیەکی بەرین و فروانی یەکگرتووی ناڕەزایەتی لەئاستی ناوچەکە و جیهاندا هەیە بۆ کۆتایی هێنان بەم بارودۆخە نالەبارە. با ڕاستییەک بەبیر بهێنینەوە، کە ئێران چل ساڵە ئابڵۆقەی ئابووری یان چەک و کەرەستەی سەربازی، یان سنووردارکردنی فرۆشتنی نەوتی لەسەرە، هەندێکجار توندتر و بەرینتر بووە و هەندێکجاریش سنووردار. لەهەموو ئەو ماوەیەشدا، سەرانی ڕژێمی ئێران نەک نەبوونەتە نیشانە، بەڵکو بە کەڵک وەرگرتن لەو ئابڵۆقانە دەوڵەمەندتر بوون، ئەوەی زیانی بەرکەوتووە، جەماوەری خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێش بووە، کە هەم ژیانیان سەختتر بووە و هەم ئاستی چاوەڕوانیەکانیانی هێناوەتە خوارەوە و گورزی وەشاندۆتە ئاستی خەباتەکەیان. بۆیە ئابڵۆقەی ئابووری بە ئەزموون دەرکەوتووە کە دەتوانێت ببێتە جینۆسایدێکی ئاشکرا، کە ڕژێمە دیموکراسی و

دەوڵەتەکانیان، دایدەسەپێنن.

**دیدگای سۆشیالیستی: کەوایە پرسیار لێرەدا ڕووبەڕووی ئێمە ئەبێتەوە. لە کاتێکدا جەماوەری بەرینی هەژار و برسی ئێران حوکمی مەرگ و سەرنگوونی ئەو ڕژێمەی زۆر لە دەمێکەوە داوە و ناڕەزایەتیەکانی ئەو دواییانەش ئەکرێ بە بەشێک لەو خواستە ببینرێن و لەولاشەوە بێگومان هەر ئەو جەماوەرە دژی زیاتر برسیکردن و گەمارۆدانیانەوەن لەلایەن ئەمریکاوە. سیاسەتی دروست بۆ کۆمۆنیستەکان و بزووتنەوەی کرێکاری لە ئێران چییە و چۆن ڕووبەڕووی هەردوو ئەم بەرەیەی بۆرژوازی ناوخۆیی و دەرەکی ببێتەوە؟**

**عوسمانی حاجی مارف:**

ئەوەی لە چەند ساڵی ڕابردوودا بەبەرچاوی جیهانەوە بینرا، ناڕەزایەتییەکانی کرێکاران و زەحمەتکێشان و ناڕەزایەتییە جەماوەرییەکانی زۆربەی شارەکانی ئێران بوو لەبەرامبەر کۆماری ئیسلامیدا، تا ئاستی نەفرەتکردن لە دەسەڵاتی ئیسلامی، هەلومەرجێکی سیاسی وەهای هێنایە پێشەوە کە وەک بوومەلەرزەیەک تەواوی شارەکانی ئێرانی هەژاندبوو، ئەو ناڕەزایەتییانە لە ئاستێکدا بوون چاوەڕوانی هەلومەرجێکی شۆڕشگێڕانەی بەجۆرێک لێدەکرا، باڵاتر و ڕۆشنتر لەو هەڵسانە جەماوەرییانەی کە لە بەرامبەر ڕژێمی شادا دەکران.

پێش هەموو شتێک پێویستە ئاماژە بە واقعیەتێک بدەین کە هاتنە پێشی فەزای ئەم شەڕە کاریگەرییەکی گەورەی لەسەر پاشەکشەی ئەم ناڕەزایەتییانە و ڕێکخستنی داناوە، هەڵبەتە بەردەوامی فەزای ئەم شەڕە و یان ئاڵوگۆڕی ئەم فەزایە بە شەڕ بەڵا و دەردیسەری زیاتری بەدواوەیە، هەر بۆیە پێویستە پێش هەموو شتێک هەڵوێستی کۆمۆنیستەکان لەبەرامبەر ئەم فەزای شەڕە و گەمارۆی ئابووریدا ڕۆشن و ئاشکرابێت لە سەرکۆنە کردن و بەرەنگار بوونەوەیدا، وە هەوڵدان بۆ بەدەستهێنانی هەڵوێست و بەرەنگاری جیهانی بۆ وەستانەوە بەرامبەر ئەم فەزای شەڕە و گەمارۆ ئابوورییە. لەلایەکی ترەوە هەوڵدان بۆ بەرەنگار بوونەوە و ڕیسوا کردنی هەموو ئەو ڕەوتە سیاسییانەی لە ئێراندا چاوەڕوانیان لەسەر ئەوە هەیە لەڕێگای دەور و دەخالەتی ئەمریکاوە، کۆماری ئیسلامی بڕوخێنرێ لە ئاکامدا دەستکەوتێکی سیاسی بەدەست بهێنن.

مەسەلەیەک کە پێوستە سەرنجی بدەین، ئەزمونێک کە دانیشتوانی ئێران بەدەستیان هێناوە ئەو ئاگایی و هوشیارییەیە لەبەرامبەر مەترسییەکانی ئەم شەڕەدا، لەگەڵ ئەوەی جەماوەری نارازی ئێران ڕوخانی کۆماری ئیسلامی خواستێکی سەرەکییانە، بەڵام هاوکات بەرەی دژی شەڕ واقعیەتێکی تری ناڕەزایەتی خەڵکی ئێرانە، نایانەوێت نموونەی عێراق و سوریا لە ئێراندا دووبارە بێتەوە، ئەرکی کۆمۆنیستەکانە کە لە ڕێگای ڕێکخستن و

ڕابەریکردنی نارەزایەتییەکانی کرێکاران و زەحمەتکێشان و خەڵکی ناڕازی بەدوور لەدەور و ئاسۆی ئەحزابی ناسیۆنالیست و ئیسلامی و کۆنەپەرست، شۆڕشێکی کۆمەڵایەتی بە ئامانجی بەدەستهێنانی دەسەڵاتی شوراکان و هاتنە مەیدانی دەوری کرێکاران و زەحمەتکێشان بۆ دەخالەتی ڕاستەوخۆیان لە دەسەڵاتی سیاسیدا ڕابەری بکەن و بەڕێوەبەرن.

**دیدگای سۆشیالیستی: باشە کەواتە بە دیاریکراوی چی بکرێ لەسەر ئاستی عێراق و ئێران و ناوچەکە و هەتا جیهانیش بۆ پێشگرتن بە سیاسەتی کۆنەپەرستانەی ئەمریکا و کۆماری ئیسلامی ئێران؟**

**عوسمانی حاجی مارف:**

واقعیەتێک کە ئێستا لە ناوچەکەدا دەگوزەرێ فەزای شەڕ و مەترسی شەڕە لە ئاستێکی فراواندا، کابوسێکە کاریگەری لەسەر ژیان و گوزەران و دانیشتوانی تەواوی ناوچەکە داناوە، هەر بۆیە وەستانەوە و بەرەنگار بوونەوە بەرامبەر ئەم هەلومەرجە و سیاسەتێک کە ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی پیادەی دەکەن، مەسەلەیەک نییەتەنها تایبەت بێت بە گوزەرانی دانیشتوانی ئێرانەوە بەڵکو کاریگەریی کارەساتەکانی تەواوی ناوچەکە دەگرێتەوە، هەلومەرجی ناوچەکە بەگشتی و هەردوو دەوڵەتی ئێران و عێراق، هێندە بەیەکەوە لێک گرێدراون و کاریگەرییان لەسەر یەکتری هەیە کە بەناچاری ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ فەزای جەنگی و ئەگەرەکانی جەنگ (هەتا ئەگەر زۆر سنووردار و جەنگی ئاسمانیش بێت) دەکاتە کارێکی سەرەکی و ناچاری بۆ پێکهێنانی بلۆکێکی دژە جەنگی و سیاسەتی میلیتاریستی و دەستێوردانی سیاسی و سەربازی جەمسەرە ئمپریالیستیەکان و هاوپەیمانە ناوچەیی و لۆکاڵیەکانیان. هەروەها ناچاریان دەکات کە سیاسەتی دژە جەنگی بەتەواوەتی بخەنە قوڵایی بزووتنەوەی نارەزایەتی جەماوەری و کرێکاریی ئێرانەوە، تا ئەو ڕادەیەی کە بتوانێت پشتیوانی دنیا و بزووتنەوە ڕادیکاڵ و ئینسانی و جەماوەرییەکان بۆخۆی ڕابکێشێت تا بتوانێت کە کەشی جەنگی و ئەگەرەکانی جەنگ (هەرچەندە لاوازیش بێت) بڕەوێنێتەوە. دیارە بەهەر ئەندازەیەک بزووتنەوەی نارەزایەتی جەماوەری لەدژی کەشی جەنگی و سیاسەتی میلیتاریستی لەناوخۆی ئێراندا بچێتە پێشەوە، هێندەش دەسەڵاتی ڕەشی ئیسلامی ئێران تەنگەتاو دەکات و پرۆسێسی ڕوخاندنی ئەم ڕژێمە خێراتر دەکات. هەر بۆیە پێش هەموو شتێک ئەرکی کۆمۆنیستەکانە بەرامبەر ئەم هەلومەرجی فەزای شەڕ و گەمارۆی ئابوورییە و ئەگەری شەڕ، بەدەر لە هەرجیاوازییەکی فکری و سیاسی، کە هەیانە بەرەیەکی بەرفراوان پێکبهێنن وەک بلۆکێکی بەهێز خۆیان

ڕابگەیەنن و دەنگی نارەزایەتییان بەرزکەنەوە و لە ڕێگای بەهێز بوونی ئەو بلۆکەوە دەنگی نارەزایەتییە جەماوەرییەکان لە ناوچەکەدا یەکگرتوو و ڕێکخراو بکەن، فشارێکی بەهێز بن لە بەرامبەر دەوری ئەمریکا و وڵاتانی زلهێزی دنیا لە ناوچەکەدا، لە هەمانکاتدا پێویستە هێزێک بن دەسەڵاتی سیاسی لەژێر دەستی هێزە میلیشیا ئیسلامی و ناسیۆنالیستەکان و حکومەتە کۆنەپەرستەکانی ناوچەکە دەربهێنن.

**دیدگای سۆشیالیستی: سەرەتا بۆ چوونەنێو گفتوگۆکەوە با لە پرسیارێکەوە دەست پێبکەین کە پەیوەست ئەبێتەوە بە بەیاننامەی هاوبەشی هەر سێ حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان و عێراق و ئێران حکمەتیست خەتی ڕەسمی. لەو بەیاننامەیەدا هاتووە کە سەربارى ئەوەی کۆماری ئیسلامی ناوەڕۆکێکی کۆنەپەرستانەی هەیە بەڵام ملهوڕی و هەڕەشەی ئەمریکا بە هەر پاساوێکەوە بێ زۆردارانەیە و مەحکومە. پرسیار ئەوەیە کۆماری ئیسلامیش بە ئەندازەی ئەمریکا کۆنەپەرست و ملهوڕە لە ناوچەکەدا گەر زیاتریش نەبێ. هاتنی مەسەلەکە بەمجۆرە و تەنها مەحکوم کردنی ئەمریکا لەم کێشمەکێشەدا بۆچی ئەگەڕێتەوە؟**

**سامان کەریم:**

سەرەتا دەمەوێت، پۆینتێک دیاریبکەم کە بۆ بزووتنەوەی کرێکاری و بەتایبەت بۆ بەشی پێشڕەوی بزووتنەوەکە گرنگە. ئەویش بناغەی لێکدانەوەی سیاسی ئەو بەیانە و هەڵوێستی هەر ٣ حزبە لە بەرانبەر ئەم ڕووداوە گەورە و جیهانییەدا، بناغەیەک کە ئەنجامەکەی دەگاتە ئەوەی کە بەڵێ مەسەلەکە ئەمریکایە، نەک ئێران. دەوڵەتی ئەمریکا و پەلکێشانی سوپاکەی و پڕوپاگەندەی جەنگی و هەڕەشەکانی بۆسەر ئێران و ناوچەکە و هەروەها ئابلۆقەی ئابووری بۆسەر ئێران مەحکومە و پێویستە سەرکۆنە بکرێت، وە کرێکار و خەڵکی ئازادیخوازی جیهان لەدژی ئەم سیاسەتە کاولکارییەی ئەمریکا بهێنرێتە دەنگ وناڕازیبوون. ئەم سیاسەتە سیاسەتێکی کلاسیکی مارکسستییە و لە هەمانکاتدا سیاسەتی کۆمۆنیزمی کریکاریمان دەهێنێتەوە یاد کە لەساڵی ١٩٩١د امەنسور حیکمەت سەبارەت بە جەنگی کەنداو گرتییە بەر. ئەم سیاسەتە بەتەواوی سیاسەتێکی ئینتەرناسیونالستی کرێکارییە.

لەڕاستیدا مەسەلەکە پەیوەندی بەوەوە نیە کە لە ئێران کام سیستەمە دەسەڵاتدارە، کۆماری ئیسلامی ئێرانە بە هەموو کۆنەپەرستی و ملهوڕی و دژی ئینسانی و کرێکاریی خۆیەوە یان سیستەمێکی ناسیونالیستی وەک بەعس یا وەک قەزافی یا وەک ئەسەدە لە سوریا، ناوەرۆکی مەسەلەکە بە تەواوی جیاوازە. ڕیشەی هەلومەرجەکە، ملهوڕی ئەمریکایە بۆ

## فەزای جەنگ و هەڕەشەکانی ئەمریکا و..

دووبارە سازدانەوەی خۆی و دەرکەوتن و خۆنیشاندانی وەک زلهێزی یەکەمی جیهان لە ئاستی ناوچەکەدا لە ژێر دروشمی فاشستانەی "ئەمریکا یەکەمە". ئەم سیاسەتە گشتییە لە ناوچەکەدا مانای پێشگرتنە بە سیاسەتی چین و ڕێگای ئاوریشم، کە گەورەترین پرۆژەی ئابووری چین و جیهانیشە لەئێستادا، وە بڕیارە بەشێکی بەئێراندا بڕوات، لە ئێرانەوە بڕوات و بەعێراقدا تێپەڕێت و لە سوریاوە لەسەر کەناری دەریای سپی ناوەڕاست سەردەربهێنی، هەروەها ئابلۆقەدانی سەربازی و ئەمنی ڕوسیایە لە ناوچەکەدا.

بەکورتی ئەوە هۆکاری سەرەکی ئەم پەلامار و هەڕەشانەی ئەمریکایە بۆسەر ئێران و ناوچەکە. لە بناغەوە هێرش و هەڕەشە و کەشی جەنگی لە ناوچەکەدا هیچ پەیوەندی نیە بە ئێرانەوە. ئێران وڵاتێکە لە چوارچێوەی بەندوبەستی نێودەوڵەتیدا کاروباری خۆی دەباتە پێشەوە وەک زۆربەی وڵاتانی ناوچەکە، وەک دۆستەکانی ئەمریکا، سعودیە، تورکیا و پاکستان... تەنانەت تاکو هەفتەیەک لەمەوبەر ڕێکخراوی وزەی ئەتۆمی جیهانی پابەندبوونی دەوڵەتی ئێرانی بە ڕێکەوتنی ئەتۆمییەوە ڕاگەیاند. هەلومەرجەکە ئێران نیە و ئەمریکایە. ئەمریکا بەدوای بیانوودا دەگەڕێت، لە ناوچەکەدا لە ئێران باشتری دەست ناکەوێت کە هەوڵ بدات پەلاماری بدات. بەتایبەت نفوزی ئێران لە ناوچەکەدا فراوانە بەهۆی میلیشیا ئیسلامییە جیاوازەکانەوە، لوبنان، عێراق، سوریا، یەمەن و ئەفغانستان و بەشێوەیەکی کەمتر بەحرەین. لەڕوانگەی ئەمریکاوە کێشەکە ئەوەیە، کە ئەم نفوزەی ئێران بەدژی بەرژەوەندییەکانی خۆیەتی، ئەگەر نا، ئەوە ئێران وڵاتێکی دەستەمۆی ئەمریکا و "پارێزەری مافەکانی مرۆڤ" بوو.

لە ڕاستیدا، ئەمریکا بەم هەراوهوریا جەنگییەی کە توندی دەکاتەوە، دەیەوێت پێش بە جیهانی چەند جەمسەریی سەرمایەداری بگرێت، پرۆسەیەک کە ئێمە لە دواقۆناغەکانی جێگیر بوونیدا دەژین.

مەترسی ئێران بۆسەر ناوچەکە ناوچەییە، بەڵام مەترسی ئەمریکا جیهانییە و گەورەتر و فراوانترە. لەوە بترازێت لەڕوانگەی مارکسیستییەوە، جەنگ بۆ سەر ئیران، دەبێتە هۆی قوڵکردنەوەی زیاتری جیاوازی و ناکۆکیەکانی نێو ڕیزەکانی بزووتنەوەی کرێکاری لە ناوچەکەدا، دەبێتە هۆی هەڵتۆقینی دەیان و بگرە سەدان گروپ و دەستە وتاقمی ئیسلامی و تیرۆریستی و ناسیونالیستی کوێر و لغاو بەربوو، دەبێتە هۆی دارمانی کۆمەڵگای ئێران و دابەشکردنی بەسەر دەیان نەتەوە و ئاین و مەزهەب و دەوڵەتۆکەدا. ئەمە تەنها بەقازانجی ئەمریکا و سعودیەیە لەم هەلومەرجەدا لەگەڵ هەندێ بزووتنەوەی جیاوازی هەرە کۆنەپەرست و دواکەوتووی بۆرژوازی لە ئێران و ناوچەکەدا. لەلایەکی دیکەوە ناوچەکە دەرگیر دەکات لەگەڵ دابڕانێکی دیکەدا، کە گەلێک فراوان و گەورەتر دەبێت لە

جەنگی کەنداو.
لە کاتێکدا ئەگەر جەنگ ڕوودبات (نەک هاویشتنی چەند موشەکێک) ئەوە نیزامی ئیسلامی دەڕوخێت، بەڵام هەموو کۆسپەکە ئەوەیە کە دەڕوخێت چی جێگەی دەگرێتەوە؟! ئەگەر کۆمۆنیزم وە بزووتنەوەی کرێکاری لەوێ وەک هێزێکی کۆمەڵایەتی مەیداندار ئامادەیە، ئەوە نەک هەر پێویستمان بە ئەمریکا نیە، بەڵکو ئەو ڕێگری سەرەکییە لەبەردەم دەسەڵاتگرتنی کۆمۆنیستەکاندا. ئەگەر هێزمان هەیە ئێستا با دەست پێبکەین، بیڕوخێنین، کرێکار و حزبەکەی دەسەڵات بگرێت. ئەگەرنا، هەر هێزێکی کۆمۆنیستی پێی وابێت لە جەنگێکی ئاوهادا، بوارێکی بۆ دەرەخسێت بۆ گەورە بوون و فراونبوونەوە و هێزگرتن، ئەوە لە مێژوو نەگەیشتوە و دەگەڕێتەوە سەر پلێتی ئەسڵی خۆی کە هەر چیەک بێت کۆمۆنیستی نیە.
بەجیا لەوانە ئەمریکا و هێزەکەی لە دووری زیاتر لە ٨٠٠٠ کیلۆمەترەوە هاتوتە ناوچەی ئێمە و ئێران لە جوگرافیای خۆیدایە، بەم مانایەش بێت و لە گەڵ هەموو ئەو هۆکارانەی سەرەوە، ئەمریکا مەحکومە نەک ئێران. لەبەرانبەر ئەم مەسەلەیەدا هیچ پێویست نیە، ئێران مەحکوم بکرێت، بگرە هەڵەیەکی سیاسی و بەرژەوەندی خوازانەی بۆرژواییە.

**دیدگای سۆشیالیستی: لە ڕاگەیاندنە فەرمییەکانی ئەمریکادا بەڕۆشنی ئەوە هاتووە کە نە بەشوێن گۆڕینی ڕژێمەوەن لە ئێران و نە بەشوێن جەنگەوەن. لەکاتێکدا لەم دواییانەدا تا لێواری جەنگ مەسەلەکە ڕۆیشت کە ئێران فرۆکەیەکی بێ فرۆکەوانی ئەمریکی بەردایەوە و ترەمپ لە دوا ساتەکاندا بڕیاری دا بە هێزەکانی شەڕ نەکەن. هاوکات ئێرانیش هەر ڕایئەگەیەنێت کە ئەمریکا لە گفتوگۆکردندا جدی نیە. باشە ئەگەر مەسەلەکە نە جەنگ و نە گۆڕینی ڕژێمە، ئایا ململانێکە لەسەر چییە؟**
**سامان کەریم:**
لە وەڵامی پرسیاری سەرەوە ئاماژەمان کرد بە هۆکاری سەرەکی ئەمریکا بۆ خوڵقاندنی هەلومەرجێکی ئاوەها کە دەیبینین. ئەوەی ئەمریکا ڕایدەگەیەنێت هەمیشە بەشێکە لە سیاسەت و بەتایبەتی سیاسەتی هەڕەشە و جەنگی پێشوەخت کە سەردەمی بەسەر چووە. بەڵام هەمیشە جەنگ بۆ بردنە پێشەوەی سیاسەتە. واتە ئامانجێکی سیاسی دیاریکراو هەیە لە بەرپاکردنی هەر جەنگێکدا. سیاسەتی دیاریکراو لێرەدا هەروەک لەسەرەوە ئاماژەیەکی کورتمان پێکردوە، ئەوەیە کە توانایی و نفوزی دەوڵەتی چین و دواتر ڕوسیا لە ناوچەکەدا کەم بکاتەوە و پێش بگرێت بە پرۆژە گەورە ئابوورییەکانی چین بۆنموونە وەک "ڕێگای ئاوریشم"، بەڵام ئەم سیاسەتە ڕاستەوخۆ بەرانبەر بە چین و ڕوسیا پیادە ناکرێت، چونکە

پێکەوە هەم توانایی ئابووری و هەم سەربازیی زۆر گەورەیان هەیە، جەنگەکە ڕاستەوخۆ دەبێتە جیهانی، کە ئەمریکا دەزانێت زەرەری گەورە دەکات.
بۆ بردنە پێشەوەی ئەو سیاسەتە دەیەوێت لە ئەڵقەیەکی لاوازترەوە دەست پێبکات ئەویش ئێرانە. سیاسەتەکە بە ئاشکرا ئەوەیە کە پێگەی دەوڵەتی ئێران کەم بکاتەوە لە ناوچەکەدا، کە نینۆکەکانی ببڕێت، بەڵام بڕینی نینۆکی ئێران لەهەمانکاتدا، هێنانە خوارەوەی ئاستێکە لە نفوز و پێگەی چین وە ڕوسیا لە ناوچەکەدا. ئەم سیاسەتە ئایا دەگاتە جەنگ؟! من پێشتر وتوومە ئەوە لە بەرنامەی سیاسەتی ئێستای دەوڵەتی ئەمریکادا نیە، بەڵام دەیەوێت لەسایەی سیاسەتی جەنگییەوە، بگاتە مل کەچکردنی ئێران و ڕازیکردنی بە دانیشتن لەسەر مێزی گفتوگۆ بە مەرجەکانی خۆیەوە. جەنگەکە میدیاییە، ترساندن و دەرخستنی توانا تەکنۆلۆژی و سەربازییەکانە، ئابڵۆقەی ئابوورییە، تەنانەت جۆرێک لە شەڕی چریکییە، واتە پەلاماردانێکی بچوک و پاشەکشە کردن، هەروەها لێدانە لە هێزەکانی دیکەی ژێر نفوزی هەردوولا. ئایا ئەمریکا دەگاتە ئامانجی خۆی؟! ئایا دەتوانێت ئێران مل کەچ بکات بە وازهێنان لە موشەکەکانی بەتایبەت بالستیەکانی؟! ئایا ڕازی دەبێت بە بەشێک لە سیاسەتەکانی ئەمریکا لە ناوچەکەدا... لە ئێستادا، وەڵامی ئەم پرسیارانە مەنفییە.
ئەمریکا چاوەڕێیە کە فشاری ئابڵۆقەی ئابووری دەوڵەتی ئێران ناچار بکات بێتە پای مێزی گفتوگۆ، یان لە ڕێگای سعودیە و ئیمارات و دارودەستەی ناسیونالیستی کورد و دەستە و تاقمی وەک ئەهوازی و موجاهیدەکانەوە، خەریکی فشارێکی زیاتر بن بۆ سەر دەوڵەتی ئێران.

**دیدگای سۆشیالیستی: کەوایە هاوڕێ سامان کێشەکە تەنها لە نێوان ئەمریکا و ئێراندا نیە؟**
**سامان کەریم:**
ئێران لێرەدا، مانشێتێکە وەک کوەیت لەساڵی ١٩٩١دا، بۆ بردنە پێشەوەی سیاسەتێکی گەورەتر و فراوانتر. مەسەلە هەر ئێران و ئەمریکا نیە. ڕۆشنە کە لە ماوەی ٥٠ ساڵی ڕابردوودا ئەمریکا لە ناوچەکەدا، دوای ڕوخانی شاهنشا لە ئێران، پشتی بەستبوو بە ئیسرائیل، تورکیا، سعودیە و میسر. ئەمڕۆ تورکیا و میسر وردەوردە لەژێر ڕکێفی ئەمریکا دێنە دەرەوە، یان پشتیان پێ نابەسترێت، ماوەتەوە سعودیە و ئیسرائیل. ئیسرائیل بە تەنیا و بە بێ وڵاتانی عەرەبی و هاوپەیمانی لەگەڵ ئەواندا ناتوانێت سیاسەتێکی کارا بگرێتە بەر، بەتایبەت کە پێگەی ئابووری ئیسرائیل بۆ ئەمریکا لەچاو جیهانی عەرەبدا هێجگار لاواز و کەمە، بۆیە سعودیە بڕبڕەپشتی پیادەکردنی ئەم سیاسەتەی ئەمریکایە لە ناوچەکەدا، بەتایبەت کە خاوەنی بناغەیەکی باشی پەترۆ دۆلارە و پێگەیەکی بەهێزی هەیە لە "جیهانی

ئیسلامی" و جیهانی عەرەبدا. بەڵام کاتێک پێگەی ئەمریکا هاتۆتە خوارەوە لە جیهان و ناوچەکەدا، پێگەی سعودیەش بەهەمان شێوە هاتۆتە خوار، بۆیە سعودیە ناچارە بۆ پێشگرتن بە هاتنە خوارەوەی پێگەی خۆی دژ بە ئێران بێت وە ئەمە بە سیاسەتی مەزهەبی سوننەگەرا و شیعەگەرا بارگاوی بکات و تارادەیەکی زۆر خەڵکی پێ گەوج بکات. لەبەرانبەر تورکیادا دیسان سعودیە شەڕێکی دیکەی هەیە، شەڕی هێزی یەکەم لە ناوچەکەدا! سەرکردەی جیهانی سوننە یان جیهانی ئیسلامی سوننە!!! ئەمە لە عێراق و کوردستاندا، دیسان ڕەنگدانەوەی هەیە، لە کوردستان لەنێوان یەکێتی و پارتیدا بەڕۆشنی دیارە، هەروەها لە عێراقدا لەنێو هێزە سوننی و شیعییەکان و هەروەها لەنێو خودی هێزەکانی ئیسلامی شیعیدا کە تا ئێستا دابەشبوون بەسەر جەمسەرە جیاوازەکاندا، دەردەکەوێت. لایەکی دیکەی هەڵدەگەڕێتەوە بە کێشەی ئیسرائیل- فەڵەستین و "سەفەقەی قەرن". بێگومان ململانێکە فراوانتر و گەورەترە، تەنها ئێران و ئەمریکا ناگرێتەوە، بەڵکو لە ڕوانگەی منەوە بوارێکی تەواو جیهانیی هەیە.

**دیدگای سۆشیالیستی: تۆ باسی کێبڕکێی نێوان وڵاتانی زلهێزی دنیات کرد، با بێینە سەر ئەوەی کە لە بنەڕەتدا کێبڕکێ و ململانێی ئەوان لەسەر چییە؟ ئایا وەک چەند زلهێزێکی ئیمپریالیستی بە شوێن فراوانکردنەوەی بازاڕ و جۆرێک لە "داگیرکاری"ی نافەرمیەوەن؟**

**سامان کەریم:**

"داگیرکاری نافەرمی" چەمکێکی دروست نیە. هیچکات داگیرکاری فەرمی نەبووە و نابێت. ئەگەر مەسەلەکە لایەنی ئابوورییە، پێویست بە چەمکی ئاوەها ناکات، بۆرژوای هەمیشە وە بە تایبەت سەردەمی هاوچەرخی ئێمە یەک ماڵە و هەمیشە یەکێک یان چەند براگەورە هەبوون و ئێستاش هەر وایە. کێبڕکێ و ململانێی ئەوان کە پێشتر لە دەیان نوسراو و چاوپێکەوتندا باسمان کردووە و لە وەڵامی پرسیاری یەکەمدا لەسەرەوە دیسان دووبارە کراوەتەوە. "ئەوان" کێن کە لە پرسیارەکەتاندا هاتووە؟! ئەوان یەک خێزانن شەڕ و کێبڕکێ و ململانێی توندیان هەیە لەسەر سەرمایە و زەوی و بازاڕ. ئەمریکا دەیەوێت وەک ٣٠ ساڵی ڕابردوو جیهانی سەرمایەداری تاک جەمسەر بێت، وەک زلهێزی یەکەم بمێنێتەوە. ڕوسیا و چین و بە ئاستێکی کەمتر هیند و ئەڵمانیا شەڕ لەسەر جیهانێکی چەند جەمسەری دەکەن. بەڵام کێشەکە و کێبڕکێکە گەیشتۆتە دواقۆناغی خۆی. واتە هەموو زەمینە ماددی و بابەتییەکان ئامادەن کە کۆتایی بەم قۆناغە سەختە بێت، قۆناغێکی تێپەڕ کە تیایدا سیستەمی جیهانی ونە و جیهانی ئەمڕۆ بە کەشێکی ئەنارشی و نا ئەمن و نائارامدا تێدەپەڕێت.

## فەزای جەنگ و هەڕەشەکانی ئەمریکا و..

ئەمریکا دەیەوێت کۆنەپارێزی بکات، دەست بگرێت بە دامێنی مێژووی چەند ساڵی ڕابردووەوە، وە لە باری ئابووریشەوە بەتەواوی ئاراستەیەکی کۆنەپارێزی گرتۆتەبەر، کە خۆی لە سیاسەتی ئابووری "پرۆتێکشنیزم"دا دەبینێتەوە، بە پێچەوانەی ئاراستەیەک کە خۆی ڕابەر و سەرکردەی بووە لە ماوەی ٧٠ ساڵی ڕابردوودا. سیاسەتی کرانەوە و لیبرالیزمی ئابووری. پیادەکردنی ئەم سیاسەتە بۆ ئەمریکا لەم قۆناغەدا بۆ پێشگرتنە بە ڕۆڵ و پێگەی ئابووری چین بە پلەی یەکەم و هەروەها فشار خستنە سەر دۆستەکانی لە ئەورووپا کە هۆشیار بن و ئەمریکا بەتەنیا جێنەهێڵن. ئەمریکا ڕابەری گڵۆباڵیزم بوو، ئەمڕۆ سنوور دادەخات وگومرگ و باج دەخاتە سەر کاڵا هاوردەکانی چین و ئەورووپا و وڵاتانی دیکە. ئەمە پێچەوانەی یاسای بزووتنەوەی مێژووە، بەم پێیە سیاسەتێکی کۆنەپەرستانەیە.
وڵاتی چین و سیاسەتی چین بووە بە پارێزەرێکی توندی گڵۆباڵیزم و سیاسەتی کرانەوە و لیبراڵی لەئاستی دەرەوە و بازاڕی ناوخۆدا، وە ئابوورییەکی لە زۆر ئاستدا لە پێش ئەمریکاوەیە، لەمبارەوە من لە پەڕتووکی "کۆمۆنیزمی هاوچەرخ و سەردەمی ڕێنیسانس"دا بە درێژی باسی ئابووری چینم کردووە. سەرنجتان بۆ خوێندنەوەی ڕائەکێشم. بۆیە بەشی خۆی دەوێت و دەیەوێت وەک جەمسەرێکی زلهێزی جیهانی ئەژمار بکرێت. بە هەمان شێوە ڕوسیا وەک جەمسەرێک هەر ئێستا دەرکەوتووە، بەتایبەت کە چنگێکی ئەتۆمی و تەکنۆلۆژیای جەنگیی بەهێزی هەیە و لە هەندێک بواری سەربازیدا لە پێش ئەمریکاوەیە. دەتوانین بڵێین کێبڕکێکە لەسەر ناوچەی نفوز و دووبارە دابەشکردنەوەی جیهانە و ئەمریکا تا ئێستا ڕازی نیە بەم ئاراستەیە. ئەمە کێشەی ئەم قۆناغەیە.

**دیدگای سۆشیالیستی: هەرچەندە لێدوانی ئەوە هەیە کە ئەمریکا نایەوێ جەنگ بکات لەگەڵ ئێران، بەڵام هەن کە پێیان وایە سەرکێشییەکانی ترەمپ و لێدوانە ئاگرینیەکانی ئیسرائیل و توندیی ئێران و ڕاوەستانەوەی ڕاشکاوانەی ڕوسیا و چین لە پشت ئەو، ئەگەری جەنگ نزیک ئەکاتەوە. لێکدانەوەی ئێوە چییە لەسەر ئەوە و ئایا پێتان وایە جەنگ لە دژی ئێران ڕووئەدات؟**

**سامان کەریم:**

هەروەک لە چەند وتار و باسێکدا ئاماژەم پێکردوە، ئەمریکا وەکو ماسی قەراخ ئاوی لێهاتوە، کە دەیەوێت بگەڕێتەوە بۆناو ئاوەکە. لە ڕوانگەی منەوە ئەمریکا لەساڵی ٢٠٠٦وە مل شکانی دەست پێکردووە، سەرەتای ئەم بریندار بوونەی لە عێراقەوە بوو. ئەوکات وڵاتی چین وەکو ئێستا نەبوو، لە مەلۆتکەکەی نەهاتبووە دەرەوە، ڕوسیا هێشتا پەلاماری جۆرجیای نەدابوو، بەڵام ئیمپراتۆری گەورە سەرمایەی جیهانی ڕووی لە لێژی بوو، ئەم

دیدگایە هەر ئەوکات بەهۆی ڕاپۆرتی بیکەر- هاملتۆنەوە، لە پەیوەند بە عێراقەوە ئاشکرا بوو. لەوکاتەوە ساڵ بە ساڵ پێگەی ئابووری و سیاسی و سەربازیی ئەمریکا دێتە خوارەوە، بەڵام هێشتا لە زۆر بواری تەکنەلۆژیای زیرەک و سەربازیدا لەڕیزی پێشەوەیە و یەکەمە لەئاستی جیهانیدا. کۆسپی سەرەکی ئەوەیە کە ئابووری ئەمرۆی جیهان لە تۆڕی ماسی دەچێت، ئەگەر ٢-٣ داوی بپچڕێت ئەوە ئیتر تەواوی سیستەمەکە دەرگیر دەبێت لەگەڵ قەیرانێکی بێکۆتاییدا، ئەگەرنا ئەمریکا وەک هێزی یەکەمی ئابووری جیهان تەواو بووە، ئەم لێکدانەوەیە دەکرێت بە فاکت نیشانی بدەم و لەو پەڕتووکەدا کە لەسەرەوە ئاماژەم پێداوە، ڕۆشنکراوەتەوە.

لە بارێکی ئاوا دژواردا کە ئەمریکا پیایدا تێپەڕ دەبێت و لە هەلومەرجێکی تێپەڕدا، ئەگەری هەموو ڕووداوێک هەیە، بەڵام کۆسپی ئەگەری جەنگ لەگەڵ ئیران بۆ ئەمریکا ئەوەیە کە لایەنی کەم جەنگەکە ناوچەییە، مەترسی ئەمریکا لەم جەنگە ئەوەیە و سەرکەوتنی بەسەر جەنگێکی وا مەترسیداردا، مسۆگەر نیە و ناوچەیەکی فراوان دەرگیر دەبێت لەگەڵ ئەنارشی و نائارامی و جەنگی نەبڕاوەدا. ئیسرائیل دیسان لێرەدا مەسەلەیەکی گەورەیە بۆ ئەمریکا، هەر جەنگێک ڕووبدات لەگەڵ ئێران (هاویشتنی چەند موشەکێک ناڵێم) ڕاستەوخۆ لە سوریا و لوبنان و ئیسرائیل و عێراق و یەمەن جەنگ دەست پێدەکات بە شێوەیەکی هێجگار مەترسیدار، وە تەواوی هێزەکانی ئەمریکا لە ناوچەکەدا دەکەوێتە مەترسییەوە. ئیسرائیل زەربەی کوشندە دەخوات... بەجیا لەوەی کە لە باری تەکنۆلۆژیای جەنگییەوە، ئێران کەم نیە و بەهۆی پەیوەندی لە گەڵ چین و ڕوسیادا، لەمبارەوە پێشکەوتووە، خستنە خوارەوەی فڕۆکەی بێ فڕۆکەوانی ئەمریکی لەم دواییەدا نزیک گەرووی هورمز ئەوە نیشان دەدات.

ئەمریکا لە دوای جەنگێکی ئاوا لە بەرانبەر دوو بژاردەدا دەبێت، یان دەبێت ناوچکە کاول بکات لە ڕێگای بۆمبی ئەتۆمییەوە، یان سەرکەوتنی بەسەر ئێران و بێدەنگ کردنی هێزەکانی سەر بە ئێران لە وڵاتەکانی ناوچەکەدا کارێکی مەحاڵە. ئینجا لایەنی ئابووری جەنگێکی ئاوەها، دەبێتە هۆی چوونەسەری نرخی بەرمیلێک نەوت لایەنی کەم بۆ سەروو ٢٠٠ دۆلار، کە دەبێتە هۆی قووڵبوونەوە و فراوانبوونەوەی قەیرانی گەورەی ئابووری و سەرمایە ناتوانێت هەرسی بکات. ئەمە جگە لە زەرەر و زیانی جەنگی و سەربازگەکانی ئەمریکا لە قەتەر و بەحرەین و عوممان کە هەموویان دەکەونە بەردەم ساروخبارانی ئێران. لێکدانەوەی بۆرژوایی ئەمریکا یان بلێم ئاڕاستەی سیاسی و خەتی زاڵی ئەمرۆ لە سیاسەتی ئەمریکادا لەگەڵ جەنگدا نیە. من پێم وایە جەنگ ڕوو نادات بەو مانا فراوانەی کە باسمان کرد.

ئەمریکا دەیەوێت چاوەڕێ بکات، لایەنیکەم بۆ دوای هەڵبژاردنی داهاتوو. ئەمریکا چاوەڕێی

## فەزای جەنگ و هەڕەشەکانی ئەمریکا و..

ئەوە دەکات کە کاریگەریی ئابلۆقەی ئابووری ببێتە هۆی خولقاندنی ناڕەزایەتی فراوانی خەڵکی ئێران لەلایەک و لەلایەکی تریشەوە خستنەگەڕی دەستە و تاقمی ناسیونالیست و مەزهەبی و تایفی بۆ شێواندنی هەلومەرجەکە. هەر ئێستا ناسیونالیستە کوردەکانی ئێران کە تا دوێنی هێزی چەکداریان دەنارده نەغەدە و سنوورەکانی ئێران بە پارەی سعودیە، ئەمڕۆ خەریکی دانوستانن لەگەڵ ئەو نیزامی ئیسلامییەدا. ئەمە بۆ خۆی پۆینتێکە بۆ ئەوان و، بۆ نیزامیش هەرسکردنی فشارەکانی ئەمریکایە.

**دیدگای سۆشیالیستی: بەڵام ئەگەر جەنگ ڕاستەوخۆ لەگەڵ ئێرانیش ڕوونەدات گریمانەی ئەوە هەیە کە فەزای جەنگی عێراق بگرێتەوە بە تایبەتی کە هەمووان ئەزانن عێراق پێگەیەکی بەهێزی ئێرانە و پارامیلیتارێکی (نیمچە سوپایەکی) خۆی لەوێ هەبوو کە حەشدی شەعبیە و ئێستاش ئەوەتا عادل عەبدولمەهدی تێکەڵ بە سوپای ئەکاتەوە و لەولاشەوە ئەمریکا عێراقی خستۆتە ژێر فشارەوە کە پابەند بێ بە گەمارۆی ئابوورییەوە کە خراوەتە سەر ئێران. پێتان وایە پریشکی شەڕ عێراق بگرێتەوە؟**

**سامان کەریم:**

جەنگەکە پاکێجێکە. من پێم وانیە لە عێراق جەنگ ببێت بەڵام لە ئێران هیچ باس نەبێت. بەڵام ئەگەر جەنگ ببێت عێراق مەیدانێکی شەڕە. هەروەها باسی عێراق و پێگەی ئێران ئەمڕۆ باسێکی سیاسیی فراوانە. لێرەدا پێموایە فشاری ئەمریکا بۆسەر ئێران ئەگەر توند بێتەوە یان توندتر بێتەوە، گریمانەی ئەوە هەیە ئەمریکا بتوانێت سەرۆک وەزیرانێک دابنێت کە ڕاستەوخۆ لە عەبادی زیاتر خزمەت بە سیاسەتەکانی بکات، یان گرێبەستی کارەبای نێوان ئێران و عێراق کۆتایی پێ بهێنێت، کە ساڵانە زیاتر لە ٣ ملیار دۆلار دەخاتە خەزێنەی ئێرانەوە. ڕۆشنە هەردوولای ململانێکە لە هەوڵی ئەوەدان کە پۆینت بە قازانجی خۆیان کۆبکەنەوە.

حەشدی شەعبی و تێکەڵکردنی بە سوپا لەم قۆناغەدا دەرخەری ئەوەیە کە ئەمریکا و ئێران ڕێکەوتوون لەسەر ئەو پۆینتە لە عێراقدا. تێکەڵکردنی حەشد بە سوپا قازانجی هەردوولاکەی تێدایە. بەڵام عێراق لەم قۆناغەدا ناتوانێت بەشێک بێت لە گەمارۆی ئەمریکا بۆسەر ئێران، ئەوەی هەیە و داوا دەکرێت زیاتر پڕوپاگەندەیە.

**دیدگای سۆشیالیستی: با بێینە سەر گەمارۆی ئابووری. هەمووان ئەزانین کە گەمارۆ کاریگەریی لە سەر ڕژێمی ئێران و سەرانی نابێ، هەروەک لە عێراق بینیمان لە ساڵەکانی نەوەتەکاندا زیاتر منداڵان و پیران لە بێدەرمانی و بێخۆراکیدا بوونە قوربانی. کاریگەریی ئەم**

## گفتوگۆ لەگەڵ عوسمانی حاجی مارف، سامان کەریم

**گەمارۆیە هەر ئێستا لەسەر جەماوەری برسی و زەحمەتکێشی ئێران دیارە. بەجیا لەمەش هەر ناڕەزایەتیەکی جەماوەری برسی دژ بە کۆماری ئیسلامی ئیتر لەژێر بیانووی هەبوونی گەمارۆدا هێندەی تر سەرکوت و خەفە ئەکرێ. ڕای ئێوە چییە لەمبارەیەوە؟**

**سامان کەریم:**

سەپاندنی گەمارۆی ئابووری لەڕێگای زۆرەوە ڕاگەیاندنی جەنگە. لەم ڕوانگەیەوە جەنگەکە دەستی پێکردوە. ڕۆشنە کە سیاسەتێکی هێجگار دژی کرێکاری و دژی ئینسانییە، سیاسەتی کوشتنی ئینسانە بەبێ چەک، بەڵام کوشتنیەتی لە ڕێگای برسی بوون، نەبوونی کار، کەمی پارە، دەست نەکەوتنی دەرمان...هتد. ئەمە ئیتر جەنگە بەشێوەیەکی تر. جەنگێک کە قوربانییەکانی زیاترە لە جەنگی نۆرماڵ لە ڕێگای چەکەوە. ئەمە مۆدێلی بەشی هەرە پێشڕەوی سەرمایە و سەرمایەدارییە، ئاماژەیە بە بۆگەنبوونی ئەم سیستەمە.

ڕۆشنە کە نیزامی ئیسلامیی ئێران ئەم هەلە دەقۆزێتەوە بۆ سەرکوتی ناڕەزایەتییەکانی کرێکاران و خەڵک. بەشی پێشڕەوی بزووتنەوەی کرێکاری و هەڵسوڕاوانی ناڕەزایەتییەکان ڕێگایەکیان نیە، جگە لە تەحزوبی کۆمۆنیستی و ڕێکخراوبوون و کۆبوونەوە بە دەوری حزبی خۆیاندا. ڕێکخراوبوون و خۆئامادەکردن بۆ شۆڕش، بەهێزی یەکگرتوو و ڕێکخراوی خۆیان. خەباتێکی ئاوها هەنگاوی یەکەمی لەوێوە دەست پێدەکات کە ئێمە ئاماژەمان پێکردووە لە بەیانی ٣ حزبدا، واتە مەحکوم کردنی ئەمریکا و سیاسەت و هەڕەشەکانی.

**دیدگای سۆشیالیستی: کەوایە پرسیار لێرەدا ڕووبەڕووی ئێمە ئەبێتەوە. لە کاتێکدا جەماوەری بەرینی هەژار و برسی ئێران حوکمی مەرگ و سەرنگوونی ئەو ڕژێمەی زۆر لە دەمێکەوە داوە و ناڕەزایەتییەکانی ئەو دواییانەش ئەکرێ بە بەشێک لەو خواستە ببینرێن و لەولاشەوە بێگومان هەر ئەو جەماوەرە دژی زیاتر برسیکردن و گەمارۆدانیانەوەن لەلایەن ئەمریکاوە. سیاسەتی دروست بۆ کۆمۆنیستەکان و بزووتنەوەی کرێکاری لە ئێران چییە و چۆن ڕووبەڕووی هەردوو ئەم بەرەیەی بۆرژوازی ناوخۆیی و دەرەکی ببێتەوە؟**

**سامان کەریم:**

دروست وەک لە سەرەوە ئاماژەم پێکردووە هەڵوێستی ئێمە کۆمۆنیستەکان، پێویستە کلاسیک بێت وەک لینین لەکاتی جەنگی یەکەمی جیهانیدا. مەبەستم ئەوە نیە، کە هەردوو هەلومەرجەکە وەک یەک وایە، بەڵکو مەبەستم هەڵوێستگرتنی کۆمۆنیستی و میتۆدی ئەم هەڵوێستگرتنەیە.

بناغەی شۆڕشی کرێکاری ئیرادە و یەکگرتوو بوون و ڕێکخراوبوونە. ئیرادە بە "ڕزگار

بوونی کرێکار لەسەر دەستی خۆیان دەبێت"، ئیرداه بەوەی چەکی تیۆری و سیاسی و فکریی کۆمۆنیزم، چەکی ئەم چینەیە بۆ ڕزگار بوون لە سەرمایەداری، "کۆمۆنیزم زانستی ڕزگاری پرۆلیتاریایە". کەواتە ئیرادە و پشت بەستن بەخۆ بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی مانای ئەوەیە کە هەنگاوی یەکەمی کۆمۆنیستەکان ئەوەیە، کە ئاستی هوشیاری و ڕێکخراوەیی بەشی پێشڕەوی بزووتنەوەی کرێکاری تا قامەتی بزووتنەوەیەکی سیاسی خاوەن ئیرادە و پشتبەستوو بەخۆ بەرزبکەنەوە.

مانای ئەوەیە دژی سیاسەتی ئەمریکا و هەڕەشەکانی و ئابلۆقەی ئابووری دەبێت بوەستین و کرێکاران هوشیار بکرێنەوە و ناوەڕۆکی ئەم سیاسەتە مارکسیستیەیان بۆ لێکبدرێتەوە، لێرەوە خەتێک وە تەنها یەک خەتی جیاوازی خۆیان لەگەڵ هێزە بۆرژوایی، کۆمۆنیزمە بۆرژواییەکاندا بکێشن. بەڵام ئەمە پۆینتێکی سیاسی و گرنگە، نەک هەموو کاری ئێمە. کاری ئێمە، ئەگەرچی وەک هێزێکی کۆمەڵایەتی یەکگرتوو و ڕێکخراو ئامادەنین، برەودانە بەکاری ڕۆتینی کۆمۆنیستی و کەڵەکەکردنی ئەم کارە ڕۆتینە دەمانگەیەنێتە کەشێکی لەبارتر و هەنگاوێکی گەورە دەبێت لەڕاستای بوونی کۆمۆنیزم بە هێزێکی کۆمەڵایەتی، ئەگەرچی لەسەرەتاوە بچوک، بەڵام ئەمڕۆ بۆ هێزێکی کۆمۆنیستی کە نوێنەری ئامانجەکانی بزووتنەوەی کرێکارییە و بەپێی نەریتی مارکسیستی دەجوڵێت، مەسەلەی سەرەکی ئەوەیە کە هێزی چینایەتی کرێکار لە هەموو ئاستەکاندا لە بزووتنەوە و هێزە بۆرژواییەکان جیا بکاتەوە و ئەم جیاکردنەوەیە بکاتە هوشیاری بەشی پێشڕەوی بزووتنەوەی کرێکاری. پێویستمان بە زۆر هەنگاوی سیاسی و فکری و ڕێکخراوەیی هەیە، کە پێویست نیە ڕۆبچینە نێو قوڵایی ئەم باسانەوە. بەڵام هێزێکی کۆمۆنیستی بەهیچ شێوەیەک نابێت بەشێک بێت لە تەقاندنەوەی هەلومەرجی ئەم ساتەوەختەی کۆمەڵگای ئێران، وەک ئەحزابی بۆرژوایی ناسیونالیست و ئەهوازییەکان و موجاهیدەکان و کۆمۆنیزمی بۆرژوایی.

**دیدگای سۆشیالیستی: باشە کەواتە بە دیاریکراوی چی بکرێ لەسەر ئاستی عێراق و ئێران وکوردستان و ناوچەکە و هەتا جیهانیشدا بۆ پێشگرتن بە سیاسەتی کۆنەپەرستانەی ئەمریکا و کۆماری ئیسلامی ئێران؟**

**سامان کەریم:**

ئێمە زووتر هەنگاوێکی ٣ قۆڵیمان نا، وەک ٣ حزبی ناوچەکە. حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری حیکمەتیست-خەتی ڕەسمی، حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان وە حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق. هەم بەیانێکی هاوبەشمان بوو، هەم کۆبوونەوەی هاوبەش و هەنگاوی پراتیکی هاوبەش لەئاستی ڕێکخراوەکانی دەرەوە. سەرەتایەکی لاواز بەڵام پۆزەتیڤە. هەم

بەیانی هاوبەشمان و هەم کاری هاوبەشمان کراوەیە بۆ هەر لایەک ئیمزای بکات و پەیوەست بێت بەو شێوازە لە سیاسەتەوە.
خاڵی یەکەمی کاری خۆمانە، نابێت ئەوەمان بیر بچێت. کاری کۆمۆنیستی بەردەوامی خۆمان "پڕوپاگەندە و هاندان و ڕێکخستن" ئەمە ناوەڕۆکی کاری ئێمە پێکدەهێنێت، و بەپێی هەلومەرجەکە ئەولەویەتەکەمان دەگۆڕێت. ئەوە بۆ هەر ٣ حزبەکە دروستە. لە ئێران پێویستە هەوڵ بدەین کە هێزێکی جەماوەریی فراوان وە بەتایبەت لەنێو کرێکاراندا بهێنینە مەیدان دژ بە هەڕەشەی ئەمریکی و ئابلۆقە ئابەوورییەکەی. ئەم پۆینتە هێجگار گرنگە و نابێت هیچ دودڵی و ترسێکمان هەبێت لەوەی کە گوایا بە قازانجی نیزامی ئیسلامی دەشکێتەوە. بەتایبەت ئەگەر نارەزایەتییەکی لەم چەشنە لەلایەن کرێکارانەوە پێشڕەوی بکرێت دژ بە گەمارۆی ئابووری و ئاستێکی کۆمەڵایەتی بگرێتەخۆ، ئێمە دەگەیەنێتە پێگەیەکی کۆمەڵایەتی دیار و بەرچاو. پاشان هەوڵدانە بۆ هێنانەمەیدانی بزووتنەوەیەکی گەورەی جیهانی، دژ بە سیاسەتی جەنگی ئەمریکا و ملهوڕییەکانی و ئابڵوقەی ئابووری سەر ئێران. ئەم کارە هەنگاوی گەورە و کاری گەورەی دەوێت. لەگەڵ ڕێکخراوە کرێکاری و ئینساندۆست و چەپەکان و تەنانەت دژە ئەمریکیەکان. گرنگ ئەوەیە کە ڕابەرییەکی پەیگیر و بەرچاو ڕۆشن بۆ بزووتنەوەکە دابین بکرێت. ئەم کارە لە دەستوری ئێمەدایە و پێویستە هەوڵەکانمان زیاتر بەرینە پێشەوە.
ئەم کارە لە عێراق و کوردستان ئاسانتر دەچێتە پێشەوە، کۆبوونەوە و میتینگی جەماوەری یان خۆپیشاندان دژ بە سیاسەتی جەنگی ئەمریکا و ئابڵوقە ئابوورییەکەی.



# ئایا کرێکارانی کوردستان سودمەندن لە پشووە ڕەسمیەکانی حکومەت؟

## گفتوگۆ لەگەڵ مەهدی ڕەسوڵ (وەستا مەهدی)

ئەمەی بەردەستتان لەسەر ڕۆشنایی گفتوگۆیەکە کە پێشووتر ڕادیۆی پێشەنگ لەگەڵ وەستا مەهدیدا سازیداوە. دوای تایپکردنەوە و پیاچوونەوە زیادەی پێویستی خراوەتە سەر و بۆ دیدگای سۆشیالیستی ئامادەکراوە. ئێمە لێرەدا هەر وەکو شێوازی گفتوگۆکە بڵاوی ئەکەینەوە.

لە کوردستان ساڵانە ژمارەیەکی زۆر لە بۆنە و پشووی رەسمی هەیە کە دامودەزگا حکومیەکان و کارگە و پرۆژە ئابوری و خزمەتگوزاریەکان، کارو دەوام تیایاندا ڕادەگیرێت. بەڵام ئاست وچۆنیەتی سودمەند بوون لەم ڕۆژانە لەلایەن کرێکارانەوە، وەک ماوەیەک بۆ حەوانە و پێڕاگەیشتنیان بە کاروباری خێزانی و کۆمەڵایەتیان هێشتا ناڕۆشن ماوەتەوە. هەروەها ئەوەش ناڕۆشنە کە ئایا لە ڕۆژانی پشوودا کرێکاران لە کرێ و موچەی

## گفتوگۆ لەگەڵ مەهدی ڕەسوڵ

تەواوی خۆیان بەهرەمەند دەبن یان نا، ئەمە جگە لەوەی کە مەسەلەی بەڕێوەچوونی پشوەکان و دانی کرێ لە ڕۆژانی پشووی ڕەسمیدا، لە کەرتی تایبەتیدا یەکجار بابەتێکی ئاڵۆزو ناڕۆشنە.. لێرەدا بۆ تیشک خستنەسەر ئەم بابەتە گفتوگۆ لەگەڵ هاوڕێ وەستا مەهدی سازدەکەین:

**ڕادیۆی پێشەنگ: خۆتان ئەزانن لە هەرێمی کوردستان زنجیرەیەک لە پشووی جۆراوجۆر لەلایەن دەسەڵاتەوە بە ڕەسمی ڕاگەیەندراوە و بەم هۆیەشەوە کارگە و ناوەندەکان و دامەزراوە و بەڕێوەبەرایەتیە حکومیەکان ئەکەونە پشووەوە. لە وانە پشووی جەژنەکان، پشووی نەورۆز و ڕۆژانی ڕاپەڕین و یادی "بەناو شۆرشەکانی بزووتنەوەی کوردایەتی" تا کۆمەڵێک ڕۆژی تر کە بەخێرایی لەلایەن حکومەتەوە ڕائەگەیەندرێ.. لەم پەیوەندەدا دەپرسین بە گشتی ڕای ئێوە لەسەر ئەم پشوانە چییە ئایا کرێکاران تا چەند سوودی لێ وەردەگرن؟**

**وەستا مەهدی:**

سەرەتا با لە پێناسەی پشووەوە دەست پێبکەین و بزانین مەبەست لێی چییە و بەتایبەتیش بزانین مەبەست لەپشوو لە ڕوانگەی خاوەنکار و کرێکارەوە چییە و چی ئەگەیەنێت؟ لەڕوانگەی خاوەنکارەوە پشوو بەو مانایە باشە و زەرورە، تا کرێکار هێزی خۆی نوێ بکاتەوە و پرۆسەی کار و بەرهەمهێنان ڕیتم وخێرایی خۆی بپارێزێ و دانەبەزێت. ئەمەش بۆ ئەوەی پرۆسەی بەرهەمهێنان لەنگەربگرێ و لەباڵانسێکی جێگیردا کار تێیدا ڕاپەڕێت. بەم جۆرە چینی بۆرژوازی وخاوەنکار ڕوانگەی خۆی لەسەر پشوو بە پرۆسەی کار و بەرهەمهێنانەوە گرێدەداتەوە، نەک بەئینسانیەتی کرێکارەوە. ئەمەش بۆئەوەی باشترین هەلومەرج بسازێنێ لەبەردەم خستنەکارەوەی هێزی کار و لێرەشەوە فەزایەکی گونجاو بۆ کۆکردنەوەی قازانج فەراهەم بکات. ئەمە مانای ئەوەڵ وئاخری پشووە لەلای خاوەنکار. بەڵام لە ڕوانگەی کرێکارانەوە پشوو واتایەکی تەواو پێچەوانەی هەیە. ئەویش ئەوەیە کە کاری ڕۆژانە بۆ کرێکار فرۆشتنی هێزی کارەکەیەتی، بەم مانایەش ماوەی کار ماوەیەکە دەخرێتە ئیختیاری خاوەنکارەوە و کرێکارەکە بۆ خۆی ناژی، بگرە ژیانی کرێکار لەوکاتەوە دەستپێدەکات کە ماوەی کارەکەی تەواوکردوسە سائیتر 8 ساعات وەیان 10 و زیاتربێت. لێرەوە پشوو بۆکرێکار مانای دەستپێکردنی ژیان و دەست ڕاگەیشتنە بە ئەرکە شەخسی و کۆمەلایەتیەکانی. یانی ماوەی پشوو دەچێتە چوارچێوەی ماوەیەکەوە کە ئیختیار بەکرێکار خۆیەتی، بەم جۆرە کارگەر ماوەی پشوو لە دەرەوەی پرۆسەی کار و بەرهەمهێنان سەیردەکا و دەیبەستێتەوە بە ژیانەوە کە ئیختیار لەدەست خۆی دایە. لەمەش زیاتر ئەگەر

## کرێکاران وپشووە ڕەسمیەکان

کرێکار وەک پیشەوەر و وەک ئالەتێک کە کاردەکات سەرنج نەدەین، بەڵکو وەک هاولاتیەک سەیربکەین ئەوا دوای تەواوبوونی ماوەی کار، وەیا لەڕۆژانی پشوودا، لەقامەتێکی تردا شوێندەگرێ و خۆی دەنوێنێ کە هەڵگری کۆمەڵە بەهایەکی کۆمەڵایەتیە کە لە هەر هاولاتیەکدا بەرجەستەیە. هەر بۆیە پشوو بە نسبەت کرێکارەوە هەرتەنها تازەکردنەوەی هێزی کارەکەی نییە، بەڵکو بەرهەمهێنانەوەی گشت پەیوەندیە کۆمەلایەتی و خێزانیەکانە، بەرهەمهێنانەوەی موجودیەتی چالاکیە کۆمەڵایەتیەکانی فەردی کارگەرە. بەواتایەکی تر پشوو بۆ کارگەر هەر لە پێداویستی حەوانەوەی فەردیەوە سەرچاوە ناگرێ، بەتایبەتی ئەگەر کارگەر وەک هاولاتی سەیربکەین ئەوا پشوو پێویستە بۆ مومارەسەی چالاکی و خەرجکردنی ڕەفاهیاتی کۆمەڵایەتی، بۆ تێکەڵاو بوون و ئەنجامدانی وەزیفە سیاسی و سەرگەرمی و شەخسیەکان، کە سەراپا وەزیفەی کۆمەڵایەتی هەر ساتە و هەر ڕۆژەی هەرهاولاتیەکە. بەڵام با بچینە سەر ئەسڵی پرسیارەکەتان کە ئایا کرێکاران لە کوردستان تا چەند لەم پشووانە سوودمەند ئەبن. وە هاروەها بۆرژوازی و خاوەنکارەکانیش چۆن قازانجی لێئەکەن.

هەموو دەزانین کەبەرجەستەترین نمونەی پشووەکان، پشووە ئاینیەکانن، لەوانە پشووی جەژنەکانی ڕەمەزان و قوربان، پشووی مەولودی نەبەوی، پشووی کریسمس وسەری ساڵ.. ئەمانە کە سەرچاوەکەیان دەچێتەوە سەر ئاین وسوننەتە دینیەکان، دەسەڵات هەم لە یاسادا ڕەسمیەتی پێداوە و هەم وەک بەشێک لە فەرهەنگی چینی دەسەڵاتدار لە پەیوەندیە کۆمەڵایەتی و خێزانیەکاندا جێگیری کردووە و کردویەتیە عادەت و هەڵسوکەوتێکی پیرۆزکراو. بێگومان ئەم فەرهەنگ و سوننەت و عادەتەش ڕاستەوخۆ گرێدەخوا بە باری ئابوریەوە، بەتایبەتیش لەسەروبەندی جەژنەکاندا کە شەپۆلێک لە خستنەڕووی کاڵا و مەسرەفکردنیان لەلایەن هاوڵاتیانەوە دێتەکایەوە. واتە ئەم پشووانە بازاڕی کاڵای مەسرەفی دەجوڵێنن و بازاڕەکان لێزمەیان دێت بۆ لەخۆگرتنی ئەنواعی شومەک و کاڵا، کە بەشێکی زۆریان لە عەمبارەکاندا کەڵەکە بوون و لەڕووی کواڵێتیشەوە لەئاستی نزمدان. لە دۆخێکی ئاوادا کرێکاران بەپێی فەرهەنگی باو ناچارن بۆ بەڕێکردنی پشووی جەژنەکان پارەی زیاتر خەرج بکەن تا وەڵام بە بابەتێکی کۆمەڵایەتی بدەنەوە و بەم جۆرەش ئەوەی داهاتیان بووە و لە ئەنجامی کاری ڕۆژانی پێشووەوە وەریان گرتووە ناچار دەبن سەرفی بکەن و بەمەش پرۆسەی بەرهەمهێنانی کاڵاکان لە دواهەڵقەی خۆیدا بە سەرەنجام بگەیەنن، کە ئەڵقەی مەسرەفکردنی کاڵاکانە. لە پرۆسەیەکی ئاوادایە کە سەرمایەداران و بازرگانان سودی خۆیان لەم جۆرە پشوانە وەردەگرن. بەزمانێکی سادە: ئەگەر سەیری سەروبەندی هەموو یەکێک لە بۆنە ئاینیەکان بکەین بۆ نمونە جەژنی ڕەمەزان و قوربان،

## گفتوگۆ لەگەڵ مەهدی ڕەسوڵ

بە ١٥ ڕۆژ لەپێشترەوە، بازاڕی کالاّ و شومەکی سەرمایەداران و بازرگانان ئەجولّێ و هەفتە بازاڕیان گەرم دەبێ و دەکەوێتەگەڕ. لەوەها دۆخێکیشدا خەڵک و کرێکار ئەوەی لە چەند مانگی ڕابووردوودا دەسکەوتیان بووە دەبێ بڕوا بەناچاری وەلاّم بەو سوننەت و عاداتە بداتەوە کە لە کۆمەڵگادا جێیان خستوە وهەرچی لەدەستیدایە سەرفی بازاڕی بکاتەوە و بەمجۆرەش بازاڕچیان و بازرگانانی کالاّ وشومەک ئەو داهاتەی لەدەست کرێکاردایە، لە گیرفانی دەردێنن و ئەو کالاّ و شومەکە ئێکسپایەر و بێکواڵیتیەی هەیانە لە کەمترین ماوەدا لەسەر شانی کرێکاران و هاولاّتیانی کەمدەرامەت ساغی دەکەنەوە. ئەمە هەرچۆنێک لێکی بدەینەوە دەگات بەوەی کە پشوەکان دەرفەتی قازانجهێنەری بۆ سەرمایەدارن دەخولّقێنێ.

لە لایەکی تریشەوە دەسەلاّت وەک ئەوەی بەدەست چینی سەرمایەداران و خاوەن کۆمپانیا و بازرگانانەوەیە پێویستی بە ڕەسمیەت پێدان و شەرعیەتی پێدانی ئەم بۆنە ئایینیانە هەیە و لە دەستور و یاساکانیشدا جێگیری کردوون چونکە لە ڕووی فکری و هۆشەوە ئەو بەهایەی هەیە، تا ڕاستیەکانی ژیانی ئابوری و کۆمەلاّیەتی کۆمەڵگای پێ ئاوەژووبکاتەوە و خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێشی پێ گێژبکات. هاوکات بۆنە ئاینیەکان فەزای دەمەزەردکردنەوەی باوەڕە ئاینیەکان گەرمدەکا و جارێکی تر بەسەر بیر و هۆشی گشتی کۆمەڵگادا دایدەسەپێنێتەوە. ئاین لەڕووی فکری و ئایدیۆلۆژیەوە، کۆڵەکەیەکی پتەوی سیستەمی سەرمایەداریە و بۆ مانەوەی ئەم سیستەمە و دەسەلاّتی چینەداراکان پێداویستیەکی حەیاتیە کە دەبێ هەمیشە بەرهەمبهێنرێتەوە و دەمەزەرد بکرێتەوە. دیفاعی هەموو ئاینەکان لەسەرمایەداری و خاوەندارێتی تایبەتی و مەشروعیەتدان بە جیاوازیە چینایەتیەکان وەک ئەوەی نیعمەتی خوداکانە، کۆمەک دەکات بە مانەوەی دەسەلاّت و سیستەمێک کە بە قازانجی سەرمایەداران و چینی بۆرژوازیە. لێرەوەیە کە چینی بۆرژوازی سود لەم جۆرە پشووانە وەردەگرێ.

لەبەرامبەر بۆنە ئاینەیەکاندا با باس لە یەکی ئایار بکەین: سەرەتا من پێم وا نییە تا ئێستا نە لەیاسای کاری عێراقیدا وە نە لە بڕیارەکانی حکومەتی هەرێمدا دەقێکی ڕۆشن وسەریح هەبێت کە یەکی ئایار بە بۆنە و پشویەکی ڕەسمی بناسێنێت و دانی پێدابنێت. ئەمە لەگەڵ ئەوەدا کە سەرکوت کردنێکی ئاشکرای چینی کرێکار و دابڕاندنی کرێکارانی کوردستانە لە چینی کرێکاری جیهانی، لەهەمان کاتدا دان نەنانە بەوەی کە کرێکاران چینێکی تایبەت و بەرهەمهێنن و مافیان هەیە کە بۆنەی تایبەت بە خۆیان هەبێ و لێرەوە بڕواننە هاوچارەنوسەکانیان لە دونیادا.

بەلاّم بەگوێرەی پشووەکانی ترەوە کرێکارانی کوردستان بەهۆی زاڵبوونی سیستەمێکی

کاری و قانونەیەوە، کە خۆیان دەخاڵەتیان تێدانەبووە، سودێکی یەکجار پچرپچڕ و بەرتەسکی لێوەردەگرن، ئەویش وەک ماوەیەکی کورت بۆ حەوانەوە. بۆ نموونە ئەگەر پرۆژە پیشەسازیەکان وەربگرین، کە ژمارەیەک لە کرێکار کاری تێدا دەکەن، ئەوا یەک لەسەر چواری کرێکاران سودی تەواو لەم پشوانە وەردەگرن ئەوانیش بەشە ئیدارییەکەیەتی، کە پەیوەندیان ڕاستەوخۆ بە بەشی ئینتاجەوە نییە. بەڵام سێ بەشەکەی تر ئەگەر سەرنجیان لێبدەین تەنها ماوەیەکی کەم پشوو وەردەگرن بۆ نمونە لەچوار رۆژی مۆڵەتی جەژنی قوربان، تەنها یەک ڕۆژ پشوویان پێدەدرێ. ئەمەش بە پاساوی ئەوەی کە ئینتاج نابێ بوەستێت.

بە شێوەیەکی تر ئەگەر لەڕووی سەعاتی کارەوە سەرنج بدەین، پشووی ڕۆژانی جەژنی قوربان دەکاتە 32 سەعەت ماوەی پشوو، ئەگەر کرێکارەکە ڕۆژانە 8 سەعات بەپێی یاسا و گرێبەست کاری کردبێت. بەڵام دەبینین هەمو کرێکارانی پرۆژە پیشەسازی و کارگا وئەو خزمەتگوزاریانەی کە کار تێیداندا 24 سەعاتەیە، بە تەواوی لەم 32 سەعاتە سودمەند نابن، چونکە سیستەمی مناوەبەی کار تێیاندا پەیڕەو دەکرێ و لەبەرئەوەی کار تێیاندا ڕانەوەستێت ماوەی پشووەکە بەسەر وەجباتی کاردا دابەش دەکرێت و کرێکاران ناچاردەکرێن، بەش لەدوای بەش لەکاتی پشوە ڕەسمیەکاندا بچنەوە سەرکار. خودی ئەم واقعیەتە چینی دەسەڵاتدار لە یاسای کاردا جێگیری کردووە. بۆ نموونە لە شوێنێکی یاسای کاری عێراقیدا ئەڵی (کە لە کوردستانیشدا هەرئەوە پەیڕەوی لێکراوە)، فلآنە کار لەبەر ئەوەی فرنی هەیە و بەکاربردنی مەوادی خاو تێیدا بەردەوامە، نابێت کار تێیدا رابوەستێت، چونکە بە وەستانی کار مەوادەکان خەسار ئەبیت. وەیا لە بەشێک لە بوارەکانی خزمەتگوزاریدا، لەوانە لەبواری دانی کارەبا، تەندروستی و خەستەخانەکان.. ئەمانە بە ئیجباری کار تێیاندا 24 سەعاتەیە و نابێ ڕابوەستێت، لەم بوارانەشدا دیسانەوە دەسەڵاتداران سیستەمێکیان زاڵکردووە کە کرێکاران ناتوانن وەک هاوڵاتی سودی کامڵ لە پشوەکان وەربگرن و ناچارن بە کارکردن.

بەشێکی تر لەکرێکاران کەناتوانن سودی تەواو لە پشووە ڕەسمیەکان وەربگرن، پەیوەندی بە جۆری عەقدی کارەکەیەوە هەیە. با ئەمە بەنمونە ڕۆشنبکەمەوە: کرێکارێک کە مانگانە کار ئەکات، بە مانگانەش هەقدەستی خۆی وەرگرێ. بەڵام سەعاتکار لە هەر مانگێکدا نە 30 ڕۆژە و نە ژمارەی سەعاتەکانی وەک یەکە، چونکە مانگ هەیە 28 ڕۆژە و هەشە پشووی زۆری تیدەکەوێت و هەشە کەمتر، بەم جۆرەش ژمارەی سەعات کار لەمانگەکاندا کەم وزیاد دەکات. کاتێک سەرمایەدار گرێبەست لەگەڵ کرێکار دەکات لەپێشەوە حسابی ئەوەی کردووە لە هەر مانگەدا چەند سەعات کرێکارەکە کاری بۆ دەکات. بۆ نموونە چەند بۆنە

دەکەوێتە هەر مانگەوە وەیا حسابی ئەوە دەکات بە گشتی لە ساڵێکدا  چەند ڕۆژ پشوو هەیە ئەو بەگرێبەست کرێکارەکە دەبەستێتەوە، بەوەی لەمانگێکدا یەک ڕۆژ وەیا لەساڵیکدا 7 ڕۆژ پشووی هەیە و لەوە واوەتر نابێ پشوو وەربگرێ، تەنەنەت لەکاتی پشووی ڕەسمیشدا. لەدۆخیکی ئاوای سیستەمی کار و زاڵبوونی یاساگەلێکدایە کە کرێکاران بەگشتی سود لە پشووە ڕەسمیەکان بە کاملی وەرناگرن وەک ئەوەی بەشەکانی تری کۆمەڵگا سودی لێدەبینن.

**ڕادیۆی پێشەنگ: هاوڕی وەستا مەهدی، لایەنێکی تری پشووەکان، دانی کرێیەکی زیاترە بەو کرێکارانەی کە ناچاردەبن کار بکەن لە ڕۆژانی پشوە ڕەسمیەکاندا. ئایا خاوەنکارەکان کرێی زیاتر، بۆنمونە دوو بەرابەر دەدەن بە کرێکاران لە ڕۆژانی پشووە ڕەسمیەکاندا؟**

**وەستا مەهدی:**

هەق دەستی زیادەی کرێکار بۆ ڕۆژانی پشووە ڕەسمیەکان لە هەندێ شوێن دەدرێ و لە بەشێکی زۆر نادرێ، چونکە وەک وتم لە زۆرێک لە پرۆژە و کارگەکان کە بە گرێبەست کرێکارانی خستۆتە سەرکار، ڕۆژانی پشوو بە ڕۆژێکی تایبەت سەیرناکرێ و لە هەر شوێنە خاوەنکار دیاری دەکات کە ئایا کرێی زیادە ئەدا بەو کرێکارانەی لەم ڕۆژانەدا کاردەکەن یان نا.. بە کورتی دەمەوێت بڵێم یاسایەک نییە کە بە شێوەیەکی گشتی و سەراسەری دانی کرێی دەبڵ بە کرێکاران بۆ ڕۆژکاریان لە بۆنە و پشووەکاندا بسەلمێنی و خاوەنکارەکانیان پێیبەستێتەوە. هەربۆیە ئەم بابەتەش  پەیڕەوی لێناکرێ و لەناڕۆشنیدا دەهێڵرێتەوە.

**ڕادیۆی پێشەنگ: باشە وەستا مەهدی، با لەگۆشەیکەی ترەوە سەرنج لەبابەتەکە بدەین، ئەویش ئەوەیە کە ئایا پشووە ڕەسمیەکان بە گشتی هەموو بەشەکانی کرێکارانی کەرتی حکومی و تایبەتی دەگرێتەوە و شمولیان دەکات؟ ئایا هەردوو کرێکارانی ئەم دوو بەشە وەک یەک سودمەند دەبن لە ماوەی پشوە ڕەسمیەکان؟**

**وەستا مەهدی:**

ئەگەر سەرنج  بدەین لە دۆخی ئێستادا سەرمایەداری لە کوردستان جۆرێکی تر کاردەکا و دەسەڵاتدارانیش نەزم و یاسایەکی جیاواز پەیڕەو دەکەن کە لەگەڵ دەیەکانی ڕابردوودا جیاوازی زۆری هەیە، بۆ نمونە دۆخی ئابوری و بڕیارەکان لە سەردەمی بەعسدا جیاوازە لەگەڵ سەردەمی ئێستادا. دەمەوێ بڵێم دەسەڵاتداران ئەمڕۆ سیستەمێک لە بەرامبەر کرێکارانی کوردستاندا بەڕێوەدەبەن کە فەرقێکی زۆری نەهێشتۆتەوە لە نێوان کرێکارانی

## کرێکاران وپشووە ڕەسمیەکان

کەرتی حکومی و تایبەتیدا. تەنانەت کرێکارانی کەرتی گشتیش بەهەمان شێوەی کرێکارانی کەرتی تایبەت لەژێر فشاری سیاسەتی لێگرتنەوەی ئابووری و سەندنەوە و نەدانی هەرجۆرە ئیمتیازاتێکدان کە لە سالانی پێشووتردا هەیانبووە، مەسەلەی پەیڕوی نەکردن لە یەک سیستەم و بڕیاری چونیەک و کامڵ لە بواری پشووەکاندا، بەسەر هەموو بەشەکانی کرێکاراندا یەکێک لە نمونەکانە. لە ئێستادا دەسەڵاتدارانی کوردستان بە تەواوەتی نابەرپرسیارانە مامەڵە دەکەن و شانی خۆیان  خاڵی کردۆتەوە لە دانی کەمترین ماف و ئیمتیازات بە کرێکاران.
بەڵام بەم حاڵەوە دۆخی کرێکارانی کەرتی تایبەت زۆرخراپترە و ژیان و مافی کرێکاران حەواڵەی مونافەسەی بازاڕ کراوە و هەموو شتێک لە قازانجی خاوەن کار و کۆمپانیا تایبەتەکاندایە. ئەمە لەکاتێکدایە کە لە ڕابردوودا کرێکاران زۆرتر بەهرەمەند دەبوون لە پشووەکان. ئێستا سەرمایەداری فۆرمەکەی گۆڕاوە و سەرمایەدارانی کەرتی تایبەت نەک هەر هەموو ئەو دەستکەوتانەی کە چینی کرێکار لە ڕابووردوودا بەدەستی هێناوە خستویەتیە ژێر پرسیارەوە، بەڵکو دەسەڵاتداران دەستی خاوەن کار و کۆمپانیاکانی ئاوەڵاکردووە کە بە هەرزانترین ئاست، واتە کرێی کەم و سەعاتکاری زۆر، بەبێ دانی هیچ زەمانەتێک کرێکاران بخەنە بەر کارەوە و لە غەدر و چاوچنکۆکیان کەس لێپرسینەوەیان لێنەکات..

**رادیۆی پێشەنگ: جارێکی تر با تەئکید لەسەر هەمان خاڵ بکەینەوە: بۆ نموونە لەم ڕۆژنەدا کە جەژن بەڕێوەیە و ئەمەش بۆنەیەکی ڕەسمییە و بڕیارە هەموو کرێکارانیش وەک هاوڵاتی یەکسان ئەم بڕیارە بیان گرێتەوە و بکەونە دەورانی حەوانەوە و ئەنجامدانی وەزایفی کۆمەڵایەتی و خێزانی و شەخسی خۆیانەوە. بەڵام سەیردەکەین لە ناوەڕاستی خودی جەژن و پشووەکاندا کرێکارانی چێشتخانەکان، کرێکارانی  پاکژکردنەوەی گەڕەکەکان، ئوتێلەکان و ئەوانەی حەرەساتی کارگە و شوێنەکان دەگرن، کرێکارانی نەخۆشخانەکان.. ئەمانە ماوەی تەواوی پشووەکان شمولیان ناکات، ئەمە جگە لەوەی پاداشتێکیان پێنادرێ لەبری ئەوەدا کە کاردەکەن. بۆ نموونە لەو ڕۆژی پشووە دا کە بەپێی یاسا هەقی خۆیانە کارنەکەن، کەچی کاریان پێدەکرێ و کرێیەکی زیاتریان لە ڕۆژانی ئاسایی بۆ سەرف ناکرێ. لەم قسە و نمونانە مەبەستمان ئەوەیە کە بپرسین  تا چەند بۆنە ڕەسمیەکان ئەو پشووانەی کە حکومەت  بڕیاری لەسەرداوە شمولی تەواوی کرێکارانی کەرتی تایبەتی دەکات؟**
**وەستا مەهدی:**

## گفتوگۆ لەگەڵ مەهدی ڕەسوڵ

لە قسەکانی پێشوودا ئاماژەم بەوە کرد کە خەریکە فەرقێک لە نێوان کرێکارانی کەرتی تایبەتی و حکومیدا، لە وەرگرتن و پێدانی پاداشت و مافەکانیاندا نامێنێت، هەردووکیان بەهۆی سیستەمێکی ئابوری و بڕیارەکانی حکومەتەوە کە لە ڕاستای بەبازاڕکردنی ئابووری کوردستاندا دەستی بۆبردووە، لە دۆخێکی کارو ژیانی سەخت و دژواردان. بەڵام ئاوەڵابوونی یەکجاری دەستی سەرمایەداران و خاوەن کۆمپانیاکانی کەرتی تایبەت کرێکارانی ژێر دەستی خۆیانی ڕاکێشاوەتە نێو دۆخێکی بێ سنوری چەوسانەوەوە. بۆ نمونە کرێکارانی بیناسازی، بەوهۆیەوە کە لەگەڵ خاوەنکارێکی ڕاستەوخۆ و دیاریکراو و بەردەوامدا سەروکاری نییە وهەمیشە بێکاری و نەبوونی کار سێبەرێکی ڕەشە بەسەر سەریەوە، ناچارە هەموو ڕۆژانی جەژن و پشووەکان کاربکات، بگرە ئەم ڕۆژانە بە فرسەتی کار پەیداکردن بزانێ. دیاردەیەکی تریش ئەوەیە کە لە ساڵانی پێشوودا وا بڕیاربوو کە لە ڕەمەزاناندا کار لە کافتریا و یانە و چێشتخانە و ڕیستورانتەکان ڕابگیرێ، کە بە هۆیەوە کرێکارانی ئەم بەشە بێکار دەبوون و تا دوای پشوەکان کاریان نەدەبوو، ئەمەش بەبێ ئەوەی خۆیان ڕەزامەندیان لەسەر بووبێت. ئێستا ئەم دۆخە گۆڕاوە وحکومەت بڕیاری کردنەوەی بەشێکی زۆری ئەم شوێنانەی داوە، بەو مەرجەی لە جەژنانیشدا کراوەبن، ئەگەر وانەکەن سزادەدرێن، بێگومان لە دۆخێکی ئاوادا ئەم بەشە لە کرێکاران کە سەر بە کەرتی تایبەتن نەک هەرسودمەند نابن لە پشووەکان بگرە لەسەرو بڕیاری خۆیانەوە دەخرێنە سەرکار ....

**ڕادیۆی پێشەنگ: بەڵام لێرەدا ئەو پرسیارە خۆی دەخاتەڕوو، ئایا ئەوە مافێکی ڕەوای کرێکاران نییە کە لە بەرامبەر ئەو ڕۆژانەی پشووی ڕەسمیە و ناچارن کاری تیابکەن، داوای کرێی دوو بەرابەر بکەن؟ بۆ نمونە کرێکارانی خەستەخانەکان، چێشتخانە و نانەواخانەکان، کارەبا و ئوتێلەکان..**

**وەستا مەهدی:**

بێگومان کرێکار مافی خۆیەتی کە لە کاتێکدا پشووی پێ نەدرێ و ناچار بەکارکردن بکرێ دوو کرێ وەربگرێ. بە تایبەتیش کرێکار مافی خۆیەتی کە دوو بەرابەر لە کرێی ڕۆژانی ئاسایی کارەکەی کرێ وەربگرێ. بەڵام لە مەسەلەی پشووەکاندا دەبێ ئەوە لەبەرچاوبگرین، کە ڕۆژانی پشووی ڕەسمی ڕۆژانێکی بۆنە و تایبەتە کە کۆمەڵگا لەفەزایەکی تایبەتدا ڕادەگرێ، لەوانە حەوانەوە و گەشت و ئاهەنگگێران، سەرگەرمی و بەسەرکردنەوە و توندوتۆڵ کردنەوەی پەیوەندیەکان.. ئەمانە هەمویان پێویستن بۆ هاوڵاتیان و نوێ بوونەوەی وجودیان، بێگومان کرێکاریش ئینسانە وهاوڵاتی کۆمەڵگایە

بۆیە بۆ ئەویش پێویستە لەو ڕۆژەدا کارنەکا و مومارەسەی کۆمەڵایەتی خۆی بکا و کاراکتەری شەخسی و کۆمەڵایەتی خۆی بسەلمێنێ و پیادەی بکات. کارکردنی کرێکار لە ڕۆژانی پشوودا دابڕانیەتی لە فەزای گشتی کۆمەڵایەتی ئەمەش بە زیان بۆ مەوجودیەتی کۆمەڵایەتی ئەو تەواو دەبێ بۆیە کرێکار پێویستی بە مۆڵەتە، پێویستی بە پشووە و دەبێ لە دۆخ و فەزای گونجاوی کۆمەڵایەتی بەهەرەمەند بێت. بەڵام دیارە خاوەنکار و سەرمایەدار لەپێناو کۆکردنەوەی قازانجدا ئەگەر بۆی بکرێ ٢٤ سەعات کار بە کرێکار بکا و هیچ ئیمتیاز و کرێیەکیشی پێنەدا. وە لەهەمانکاتیشدا ئەوە دەزانێ بۆ ئەوەی بەرهەمهێنان ڕانەوەستێ و بە یەک ڕیتم و ستاندارد بچێتە پێشەوە، بەتایبەتیش بۆ ئەوەی توانای بەرهەمداری هێزی کاری کرێکاران لە ئاستێکی بەرزدا رابگرێ ناچارە مل بەڕۆژانی پشووبدات، تا کرێکاران بتوانن توانای بەرهەمداری خۆیان تازەبکەنەوە. من لەگەڵ هەندێ لە کرێکارانی پڕۆژەیەک قسەم دەکرد ئەوان دەیان وت "بەڵێ ئیزافەکاریمان پێ ئەکەن بەڵام بۆ هەر سەعاتێکی ئیزافی کرێی دوو سەعاتکاری ئاساییمان پێدەدرێ"، ئەم قسانە جگە لەوەی کە لە هەموو پڕۆژەکانی کەرتی تایبەتیدا پەیڕەوی لێناکرێ و کاری ئیزافی بێ بەرابەر بە کرێکاران دەکرێ، لەهەمان کاتدا، مانای ئەوەیە ئیزافەکاری بوونی هەیە و حاڵەتێکی بەردەوامە هەربۆیە درێژەبێتەوە بۆ ناو ڕۆژانی پشووی ڕەسمیەکانیش. لەلایەکی تریشەوە ئەوە خاوەنکارەکانن کە بەپێی قازانج و بەرژەوەندی خۆیان دیاری دەکەن کە چ ڕۆژێک بکا بە پشوو وە چ ڕۆژێک کرێکار بخاتە سەر کار ئیتر گرنگ نییە کە کرێکارەکە لە کۆمەڵگا دادەبڕێ یان نا، بەڵکو گرنگ بۆ ئەو ئەوەیە ڕەوتی بەرهەمهێنان و ستانداردی کاری پڕۆژە و کارخانەکەی، لەپێناو کۆکردنەوەی قازانجدا چی دەخوازێ، کرێکار بخاتە پشووەوە یان کرێی زیاتری پێبدات وەیا ئیزافەکاری بەسەردا داسەپێنێ؟... مادام هاوکێشەی نێوان کرێکاران و خاوەنکار هێشتا لەقازانجی خاوەنکارەکانە، مادام دەسەڵات نابەرپرسە بەرامبەر بە مافی کرێکاران و ژیان و مافی ئەوانی تەسلیم بە بازاڕی سەرمایەداران کردووە، ئیتر مەسەلەی سود وەرگرتنی کرێکاران لە پشووە ڕەسمیەکان بابەتێکە لە دەرەوەی ویستی کرێکاراندایە و خاوەنکار بڕیاردەرە..

**ڕادیۆی پێشەنگ: هاوڕێ وەستا مەهدی بابچینە سەر خاڵێکی تر.. ئەویش ئەوەیە، پشووەکان لە یاسای کاردا چۆن باسکراوە؟ هەروەها کرێکاران ئەبێ لە پەیوەند بەپشووەکانەوە چ خواستێکیان هەبێ و بۆی تێبکۆشن؟**

**وەستا مەهدی:**

سەرەتا با ئەوە بڵێم کە لە کوردستان هیچ یاسایەکی کار لە گۆڕدا نییە، لە کوردستان

## گفتوگۆ لەگەڵ مەهدی ڕەسوڵ

دوای نزیک بە سێ دەیە کرێکاران هێشتا یاسایەکی کاریان نییە و ئەوەی کاری پێدەکرێ یاسا و بڕیارە جێماوەکانی حکومەتی بەعسە. ئەوەشی بە دوای تەعدیلاتی یاسای کاری عێراقیەوە دەگەڕێتەوە، بەدڵنیایەوە دەڵێم کە یاسای کاری عێراقیش کە لە کوردستان پەیڕەوی لیدەکرێ، هیچی وای تێدا نییە سەبارەت بە پشووەکان کە کرێکاران سودمەند بکات، بەڵام ئاماژەگەلێک هەیە لەوانە دەڵێ ئەگەر کرێکارێک لە کاتی پشووی ڕەسمیدا کاری پێبکرێ دەبێ وەک ئیزافە کاری حسابی بۆ بکرێ، واتە کرێی زیاتری پێبدرێ. هەروەها یاسای کار باس لە ماوەی پشووی نێوان شەفتەکانی کاردا دەکات و بە گشتی نیو سەعاتی داناوە بۆ ئیسراحەت، بەڵام بەداخەوە هیچ کام لەم یاسایانە جێ بەجێ ناکرێ. بەواتایەکی تر یاسای کار هەرچیەکی تێدا بێت، وەیا هیچی تیا نەبێت، جیاوازیەکی ئەوتۆ دروست ناکات، چونکە لە کوردستان دەسەڵات هەموو سەلاحیەتێکی بۆ خاوەنکارەکان بەجێ هێشتووە و دەستی ئاواڵاکردوون بەپێی ویست و بەرژەوەندی خۆیان مامەڵە لەگەڵ کرێکاران و خواستەکانیاندا بکەن، بەبێ ئەوەی کەسیش لێپرسینەوەیان لەگەڵدا بکات. بۆ نموونە لە یەکی ئایاری ڕابووردوودا پارێزگاری سلیمانی بەرەسمی ڕایگەیاند یەکی ئایار پشووی ڕەسمییە بۆ کرێکاران و نابێ هیچ کەس کار بە کرێکاران بکات (دیارە ئەوە لە ئەنجامی فشار و ناڕەزایەتی کرێکاراندا هاتە پێشەوە)، بەڵام دواتر بینیمان هیچ کەس گوێی لێ نەگرت و خودی پارێزگاریش شوین بڕیارەکەی خۆی نەکەوت!

**ڕادیۆی پێشەنگ: باسمان لە پشووە رەسمیەکان کرد، ئێستا دەچینە سەر لایەنێکی تر کە هەر پەیوەندی بە پشووەکانەوە هەیە و کەمتر ئاوڕی لێدەدرێتەوە، ئەویش کێشە و گرفتی ژنانی منداڵبەرە. واتە ئەو ژنانەی کە کرێکارن وە یان کارمەندن و منداڵی شیرە خۆرەیان هەیە و پێویستیان بە دانی شیر و خۆراک بە منداڵەکانیان هەیە چ لە کاتی دەوامی کارەکەیاندا و چ زوو گەڕانەوەیان بۆ ماڵەوە تا فریای منداڵەکانیان بکەون. بێگومان ئەم ژنە کرێکارانە پێویستیان بە کات و پشووی زیاتر هەیە لەچاو پیاوان و ژنانێکی تردا کە منالەبەر نین... ئێوە لەسەر دۆخی ئەم ژنانە چی دەڵێن؟**

**وەستا مەهدی:**

بە دڵنیاییەوە مەسەلەی ژنانی منداڵەبەر دەبێ مافی تایبەتی خۆیان هەبێت، ئەمەش لە هەموو دنیادا وایە. بۆ نمونە ژنانی کرێکاری منداڵەبەر ئەبێ نەک هەر کاتی شیردان بە منداڵەکەیان هەبێ لەکاتی کارەکەیاندا، بەڵکو دەبێ دایەنگا بۆ منداڵەکەشی ئامادەبکرێ و نابێ منداڵەکەی بەو هۆیەوە کە دایکەکەی لەسەر کارە بە جیاواز لە منالانی تر مامەڵە بکرێ. تەنانەت دەبێ سەرپەرشتیار بۆ ئەو منالانە دیاری بکرێ کە دایکەکەیان لەسەرکارە، یان دایەنگایەکی

تایبەتیان بۆ دامەزرێ تا تەعویزی ئەوە بکرێتەوە کە ئەو منالە پەروەردە بکرێ تا دایکەکە لە کارەکەی بەردەوام بێ.. بەڵام ئایا بەڕاستی ئەمە لە کوردستاندا لەژێر سایەی دەسەڵاتی دوو حزبی میلیشیایی، کە هەریەکەیان ناوچەیەکی بۆ خۆی قۆرخ کردووە مومکینە؟ بەدڵنیایەوە نەخێر.. بەڵام ئەوەی هەیە ئەوەیە: ئەگەر ژنێکی کرێکار منالی ببێ یان منالەبەر بێت ئەتوانێ مۆڵەتی ساڵێکی پێ بدرێت بە مووچەی ئیسمییەوە، کەلە400 هەزار بۆ 500هەزار تێناپەڕێت، تا بتوانێ منالەکەی بگەیەنێتە تەمەنی یەکساڵانە، کە دیارە دوای ئەمەش منالەکە هەر پێویستی بە دایکی ئەبێت. بەم جۆرە دەبینین منالی یەک ساڵ کە هێشتاش پێویستی بە دایکیەتی هەتا ئەگاتە قۆناغی چوار بۆ پێنج ساڵەیی دایکەکەی دەخاتە ژێر گوشاری پێویستیەوە و دایکەکەش لە نێوان چونە سەر کارەکەی و پەروەردەی منالەکەیدا گیر دەخوات. وە ئەگەر دایکەکە لەم ماوەیەدا داوای مۆڵەت بکات ئەوا بەبێ موچە مۆڵەتی پێدەدەن .. بێگومان ئەم یاسایە زیاتر لە بەشی حکومیدا بەڕێوە دەبرێ و پێم وانییە لە شوێنانی تر بە تایبەت لە کەرتی تایبەتدا بەڕێوەببرێ. بۆ نمونە لە پرۆژە پیشەسازیەکانی وەک گارگەی چیمەنتۆ، ئەم یاسایە جێبەجێ ناکرێ، چونکە کەمترین ژنی تێدایە و بە تەبیعەتی حاڵیش ئەم جۆرە پرۆژانە شوێن کاری ژن نییە و زیاتر پیاوان کاری تێدا دەکەن.

**ڕادیۆی پێشەنگ : هاوڕێ وەستا مەهدی کەوایە ئەبێ کرێکاران چی بکەن و چۆن سوود لە پشووە ڕەسمیەکان وەربگرن؟ هەروەها ئەبێ چی داخوازیەک لەم پەیوەندەدا بهێننە کایەوە و هەوڵ بدەن لە یاسای کار و گرێبەستەکانی کاردا جێگیر ببێت؟**

**وەستا مەهدی:**

سەرەتا ئەوە بڵێم مەسەلەی جێگیرکردنی پشووەکان لە گرێبەست و یاسای کاردا، (دیارە ئەگەر یاسای کار لە کوردستان هەبێ و بڕیاری نوسینەوەی لێبدرێ، کە ئەمەش دەبێ بەخەباتی کرێکاران بەدەستبێت)، بابەتێکی گرنگ و هەستیارە و ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە باری تەندروستی و تەمەن و مانەوەی فیزیکی کرێکار و مەوجودیەتی کۆمەڵایەتی ئەوەوە هەیە. پشووی کافی بۆ کرێکاران لەڕوی دەروونی و بەدەنیەوە کۆمەک دەکات کە ئەو کرێکارە لە فشار و ئازارەکانی کار دوورکەوێتەوە و ماندووبوونی ماوەی کار تێپەڕێنێ. وە لەڕووی کۆمەڵایەتیشەوە کرێکار بتوانێ وەک هاوڵاتیەک لە کۆمەڵگادا ڕۆڵ بگێڕێ و فرسەتی بیرکردنەوە و دەستڕاگەیشتن بە پەیوەندیەکانی بەدەست بهێنێ و بۆ یەکخستنی خەباتی خۆی لەگەڵ باقی ژاوچینەکانیدا سودی لێوەربگرێ. کرێکار ژیانی خۆی لەو کاتەوە دەست پێدەکات کە کار ناکات، پشووەکان ئەو دەرگایە دەکاتەوە کە کرێکار بۆ خۆی بێت و

## گفتوگۆ لەگەڵ مەهدی ڕەسوڵ

بتوانێ وەڵام بە کێشەکانی ژیانی خۆی بداتەوە و وەزیفە کۆمەڵایەتی و سیاسیەکانی تیا ئەنجام بدات، لێرەوەیە بوونی سیستەمێکی پشوو، وە جێگیرکردنی لە یاسای کاردا یەک پێداویستی گرنگە بۆ کرێکاران. جگە لەمەش کرێکار ئەگەر ڕۆبۆت و ئالەتیش بێت لەژێرکاردا دائەخورێ وتەمەنێکی هەیە، جا ئەگەر لە سیستەمێکی تەندروستدا پشووەکان بۆ کرێکاران جێگیر نەکرێ ئەوا تەمەنی کورت دەبێ و هەرزوو گیرۆدەی دەیان نەخۆشی و دەورانی پەککەوتەیی دەبێت، لەم ڕووەشەوە پشووەکان ڕۆڵی گرنگیان لەسەر باری تەندروستی و جەستەیی کرێکار هەیە...

بەرای من لە چەند ڕووەوە دەبێ خواستی پشووەکان بە یاسایی بکرێ بۆنمونە دەبێ 40 سەعات کار و دووڕۆژ پشووی لەسەر یەک لە هەفتەدا بە موچەی تەواوەوە، یەکێک لە خواستە سەرەکیەکانی کرێکاران بێت. هەروەها دیاری کردنی مۆڵەتی ساڵانە لانیکەم یەک مانگ بە موچەی تەواوەوە. دانی پشووی یەک سەعاتە لەنیوە ڕۆژی کاردا و حساب کردنی ماوەی هاتوچۆی کرێکار بۆ سەرکار و گەڕانەوە وەک ماوەی ڕۆژی کار.. ئەمانە لەپاڵ دانانی سیستەمێکی تایبەت بە پشووی زیاتر بۆ کرێکارانی ژن و بەلەرچاوگرتنی کاتی مناڵبەری و سوڕی مانگانە، وە هەروەها دانی پشووی زیاتر بەو ژنانەی کە لە پرۆژەی ئابوری و خزمەتگوزاری سەختدا کاردەکەن.. ئەمانە مەجموعەی داخوازیە بەرهەقەکانی کرێکارانە کە دەبێ هەم لەگرێبەستەکاندا ڕەچاوبکرێت و هەم لە یاسادا بەرەسمی بنووسرێت و هاوکات لە سەراسەری بوارەکانی کاردا، بە کەرتی گشتی و تایبەتیەوە بەڕێوە ببرێت. دیارە ئەوەش بڵێم کە دانی پشوو بە کرێکاران نابێ بە هیچ جۆرێک هاوکات بێت لەگەڵ نەدان وەیا لێگرتنەوە لە موچە و کرێی کرێکاراندا. بەڵام دیارە نە دەسەڵاتداران و نە خاوەنکار لە خۆیانەوە ماف و خواستی ڕەوای کرێکاران نادەن، بەڵکو دەبێ هەموو ئەم خواستانە بە خەباتی کرێکار خۆیان دەستەبەر بکرێت.

ڕادیۆی پێشەنگ: وەک دوا پرسیار دەمانەوێت بزانین ڕێنمایی ئێوە چییە بۆ کرێکاران تا خواستەکانیان لە پەیوەند بە پشووە کانەوە بەدی بهێنن؟

وەستا مەهدی: هەروەک لەپێشەوە ئاماژەم پێدا کە نە دەسەڵات و نە خاوەنکارەکان ئامادەنین لە خۆیانەوە وەڵام بە خواستی کرێکاران بدەنەوە و پەیڕەوی لێبکەن، تەنانەت ئەگەر بچوکیش بێت، بەڵکو ئەوە کرێکاران خۆیانن کە دەبێ بکەونە شوێنی خواستەکانی خۆیان و بەخەباتی خۆیان بیکەن بە یاسا و نەرێت و بەسەر دەسەڵات و سیستەمی کارکردندا لەهەرێم دایسەپێنن. لەم پەیوەندەشدا ئەگەر ڕێنماییەک بدرێ بە کرێکاران هەرئەوەیە کە دەبێ چاو لەهێز و توانا و ڕیزی ڕیکخراو و یەکگرتووی خۆیان بکەن. دەبێ لەپێشەوە ڕۆشنایی و تێگەیشتنی تەواومان لەسەر خواستەکانمان هەبێ وبزانین چی داوا

## کرێکاران وپشووە ڕەسمیەکان

دەکەین، دواتر دەبێ لەسەر ئەو خواستانەی کە خواستی هاوبەشمانە کۆبینەوە و لە هەموو ناوەندەکانی کار و پڕۆژەکاندا کرێکارانی لێئاگادار بکەینەوە و ئەوانیش بیکەنە خواستی خۆیان و بەڕووی خاوەنکارەکاندا بەرزی بکەنەوە، لێرەشەوە هەوڵبدەین نوێنەرانی خۆمان هەڵبژێرین بۆ پەیگیری خواستەکانمان. بەمجۆرەش بناغەکانی ڕیزی یەکگرتوو ڕێکخراو دامەزرێنین. دواجاریش پێبەپێ چوونەپێشەوەی ئەم هەنگاوانە، دەبێ بجولێین و بەشێوازی گونجاو لە هەر ناوەندێکی کاردا بۆ بەدیهێنانی خواستەکانمان پێبنێینە مەیدانەوە و یەخەی دەسەلاتداران و خاوەنکارەکانی بۆ بگرین.. بەبروای من لەم راستایەدا نەک هەر خواستەکانمان لەپەیوەند بە پشووەکانەوە، بەڵکو لە هەموو بوارەکانی باشکردنی هەلومەرجی کارو ژیاندا ئەتوانین دەست بە خەباتی چینایەتی خۆمان بکەین و جووڵانەوەیەکی کرێکاری بۆ بەدیهێنانی خواستەکانمان بەڕێبخەین. بێگومان لەم پێوەندەدا ڕۆڵی ڕابەرانی کرێکاریی، کرێکارانی پێشڕەو و هەڵسوڕاو، کرێکارانی سۆسیالیست و کۆمۆنیست، کاریگەری گەورەی هەیە لەسەر یەکخستن و هێنانە مەیدانی ڕیزی خەباتی کرێکاران چ لە ئاست یەکەکانی کاردا و چ لە ئاستی سەراسەریدا.

**سوپاس بۆ هاوڕێ بەڵێن ئیسماعیل لەتایپکردنی قسەوباسەکانی ئەم گفتوگۆیە**



جەمال موحسین

# پێویستە بەر بەم کوشتار و توندوتیژیە دژ بە ژنان بگرین!

## گفتوگۆ لەگەڵ جەمال موحسین

*ئەمەی بەردەستتان لە گفتوگۆیەکی ڕادیۆی پێشەنگەوە وەرگیراوە. سوپاس بۆ هاوڕێ لیدیا بۆ ئەرکی نووسینەوەکەی.*

ڕادیۆی پێشەنگ: دیاردەی کوشتنی ژنان بە بەهانەی ناموسی یەکێکە لەو دیاردە قێزەونانەی کە لە دوای هاتنە سەرکاری دەسەڵاتی بوژوازی کوردەوە برەوی زیاتری پەیدا کردووە. دەسەڵات و ئەم شەرم و نەنگیە لەیەک جیاناکرێنەوە. هەرچۆنێک سەیری ئەکەیت و لێی ئەکۆڵیتەوە دڵەکان ئەگوشرێن، کەسێتی و شکۆمەندیی مرۆڤەکان دائەڕمێنرێت کە هەمیشە ئەبسیتین ڕۆژانە ژنانێک لە لایەن باوک و برا و خۆشەویستانیەوە دەدرێنە بەر چەقۆ یان دەستڕێژی گوللە یان لە گۆشە و کەناری ماڵدا

## پێویستە بەر بەم کوشتار وتوندوتیژیە دژ بەژنان بگرین!

**تا مەرگی شێنەیی ڕادەگیرێن. ئێستا ئەم کارەساتانە گەیشتۆتە سەر ئەوەی منالانی حەوت ساڵەوە تا دوانزە ساڵیش ئەڕفێنرێن و دەستدرێژی سێکسییان ئەکرێتە سەر و دواییش ئەکوژرێن و لە ناو چۆڵەوانیەکان فڕێ ئەدرێن.**
**ئێمە زۆر جار لە ڕادیۆی پێشەنگەوە لەسەر ئەم بابەتە دواوین. ئێستاش دوای ئەوەی هەواڵەکان هەر درێژەیان هەیە بە باشمان زانی کە جارێکی تر لەسەر ئەم بابەتە ڕاوەستین وە ڕیشە و هۆکارەکانی سەرهەڵدانی ئەم دیاردەیە ببینین و لێکی بدەینەوە و بیخەینە بەر دەم کۆمەڵگای کوردستان و هوشیاریەک لەسەر ئەم بەباتە پێک بێهنین. هەروەها ئەمە سەرەتایەک بێت بۆ ئەوەی کاردانەوەمان هەبێت دژی ئەم تاوان و وەحشیگەریەی ڕووی لە کوردستان کردووە. بۆ ئەم مەبەستەش هەوڵمان داوە لەگەڵ جەمال موحسین سەرنوسەری دیدگای سۆسشالیستی وتووێژێک بکەین. هاوڕێ جمال ئەم کاتەتان باش.**
**جەمال موحسین:**
ئەم کاتەتان باش.

**ڕادیۆی پێشەنگ: هاوڕێ جمال خۆتان ئاگاداری هەواڵەکانن و پێویست ناکات من لەمبارەیەوە ئاماژەی پێ بکەم تەنها ئەوەندە نەبێ کە باس لەوە بکەین لە ماوەی چەند ڕۆژی ڕابردودا ئێمە بیستمان کە دالین ئەو منالای کە لە چەند ڕۆژی جەژنی ڕەمەزاندا ڕفێندراوە دوای ئەوەی دەستدرێژی سێکسی کراوەتە سەر کوژراوە و فڕێدراوە. هەروەها کەیسێکی تری تازە ئەوەیە کە یەکێک لە ئەفسەرانی پۆلیس دەستدرێژی کردۆتە سەر کچێک دوای ئەوەی کە ڕفاندویەتی و دەست درێژی سێکسی کردۆتە سەر و پاشان ئەو کەسە گیراوە و دانی بە تاوانەکەیدا ناوە. یانی کارەساتەکە وایلێهاتووە کە خودی ئەو کەسانەی کە پۆلیس و ئەرکی پاراستنی ئارمی و ئاسایشی خەڵکیان لەسەر شانە ئەوانەش بوونەتە هۆکارێک بۆ خولڵقاندنی ئەو کارە تراژیدیانە. پرسیاری یەکەمم ئەوەیە کە بەڕاستی ئێوە هۆکار و ڕیشەی ئەم بەباتە بۆچی ئەگێڕنەوە؟**
**جەمال موحسین:**
زۆر سوپاس بۆ ئەم دەرفەتە.
ئەمەوێت ڕێک لەوێوە دەست پێ بکەم کە تۆ نمونەی پۆلیست هێنایەوە. بەو مانایەی کە پۆلیس یانی دەموچاوی دەسەلات لەبەر ئەوە ڕاستەوخۆ مەسەلەی کوشتنی ژنان بەلای منەوە پەیوەندی بە دەسەڵاتەوە هەیە. بەڵام خۆ ئەوە تازە نییە کە لە خودی دەسەڵاتەوە و لە نێو بەرپرسەکانەوە توندوتیژی و تا ئاستی دەستدرێژی بۆ سەر ژنان ئەنجام بدرێ. دەسەڵات بە خۆی و دەسەڵاتی سیاسی و دادوەرییەوە واتا بە خۆی و دادگاکانیەوە، بە

## جەماڵ موحسین

خۆی و فەرهەنگ و بیروراکانیەوە کە لەناو کۆمەڵگادا برەوی پێ ئەدات. بۆ ئەمە پێویستە کەمێک بگەڕێینەوە بۆ دواوە بۆ ساڵی نەوەدەکان بە تایبەت ساڵی ١٩٩٢ کاتێک کە بە کردەوە دەسەڵاتی بورژوا ناسیۆنالیستی کورد باڵا دەست بوو بەسەر کوردستاندا. هەر لە پێش دەسەڵاتە ڕەسمیەکەشیانەوە، لە دوای ڕاپەڕینەوە بە تایبەتی ئەوان بە هەڵمەتێکی کوشتنی ژنان دەستیان پێکرد. بەڕاستی بۆ ئێمە وەک کۆمۆنیستێک زۆر گرنگە لەسەرەتاوە تیشکێک بخەینە سەر ئەم مێژووە تا ڕادەیەک تازەیەی کوردستان نەک زۆریش بگەڕێینەوە بۆ دواوە.

بۆچی ئەم مێژووە تازەیە؟ ئەوان کە هاتنە ناو شارەکانەوە هەر کە دەسەڵات کەوتە باوەشیانەوە لە سەرەتاوە بە هەڵمەتێکی کوشتنی ژنان دەستیان پێ کرد. ئەو کاتە بە شان و بادان و "شەهامەتی" خۆیانەوە باسی ئەوەیان ئەکرد ئەوانەی ئەکوژرێن لەسەر مەسەلەی "بێئەخلاقییە" و باسی ئەوەیان ئەکرد ئەوانە پەیوەندییان بە حزبی بەعسەوە هەبووە هەروەها بە بەهانەی ئەوەی لەشفرۆش بوون بۆیە ئەبێ بکوژرێن. هەر ئەم قسە و پاساوە پڕوپوچانەشیان لەناو کۆمەڵگادا بڵاودەکردەوە کە گوایە ئەمانە میکرۆبی گەڕەکەکانن و ئەبێت لە ناو ببرێن. لە کاتێکدا زۆری نەخایاند دەرکەوت کە هەموو ئەوانەی سەرپەرشتی ئەم کارەیان ئەکرد و لە بەرپرسانی یاخود ڕابەرایەتی حزبە دەسەڵاتدارەکانەوە بوون بۆ خۆیان زۆرێکیان مەلەفیان لای بەعس هەبوو. بۆیە هەر زوو پوچی ئەو قسەیە دەرکەوت کە گوایە ئەو ژنانە بەعسی بوون و بەو ناوەوە ئەکوژران. چونکە ئەگەر مەسەلەی بەعسی بوون بوایە ئێمە خۆمان ئاگادارین، لە شورای گەڕەکەکان و شورای ناوەندە کرێکارییەکاندا کە دروستمان کردن کۆمۆنیستەکان و خەڵکانی سۆشیالیست هەرئەو کاتە دادگامان بۆ کەسەکان دائەنا. یانی خەڵک کە بەعسی ڕاونا لە دادگای خۆیدا، بەعسیەکان کە تۆخ بوون بەو مانایەی کە دەستیان لە کوشتنی خەڵکدا هەبووە یان لە چەوسانەوە و سەرکوتی خەڵک لە شارەکاندا خەڵکی یەکسەر بڕیاریان بەسەریاندا داوە. بەڵام ئەوانەی بێ هیچ شتێک و لە شەوی تاریکدا و تەنانەت بە بەرچاوی مناڵاکانەوە دەستیان کرد بە هەڵمەتی کوشتنی ئەو ژنانە دیار بوو ئەمە مەرام و ئامانجێکی تری لە پشتەوە بوو. ئامانجی سەرەکی دیارە برەو دان بوو بە کوشتن بە ناوی شەرەف و ناموسپارێزییەوە. لە ڕاستیدا لە ساڵانی کۆندا ئەم دیاردەیە بە شێوازێکی کەم و کرچ هەبوو. بۆ نمونە من خۆم بیرمە کە تەمەنم شەش حەوت ساڵێک ئەبوو وەک مناڵانی گەڕەک لە یەکێک لە گەڕەکە هەژارنشینەکانی سلێمانی ڕۆژێکیان بە کۆمەڵ ڕامان کرد وتیان ژنێک کوژراوە. کە گەیشتینە شوێنەکە پۆلیس نەیهێشت لێی نزیک بینەوە ووتی مەیەن بەم ناوەدا، هیچ نییە ئەوە لەسەر مەسەلەی شەرەف کوژراوە. قەت بیرم ناچێتەوە ئەو قسەیە و ئەمە

## پێویستە بەر بەم کوشتار وتوندوتیژیە دژ بەژنان بگرین!

مەسەلەیەک بووە هەمیشە مۆر بوە لە مێشکمدا. بەڵام بەڕاستی ئەو مەسەلەیە زۆر نەبوو تەنات مەسەلەی خۆ سووتاندنی ژنان ئەو کاتە زۆر کەمتر بوو. بەڵام لە ساڵی ١٩٩١ بەدواوە ئەم هەڵمەتەی ئەحزابی ناسیۆنالیست کردیان بۆ ئەوە بوو کە مەسەلەی ناموسی بە تایبەتی لە دژی ژنان تیژبکەنەوە. بۆ؟ لەبەر ئەوەی ئەو حزبە دەسەڵاتدارانە کە خۆیان ئامادەییان نەبوو لە تورەیی و هەڵسانی جەماوەریدا دژ بەحکومەتی بەعس بەچاوی خۆیان خەڵکی ڕاپەڕیویان بینی و بینییان ژنان ڕێک شان بە شانی پیاوان هاتنە سەر شەقامەکان و چەکیان دژی حکومەتی بەعس هەڵگرت و بەعسیان ڕاونا. لە کارگەکاندا ژنان کوون بە کوون بەدوای بەڕێوەبەرە بەعسیەکاندا ئەگەڕان بە تایبەت لە کارگەی جگەرەی سلێمانی. لە شورای گەڕەکەکاندا چەکداری ژنان بەشداری بەرچاویان بوو. ئەمەش لە کردەوەدا مانای هاتنەمەیدان و دەرکەوتنی ژنان بوو لە کوردستان. ئەمەش دیاردەیەکی شاری بوو. مەسەلەیەک بوو یەکسەر ترسێکی خستە دڵی ئەوانەوە و بۆ ئەوەی هەر لە سەرەتاوە سنورێک بۆ ئەم هاتنەمەیدان و بەشداریەی ژنان دابنێن دەستیان کرد بەم کەمپینی ژن کوشتنە و بەداخەوە سەدانیان کوشت.

لێرەدا پێویستە ئاماژە بەوە بدەین کە هەر مەسەلە و فەرهەنگ و بیروڕایەک کە لە کۆمەڵگایە برەو پەیدائەکات بیروڕای دەسەڵاتە. ئەمە بەو واتایەی کاتێک کە ئەوەیان ڕەواج پێداوە کە خەڵک لەژێر ناوی ناموسپارێزیدا بکوژرێ، ئیتر خەڵکی ئاسایی کە سیاسیش نەبوون زۆر کات لە ڕقدا یان بۆ تۆڵە کردنەوە لە کەسانی تر هەڵئەسان بە کوشتنی ژنان. بەداخەوە لێرەوە کوشتنی ژنان بە شێوەیەکی بەرچاو دەستی پێکرد. لێرەدایە کە من ئەمەوێ بڵێم ئەحزابی بۆرژوا ناسیۆنالیستی کورد لەو کاتەوەی دەسەڵاتی گرتە دەست بەر پرسە لەم کارە. بەڵام با پرسیارەکە بەجۆرێکی تر بکەین: ئەم دەسەڵاتە بۆچی وای کرد و ئێستاش بۆ هەر ئەم مەسەلەیە درێژی هەیە؟

من بگەڕێمەوە بۆ خاڵێک کە ئێمە کۆمۆنیستەکان هەمیشە جەختمان لەسەر کردۆتەوە ئەویش ئەوەیە مەسەلەی ئەم بارودۆخە بەسەر ژناندا بەشێوەیەکی گشتی و بە تایبەتیش مەسەلەی کوشتن بۆچی لە کۆمەڵگای ئێستادا باوی هەیە و برەوی پەیدا کردووە؟ ئایا ئەمە بە ڕاستی ئەگەڕێتەوە بۆ کۆمەڵگای دەرەبەگایەتی و کۆن؟ یانی چی لە کۆمەڵگایەکی ئەم سەردەمە مۆدێرنەدا تەکنەلۆژیا و پێشکەوتنی پیشەسازی کە ڕوی لە کوردستانیش کردووە کەچی ئەم دیاردە پڕتوکاو و قێزەونە هەر هەیە؟ یانی چی ئەم بارودۆخە نایەکسانە بەسەر ژندا ئەسەپێنرێت و لەم ژێردەستەییەدا ڕائەگیرێن و ئەوپەڕەکەشی مەسەلەی کوشتنی ژنان بۆ هەر درێژەی هەیە؟ من ئەمەوێت بڵێم ئەوە ژێرخانی کۆمەڵگایە کە پێویستی بەوەیە لایەکی تەواوی کۆمەڵگا بێ دەنگ و سەرکەوتکراو بێت و هەمیشە

وەک لەشکرێکی بێکار و نیشاندانیان وەک لەشکرێکی " بێفەڕ" و هاوکات ئامرازی بەرهەمهێنان کە ئیشیان تەنیا وەچەخستنەوە و بەرهەمهێنانەوە بێت وە خەڵک ئامادە بکەن بۆ ئەوەی دوبارە لە بازاڕی کاردا بەرهەم بهێنێتەوە وە بەرهەمی ئەمانەش بێتە پارە و کەڵەکە بێت لای سەرمایەداران هەمیشە پێویستی بە دروست کردنی لەو جۆرە لەشکرەیە. بەڵام دەسەڵاتێک کە ئەو هەلومەرجە ئەپارێزێ بەوەوە ناوەستێ لەناو چینی کرێکار و زەحمەتکێشی کوردستاندا خەڵکێکی بێ دەنگ کراوی سەرکوتکراو بە شێوەیەکی گشتی تەنانەت بە پارەیەکی هەرزان و بە پێوەرێکی نزمی ژیان ڕابگرێت، بگرە لەوەش خراپتر و لەوە زیاتر ئەسەپێنێت بەسەر بەشێکی کۆمەڵگادا کە ژنانن و تەنات لە چوارچێوەی کۆمەڵگا و ماڵیشدا لەو جێگاورێگا نزمەدا ڕایانئەگرێ. کاتێک ئەمە ئەبێتە پێویستیەک بۆ ئەو جۆرە دەسەڵاتە، ئیتر فەرهەنگی باوی دەسەڵات و بەمجۆرەش باوی کۆمەڵگا بەم ئاڕاستەیەدا ڕێکئەخرێ و جێگیرئەکرێ. ئیتر ئەمە لە دادگاکانیدا برەو پەیدا ئەکات و ئەنجامەکەی ئەوەی لێ ئەکەوێتەوە کە خەڵکێکی بکوژ چەند مانگێک یان کەمترین کات لە زینداندا ئەبێت و دوایی بە لێبوردنێک ئازادئەکرێ. یاخود سوڵحی عەشاری بەداخەوە مەسەلەکە چارە ئەکات. ئیتر هەر ئەمەش ئەبێتە شتێکی باو و کارپێکراوی کۆمەڵایەتی. واتە بەجۆرێک ئەیکات بە بەشێک لە بیرکردنەوە و بیروبۆچوون و فەرهەنگی خەڵک. لەوەش گەڕێ کە سیستەمی بەڕێوەبردنی قوتابخانە و مەنهەجەکانی خوێندن و ئەوانەش چەند کۆمەک ئەکات بەم بیرکردنەوە جیاخوازییە. بۆیە لای ئێمە بناغەی مەسەلەکە ئەمەیە، واتە ئەم کۆمەڵگایە لەسەر دزینی بەرهەمی هێزی کاری ئەو کۆمەڵگایە بەڕێوە ئەچێت. چینی باڵادەست بۆ ئەوەی بشتوانێت ئەو کارە بکات پێویستی بەسەرکوت هەیە، پێویستی بە تیرۆری سیاسی هەیە. وەک وتم پێویستی بەڕاگرتنی ئەو لەشکرانەش هەیە لەبەرامبەر یەکتردا. بۆ نمونە ئێمە ئەبینین لە ناو چینی کرێکاردا ئەگەر کرێکارێک لە دەرەوەی کوردستان هاتبێت بە جۆرێکی جیاواز سەیر ئەکرێت. کرێکارێک لە خودی کوردستانەوە بێت بەس لە شەنگال و کۆیوکێوە هاتبێت، یەزیدی بێت جیاوازی لەبەرامبەردا ئەکرێت، کوردی سوریا بێت جیاوازی هەیە. بە جۆرێک ئەم جیاوازیەیان دروست کردووە کە لەناو ئەوەشدا هێشتا ژن لە نزمترین پلەدا ڕائەگیرێت. بنجی مەسەلە لێرەوەیە، کاتێک ئەم لەشکرە، واتە ژنان، هاتە مەیدانەوە، ئەمانیش سەرەتا کە هاتنە مەیدانی دەسەڵاتەوە تێکۆشان زیاتر پاشەکشێی پێ بکەن. کوشتنی ژنان و ئەو کەمپینەی ئەوان دەستیان پێکرد لەپێناو چاوترسێنکردنی ئەو لەشکرەدا بوو، لە پێناو پاشەکشەپێکردنیدا بوو، لە پێناو پارچەپارچەکردنی تەواوی چینێکدا بوو کە سەرەتای هاتنەمەیدانی سیاسی و کۆمەڵایەتی خۆی نیشان دابوو و وەک وتم بەشێکی بەرچاوی ئەم چینەش کە ژنان بوون پشکی

## پێویستە بەر بەم کوشتار وتوندوتیژیە دژ بەژنان بگرین!

یەکسانی خۆیان بەرکەوت لەو مەیدانداربوونەدا. ئەو بەشە ئەبوایە درزی تێبکرایە، سەرکوت بکرایە. ئیتر لێرەوە سەرکوت و لەکەدارکردنی کەسێتی و شکاندنی شکۆ و پیادەکردنی توندوتیژی لە دژی ژنان زیاتر برەوپەیدا ئەکات. کاتێکیش ژنێک تەحەدا ئەکات و لە دژی ئەمە ئەوەستێتەوە، بەپێی ئەو فەرهەنگە باوەی دەسەڵات برەوی پێداوە بەداخەوە ژیانی لێ ئەسەنرێتەوە.
من پێموایە کوشتنی ژنان دڕندانەترین شێوازی توندوتیژیە و ئەمە نەک هەر بە سوک تەماشاکردنی بەهای مرۆڤانەی ژنە بگرە دانەنانی هیچ جۆرە بەها و نرخێکە بۆی. فەزایەکیان دروستکردووە کە ئەگەر ژنێک بەر ئەم شاڵاوە نەکەوێت ئەبێت سوپاسگوزار بێ، مەمنون بێ کە لە ژیاندا ئەمێنێتەوە. تاکو لەولاوە هەر شتێکی تر لە کۆمەڵگا بەسەریاندا بسەپێنرێ ملی پێبدەن. ئەوەتا لە مەیدانی کار گێچەڵیان پێ ئەکرێت لە فەرمانگە و خوێندگاکاندا بە ئاستێکی نزمتر لە پیاوان سەیریان ئەکرێت و هەتا لە ئاستی خێزانیشدا ئەم پلە دووییە ئاسانتر و ئاساییتر بێتە بەر چاو. بەلێشاو ناچار بە لەشفرۆشییان ئەکەن... هـــــــــــــــــــــــــــــــــــــــتـــــــــــــــــــــــــــــــــــــد.
لەلایەکی ترەوە پێم وایە کوشتنی ژنان هەر تەنها شتێکی جەستەیی نییە. ئێوە سەیرکەن ئەوانەی کە زیندووشن هەمیشە لە ژێر ئەم ترس و دڵە ڕاوکێیەدان، هەمیشە ئەبێت نینۆکەکانیان بکرۆژن لە تاوی ئەوەی کە شێوەیەک لە شێوەکانی توندوتیژی و سوکایەتی و گێچەڵ و تا ئاستی هەڕەشە و کوشتن ڕووبەڕوویان ئەبێتەوە. من پێم وایە ئەمە وەک بناغەیەکە بۆ دەورودەخاڵەتی چینی بۆرژوازی کورد وە دەسەڵاتەکەی کە لە ئاستەکانی فەرهەنگی و سیاسی و دادگایی و کۆمەڵگا و پەروەردە و هەموو ئەوانەدا برەوی پێ ئەدات.

**ڕادیۆی پێشەنگ: دەست خۆش هاوڕێ جمال پرسیاری ترم هەیە بەڵام هەر لەسەر ئەم خاڵە کە بۆچی ئەم کوشتنەی ژنان ئاوا درێژەی هەیە، بەڵام پێم خۆشە پرسیارێک بکەم زۆر جار ئەڵێن کوشتنی ژنان لە کوردستاندا ئەگەڕێتە وە بۆ کلتور و ئەم کلتورە پەیوەندی نییە بە نەتەوەی کوردەوە بە تایبەت بەشێک لەو ناسیۆنالیستانەی کە لافی سکولاریزم و لایەنگری بۆ ژنان لێئەدەن ئەڵێن ئەم فەرهەنگە فەرهەنگی دەوڵەتە داگیرکەرەکانە و بە تایبەتیش لە عێراق و کوردستاندا هی بەعسە هاتۆتە ناو کوردستانەوە و خەڵکی پێ گۆشکراوە. پێتان وایە ئەمە تا چەند ڕاستە؟ ئەکرێت ئەمە بە هۆکاری درێژە پێدان و مانەوەی دیاردەی کوشتنی ژنان بە بەهانەی ناموس دابنرێ؟**
**جەمال موحسین:**

## جەمال موحسین

هەندێک لە فێمینیستەکان یان خۆ بە فێمینستەزانەکان مەسەلەکە بەمجۆرە ئەبینن و لێکیئەدەنەوە. من پێم وایە ئەمانە تەنها توێژاڵی مەسەلەکە ئەبینن نەک ناوەڕۆکی بابەتەکە، واتە ئەو بنەما و پایە واقیعیە کۆمەڵاییەتیە ئابورییە ئینجا سیاسی و یاسایی و فەرهەنگی و تەنانەت دینیە نابینن کە پێشووتر باسم کرد. ئەگەر کەسانێک نەک تەنها مەسەلەکەیان لەوەوە بێت کە ژن "گوناحە" و نابێت بکوژرێت ئەگەر لەوێوە سەیری بکەن کە کەس مافی ئەوەی نییە دەستدرێژی بکاتە سەر ژیانی کەسی تر وە ئەبێت سیستەمێک لەمە بەرپرس بێت. ئەگەر کەسێک بەشوێن ئەم پرسیارە بنەڕەتیانەوە بێت ئەچێت لە شوێنێکی ترەوە کاری تیا ئەکات بەڵام ئایا ئەوە چەند واقعیە کە ئەڵێن سەرچاوەی ئەم مەسەلەیە کلتورە؟ ئاخر کلتورچییە؟ کلتور شتێک نییە لە هەورێکەوە داباریێت بەسەر کۆمەڵگەدا. خۆ کلتور شتێک نییە کە بە هەزاران ساڵ لەمەوبەر بڕیاری لەسەر درابێت و خرابێتە ناو کتێبە "پیرۆزەکان" ەوە و ئیتر ئەمە ببێت بە شتی باوی ئەم سەردەمە. من پێشتر وتم، یانی چی ئایا کۆمەڵگایەکی خێڵەکی سەد، دوو سەد ساڵیش لەمەوبەر بەو لێشاوە کوشتنی ژنانی تیابووە بەڕاستی؟ یان تەنانەت ئەو کۆمەڵگایەی کە پێی ئەڵێن هی وڵاتە داگیرکەرەکانە خۆ ئەگەر بەپێی ئامارە نارەسمیەکان بێت ئەو کوشتارەی ئێستا لە کوردستاندا هەیە لەناو عێراقدا بەتایبەتی بەم جۆرە نەبووە بێجگە لەم چەند ساڵەی دوایی کە لەوێش ئیسلامی سیاسی دەسەڵاتی بەدەستەوەیە و لەوێش بە هەمان ئەو بەڵگانەی باسمان کرد بۆ سەرکوتی کۆمەڵگا پێویستی بەو لێشاوە لە کوشتن هەیە. بۆیە مەسەلەکە فەرهەنگی نییە، تەنات ئەگەر یەکێکیش پێی وابێت ئەوە فەرهەنگیە، ئەبێ بچێت سەرچاوەی ئەو فەرهەنگە بدۆزێتەوە. ئێمە هەمیشە ئەو قسە باوەی مارکسمان کردوە کە لە ئایدۆلۆژیای ئەڵمانیدا ئەڵێت؛ فەرهەنگی سایەکراو بەسەر کۆمەڵگادا فەرهەنگی دەسەڵاتە. واتا دەسەڵات خۆی ئەگەر نەیەوێت فەرهەنگێکی لەو بابەتە بێتە بەشێک لە هی کۆمەڵگا بۆچی بە بەرچاویەوە لە مزگەوتەکانەوە ئەگەر بڵێم سەدان مەلا هەیە وتارەکانیان تەرخان ئەکەن بۆ سوکایەتی و قسەی ناشرین بە ژنان، کەس لێیان ناپرسێتەوە؟ بۆچی تەنانەت خودی سیاسیەکانیش بۆ شکاندنی یەکتر دەست بۆ ئەو مەسەلەیە ئەبەن کە خۆیان پێی ئەڵێن ناموس و لەناموسی ژنانەوە دەست پێ ئەکەن وە لە مەسەلەی شەرەفی یەکترەوە وە لە مەفهومی خۆیاندا دەست پێ ئەکەن؟ بۆچی دادگاکان ئەزانن هەندێک لە پیاوکوژەکان کێیە کە هەندێکیان ڕاستەوخۆ تەناتەن ئێستاش پشتیان بە دەسەڵاتەوەیە و بەرپرسی خۆیانی تیایە تەنات ئەفسەر و پۆلیسەکانی خۆیانی تیایە یانی چی دادگاکان دەستێک لەم مەسەلانە نادەن؟ ئایا هەر بە ڕاستی دادوەرێکی تیا نییە تۆزێک بە ویژدان بێت بڵێ کاکە ئەم هەموو کچە ئەکوژرێ ئەکرێت دراوسێکەم بێت یان خوشکەزا و برازی فلان و فیسار بێت و لەوانەیە

## پێویستە بەر بەم کوشتار وتوندوتیژیە دژ بەژنان بگرین!

کچەکەی خۆشی بەر بکەوێت، یانی کەسێک نییە، تەنات ئەوەندە ویژدان نوستوون؟ نا. لەبەرئەوەی بەرژەوەندی ژیانی ئەو دادوەرانەش کە بەشێکە لەو دەسەڵاتە وا تێکەڵ بووە، زۆر ئاسانە و ئامادەیە چاوپۆشی بکات لە هەموو ئەو شتانە. ئەگینا چ مەنتیقێکی تیایە و بەپێی چ پێوانەیەکی ئینسانی کەناڵێکی تەلەفزیۆنی هەبێت سەدان هەزار بینەری هەبێت کەس بهێنێ بە ئاشکرا جنێوی سوک بدات بە ژنان؟ یانی کەسێک نییە ڕاپبوەشێنێت و بڵێت ئەوەی ئەو قسانە بکات ئەبێ دادگایی بکرێ و سزابدرێ؟ بەڵام کەسی وانییە، واقیعەن یاسای وانییە، فەرهەنگی وای نییە چونکە خۆی بەشێکە لە دەسەڵات. لەبەر ئەوە بەبڕوای من یەکێک بەشوێن کۆتاییهێنان بەتوند و تیژییەوە بێت تەنانەت یەکێک بەشوێن کۆتاییهێنان بە کوشتن یان پێشپێگرتنی و لانی کەم کەمکردنەوەی بۆ ئەوپەڕی ڕادەی نزمەوە بێت ئەبێت شەڕی لەنێو دەسەڵاتەوە دەست پێ بکات. ڕێی تێ ناچێت لەگەڵ کەسانێکدا کە خۆیان بە فێمینیست ئەزانن کەچی ئەڵێن بەهەشت لەژێر پێی دایکاندایە تۆ بچیت بڵێی ئێمە ئەبێت کۆتایی بە کوشتنی ژنان بهێنین، ڕێی تێ ناچێت تۆ بچیت لەگەڵ فێمینستێکدا بڵێی ئێمە ئەبێت کۆتایی بە کوشتنی ژنان بهێنین، بەڵام لەوسەرەوە سەری بە ئەندام پەرلەمانێکەوە بێت کە دەنگی بە یاسای فرە ژنی داوە. نمونەی تری لەم بەباتە زۆرە. بۆیە بە بڕوای من ئەوەی پێی وایە کە مەسەلەکە فەرهەنگ و کلتورە زۆر زۆر ڕووکەشیتر سەیری مەسەلەکە ئەکات لەوەی بیەوێت بەڕاستی مەسەلەکە ببینێت و بەجدی بەر بەم کوشتارە بگرێت یان بەر بەم توندوتیژییە بگرێت. بۆیە پێم وایە کە ئەوانە خۆشیان جدی نین و تەنها پێم وایە ڕەنگە خەریکی کاسبیەک بن بۆ هەندێک لەو ڕێکخراوانەی، لەگەڵ ڕێژم بۆ باری ئینسانی خۆیان، ئەو ڕێکخراوانەی بە ناوی کۆمەڵگای مەدەنیەوە کارئەکەن، زۆرتر پارە بۆ پرۆژەکانیان وەرئەگرن نەک ئەوەی مەسەلەکەی خۆیان بۆ گرنگ بێ و بەشوێن ئەوە بن ئایا کێشەکان بە کوێ ئەگات. دیارە بەشی زۆر لەو ڕێکخراوانە بەوجۆرە کار ئەکەن بەڵام بە دڵنیایی هەموو هەڵسوڕاوەکانیشیان نا کە ئەکرێ وەک تاک ئامانجی زیاتر و گەورەتریان هەبێ... دەنا ئەو ڕێکخراوانەی بەناوی کۆمەڵگای مەدەنیەوە کار ئەکەن خەریکی خەباتکردن نین بۆ کۆتاییهێنان بە کوشتار و توندوتیژی لە دژی ژنان، بینیومانە کە زۆرتر خەریکی ناوبژیوانیکردنن لەنێوان ژنان و دەسەڵاتدا.

**ڕادیۆی پێشەنگ: هاورێ جمال ئێوە لە قسەکانی پێشوودا باسی ئەوەتان کرد کە ئەم شەپۆلی کوشتنی ژنانە وەکو بنەمایەکی سیاسی یان چینەیەتیە لە کۆمەڵگای کوردستاندا کە دەسەڵات بۆ ئەوەی کۆمەڵگایەکی بێ دەنگکراو و سەرکوتکراو پێک بهێنێت دەستی بۆ ئەبات، بۆ ئەوەش پێویستی بە سەرکوت کردنی نیوەی کۆمەڵگایە کە ژنانن. ئەمە**

**جەمال موحسین**

**ڕوانگەیەکە کە ئێوە باستان کرد بۆ ئەوەی کە بتوانێت هەلومەرج بۆ تالان و بڕۆی ئەو کۆمەڵگایە فەراهەم بکەن.**
**بەڵام لەبەرامبەر ئەمەدا قسەیەک هەیە کە ئەڵێت دینیش هۆکارێکە بۆ ئەم مەسەلەیە بەتایبەتی بە ڕوون و ئاشکرایی دین ئایەت و حەدیسی هەیە لەسەر غەسلی عار و زینا کردن کە ئەمانە بە تاوان ئەناسێنێت تا چەند پێتان وایە ئەمەش هۆکارێک بێت؟ ئایا ئەتوانین بڵێین لە پاڵ ئەم مەسەلەیەدا دینیش هۆکارێکە بۆ توند و تیژی بەرامبەر بە ژنان و بە تایبەتی کوشتیان؟ وە ببێتە وێنە و خویەکی باو لە کۆمەڵگا بەڕێوە بچێت؟**
**جەمال موحسین:**
بەڵی دەوری هەیە. من پێم وایە ئەو هەلومەرجەی کە بۆ ژنان خوڵقاوە ئەتوانم ناوی بنێم زۆنگاوە وە زۆنگاویش بە دڵنیایی بەکتریای تیا ئەژی. ئەو بیروڕا و ئەو دەقە ئاینیانە کە کۆمەک بەمە ئەکات ڕێک وەک ئەو بەکتریایە وایە. ڕاستە حەدیس و ئایەت هەیە لەم بارانەوە وە زۆریش لە شتەکان کە لە دژی ژنان ئەکرێ مەلاکان ئەیکەن لە بڵاو کردنەوەی خورافاتەوە بیگرە یان جیاوازی نانەوە و هێرش کردنە سەر ژنان و شکاندن و هەتا ئاستی هاندانی خەڵک بۆ کوشتنیان، بەڵام دیسان ئەگەڕێمەوە بۆ ئەسڵی مەسەلەکە. با وەک نمونەیەک بیهێنمەوە، لە ناوەڕاستی ساڵەکانی نەوەدەکانەوە هەتا تەقریبەن ساڵی دوو هەزارەکان ئەوانە بۆچی ئێجگار نەیانتوانیوە بەوجۆرە سەر بەرزبکەنەوە؟ بۆچی تەنانەت دەسەڵات ناچار بوو لە هەردوو زۆنە جیاوازەکە، لەم لا وتیان هەرچی ژن کێشەی هەیە با بێ بۆ ماڵەکەی من داڵدەی ئەدەین و لەولاشەوە وتیان ئەوا ئەو بەندەی لەسەر مەسەلەی ناموسە لامان بردوە وە تەواو ئیتر یاسای لەو جۆرە نەماوە کە ڕەوایەتی بدات بە غسل العار. بۆچی؟ چونکە پەیوەندی بە هێز هاوسەنگیەکەوەیە کە ئەو کاتە لە کۆمەڵگادا هەبوو، هەڵسوڕاوانی بزووتنەوەی یەکسانیخوازی ژنان و ئێمە کۆمۆنیستەکان لە ڕیزی پێشەوە بووین، کارمان ئەکرد خەڵکمان کۆ ئەکردوە و یاسای بەدیلمان ئەهێنا کە یاسای یەکسانی ژن و پیاوە. ئێمە لەو بارەیەوە زۆرقسەمان لەسەر کردووە و پێشنیاری ئەمانەمان کردووە و سەرنجی کۆمەڵگامان بۆ لای ئەمانە ڕاکێشاوە. ئەوان بۆ ئەوەی لە خاڵێکدا بزووتنەوەکە خاوبکەنەوە لە ژێر باری فشاری ئەم جولانەوە کۆمەلایەتیەدا هاتن دەستیان بۆ گۆڕینی ئەم شتانە برد، بەڵام ملیان نەدا بە یاسای یەکسانی. بگرە دواتر لە کۆمۆنیستەکانیشیان دا تاکو پاشەکشە بەم مە سەلەیە بکەن. ئەم نمونەیەم بۆ ئەوە بوو بڵێم ئەو هێز هاوسەنگییە کە دێتە دواوە و کاتێک لەناو خەڵکدا هیچ کەسێک بە تێڕوانینێکی ڕادیکالانەوە سەیری ئەم مەسەلەیە ناکات وە خود بە خود دژی دەسەڵات نابێتەوە دەربارەی ئەم مەسەلانە ئیتر پیچەوانەکەی ڕووئەدات و کۆنەپەرستی برە و پەیدا ئەکات و یەکسانی پاشەکشەی

پێئەکرێ و هتد. ئەگەر دەسەڵات لەپشتیەوە نەبوایە بۆچی دین ئەیتوانی ئاوها سەربەرزبکاتەوە؟ بەڵام نەک هەر تەنها دەسەڵات بەهەموو توانایەوە دینی تێکەڵتر بە یاسا و فەرهەنگ و هەموو شتێکی کۆمەڵگا کردووە، هەتا ئەو حزبە ئۆپۆزسیۆنە بۆرژوازیانەش کە لەبەرامبەر بەدەسەڵاتدا خۆیان پێناسە ئەکرد دەستیان بە کۆنەپەرستی ئاینی و فەرهەنگی و دواکەوتییەوە گرت و هاوکارییان کردن و پەلی ئەوانیشیان بۆیە ئەگرت تاکو زیاتر لە دەسەڵات و بەڕەوەبردنی کۆمەڵگادا جێگایان بۆ بکەنەوە. بۆیە ئەو کارەیان ئەکرد تاکو کۆمەڵگا بەشێوەیەکی سەرەکی لەسەر بنەمای چەوساوەندنەوەی چینەیاتی بەردەوام بێت. ئەم هێزە بەناو ئۆپۆزسیۆنانە بگرە لە یەکەم ڕۆژی کۆبونەوەکەنیانەوە کەوتنە کۆکردنەوەی ئەو ئیمام و مەلایانەی خۆیان کاریان پێیان هەبوو. من لێرەدا مەبەستم تاکی موسڵمانی ئاسایی نییە کە لە کونجی ماڵەکەی خۆیدا باوەڕی خۆی پیادە ئەکات، بەڵام ئەوانە کە کۆمەڵگا ئەبەن بە ڕێوە کاریان بە ئەو ئیمام و وتاربێژانە هەیە کە تەبلیغی سیاسەت و بیروڕاکانی دەسەڵات بکەن. ڕێک هەر ئەوەش بوو کە کاتی خۆی بەعس بۆ ئەوەی پاکانەی سیاسەتەکانی بکات ئەیکرد بە خوتبەی بەشێک لە مەلاکان کە موچەخۆری خۆی بوون. ئەگەر دینیش پەیوەست نابێتەوە بە دەسەڵات و چینی باڵادەستەوە یانی چی دینێک و یاسا و ڕێساکانی کە هەزارو چوارسەد و ئەوەندە ساڵە نوسراوە ئێستا پەیڕەوی لێ بکرێت؟!

ئێستا بۆ نمونە لە یەهودیەتیشدا گروپێکی توندڕەو هەن کە ژن لە ماوەی سوڕی مانگانەیدایە ئەڵێن خواردنی دەستی و تەنات ئاوی دەستیشی نابێت بخورێ و بخورێتەوە. یانی چی لەم کۆمەڵگا مۆدێرنەدا بیروڕای لەو جۆرە بتوانێت بە ئاسانی جێگای ببێتەوە و هەوڵ بدرێت بکرێت بە فەرهەنگی باوی کۆمەڵگا، ئەگەر دەسەڵات نەیکات، ئەگەر تۆبخانەی تەبلیغاتی دەسەڵات بەجۆرەها شێوە کۆمەڵگا بەم بیروڕایانە دانەکوتێتەوە؟ من پێم وایە دەسەڵات ملیارەها دیناری بۆ ئەم مەسەلانە خەرج کردووە تاکو کۆمەک بکات بەو بیروڕا ئاینی و کۆنەپەرستانانە و بیانبوژێنێتەوە و دەسەڵات پەیدا بکەن. ئەگەر نا ئیشی وەزارەتی ئەوقاف چییە؟ خۆ هەر ئیشی ئەوە نییە بچێتە پشتی شاخێکەوە بە دوای مانگدا بگەڕێت و بزانێ چەژنە یان نا. ئەوان خۆیان لە زۆربەی شتەکانی کۆمەڵگا هەڵئەقورتێنن و فەتوای لەسەر ئەدەن هەتا بە جۆری پەیوەندی هاوسەرەکانیشەوە کەچی لە پارەی دزراوی کۆمەڵگا موچەی مفتەخۆرییان پێ ئەدرێ لە پاڵ سوپای چەکداری و ملیشیای پاراستنی ئەو دەسەڵاتەدا. بۆیە سەبارەت بە دینیش هەر ئەبێ بگەڕێیتەوە بۆ دەسەڵات و جۆرەکەی. هەتا ئەگەر دەسەڵات بۆرژوایەکی مۆدێرن بەواتا تەقلیدی و باوەکەی بێت کە بۆ قازانجی بردنە پێشەوەی سەرمایە پێویستی بە بوژاندنەوە و سەربەرزکردنەوەی ئەو ئەفکارانە

## جەمال موحسین

نەبێ، هەژمووونی دین ئێجگار بەو شێوەیە نابێ و ناتوانرێ بەوجۆرە بکرێ بە فەرهەنگی خەڵک. هەرچەند لە دنیای ئەمڕۆدا نمونەی لەوجۆرە لە دەسەڵاتی بۆرژوازی ئەستەمە دەستبکەوێ.
بۆیە بەهەمان ئەندازەی کلتور کە من پێشوتر قسەم لەسەر کرد دینیش هەر بۆ ئەو ئامانجەیە کە ئەگەر نەبوژێنرێتەوە ئەوا خەڵک چ مەجبورە وەک بیروڕای ئەم سەردەمەی خۆی چاوی لێبکات و وەریبگرێ؟ یانی چی کەسێک بە ئاسانی باوەڕ بهێنێت بەوانە؟ ئەگەر لەم سەردەمەدا دەستی بە عیلم و زانست ڕابگات، ئەگەر دەسەڵات نەیترسێنێ، ئەگەر زیندان شک نەبات ئەگەر فەرهەنگی کۆمەڵگا یان باری کۆمەڵایەتی لەدژی بەکار نەیەت و مێشکی سەری بەرن بەوەی کچەکەت وا ئەکات و وا جل لەبەر ئەکات، یانی چۆن ئەتوانێت باوەڕ بهێنێت بە دەقێکی ئایەتیی کە ئەڵێت ژنەکانتان وەکو کێڵگە وان و چۆنتان ویست بیانکێڵن؟ چۆن کەسێک ئەتوانێت بە ئاسانی وابێت؟ لە کاتێکدا کە لەو لاوە ئەنواع مینبەر هەیە بەناوی دکتۆر و ئەندازیار و چی و چیەوە لەپاڵ یەک دێڕ شتێکی زانستیدا کە ئەگەر خوێندبێتیان سەد شتی دواکەوتویی و دەقی لەم بابەتەت بۆ ئەهێننەوە لە دژی ژنان. موچەخۆرن، پارە وەرەگرن بەم قسانە. بۆیە بە هەمان ئەندازەی کلتور وەکو وتم مەسەلەی بوژاندنەوەی دینیش ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە دەسەڵاتەوە هەیە تاکو ژن لەو جێگاوڕێگایەدا ڕابگرن.

**ڕادیۆی پێشەنگ: هاوڕێ جمال حەزئەکەم پرسیارێکی تایبەت تر بکەین. ئێوە لە قسەتانی پێشوتاندا ئاماژەتان بۆ ئەوە کرد کە هەر لەسەرەتای هاتنە سەردەسەڵاتی حزبەکانی ناسیۆنالیزمی کورددا ئەوان خۆیان دەستیان کرد بە تیرۆری ژنان بە بەهانەی ئەخلاق و بە بەهانەی ئەوەی ئەوان سەر بە حکومەتی بەعسن دەستیان پێ کرد. بەڵام ئێستا پاش ئەم هەموو ساڵە زیاتر لە چارەکە سەدەیەک بەسەر ئەو دەسەڵاتەدا تێپەڕیوە ئێستا حکومەت یان دەسەڵاتداران وە حزبەکانی ناڵێن ئێمە خۆمان ژن ئەکوژین لەژێر فشاری جوڵانەوەی یەکسانی خوازانی ژنان لە ژێر فشاری ڕای گشتی جیهانی هەتا ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی تا یاسای نێونەتەوەیی دوای ئەو هەموو سەر زەنشتکردن و یەخەگرتنەی دەسەڵاتدارانی کوردستان ئێستا نابینین بڵێن ئێمە ئەو کارە ئەکەین. بە پێچەوانەوە ئەوان ئەڵێن حکومەتی هەرێم بەرگری لە ژن ئەکات ئەگەر لێ ڕوون بینەوە لە مەراسیمی دەنگ دان و سوێندخواردنی نێچرڤان بارزانیدا ئاماژەی ئەوەی کرد لە چوار ساڵی ئایندەدا هەوڵ ئەدات کە کۆمەڵگایەکی ئارام و خۆشگوزەران پێکبهێنێ و مافی ژنان و منداڵانیش جێ بەجێ بکات. پرسیارەکەی من ئەمەیە، ئێستا خۆ ئەوان خۆیان ئەو کارە**

## پێویستە بەر بەم کوشتار وتوندوتیژیە دژ بەژنان بگرین!

**ناکەن ڕاستەوخۆ وەکو ئەو دەورەی کە تۆ باست کرد دیسانەوە لە یاسای ئەواندا درێژەی هەیە بۆ نمونە خۆیان بەلایەنگرانی مەسەلەی ژن ئەزانن، ئەوەتا ئەنجومەنی خانمانیان لە ئەنجومەنی وەزیراندا دروست کردووە لیژنەی مافی منالآنان و ژنانیان لە پەرلەماندا دروست کردووە کەچی ئەم دیاردەیە هەر هەیە و ئێمە هەموو ڕۆژێک هەواڵە دڵتەزێنەکان ئەبیستین، ئایا چی گۆڕاوە چ شتێکی هاتۆتە سەر؟**

**جەمال موحسین:**

ڕاستە وەک پێشووتر ئاماژەم پێدا و لە نەوەدەکاندا خۆیان دەستیان بەو کارە کرد ئێستا ئەوان بەو شێوە ڕاستەوخۆیە ئەنجامی نادەن بەڵام من نازانم ئەگەر تەنانەت مرۆڤ تۆزێک ئەم مەسەلەیە زیاتر لێک بداتەوە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ بوونی مەسەلەکە لە کوێدا ئەبینێت؟ سەیرکە لە کومەڵگای کوردستاندا بەبەرچاوی خەڵکەوە تەنانەت پۆلیس وەستابوو یەک کۆمەڵ پیاو بە بلۆک ژنێکیان ئەکوشت (کەیسی دوعا) و ئەوە جێی داخی کۆمەڵگا بوو و ڕاپچڵەکاندین. دواتر کەیسی دونیا، بینیمان کچە گەنجەکە ئەکوژرێت کەچی لەم وولآتی ژێر سایەی کوردایەتیدا خۆپیشانیان ئەکرێت و دروشمی ئەوە بەرز ئەکرێتەوە ئەڵێن ئەگەر ئەوە کچی ئێمەش بوایە وامان ئەکرد. یانی چی دەسەلآت ڕێگا ئەدات بەمە ئەگەر نەک پێی خۆش نییە بگرە ئیشیشی پێی نییە؟ تازەترین کەیس ئەوکچەی کە لە پارکی دایک لە سلێمانی کوژرا دوای چەند ساڵ مەسەلەکەی سەری هەڵدایەوە بەهەرحاڵ کابرای بکوژ دێت و ئەڕوات یان لە پرێکدا ئەکوژرێت بۆ ئەوەی هەرچی نهێنیەک لەو کەیسەدا هەیە ببرێتە ژێر گڵەوە. من شەخسی خۆم ئیتر ئەمە بە ڕاستەوخۆبوون ئەیبینم. دادگایەکم پیشان بدەن لەسەر بکوژانی ژن ئەنجامی هەبووبێ. ئەگەر بەپێی ئاماری نارەسمیش بێت چەند قاتی هەڵەبجە ژن کوژراوە کەچی بکوژەکان لە زینداندا نین. ئەوان ئازادن کەچی ژنیش ئەبێت لە ترسا بێت و سوپاسی ئەوە بکات لە ژیاندا ماوە. چ لۆژیکێک ئەتوانێ ئەمە قبوڵ بکات؟ ئاخر چۆن دەسەلآت ئەڵێت لیژنەی خانمانی داناوە لە پەرلەماندا دەزگای بە ناو دژی توندوتیژی داناوە بەڵام ئەوانە خەریکی ئامار کۆکردنەوەن ئەویش چ ئامارێک، بەو کەم و کورتیەش ئەگەر خەڵک بوێرێ و بچێت لە شوێنێک شەکوایەک پێشکەش بکات. بەداخەوە کەم لە ژنان هەیە دەستدرێژی سێکسی لەلایەن پیاوەکەیەوە نەکرێتە سەر، کە ڕەزامەندی لەسەر نییە، و چاویشی شین نەکرێتەوە خۆ ناتوانێت بڕوات لەوێ ڕاوێژ بکات. یان کاتێک ژنێک یان کچێک لەلایەن کەسوکاریەوە لێیئەدرێت و هەڕەشەی کوشتنی لێئەکرت، ناتوانێ و ناوێرێ بڕوات لەوێ ڕاوێژ و شکات بکات، ئەڵێ حەیام ئەچێت لەناو کۆمەڵگادا، تۆمەتێکم بۆ دروست ئەکرێت دوایی کەسوکارەکەی خۆشم بڕوام پێ ناکەن. لەبەر ئەوە کەشێکی گشتیان دروست کردووە کە بتەوێت و نەتەوێت

## جەمال موحسین

ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ ئەم هەلومەرجەی لە دژی ژنان دروست کردووە. ڕاستە ئێستا کەسێک کە ئەچێت ژنێک ئەکوژێت ڕەنگە پاسەوانی تایبەتی فلانە بەرپرسی حزبی نەبێت بەڵام دوایی ئەو حزبە ئەچێت دالّدەی ئەدات یان ئەیشارێتەوە. خۆیان لە هۆڵەکانی پەرلەماندا دائەنیشن یاسایەکیان بۆ دەرئەکەن، یان لێبوردنێکی گشتی دەرئەکەن بۆ ئەوەی ئەو کەسانەش بگرێتەوە . ئەی ئەمە ڕاستەوخۆبوون نییە چییە؟ من ناتوانم هەتا تەسەوری بکەم هەزاران بکوژ هەیە خۆ ئەبوایە لانی کەم سەدانیان بخستایەتە بەردەم دادگا و حکومیان بەسەردا بدرایە هەر نەبێ لەبەر خاتری پاراستنی کۆمەڵگا و مافەکانی کۆمەڵگا. کاتێک دەسەڵات ئەم کارە ناکات بەواتای بەشداربوونیەتی. ئاخر بێ دەنگ کردن لە تاوانیش مانای شەریکیە لە تاواندا. بەپێی یاسا و پێوەرە جیهانیەکان سەیری بکەیت ئەگەر کەسێک چاوی لە یەکێک بێت کە تاوانێک ئەنجام ئەدات و قسە نەکات یان خەبەر نەدات یان ڕێخۆشکەری بۆ بکات یان دوایی نەچێت بڵێ ئەوە فلانە کەس بووە و من دیومە یانی چی؟ یانی بەشداریکردن لەو تاوانەدا. کەواتە دەسەڵاتیش ئەگەر وەک ساڵەکانی سەرەتای نەوەدەکان خۆشی نەیکات، کە چاو پۆشی لێ ئەکات یانی ڕێخۆشکەر و بەشداری ئەو تاوانەیە. لەوانەیە بڵێن ئێستا ئێمە یاسامان هەیە ئەی بۆچی لە هیچ دادگایەک و هیچ شوێنێک کاری پێ ناکرێت؟ ئەمە بە مانای هاوبەشی کردنەکەیە. بۆیە بە بڕوای من مرۆڤ نابێت بکەوێتە شوێن ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ بوونی دەوری ئەوانە. ئینجا بە بڕوای من قسەکە دێتە سەر ئەوەی باشە چی بکرێت؟ ئەو هەموو ڕێکخراوانەی ژنان هەیە کە لەوانەیە ڕاستەوخۆ لەژێر باڵی دەسەڵاتیشدا نەبن خۆیان بە فێمینیست و هەڵسوڕاو ئەزانن ئەمانە چی بکەن؟ ئەگەر بواربێت لەسەر ئەم لایانەیان قسە ئەکەین.

**ڕادیۆی پێشەنگ: بەدڵنیایی هاوڕێ جمال دێینە سەر ئەو باسە. بۆ ئەوەی گفتوگۆکەمان زیاتر لایەنی دیاردە و کێشەکە بپۆشێت پێم خۆشە پرسیارێکی تر بکەم؟ بەرلەوەی بچینە سەر ڕۆڵی ڕێکخراوەکانی ژنان چی بوە وە چارەسەری چیە. پرسیارەکەشم ئەوەیە کە زۆرباشە کەواتە ئێستا لە قسەکانی تۆوە دەرئەکەوێت کە هەموو شتێک دژی ژنە. لەلایەکەوە دەسەڵات فەرهەنگێک نوێنەرایەتی ئەکات کە هانی کوشتنی ژنان ئەدات لەلایەکی تریشەوە یاسایەک دادگایەک نییە، بەپێچەوانە یاسای فرەژنی هەیە. لەلایەکی ترەوە دین و پیاوسالاری ئەمانە هەمووی هانی سەرکوتی ژنان ئەدەن. تەنات خودی ئەوەی کە دەسەڵات و پێکهاتوەکانی دەوروبەری هیچ وەڵامێک بۆ ئەم کێشەیە نادەنەوە و جدی نین لەسەری. کەوایە ئەکرێت بڵێین ئەم دیاردەی کوشتنی ژنانە بە بەهانەی ناموس لە کۆمەڵگای کوردستان لە هەلومەرجێکدایە کە خۆی نەگرتووە و کۆمەڵگایەکی نادامەزراوە و**

## پێویستە بەر بەم کوشتار وتوندوتیژیە دژ بەژنان بگرین!

**ناجێگیری سیاسی و دەسەلاتی میلیشیایی هەیە. زۆر جار مەسەلەی ژنان ئەبێتە کارتێکی سیاسی بۆ ساتوسەودا لەگەڵ کۆنەپەرستیدا بۆ ئەوەی کە بۆ نمونە چاوپۆشن لە کابرایەک کە ژن ئەکوژێت ئاخر خۆیان چاویان لەبەر پرسەکانی خۆیان کردووە، مەکتەبی کۆمەلایەتیان کردۆتەوە تا چەند پێتان وایە خودی ئەم واقعە کۆمەڵگایەکی لەبەردەم ڕۆیشتوی بۆ کوشتنی ژنان پێک هێناوە؟**

**جەمال موحسین:**

بەداخەوە ئەمە زۆریشی خەیاندوە تا ئێستا بیست و حەوت ساڵە بەلام جارێ با لەو خاڵە بدوێم کۆمەلگای کوردستان وەک چۆن ئەلێی قەوامی نەگرتوە. بە بڕوای من ئەمە ئەگەر بۆ دەسەلات یان لایەنگرانی ئەو فەرهەنگی ژن کوشتنە پاساوێک بێت، بۆ کەسانێک کە لە ناخەوە دژی ئەم دیاردەیەن و بەڕاستی بیانەوێت کارێک بکەن ناتوانێت پاساوێک بێت. با من نمونەیەک بهێنمەوە، کوردستان ئەگەر بەوجۆرەش بێت کە لە گۆشەی جیاجیاوە دەسەلاتی جیاوازی تیابووە، هەندێ ناوچە لەژێر دەست و دەسەلاتی یەکێتی بووە و هەندێکی تر هی پارتی وە هەتا بە پاڵپشتی ئێران ماوەیەک ناوچەی هەڵەبجە و خورماڵ کەوتوە ژێر دەسەلاتی ئیسلامیەکان. ئایا ژیانکردن لەم ناوچانەی دوایی بە هەمان ژیانکردنی ناوچەکانی تر بوو؟ بێگومان نا، وە بگرە زۆر خراپتر و دواکەوتووانەتر بووە. کەوایە ئەوەی کە گرنگە و ڕۆڵ ئەگێڕێ جۆری دەسەلاتەکەیە، یاساکەی و فەرهەنگەکەیەتی. ئەگەر ئێمە کۆمۆنیستەکان لێهاتووتر بووینایە و توانای ئەوەمان هەبوایە کە نەک شارێک ناحیەیەکیشمان بە دەستەوەبووایە چاوەڕوانی ئەوە نەئەبووین بڵێین کوردستان ئەبێت ببێت بە دەوڵەتێک ئنجا بچین یاساکانی خۆمان بکەین بە یاسای ئەو کۆمەلگایە و فەرهەنگی خەڵکەکەی. ئەچووین هەر لەو شوێنە یاساکانی خۆمانمان پیادا ئەکرد کە یاسای یەکسانی ژن و پیاوە و بە تەواوی جێگیرمان ئەکرد. ئەو دادوەر و دادگایەی دامان ئەنا ئەمان ووت ئەمە یاسای ئەم ناوچەیەیە و کەس بۆی نییە لێیی لابات. ئیتر ئەگەر شێخ و مەلاکان لێمان نیگەران بوونایە پێمان ئەووتن ئەمە یاسای ئەم ناوچەیەیە ئەگەر بەدڵتان نییە هەموو ڕێزدارن وەک ئینسان بەلام ئێوە ئەبێ فەرهەنگی خۆتان بگۆڕن. گەر ناشیگۆڕن ئەبێ تەحەمولی ئەوە بکەن کە ئەمە یاسایە و ئەبێ پەیڕەوی بکرێ، وە ئەگەر نا ئەوا ڕووبەڕووی یاسا ئەبنەوە. بەلام دەسەلاتێکی لەو بابەتە بە داخەوە لە کوردستان نەهاتەدی. بۆیە خاڵەکەی من ئەوەیە وەک تێبینیەک بڵێم کە ناکرێ مەسەلەی پاراستنی ئینسان پەیوەست بکرێتەوە بەو چوارچێوەیەوە کە جوگرافیایەکی دیاریکراو لە پرۆسەی خۆپێکەوەناندایە و لە خۆدروستکردندایە و باری ئابوری هێشتا نەگەیشتۆتە ئاستێکی بەرز و پێوەرە دیموکراسیەکان خۆیان نەگرتووە و هێشتا بەهاکانی

## جەمال موحسین

کۆمەڵگا نەگەیشتۆتە ئەو بەها باوانەی کە لە کۆمەڵگا ئەوروپیەکاندا خۆیانی پێوە بائەدەن و شتی لەو بابەتە. ناتوانی تۆ بە منال بڵێی زللەکانی خۆت بخۆ و ژنان تا جاری ئەم مەسەلەیەی کوردستان ئەگات بە شتێک باس لە مافەکانتان و یەکسانی مەکەن و هتد. خۆ ئەگەر بزووتنەوەیەک نەیەتە پێشەوە ئەوان بەرێتە دواوە ئەوا بۆرژوازی کورد ئەکرێت تا چەند دەیەی تر بۆی بچێتە سەر و چەندەها ساڵی تر ئاوها بڕوات وە ڕەنگە بەرەو خراپتریش بچێت. ئەمە پەیوەستە بە هاتنەمەیدانی بزووتنەوەیەکەوە کە قەد و قامەتی خۆی لەبەرامبەر ئەو دەسەڵاتەدا بەرزبکاتەوە و تا کاتێک ڕایئەماڵێ بیخاتە ژێر فشارەوە و بڵێ بۆت نییە یاسا و فەرهەنگی بەمجۆرە ژنکوژی و توندوتیژی لە دژیان پیادە بکەیت. هاوکاتیش ئیتر ئەو بزووتنەوەیە خۆی کۆبکاتەوە و خۆی بگەیەنێتە ئەو ئاستەی کە ئەو دەسەڵاتە وەلابخات. دەسەڵاتێکی نوێی ئەوتۆ لەسەر بنەمای ئازادی و یەکسانی و ڕێز لە مرۆڤەکان بنیات بنێ.

**ڕادیۆی پێشەنگ: هاوڕێ جمال ئێوە خۆتان پێشتر باستان لە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و ڕێکخراوەکانی ژنان کرد بە تایبەتیش ئێمە خۆمان ئاگاداری ئەوەین کە لە ساڵانی ڕابردودا جووڵانەوەی ئازادیخوازی و یەکسانیخوازی و لەلایەن کۆمۆنیستەکانەوە مەسەلەی ژنان وەک مەسەلەیەکی کۆمەڵایەتی و سیاسی خرایە ڕوو. هەر لەو کاتەوە سەدان کۆڕ و سیمینارات سازکران، هەزاران پەڕە ڕەش کرانەوە، دەیان ئاکسیۆنی جۆراوجۆر و هەتا نارەزایەتیەکانی ژنان و جووڵانەوەی ژنان گەیشتە ئەوروپا و یەخەی دەسەڵاتدارانی گرت تائەو ڕادەیەی گەیشتە سەر ئەوەی کە دەسەڵاتداران هاواریان لێبەرزبۆوە و وتیان تکایە دەسەڵاتی کورد لە ئاستی ڕای گشتی و دنیادا ناشرین مەکەن. هەمووئەمانە جووڵانەوەیەک نیشان ئەدەن کە کەم تا زۆر ڕووبەڕووی ئەم دیاردەیە بۆوە و داکۆکی لە مافی ژنان کردوە وە شەڵتەری پارێزگاری لە ژنان هەبووە، جووڵانەوەکە ڕابەرانی خۆی هەبووە و گۆڤار و ... هتد هەبووە. سەرەڕای ئەم هەموو هەوڵانە بۆچی نەتوانراوە ئەم دیاردەیە و ئەم هەڕەشانە سوک و کەم بکاتەوە لەسەر ژنانی کوردستان وە ئیتر ژنان هەست بکەن کە ناکوژرێن بە بەهانەی ناموسەوە کاتێک کە عەشق بکەن دڵداری بکەن، بچنە سەر جادە یان جلێک لەبەر بکەن یان مۆبایل و تەکنۆلۆژیای تازە بەکار بهێنن. ئایا ئەم جووڵانەوەیە بەر کوێی ئەم دیاردەیە کەوتووە؟**

**جەمال موحسین:**

من پێم وایە ئەو بڕگە مێژووییەی ساڵەکانی نەوەدەکان کە تۆش نموونەی سەنتەری پارێزگاری لە ژنانت باس کرد کە ڕابەران و قسەکەرانی خۆی هەبوو، کۆمۆنیستەکان و

## پێویستە بەر بەم کوشتار وتوندوتیژیە دژ بەژنان بگرین!

خەڵکی ئازادیخوازی تیا دەرکەوت و هاتنە دەنگ، ئەو بڕگەیە کە وەک باسیشم کرد ئەوانی ناچار کرد و تا ئەو ئاستە پاشەکشەی پێکردن لە یاساشدا کوشتنی ژنان لەژێر بیانی ناموسدا بسڕنەوە. بەڵام کە ئەم بزووتنەوەیە پاشەکشەی پێ کرا و لیێکوژرا ئەو مەسەلەیەش خۆی هاتە دواوە. بۆ ئەم بڕگەیە ئەم جووڵانەوەیەی تیا بوو بەبڕوای من ڕادیکەڵانەبوو، ئەچوو بە گژی دەسەڵاتدا و تەحەدای ئەکرد و یاسای بەدیلی ئەخستە بەردەم کۆمەڵگا، بەڵام ئەوە چووە دواوە و پاشەکشەی پێکرا پێش ئەوەی بتوانێ ناوچەیەکی خۆی دابمەزرێنێ کە تیایدا یاسای یەکسانی ژن و پیاو پیادەبکات. ئەمە ئیتر باسێکی ترە و لێرەدا نایەینە سەری. لەدوای ئەو بڕگەیەوە، واتە لە دوو هەزارەکانەوە بەرەو سەر ئیتر بۆرژوازیش فێر ئەبێت و تەجروبە وەرئەگرێت. سەرباری پاشەکشەکردن بەو بزووتنەوەیە خۆشی لە هەوڵی فریودان‌دا بوو و بە ناوی پاراستنی ژنانەوە چەند ڕێکخراو و شەڵتەر و دەزگایەکی دانا. بەڵام لەو شوێنانەشدا سوڵحی عەشەیاری هەیە و ئەچێتە پێشەوە و ژن ناچار بە ملکەچکردن بۆ توندوتیژی و فەرهەنگە پیاوسالارانەکان ئەکەن. یاخود فشارێکی کۆمەڵایەتی زۆر ئەهێنن بۆ ژنەکە تا بگەڕێتەوە بۆ ماڵەوە و کێشەکەشی بۆ چارەسەر نەکرابێ.

یان گەر نموونەیەکی کتێبی ئۆقیانوسێک لە تاوان بهێنینەوە کە داتای تیایە، هەڵدانەوەی چ پەردەیەکە لەسەر ئەوانەی کە بەرپرسانی دامودەزگاکان چی بەرامبەر بە ژنان ئەکەن؟ یان چ زۆر کردنێک لەسەر ژنان هەیە بۆ ناچار کردنیان بە لەشفرۆشی و خستنە ناو باندەکانی خۆیانەوە. ئەوە لەلایەکەوە لە لایەکی تریشەوە ڕێکخراوی تر هەیە کە پێیان ئەوترێ ئین پاوەرمێنت ئەمانە لە باشترین حەڵەدات لەوانەیە ژنانێک فێری کاری دەستی یاخود دوورمان بکەن و لەم حەڵەتەشدا ئەبن بە ژنێکی کرێکار کە لە دەرەوەش ئەبێت ڕازی بن بە کرێیەکی کەم لە ماڵەوەش ئەبێت ئیشی ماڵەوە بکەن و بەو ڕادە زۆرەش لە ماندویەتیەوە ئەبێ سێکس لەگەڵ مێردەکانیان بکەن هەتا ئەگەر بە دڵیشیان نەبێ یان نەتوانن. خۆ ئەمجۆرە لە کار ژنانی لەو ژێردەستەیی و پلەدووییە دەرنەکردووە. لەلایەکی تر ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی کە چەند کۆرس و ۆرکشۆپێک ئەکەنەوە بەڵام ژنکوشتن و هەتا ڕووبەڕووبوونەوەی توندوتیژی بە کۆرس و ۆرکشۆپکردنەوە پێشیپێناگیرێ. ئەمە خەباتێکی کۆمەڵایەتی و هەمەلایەنەیە. ئەبێت یەخەی دەسەڵات بگرێ و توند ڕایوەشێنن و بڵێ ڕائەوەستی باشە ڕاناوەستی، ئیتر ئەو بزووتنەوەیە ئەبێ لە ژێرەوە یەک بزووتنەوەی جەماوەری ساز بکات و ڕاییماڵێ. ئەگەر ڕێکخراوێکی ژنان ئەم جۆرە لە کار و ئاسۆی نەبوو ناگات بە هیچ ئەنجامێک. ئەمە هەر بۆ کوردستان وانییە بۆ وڵاتانی تریش هەروایە. بە داخەوە بەتایبەتی ئەو شوێنانەی شەڕ ڕووی تێکرد و بەتایبەتی دوای

## جەمال موحسین

هاتنی داعش پیسترین مۆدێلی لە فرۆشتنی ژنان و مۆدێلی کۆیلەی سێکسی کە بە ئاشکرا لەم سەردەمە مۆدێرنەدا لە تەلەفزیۆنەکانەوە پیشانی دنیا ئەدرا زۆر کۆمەکی کرد بە چوونە دواوەی بزووتنەوەی یەکسانیخوازی ژنان و ڕێکخراوەکانی. تا کار گەیشت بەوەی کە هەندێ لەم ڕێکخراوانە مەمنون بوون بەوەی قوربانیانی دەستی داعش دکتۆری دەرونیان بۆ پەیدا بکەن و ئەیانووت ئەبێت بێنەوە و ببنەوە بە بەشێک لە کۆمەڵگا. زۆر باشە ئەو کۆمەکە بکە و ئەوە خزمەتێکە بەڵام ئاخر ئایا ئەچویتە سەر ئەوەی کە داعش لەگەڵ کێدا بازرگانی کرد کە بەبەرچاویەوە وای بەسەر ژنان هێنا؟ ئاخر بە بڕوای من مەسەلەکە ئەوەیە کە ئەگەر کاری ڕێکخراوەکانی ژنان سیاسی نەبێتەوە بەجۆرێک کە دەم لە دەسەڵات بکوتێ یان بۆ هەموو شتێک لانی کەم یەخەی دەسەڵات بگرێ، ئیتر کارەکانی بەرهەمێکی ئەوتۆی نابێ. دە سەیرکەن گەروانییە ئەو هەموو ۆرک شۆپە ئەکرێت ئێستاشی لەگەڵدا بێت، چی گۆڕیوە؟ هەموو ساڵێک لە بیست و پێنچی یانزەدا کە ڕۆژی بەرەنگار بوونەوەی توندو تیژییەکانی دژی ژنانە ئەنواع و ئەشکاڵیان دێنەسەر تەلەفزیۆنەکان و ۆرکشۆپ ئەکرێت. ئەو هەموو پارەیە بە ملیارەها خەرج ئەکەن و تەنانەت نوێنەرانی یوئێنیش لەوێن بزانە کەسێک دێتە سەر مینبەر و بڵێت ئەگەر ڕاست ئەکەن دادگایی کردنی بکوژەکان کوا؟ پێیان بڵێ ئەگەر ڕاست ئەکەن ئەم هەموو پارەیەتان سەرف کردووە ئەم پارەیە و ئەو پارانەی تریش کە بۆ دامودەزگاکانی تر سەرفتان کرد ئا بیهێن لەم لاوە نەک شەڵتەرێکی لێ دورست بکەین ژنی تیا بشارینەوە بەڵکو پیاوەکان بگرن و بیانخانە زیندانەوە. پارە ئەبێت بۆ ئەمە سەرف بکرێت. چەندین تیمی پارێزگاری لە ژنان و لە منالان لە قوتابخانەکان و فەرمانگەکان و کۆمەڵگادا دابنرێن و بەدوای ئەم مەسەلەیەوە بن. لە خێزانەوە دەست پێ بکرێت هەر کەسێک کە توندوتیژییەکە ئەکات لەژێر فشاری کۆمەڵگا و یاسادا بێت نەک بە پێچەوانەوە. هەتا ئێستا هیچ ڕێکخراوێک خەریکی ئەم جۆرە لە کارکردن نییە بەداخەوە. لەگەڵ ڕێزم بۆ ئەو کەسانەی کە نیەتیان باشە و ئەیانەوێ خزمەتێک بکەن بەڵام بەمجۆرە لە کار ناتوانێت ئەگەر بیتوانیایە پێشی ئەگرت بە کوشتاری ژنان یان توندوتیژی لە دژیان یان کەمیئەکردەوە. پێم وایە پێویستمان بە ڕێکخراوێکە ڕادیکاڵانەتریش بجوڵێتەوە و خەبات بکات لەوەی کە ئێمە پێشووتر تەجروبەمان کردوە لە کوردستاندا کە ڕێکخراوی سەربەخۆی ئافرەتانمان هەبوو ژنان و پیاوانی ئازادیخواز و یەکسانیخوازی لەخۆگرتبوو. ئەبێ ڕێکخراوێکی لەم بابەتە هەبێت و بەم ئاسۆیەوە کار بکات نەک ئیکتفا بکات بەوەی کۆرسێک یان ۆرکشۆپێک بکاتەوە. بەداخەوە تا ئێستا ئەم شتەناش کراوە ئەڵام پێشی پێ نەگرتووە یانی عەمەلی نییە و ئیمکانی نییە و ئەو ئاسۆیەی نییە. وە بەبڕوای من دروستکردنی ڕێکخراوێکی لەم جۆرە لەپێش هەمووواندا ئەرکی ئێمەی

## پێویستە بەر بەم کوشتار وتوندوتیژیە دژ بەژنان بگرین!

کۆمۆنیست و سۆشیالیستەکانە. ئیمە بە بەرچاوی هەمووانەوە هەموو ڕۆژێک ژنان و کچان ئەکوژرێن لەبەر ئەوەی خۆشەویستی ئەکەن، باشە ئەبێت خۆشەویستی قەدەغە بێت یان ئینسان کوشتن؟ ئەگەر ئێمەی کۆمۆنیست و سۆشیالیست و هەر کەسێکی ئازادیخواز و یەکسانیخواز نەیەینە سەر ئەم مەسەلەیە و ئەم بابەتە نەوروژێنین ئەوە سەر ئەنجام ئەم بارودۆخە درێژە ئەکێشێت بۆ ئایندەیەکیش کە نازانرێت چەند ساڵی تر ئەخایەنێت بەداخەوە.

**ڕادیۆی پێشەنگ: وەک دواهەمین بەشی گفتوگۆکەمان ئەمەوێ بێینە سەر ئەوەی چارە چییە؟ جووڵانەوەی یەکسانیخوازی ژنان و هەڵسوڕاوانی ڕێکخراوەکانی ژنان و ئازادیخوازان لە کوێوە دەست پێ بکەن؟ یاسا بگۆڕن، دەسەڵات بکەن بە عیلمانی، دین جیا بکەنەوە لە دەوڵەت و پەروەردە، فەتوای مەلاکان دەم بەست بکەن، دەسەڵات ناچاربکرێ وەکو تۆ وتت شێڵتەر و هاوکاری بۆ قوربانیان پێکبهێنێ؟ لە کوێوە دەست پێبکرێ تاکو لانی کەم لە ئێستادا بەر بەم بەربەریەتەی دژی ژنان بەرێکەوتووە بگرێ؟**

**جەمال موحسین:**

لە ئێستادا کە ڕێکخراوێکی لەو جۆرەمان نییە کە باسم کرد ئەتوانین لە چەند خاڵێکەوە دەست پێ بکەین. یەکەم سەپاندنی یاسای سێکولاری بەسەر دەسەڵاتدا. ئێمە ئەزمونێکی لەو بابەتەشمان هەبوو و دەستمان دایە بەڵام لە نیوەی ڕێگادا وەستا و نەیتوانی بەردەوام بێ. دووەم خۆپیشاندانی گەورە و فراوانی ژنان و پیاوانی ئازادیخواز تا بتوانین برگەی یاسایی تازە بسەپێنین بەسەر دەسەڵاتدا نەک هەر برگەی کوشتن لەژێر ناوی ناموسدا نەبێ، بگرە کوشتنی ژنان وەک هەر کوشتنێکی تری بە ئەنقەست بەحساب بکرێ و خەڵک لە دەوری یاسایەکی وا کۆببنەوە. خاڵێکی تر ئەوەیە کە ڕاشکاوانە ڕایبگەیەنین لە هیچ کەسێکی قبوڵ ناکەین کەناڵی ڕاگەیاندن بێ یاخود مینبەری مزگەوت کە سوکایەتی و توندوتیژی دژ بە ژنان بڵاوبکاتەوە. گەر بتوانین چ لە ناوەوەی کوردستان و چ لە دەرەوە کارێک لەسەر ئەم مەسەلەیە بکەین و ١٠ مەلا بدەین بە دادگا و حوکمیان بەسەردا بدرێت یانی کارێکمان کردووە. کارێکی تر هەر ئێستا بیکەین ئەوەیە مەلەفی بکوژەکان هەڵبدەینەوە و بانگ بکرێنەوە بۆ دادگا و سزای خۆیان وەربگرن. ئەگەر لێرەوە دەست پێ بکەین ئەتوانین ڕێکخراوێکی لەو بابەتە دروست بکەین. بۆیە من پێم وایە جەخت لەسەر دەسەڵاتێکی سێکیولار و پاشەکشەکردن بە دین ئەتوانێ لەسەرەتادا هەنگاوێک بێت و لەیەکمان نزیک بکاتەوە و بەرەو ئەو جۆرە ڕێکخراوەمان ببات. لە دووەمیشدا یاسای بەدیل و یاسای وەستانەوە بە دژی کوشتنی ژنان. ساڵێک لەمەو بەر ژنێک لە پەکستان

## جەمال موحسین

کوژرا دنیا ڕژایە سەر شەقام لای خۆمان ڕۆژانە ژن ئەکوژرێت و کەچی جوولەیەک دروست نابێ، یانی ئایا ئیمکانی نییە خۆپیشاندانێکی چەند سەد کەسی ڕێکبخەین؟ ئاخر خۆ چەک لە دەسەڵات هەڵناگرین لەو خۆپیشاندانەدا بەڵام پێداگری ئەکەین و کۆتایی پێ ناهێنین و درێژە بە کارەکەمان ئەدەین هەتاکو ئەبینین چەند بکوژێک ئەدرێن بە دادگا و بە ئاشکرا تاوانەکەیان بۆ کۆمەڵگا ڕائەگەیەندرێ.

**ڕادیۆی پێشەنگ: وەک دوایین پرسیار، ڕۆڵی کار لە دەرەوەی وڵات چییە؟ ئازادیخوازان هەڵسوڕاوان و داکۆکیکاران لە مافەکانی ژنان، هەر کەسێک کە دەرکی ئەوە ئەکات کە ئەم کوشتنەی دژی ژنان لە کوردستان بەربەریەتێکە هیچ پاساوێک هەڵناگرێ چی بکەن؟ ئەتوانرێت دەرەوە ببێت بە سەنگەرێک دژی کوشتنی ژنان؟**

**جەمال موحسین:**

بەڵێ ئەتوانرێت و لە دەرەوەش ئیمکانی هەیە بەڵام جۆری کاری ئێرە جیاوازە و تۆزێکیش سەختتریان کردوە. لێرەدا ئەبێ ئاماژە بە دوو خاڵ بکەین. یەکەم، کاریگەری بیروڕای دەسەڵاتی کوردی لەناو ڕەوەندی کوردیدا بەهێزە و بە داخەوە بیروڕای کۆنەپەرستی و پیاوسالاری و ناموسپەرستی سایەی هەیە. کوشتنی ژنان لە ئەوروپاش بەدەستی کورد کەم نییە بەڵام لەلایەکەوە ڕووبەڕووی ئەوەین دژایەتی ئەم دەسەڵات و فەرهەنگە بکەین و پێداگیری بکەین لەسەر سزادانی ئەوانە. بەهەرحاڵ ئەمانە ئەدرێن بە دادگا بەڵام لە ژێر بیانوی نەخۆشی دەروونیدا کەم نەکرێنەوە و هەر وەک کوشتنێکی تر سەیر بکرێن. دووهەمیان، کە کاری ئێمە قورس ئەکات ڕووبەڕووبوونەوەیە لەگەڵ ئەو وواڵتانە خۆیاندا. یانی چی ڕەوەندی وڵاتەکان ڕەوانەی ئەوە ئەکەن کە خۆیان پێی ئەڵێن (سەرۆک ڕەوەندەکان، کۆمیونیتی لیدەر) و ژیانی ئەو خەڵکە بەپێی پێوەرە لۆکاڵیەکانی ڕەوەندەکان دیاری ئەکەن؟ خۆیان زۆر باش ئەزانن کە لێرە کچێکی خوار هەژدە ساڵ ئەدرێت بە شوو کە خۆی ئەمە یاسایی نییە بەڵام ئیمامێک بەشێوەی دینی ڕەسمیەتی پێئەدات. ئەوەش ئەبێ بە کاری ئێمە کە ئەبێت پیان بڵێین ئێوە مافتان نییە بەو جۆرە جیاوازە مامەڵەی خەڵکی تر بکەن و هاوڵاتی هەر هاوڵاتیە و ئەبێ یەک یاسا ڕەچاوبکرێ بۆ هەمووان و نابێت لەژێر بیانوی گوایە ئەمە فەرهەنگی خۆیانە و فەزای خۆیانە دەست لەبەرامبەر ئەم مەسەلانەدا شل بکرێ، دەنا ئەوەش هەر کۆنەپەرستانەیە کە لەژێر ناوی فرەکولتوریدا بەڕێوەئەچێت. لەلایەکی ترەوە سەرانی دەسەڵاتی کوردستان دێن بۆ وڵاتانی ئەوروپی. ئەگەر هەڵسوڕاوانی ژنان و کەسانی یەکسانیخواز کۆڕ و کۆمەڵەکانیان لێتێکبدەن و ئەم مەسەلەیەیان لێ بوروژێنن و یەخەی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بگرین لەسەر ئەوەی فەرشی

## پێویستە بەر بەم کوشتار وتوندوتیژیە دژ بەژنان بگرین!

سوور بۆ دەسەڵاتێک رائەخەن کە لەژێر سایەیدا هەزاران ژن کوژراون. شکاندنی شەخسیەتی سیاسی ئەوان بەبڕوای من ئەکرێ وەک کارێک لەپێناو گێڕانەوەی شکۆ بۆ ژنان تەماشای بکەین. ئەگەر کاتێک دێن بۆ هەر وڵاتێک بچین و بە دەسەڵاتی ئەو وڵاتە بڵێین ئەمانە کە بە ڕووکەش خۆیان مۆدێرن نیشان ئەدەن و لە کوردستان ٤ ژن ئەکەن بە موڵکی پیاو بە یاسا، ئەوا ڕسوایان ئەکەین. ئەوە شتێک ئەکات بەشتێک بەڵام ئەگەر ڕسوایان نەکەین ئەوە لێرەش بۆیان ئەچێتە سەر.
بۆچی ناکرێ ڕێکخراوەکانی ژنان لەسەر ئاستی ئەوروپا یان سکەندەناڤیا یان هەتا نێودەوڵەتیدا کۆنفرانسی گەورە بگرن دژ بە کوشتنی ژنان؟ خۆ لێرە دەستئاوەڵاترن و هەتا ئیمکانیەت لەبەردەستیاندایە. ئەکرێت ئەم کارە بکرێت. هیوادارم دەست پێ بکەین و ئەمە وەک بانگەوازێک بۆ دەستپێکردنی کارێکی لەم بابەتە چاولێبکرێ.



خەسرەو سایە

# نیولیبرالیزم، لە ئایدیاوە بۆ جیهانسازیی سەرمایەداری*

## بەر لە دەسپێکی باسەکە:

ڕەنگە وا باشتر بوایە، بەرلەوەی باسێکی ئاوا بکەین، لەپێشدا لەسەر چەند بابەتی تر قسەمان بکردایە تا بە ڕۆشنی و بە شێوەیەکی واقعی باسی نیولیبرالیزممان بخستایەتە نێو چوارچێوەیەکی دروستی خۆیەوە. لەوانە دەبوایە یەکەم: باسمان لە ئیمپریالیزم وەک باڵاترین قۆناغی سەرمایەداری، وەک ئەوەی لە درکی لینیندا بەرجەستەیە بکردایە، چونکە بەشێکی زۆر لەو ڕەوتە چەپانەی کە باس لە نیولیبرالیزم دەکەن، باس لە شتێکی جیاواز و لەدەرەوەی ئیمپریالیزم، چ وەک ئەوەی باڵاترین قۆناغی سەرمایەداری و چ وەک سیستمێکی ئابووری زاڵ بەسەر جیهاندا، دەکەن و ئەو وێنایە لە نیولیبرالیزم دەدەن بە دەستەوە کە هەر خۆی شوێنی سەرمایەداری و شوێنی ئابووری جیهانی سەرمایەداری لە قۆناغە باڵاکەیدا گرتۆتەوە. دووەم: دەبوایە لەپێشەوە باسێکمان لە تیۆری قۆناغبەندی کۆمەڵایەتی و دەورانی سەرمایەداری لەلای مارکس بکردایە، چونکە نیولیبرالیزم لە ڕەوتی چوونەپێشەوەی دەورانی سەرمایەداری و ئابووری جیهانیدا هاتۆتە کایەوە و شتێکی لە

*/ ئەم باسە لەبەر ڕۆشنایی کۆڕێک ئامادەکراوە.

ناوەڕۆکدا جیاواز نییە لە دەورانی ئیمپریالیزم و کردەکانی. مارکس بە ڕۆشنی لەبارەی سەرمایەدارییەوە باس لە قۆناغەکانی سەرهەڵدان و شکڵگرتنی وەک پەیوەندییەک و سیستمێکی ئابووری کە قانونمەندی تایبەتی خۆی هەیە، دەکا و پاشان باس لە قۆناغی ڕەونەق و گەشەکردن و فراوانبوونەوەی سەرمایە دەکا و ئینجا دەچێتە سەر قۆناغی ڕکود و قەیران، لەم ڕەوەندەشدا لینین باسی ئیمپریالیزم وەک بالاترین ئاستی پێگەیشتنی سەرمایەداری، یانی قۆناغی ڕووڵەخواربوونەوە و دارمانی سەرمایەداری ئیزافە دەکات بۆ تیۆری قۆناغبەندی مارکس، کە دیارە لە هەموو ئەم قۆناغانەدا، قانون و کارکردە زاڵەکانی سەرمایەداری تایبەتمەندی خۆیان هەیە و دەبوایە لە چوارچێوەیەکی ئاوادا باسی نیولیبرالیزممان بهێنایەتە کایەوە، چونکە نیولیبرالیزم لە ڕەوتی چوونەپێشەوەی ئیمپریالیزمدا وەک بالاترین قۆناغی سەرمایەداری، شتێکی تر نییە جگە لە ڕەوتێکی بۆرژوازی، کە بە خەسڵەتنمای سیاسی و ئابووری و ئایدیۆلۆژی و کارکردی تایبەتی خۆیەوە هاتۆتە کایەوە و ڕەهەندەکانی جیهانی سەرمایەداری ئێستا لەخۆیدا عەکس دەکاتەوە. سێهەمیش: دەبوایە لەپێشەوە باسێکمان لە سەرمایەداری لە کوردستان و تایبەتمەندییەکانی بکردایە، چونکە ڕەنگدانەوە و کارکردەکانی نیولیبرالیزم و جێگای واقعی لە ئابووری کوردستاندا، کاتێک دەتوانرێ باسی لێوەبکرێ کە باسمان لە سەرمایەداری لە کوردستان، وەک سەرمایەداری ژێردەستەی ئیمپریالیزم کردبێت و تایبەتمەندییەکانی سەرهەڵدان و شکڵگرتنی، پاشان قۆناغەکانی پەرەسەندن و بەربەستەکانی سەر ڕێگای تا بە ئێستا گەیشتووە بخستایەتەڕوو. هەروەها باسمان لەوە بکرادیە کە ئەم سەرمایەدارییە میکانیزمەکانی کارکردنی لە ئێستادا چۆنە و چ جێگاوڕێگایەکی هەیە لە ئابووری جیهانی و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. بە پێچەوانەوە ئێمە ناتوانین هەروا نیولیبرالیزم بەشێوەیەکی میکانیکی بگوێزینەوە بۆ کوردستان و لەبارەیەوە قسەبکەین.. هیواردارم بتوانین بەدوای ئەم باسەدا لەسەر هەموو ئەوخاڵانەی ئاماژەم پێکرد کۆڕ و سیمیناری تایبەت بگرین.

ئێستا با بچینە سەر بابەتی کۆڕەکە خۆی.

## سەرەتا نیولیبرالیزم چییە؟

کەسانێک پێیانوایە نیولیبرالیزم ئایدیۆلۆژیایە، هەندێکی تر پێیانوایە سیاسەتە، کەسانێکی تر پێیانوایە پرۆژەیەکی ئابوورییە. لەمانەش زیاتر کەسانێک بە تەنها لە چوارچێوەی سیاسەتی بەتایبەتیکردن (خصخصە)دا سنووورداری دەکەنەوە و هەندێکی تر پێی دەڵێن "ئیمپریالیزمی نوێ"، وەیا "نیوکۆلۆنیالیزم". بە بڕوای من هیچ یەک لەمانە پێناسەیەکی دروست نادەن بەدەستەوە. نیولیبرالیزم یەک جووڵانەوەی تایبەتی چینی بۆرژوازیە کە پێشتر بە لیبرالیزم

## خەسرەو سایە

ناسراوە و لەژێر کاریگەرییەکانی ڕەوتی سەرمایەداری و بنبەستی ئاڵتەرناتیڤە بۆرژوازییەکانی تردا، ئاڵوگۆڕی بەسەردا هاتووە، ئاڵوگۆڕێک کە سەرتاپای ئەو پرەنسیپ و بنەما و سەرچاوە فکری و سیاسی و ڕوانگە ئابوورییانەی کە لیبرالیزم هەڵگری بوو، خستویەتیەلاوە و سەرچاوەگەلێکی تری هەڵبژاردووە، کە هاوتابێت لەگەڵ پیداویستیەکانی ڕێبەری کردنی بەشەکانی بۆرژوازی و سەرمایەداری جیهانیدا، لە قۆناغێکدا کە لەگەڵ قەیران و ناڕۆشنی و ئاڵۆزییەکانی خۆیدا بەرەوڕووە. بەمجۆرەش نیولیبرالیزم ڕەهەندێکی تایبەتە لە جووڵانەوەیەکی چینی بۆرژوازی کە لیبرالیزمە و هەڵگری ڕەگەیەکی فکری و ئایدیۆلۆژی، سیاسی و فەلسەفی جیاوازی خۆیەتی لە دنیای ئەمڕۆدا. بۆ ڕۆشنکردنەوەی ئەم خاڵە باشترە ئاوڕێک لە ڕەوتی لیبرالیزم بدەینەوە تا بزانین لە نیولیبرالیزمدا چی گۆڕاوە؟

## لەنێوان لیبرالیزم و نیولیبرالیزمدا، چی گۆڕدراوە؟

لیبرالیزم وەک جووڵانەوەیەکی چینی بۆرژوازی، باوەڕەکانی دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی١٨و ١٩، بۆ دەورەی سەرهەڵدانی سەرمایەداری و خەبات بۆ ڕاماڵینی دەرەبەگایەتی و بەربەستەکانی سەر ڕێگای پەرەسەندنی ئابووری سەرمایەداری، دەورانێک کە چینی بۆرژوازی هەڵگری خەسڵەتێکی شۆڕشگێڕانە بوو. چینی بۆرژوازی ئەوکات بۆ ئەوەی ئازادی بازاڕ و ئازادی جووڵەی سەرمایەکان زامن بکات و بەربەستە سیاسی و یاسایی و فەرهەنگی و ئابوورییەکان، کە لە دەرەبەگایەتییەوە مابوون هەڵگرێ، پێویستی بەوە بوو کە ئاڵوگۆڕێکی بنەڕەتی لە باوەڕ و سیاسەت و فەرهەنگ و دەوڵەت و سیستمی حوکمڕانیدا پێکبهێنێ، بەڕادەیەک کە هێزی ئامادەبەکاری کۆمەڵگا لە پیاوان و ژنان و تەنانەت منداڵانیش وەک هەقێک ڕاکێشێتە مەیدانی کارەوە. لیبرالیزم ئەو ڕەوتە بوو کە توانی ئەم گۆڕانکارییانە بەدەستبهێنێ. لیبرالیزم (بەپێی جۆن ستیورات میل، بیرمەندی پایەدار و ناسراوی لیبرالیزم) هەڵگری تیۆری ماف و مافی فەرد، ئازادی تاک و مافە مەدەنییەکان، ئازادی کار و نیشتەجێ بوون، دوورخستنەوەی دەستی ئاین لە ژیانی تاک و جیاکردنەوەی ڕۆڵی کڵێسا لە کاروباری دەوڵەت، سکولاریزم و یەکسانی هاوڵاتیان لەبەرامبەر یاسادا؛ لەبواری سیاسەتدا، دەوڵەتی دیموکراسی و پەرلەمانتاریزم و مافی دەنگدان و هەڵبژاردن وەک شێوەیەک بۆ دەخالەتی فەرد لە کاروباری وڵاتدا، لەڕووی ئابوورییەوە هەڵگرتنی گومرگ و دەسەڵاتە ناوچەییەکان و سیاسەتی حیمایەتی لەسەر بازرگانی و هێنان و بردنی کاڵاکان، هەڵوەشانەوەی ئیمتیازاتی مالیی پاشا و مەلیک و فەرمانڕەواکان و بەدیهێنانی هاوسەنگی و عەدالەتی کۆمەڵایەتی... هەموو ئەم ماف و پرەنسیپانەش خەسڵەتێکی

جیهانداگر و شمولییان هەبووە، کە لەچاو نیزامی دەرەبەگایەتی و سوڵتەی موتڵەقەدا، ئاڵوگۆڕێکی شۆڕشگێڕانە بوو. بەمجۆرە لیبرالیزم و باوەڕەکانی وەک جووڵانەوەیەکی چینی بۆرژوازی، ڕەنگدانەوەی سەردەمی خەباتی ئەم چینەیە بۆ وەلانانی دەسەڵاتی دەرەبەگایەتی و جێخستنی سیستەمی سەرمایەداری و لێرەشەوە زەرورەتی بۆ پەیدابووە.
بەڵام نیولیبرالیزم بە پلەی یەکەم زادەی قۆناغ و سەردەمێکی یەکجار جیاوازی سەرمایەداری و چینی بۆرژوازیە لەمەودایەکی جیهانیدا، واتە قۆناغی سەرهەڵدانی قەیران و بنبەستە ئابووری و سیاسییەکانی سەرمایەداری. تایبەتمەندترین خەسڵەتی ئەم ڕەوتە بۆرژوازیە لە دنیای ئەمڕۆدا بە دەستهەڵگرتن لە هەموو ئەو پرەنسیپ و بەها و مافانەی کە چینی بۆرژوازی و لیبرالەکان لە کۆمەڵگادا جێگیریان کردووە دەست پێدەکا و بە مانەوە لەسەر چەمکی ئازادی بازاڕ و ئازادی وەگەڕخستنی سەرمایە و چەوسانەوەی بێڕەحمانەی هێزی کار لەسەروو هەر بەربەستێکەوە پێداگری دەکات. بەڕادەیەک کە هەموو کردەیەکی سیاسی و ئابووری و قانونی و فەرهەنگی لە خزمەتی بەدەستهێنانی قازانج و سوودی سەرمایەدا بێت.
باسی ئازادی کە چەمکێکی مەرکەزییە لای نیولیبرالەکان، تەنها بەو مانایەیە کە ئازادی بۆ سەرمایە و کۆمپانیاکان، ئازادی بۆ بازاڕ و جووڵەی کاڵا زامن بکرێ تا سەرمایەداران بە ئازادانە قازانج کۆبکەنەوە. بەمجۆرە قازانج و سوودپەرستی، بە باوکی پێشکەوتن و گەشەی کۆمەڵگا و بە فاکتۆری بەدیهێنانی عەدالەت و هاوسەنگی نێوان فەرد و کۆمەڵگا لێکدەدرێتەوە. تەنانەت بۆ ئەوەی سەرمایە بە ئامانجی خۆی بگا و ئازاد بێت نابێ گوێ بدرێ بە تیاچوون و پەککەوتە بوونی ئینسانەکان، نابێ گوێ بدرێ بەوەی ستەمگەری لە ژنان دەکرێ، وە یان منالان دەخرێنە بەر کارەوە، بەساڵاچووان فەرامۆش دەکرێن، گرانی و بێکاری پەرە دەگرێ، جەنگ و قاتوقڕی و ماڵوێرانی ڕوو لە کۆمەڵگاکان دەکات؛ ئەمانە گرنگ نییە گرنگ سەرمایە و تاکی پارەدار و خاوەن کۆمپانیاکانە بتوانن قازانجی خۆیان بەدەستبهێنن. بێگومان ڕەوتێکی ئاوا لەچاو پێشینەی خۆیدا کە لیبرالیزم بووە، نەک هەر هیچ خەسڵەتێکی شۆڕشگێڕانەی نییە، بگرە سەرتاپا کۆنەپەرست و دژی ئینسانییە، ڕەوتێکی زاڵم و توندوتیژ و ستەمگەر، بێ مەسئول و مشەخۆر و چاوچنۆکە و تا ئەوپەڕی خۆی ڕاسیستە. نیولیبرالیزم ڕەوتێکی بۆرژوازیە کە پاش تێپەڕبوونی دەورانێکی درێژ لە گەشە و کەڵەکەی سەرمایە و سەرهەڵدانی قەیرانە یەک لەدوای یەکەکان شکڵی گرتووە و دواتر خۆی زاڵکردووە بەسەر دنیای ئەمڕۆدا. بەڵام با بزانین ئەم ڕەوتە چۆن شکڵی گرت و ئەو شەپۆلانەی تێپەڕاندووە کامانەن؟

**خەسرەو سایە**

## شەپۆلی یەکەم: نیولیبرالیزم لە ئایدیاوە بەرەو دەسەڵات:

سەرەتا ئایدیاکانی نیولیبرالیزم لە ساڵانی ١٩٣٠ بەدواوە، لەچوارچێوەی داکۆکیکردن لە ئازاد کردن و ڕەها کردنی کاملی سەرمایە و دژایەتی کردنی دەخاڵەتی دەوڵەت لە کاروباری ئابووری و بازرگانیدا، خۆی ناساند. بەڵام دواتر لەساڵی ١٩٤٧دا کۆمەڵێک لە ئابووریناس و فەیلەسوف و دانشمەندانی سیاسی و کۆمەڵناس، لە یەکێک لە شارەکانی سویسرا کۆدەبنەوە و کۆمەڵەیەک پێکدێنن و لەوێدا "بەیاننامەی ئازادی" ڕادەگەیەنن، کە لە جەوهەردا هەر ئەو ناوەڕۆکەی هەیە کە لە پێشەوە ئاماژەمان پێدا، واتە پێناسەی ئازادی تاک و گەشەی کۆمەڵگا و گەیشتن بە عەدالەتی کۆمەڵایەتی، لە ڕوانگەی ئازادی سەرمایە و بازاڕەوە.

لەنێو ئەم کۆمەڵەیەدا دوو کەسایەتی ناسراو ئامادەیە: یەکێکیان میلتن فریدمان، ئابووریناس و دامەزرێنەری قوتابخانەی شیگاگۆیە و ئەوی تریشیان کارڵ پۆپەرە، کە یەکێکە لە دامەزرێنەرانی فەلسەفەی پۆستمۆدێرنیزم. بەمجۆرە نیولیبرالیزم پێی نایە شەپۆلی یەکەمی خۆیەوە کە ئەویش گەڵاڵە کردنەوەی ئایدیا و باوەڕەکانی خۆیەتی، بەڵام دیارە باوەڕەکانی نیولیبرالیزم لەئاستی بەیاننامەیەکدا نەمایەوە و بگرە بە درێژایی چەندین دەیە ڕووی لە مەیدانەکانی ئابووری و سیاسەت و فەلسەفە و کۆمەڵناسی و دەوڵەت و هیتر.. کرد و لە هەریەک لەم مەیدانانەدا ئایدیاکانی خۆی لە چوارچێوەی سیستمێکی سیاسی و ئایدیۆلۆژیدا جێخست، تا ساڵانی حەفتاکانی سەدەی پێشوو، لەگەڵ بە دەسەڵات گەیشتنی مارگرێت تاتشەر لە بەریتانیا و ڕۆناڵد ڕیگن لە ئەمریکا، نیولیبرالیزم پێی نایە قۆناغێکی تر و لە شەپۆلی دووەمدا سەری هەڵدا، شەپۆلێک کە ئایدیاکان بە کردەوە دەردێن و هەڵگرانیشی پێدەنێنە دەسەڵاتەوە. بەمجۆرە نیولیبرالیزم وەک ئاڵتەرناتیڤێکی بەکردەوەی سیاسی ئابووری و دەوڵەتداری ڕەوتی ئیدارە و بەرەوپێشبردنی نیزامی سەرمایەداری دەگرێتە دەست و لەگەڵ سیستمی کاپیتاڵیستیدا خۆی جوت دەکا و ئیتر باوەڕە سیاسی و ئابووری و فەلسەفییەکانی، سەرمایەداری ئاڕاستە دەکات.

لێرەدا باشترە کەمێک لەسەر سەرچاوە و مەیدانە فیکری و سیاسییەکانی ئەم ڕەوتە ڕاوەستین تا زیاتر جیاوازییەکانی لەگەڵ لیبرالیزمدا دەرخەین و بزانین ئەو ئاڵوگۆڕانە چین کە تێیدا ڕوویداوە.

### ا/ لە بواری سیاسەتدا:

لاوەکی کردنەوەی دەوری دەوڵەت* و لاخستنی ڕۆڵی لە ئابووری وڵاتدا، بە جۆرێک کە

* ئەمە بەمانای ئەوە نیە ڕۆڵی دەوڵەت لەبەرامبەر کۆمەڵگا و جووڵانەوەی ناڕەزایەتییەکاندا ⟸

## نیو لیبرالیزم، لەئایدیاوە بۆ جیهانسازی..

دەوڵەت وەک کۆمیتەیەکی کارگێڕی بۆ سەرمایەداران و خاوەن کۆمپانیا و پرۆژە ئابوورییەکان دەور بگێڕێ و کۆمەڵەی ئەو یاسا و بڕیارانە بەرێتە پێشەوە کە ئاستێکی بەرز لە ئازادی لەبەردەم جووڵەی سەرمایە و بازاڕدا زامن دەکات، تەنانەت لە ئاستی جیهانیدا وەک دەڵاڵێک بۆ بەستنی پرۆتۆکۆڵە ئابووری و بازرگانییەکان ڕوو لە بازاڕی جیهانی بکات. هەڵوەشاندنەوەی دەوڵەتی سانتراڵ و پەنابردن بۆ لامەرکەزییەت، هەروەها فیدرالیزمەکردنی دەوڵەت لەسەر بنەمای قەومی و ئاینی، تایفە و ئیسنیک، تەنانەت قبوڵکردنی دەسەڵاتی میلیشیایی و بنەماڵەیی و تاقمە چەکدارەکان و هێزە کۆنتراکان، وەک دەزگای حوکمەت و دەوڵەتداری، بڕیارێکی ئاساییە، بەمەرجێک ئەمجۆرە دەسەڵاتانە پارێزەری ئازادی سەرمایە و لە خزمەت بازاڕ و بازرگانی و کۆمپانیاکاندا بن و بەربەستیان بۆ پێکنەهێنێت.

دیموکراسی کە چەمکێکی جەوهەرییە لە لیبرالیزمدا، نیولیبرالەکان بەیەکجاری بێ ناوەڕۆکی دەکەن و لە هەرجۆرە مافێک خاڵی دەکەنەوە، مافی دەنگدان کە یەکێکە لە پێوانەکانی دیموکراسی و لەسەر بنەمای مافی هاوڵاتی یەکسان پەیڕەوی لێکراوە، هەڵدەوەشێتەوە و بە ناسنامەی قەومی و ئاینی و ئیسنیکییەوە دەبەسترێتەوە و "کۆتا" **دەکرێ و دەکرێتە "دیموکراسی ئەجناس"، لەلایەکی تریشەوە "تەوافوقی سیاسی" نێوان نوێنەرانی سیاسی گروپ و دەستە و تاقمە قەومی و ئاینی و ئیسنیکییەکان کە بەشدارن لە گەمەی دیموکراسیدا، وەک بنەمایەکی بڕیاردەر بۆ بەڕێوەبردنی دیموکراسی و ئەنجامی پرۆسەی دەنگدان و هەڵبژاردن بە دەستەوە دەگیرێ، کە خۆی بەمانای ڕێکەوتنی کۆمەڵێک

---

⟹ نەمێنێت وەیا لاواز بێت، بەڵکو بەمانای ئەوەی کە ئازادی بۆ سەرمایەکان زامن بکا و بەربەست پێک نەهێنێ، لەلایەکی تریشەوە دەوڵەت ئەو دەزگایە بێت کە بێسنوور پەلاماری ئاست و گوزەرانی خەڵک بدا، بێکارسازی و سیاسەتی لێگرتنەوە پەیڕەوێ لێبکات، هێرش بۆسەر یەکێتییە کرێکارییەکان و دەستکەوتەکانی کۆمەڵگا و خزمەتگوزارییەکان ببات. لەئاستی دەرەوەشدا دەوڵەت ئەو دەزگایە بێت کە جەنگ بەرپێبخا و ئامادە بێت هەرجۆرە پەیماننامەیەک لەگەڵ کۆنەپەرستترین و دڕەندەترین دەوڵەت و هێزدا مۆر بکات بە مەرجێک لە قازانجی سەرمایەداری و کۆمپانیا و کارتیلە هاوبەشەکاندا بێت. لە یەک وتەدا نیولیبرالەکان دەوڵەتێکیان دەوێت کە لەبەرامبەر چینی کرێکاردا، ئەوپەڕی هێزدار و سەرکوتگەر بێت.

** دانانی ڕێژەی کۆتا بۆ ژنان و "کەمایەتییەکان"-ئەمەش زاراوەیەکە کە نیولیبرالەکان دایانهێناوە. بۆنموونە لە ٥٪ وە یا ١٠٪ی کورسییەکانی پەرلەمان بۆ نوێنەرایەتی ئەم پێکهاتوانە، نەک هەر هەڵوەشاندنەوەی مافی هاوڵاتی یەکسانە لە پرۆسەی دەنگدان و خۆکاندید کردندا، بگرە کردنی ئەوانە بە هاوڵاتیانی خوار پلەدوو.

کۆمپانیای بازرگانی و کەسایەتی سەرمایەدارە کە لەم حزبانەدا کۆبوونەتەوە و بازاڕیان قۆرخکردووە.
لەکەنار ئەمانەدا، تیۆری گەمارۆدان و "فەوزای داهێنەرانە" کە لەلایەن کۆندەلیزا ڕایس و کۆلن پاوەڵەوە گەڵاڵە کرا و لەسەردەمی بۆشدا واتای چەمکی "ڕژێم چەینج"ی بەخۆوە گرت، کراوەتە ڕێگایەک هەم بۆ تەسفیە حسابی ناکۆکییە نێوخۆییەکانی دەوڵەتانی بۆرژوازی لە جیهاندا و هەم بۆ گۆڕانکاری لەو کۆمەڵگایانەدا، کە حکومەتەکانیان ناکۆکن لەگەڵ سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکادا، ئەم شێوازانە بە تەواوی پێچەوانەیە لەگەڵ سونەتێکدا کە لیبرالەکان پەیڕەوییان لێکردووە*.

## ٢/ لە بواری فەلسەفەدا:

پۆستمۆدێرنیزم و مەڵتیکەڵچرالیزم (فرەفەرهەنگی)، دوو ڕێچکەن بەدەست نیولیبرالەکانەوە بۆ ڕاوەستانەوە بەرامبەر بە هەر ناسنامە و حەقیقەتێکی ئینسانی و چینایەتی، بۆ لێدان لە خەسڵەتی جیهانی ئینسانگەرایی و مافپەروەری. هەڵوەشانەوەی مافە جیهانداگرەکانی ئینسان و ڕاگەیاندنی کۆتایی باوەڕە جیهانداگرەکان و بەدەستەوەگرتنی ئەو باوەڕەی کە "فکری شمولی" سەرچاوەی دیکتاتۆریەتە، هیچگەرایی و ڕەتکردنەوەی حەقیقەت لە هەر ئاستێکدا، تا پشتکردن لە کەڵچەری مۆدێرنیزم و مەدەنیەت و پەیڕەویکردن لە "ڕێژەیی فەرهەنگەکان" و لێرەشەوە ڕێزگرتن لە فەرهەنگی دواکەوتووانەی لۆکالیزم، فەرهەنگی ئیسلامی و قەومی و تیرەگەری؛ لەلایەکی تریشەوە لێدان لە کاری کۆمەڵ و ڕۆحیەتی پێکەوەیی و هاوچارەنووسی ئینسان بە عینوانی "نەوعێکی جیا" و پێداگری لە تاک و تاکگەرایی وەک "ڕامبۆی قارەمان" کە سەروو کۆمەڵ و سەروو چینەکان ڕاوەستاوە و کاری خێر و شەڕ یەکلادەکاتەوە. ڕاکێشانی "ڕێکخراوەی کۆمەڵگای مەدەنی" بۆ دەڵاڵی کردن لەنێوان دەوڵەت و خاوەن داوادا، ڕێک بۆ لێدان و هەڵوەشانەوەی کاری جەمعی یەکێتییەکان و ڕێکخراوەی ڕادیکاڵی جەماوەرییە. مەڵتیکەڵچرالیزم، کە لەسەرێکیەوە تەحقیر بە ئینسانی پەنابەر دەکا و لە شاڕێی مەدەنییەتی کۆمەڵگا دایاندەبڕێنێ و بە فەرهەنگ و

---

* گەمارۆدانە ئابوورییەکان و کارەساتەکانی جەنگ و کاولکاری، لە عێراق، سوریا، لیبیا و یەمەن و بردنی ئەم کۆمەڵگایانە بە تونێلی تاریکی سیناریۆی ڕەشدا، کە لەلایەن ئەمریکا و ناتۆوە دەستی بۆ براوە، نموونەکانی بەکردەوە دەرهێنانی "تیۆری فەوزای داهێنەرانە و ڕژێم چەینج"ە کە لەلایەن نیولیبرالەکانی ئەمریکاوە گیراوەتەبەر، کە ملیۆنەها ئینسانی کردۆتە خۆراکی دەمی باروت و ئاوارەیی.

عاداتە قەومی و دینییەکانی خۆیانەوە دەیانهێڵێتەوە، وە لەسەرێکی تریشەوە ڕاسیزم و فاشیزم لەدژی "خەڵکی بێگانە" بەرهەمدێنێ، بە پێویست بنەمای ئیتحاد و هاوچارەنووسی کۆمەڵگای مۆدێرن هەڵدەتەکێنێ و نائارامی کۆمەلایەتی دەکاتە حاڵەتێکی بەردەوام.

## ٣/ لە بواری ئابووریدا:

لەپێشەوە وەک ئاماژەیەکی سەرەتایی وتمان کە ئازادی سەرمایە و بازاڕی ئازاد و لاوەکی کردنەوەی دەوری دەوڵەت لە ئابووری و بازاڕدا، مەبدەئێکی سەرەکیە کە نیولیبرالیزم سیاسەتی ئابووری خۆی لەسەر دادەڕێژێ، بەڵام بۆئەوەی ئەم مەبدەئە وردتر بکەینەوە، باشترە ئاماژە بە هەندێ لایەن لە باوەڕە ئابوورییەکانی میلتۆن فریدمان بکەین. ئەو دەڵێت: "بازاڕ هۆکاری سەرهەڵدانی قەیرانەکان نییە، بەڵکو ئەوە دەوڵەتە کە ڕێگری ئازادی بازاڕ و سەرمایەکان دەکا و لێرەشەوە قەیرانەکان دەخوڵقێنێ. ئێمە پێویستمان بە دەوڵەتێکی بەهێز نییە کە دەستوور بە هەموو فەردێک بدات و دەخاڵەت لە ڕەوتی ئابووری تاکەکاندا بکات، بەڵکو تا ئەو جێگەیە پێویستمان بە دەوڵەت هەیە کە بەربەستەکانی بەردەم ئازادی تاکی سەرمایەکان و بزاوتەکانی موڵکداریێتی تایبەتی هەڵگرێ و ڕێگەنەدات بە هیچ فاکتۆرێک ئازادییان بەربەست بکاتەوە، کەوایە هەر تاکێکی سەرمایە ئازادە و ئەمەش زامنی میکانیزمێکی تایبەت بە خۆیەتی بۆ هەڵسوکەوتکردن لەگەڵ بازاڕدا. "خستنەڕووی سەرمایە (عرض الرأسمال) لە بازاڕدا خۆی داوا (طلب) بەرهەمدێنێ و لێرەشەوە ئابووری وەگەڕخستن و بەکاربردنی کاملی هێزی ئامادەبەکار دەخوڵقێنێ و بەدوای خۆیدا هەست و هوشیاری تاک و دەست ڕاگەیشتنیان بە پێداویستییەکانیان دەباتە سەرەوە. بەمجۆرە خستنەڕووی سەرمایە و زامنکردنی جووڵەی ئازادانەی، ئابووری وڵات گەشەپێدەدات و فرسەتی هەلی کار دەڕەخسێنێ. سەرەنجام هەر فەردێک بە ڕێژەی ئەوەی ڕوو لە بازاڕ دەکات، جا ئیتر کاربکات وەیا سەرمایەکەی بخاتەکارەوە، بەو ڕێژەیەش، لە ئیمکاناتی مادی بەهرەمەند دەبێ، لە پرۆسەیەکی ئاوادایە کە هاوسەنگی نێوان تاکەکان و دابەشبوونی داهات فرسەتی کاری پڕ زامن دەبێ و خودی عەدالەتی کۆمەلایەتیش خۆبەخۆ مەیسەر دەبێ و یەکسانی تاکەکان لەبەردەم یاساشدا دەچەسپێ. تەنانەت هەڵاواردن و جیاکاری نێوان تاکەکان تەنها لەو کاتەدا دەخوڵقێ کە ڕێگە بە ئازادی بازاڕ و سەرمایە و موڵکداریێتی تایبەتی تاکەکان نەدرێت.

هەموو ئەم بوارانەی کە بە کورتی قسەمان لەسەر کرد، پێمان دەڵێت کە نیولیبرالیزم یەک جووڵانەوەی بۆرژوازیە، کە سەراپا، دژی ئینسانی و دژی کارگەری و کۆنەپەرستانەیە و

**خەسرەو سایە**

خاڵیە لەهەر ناوەڕۆکێکی شۆڕشگێڕانە، جووڵانەوەیەکە کە بەرهەمی دەورانی قەیرانی سەرمایەداری و توندبوونەوەی ناکۆکییەکانی نێوان بەشەکانی سەرمایە و چینی بۆرژوازیە و ئاڕاستەیە بۆ دووبارە سازدانەوەی ئابووری سەرمایەداری جیهانی، بەجۆرێک کە هەلومەرجی لەبار بۆ کۆکردنەوەی قازانجی "فەوقەلعادە" لەبەردەم سەرمایە و کۆمپانیاکاندا سازبکات.
بەڵام بابزانین زەمینەکانی بەدەسەڵات گەیشتنی نیولیبرالیزم چیە و چۆن بەرەو جیهانیسازی سەرمایەداری هەنگاوی هەڵناوە؟

## زەمینەکانی بەدەسەڵات گەیشتنی نیولیبرالیزم:

پێشتر ئاماژەمان بەوەکرد کە لە جەرگەی سەرهەڵدانی قەیرانی ئابووری دەیەی حەفتاکاندا مارگرێت تاتشەر لە بەریتانیا و ڕۆناڵد ڕیگان لە ئەمریکا، وەک دوو نموونە لە سیستەمی دەسەڵاتداریتی نیولیبرالیزم سەریان هەڵدا، کە دواتر هاوشێوەیان پەرییەوە بۆ باقی وڵاتانی دنیا. بەڵام با بزانین زەمینەکانی شکڵگرتنی خودی ئەم دوو نموونەیە لە چیدایە؟
بەدوای تەواوبوونی جەنگی جیهانی یەکەم و دووەم، سەرمایەداری و چینی بۆرژوازی لە ئەوروپا، بەگشتی و لیبرالەکان بەتایبەتی، لەبەردەم ئەو پرسیارەدا قەراریانگرت کە دەڵێت: "ئایا دەکرێ جیهانێکی سەرمایەداریمان بێ، بەبێ ئەزمە و جەنگەکان؟ کەوایە چۆن و لە ڕێگای چ مۆدێلێکەوە دەکرێ کۆمەڵگاکان لەسەر بنەمای سەرمایەدارییەکی پەرەسەندووی بەبێ ئەزمە و جەنگ ڕێکبخرێ؟
مۆدێلی "دەوڵەتی ڕەفاە" کە لەلایەن لیبرالەکانەوە لەجۆری سۆشیال دیموکرات، ئاڵتەرناتیڤ و وەڵامی چینی بۆرژوازی ئەوروپا بوو بەم پرسیارە. ئەڵتەرناتیڤێک کە لەسەر زەمینەی دابەشکردنەوەی دنیا لەنێوان دەوڵەتە ئیمپریالیستەکاندا، هەروەها وەدەرنانی بەشێکی زۆر لە مۆنۆپۆڵ و شکستی کارتێلە ئابوورییەکان، وە سەرئەنجام چڕبوونەوەی سەرمایە لەئاستێکی باڵادا، لە دەستی دەوڵەتانی ئیمپریالیستی سەرکەوتووی جەنگدا، هاوکات ئامادەگی هێزێکی فراوانی کار و پەرەگرتنی توانای تەکنۆلۆژیای مۆدێرن، لەوانە داهێنانە ئۆتۆماتیکییەکان، کۆمپیوتەر و دۆزینەوەی ئینێرژی ئەتۆمی (کە بە شۆڕشی سێهەمی تەکنۆلۆژیا ناودەبرێت). هەموو ئەمانە کە وەک ئاکامێک لە دوو جەنگی جیهانی بەدەستهاتبوون، ئیمکانی سەرپێکەوتن و خۆگرتنی مۆدێلی "دەوڵەتی ڕەفاە"یان ڕەخساند. مۆدێلێک لە ئابووری و سیاسەت و دەوڵەت کە پشتی بە باوەڕەکانی "کینز" بەستبوو، بەپێچەوانەی باوەڕەکانی فریدمان و مەکتەبی شیکاگۆوە، کە لە چەمکی "خستنەڕووی سەرمایەوە- عرض الرأسمال" بۆ ڕێکخستنی ئابووری و بازاڕ دەیڕوانی، ئەو لەچەمکی

"داوا- طلب"ەوە بەرەو ڕۆڵی دەوڵەت لە کایە ئابووری و بازرگانییەکاندا هەڵدەکشا. کینز لای وابوو ئەوە داوا و ویستی هاولاتییە کە خستنەڕووی سەرمایە و کالاکان دەجووڵێنێ، وە تا سەرمایە و بازاڕ وەڵامی ئەم داوا و ویستانە بداتەوە ئەوا ئابووری وڵات هەم پەرە دەسێنێ و گەشە دەکا، وەهەم ڕێژەی زۆر و فرسەتی کار بەڕادەی "کۆمەڵگای فوڵ جۆب" لەبەردەم هێزی ئامادەبەکاردا دەڕەخسێنێ و بێکاری و هەژاری ناهێڵێ. لەلایەکی تریشەوە "دەوڵەتی بەرپرسیار" بەرپرسیارە و دەبێ دەخالەت لە کردە ئابوورییەکان و بازاڕدا بکات و نەک هەر سنوورێک بۆ بەرهەمهێنان و بازرگانی کالاکان دابنێ و ڕێگا نەدات سەرمایەداران بەپێی ویستی خۆیان کردەی بەرهەمهێنان و بازرگانی ئەنجام بدەن، بەڵکو دەبێ دەوڵەت هەستێت بە بەرنامەڕێژی بۆ بەرهەمهێنان و مەسرەفی کالا و خزمەتگوزاریەکان و ئەندازەگیری بۆ چەندایەتی و چۆنایەتییان بەجۆرێک بکات کە داوا و ویستی هاولاتیان دەیخوازێ. لەم ڕێڕەوەشدا دەوڵەت لەڕێگای دانی بیمە کۆمەلایەتییەکان و خزمەتگوزاریە گشتییەکان و دابینکردنی ئاستێک لە ڕەفاهی کۆمەلایەتییەوە هاوسەنگی چینایەتی زامن دەکات و دادی کۆمەلایەتیش لە نێوان تاکەکاندا دەچەسپێنێ.
لە کەنار ئەمانەوە تەوافوقاتی نێوان دەوڵەتانی بلۆکە ئیمپریالسیتییەکان لەسەر کێشە جیهانی و ناوچەییەکان و ڕێکەوتن لەسەر دوورخستنەوە و دەستنەبردن بۆ جەنگ و بارگرژی، ئارامییەکی نسبی لە جیهاندا فەراهەمکرد. ئەم باوەڕانە و ئەم دۆخە ئارامە کە نزیکەی ٢٠ ساڵی خایاند، بەڕادەیەک دەوڵەتی ڕەفاهیان چەسپاند، کە موفەکیران و سیاسەتمەدارە لیبرالەکانی گەیاندە ئەو قەناعەتەی کە دەکرێ سەرمایەداری لە ئەزمەکانی پاک بکرێتەوە و وتیان کە باوەڕەکانی مارکس لەمەڕ سەرمایەداری و ئەزمەکانی شتێکی تر نییە جگە لە یۆتۆپیا و خەیاڵی فەیلەسوفێک. بەمجۆرە "دەوڵەتی ڕەفاه"، توانی لە ڕێگای دەخالەتی دەوڵەت لە ئابووری و بازاڕدا، بە کردەوە دەورانێکی ماوەدرێژ لە ئارامی و هاوسەنگی نێوان دەوڵەتە ئیمپریالیستەکان و هاوکات ڕەونەق و گەشەی ئابووری لەبەردەم سەرمایەکاندا تێپەڕێنێ و وەلام بە پێداویستییەکانی بازاڕ و سەرمایەداری جیهانی بداتەوە و لێرەشەوە وەک "مۆدێلێکی مەقبول" سەرنجی دەوڵەتانی ئیمپریالیستی ئەورووپا و تەنانەت ئەمریکاش بۆلای خۆی ڕابکێشێ و پەسەندی بکەن.
بەلام سەرهەڵدانی قەیرانی ئابووری سەرمایەداری جیهانی لەسەرەتای ساڵانی حەفتاکانی سەدەی بیستدا، لەلایەک ئابووری دەوڵەتی ڕەفاهی لە ڕکود و بنبەستێکی چارەهەڵنەگردا ڕاگرت و لەلایەکی تریشەوە کاریگەرییەکانی خۆی لەسەر چینی بۆرژوازی و دەستەی فەرمانڕەوا لە وڵاتانی ئەورووپا و ئەمریکادا، بۆسەر ئاستی قەیرانێکی سیاسی درێژ کردەوە، کە لە جەرگەی خۆیدا ئیمکانیدا، مارگرێت تاتشەر لەبەریتانیا و ڕۆناڵد ڕێگان لە ئەمریکا،

بەدەسەڵات بگەیەنێ. ئەمەش دەرگای کردەوە بۆ نیولیبرالیزم تا لەدۆخی ئایدیا و باوەڕەوە خۆی بگوازێتەوە بۆسەر ئاستی دەسەڵات و مۆدێلێکی سیاسی و ئابووری و فەرهەنگی بۆرژوازی، بەناوی نیولیبرالیزمەوە بەسەر کۆمەڵگادا زاڵ بکات و لێرەشەوە پێ بنێتە قۆناغێکی نوێوە.

## شەپۆلی دووەم: کارنامەی نیولیبرالیزم لەسەردەمی دەسەڵاتدارێتیدا:

کارنامە سیاسی و ئابوورییەکەی حکومەتەکەی تاتشەر کە بەهێرش بردنەسەر دەوڵەتی ڕەفاه و لێسەندنەوەی دەستکەوتەکانی خەڵک و هەڵوەشانەوەی بیمە کۆمەڵایەتی و خزمەتگوزارییە گشتییەکان، دەستی پێکرد، هەنگاوبەهەنگاو سیاسەتی لێگرتنەوەی ئابووری و داشکاندنەوەی ئاسەوارەکانی قەیرانی ئابووری سەرمایەداری بەسەر چینی کرێکار و هاوڵاتیاندا، گرتەبەر. پەلاماردانی سەندیکا و ڕێکخراوە کرێکارییەکان و بەرتەسکردنەوەی ئازادی و ڕۆڵگێڕانیان لە گرێبەستەکانی کار و پەیوەندییەکانی نێوان خاوەنکار و کرێکاراندا، هەروەها بەرزکردنەوەی سەعاتکاری ڕۆژانە، کەمکردنەوەی کرێ بۆ ئاستێکی یەکجار خوارووتر لەئاستی بژێوی واقعی چینی کرێکار، بردنە سەرەوەی تەمەنی خانەنشینی و... خۆدزینەوەی دەوڵەت لە بەرپرسیارێتی بەرامبەر ژیان و گوزەران و ئەمنیەتی کار و خسوسی کردنەوەی بوارە خزمەتگوزارییەکان و پرۆژەکانی دەوڵەت، هەروەها داخستنی کارگە و بچووک کردنەوەی پێکهاتی دەوڵەت و هەڵوەشانەوەی بەشێک لە دامەزراوە دەوڵەتییەکان، لە ئاکامیشدا دەستبردن بۆ سیاسەتی بێکارسازی. لایەنە سەرەکییەکانی پلاتفۆرمی حکومەتە نیولیبرالەکەی تاتشەر بوو کە تازە دەسەڵاتی بەدەستەوە گرتبوو.

بێگومان ئەم کارنامەیە و ئەم پلاتفۆرمی نیولیبرالیزمەی تاتشەر بەشێوازە ئەمریکاییەکەی لەلایەن حکومەتی ڕێگانەوە گیرایەبەر. بەڵام حکومەتەکەی ڕێگان لەگەڵ ئەوەدا کەوتە پەلاماردانی هەرجۆرە ڕەنگ و بۆیەکی "دەوڵەتی ڕەفاه" کە لەژێر کاریگەری و نفوزی سۆشیاڵ دیموکراتەکانی ئەوروپادا، لە ئەمریکاش ڕەنگی دابووەوە. ئامانجی بەدەستهێنانی ڕابەریی ئەمریکا، بەجۆرێک کە یەکەمجار ئەوروپا بگرێتەبەر و دواتریش هەموو جیهان بگرێتەوە، ئەو خاڵە مەرکەزییە بوو، کە بەهۆیەوە نیولیبرالیزمی ئەمریکایی بە ڕوئیا و ستراتیژێکی جیهانییەوە، خستە بەرچاوی گشت ڕەوتەکانی چینی بۆرژوازی و دەوڵەتەکانیەوە. ڕوئیا و ستراتیژی جیهانسازی سەرمایەداری بەجۆرێک کە ئەمریکا ڕابەر و هەژموونی باڵای بەسەر جیهاندا زامن کردبێت. بەمجۆرە ئەگەر نیولیبرالیزمەکەی تاتشەر لەپێناو ڕزگارکردنی سەرمایەداری و دەرچوون لە قەیرانی ئابووری بەریتانیادا، مەودایەکی تاک وڵاتی و لۆکاڵی گرتبێتەبەر، ئەوا نیولیبرالیزمی ئەمریکایی، هەر لەسەرەتاوە لە

## نیو لیبڕالیزم، لەئایدیاوە بۆ جیهانسازی..

مەودایەکی جیهانیدا دەستی درێژکرد و کەوتە شوێن ئامانجی باڵادەستی و هەژموونی ئەمریکا بەسەر دنیادا. ستراتیژییەک کە بەڕوخانی بلۆکی شەرق و کۆتایی هاتنی دنیای دوو قوتبی، ئەم ڕوئیا و ستراتیژەی نیولیبرالیزمی ئەمریکایی جیهانی ڕاکێشایە نێو دۆخێکی سەرلەبەر تازەوە، کە دواتر لەبارەیەوە قسە دەکەین.
بەڵام نیولیبرالیزمی ئەمریکایی، لەسەردەستی ڕیگاندا، بە سوودوەرگرتن لەو دۆخەی کە قەیرانی ئابووری ڕووبەڕووی دەوڵەتانی ئەوروپای کردبووەوە، هاوکات لەڕێگای سیاسەتی "پێدانی قەرز" و کۆنترۆڵ کردنی کۆمەڵە نیهادێکی نێونەتەوەییەوە، کە پێشتر ئامادەگیان هەبووە، لەوانە سندوقی دراوی نێونەتەوەیی، ڕێکخراوی کاری جیهانی، نەتەوە یەکگرتووەکان، بانکی جیهانی، ڕێکخراوی بازرگانی جیهانی... نەک هەر یەک لەدوای یەک دەوڵەتانی ئەوروپای ڕاکێشایە ژێر هەژموونی خۆیەوە و نیولیبرالیزمی وەک سیستەمێکی ئابووری و سیاسی و بەڕێوەبردن تیایاندا چەسپاند، بەڵکو سیاسەتی پێدانی قەرز، کە خۆی شێوازێکی ناردنەدەرەوەی سەرمایە بوو، بۆ وڵاتانی ئەمریکای لاتین و ئاسیا و ئەفریقیا و داسەپاندنی داوا و مەرجێک کە پلاتفۆرم و کارکردە سیاسی و ئابوورییەکانی نیولیبرالیزمی ئەمریکایی دەیخواست.. هەلومەرجێکی تازەشی لەئاست ئەم وڵاتانەدا پێکهێنا. سەرەتا دەوڵەتی شیللی لە ئەمریکای لاتین لەسەردەمی ڕیگاندا، بەپێی سیاسەتەکانی نیولیبرالیزمی ئەمریکایی ڕووبەڕووی ئاڵوگۆڕێکی سیاسی و ئابووری و حکومەتی کرایەوە و لە نفوزی ڕوسیا دەرهێنرا. دواتریش لە هەریەک لە وڵاتانی وەک بەرازیل، ئیسرائیل و سەنگافورە ڕاکێشرانە نێو ئەم ڕەوەندەوە کە لەژێر سایەی کارکردەکانی نیولیبرالیزامدا کەوتبووەڕێ.
بەڵام نابێ ئەوەمان لەبیر بچێت کە ئەم کارکرد و سیاسەتانەی نیولیبرالیزمی ئەمریکایی لە هەلومەرجێکدا گیرایەبەر کە هەم سەرمایەداری لە وڵاتانی "جیهانی سێهەم"دا (بەدیاریکراوی لەنێوان سەرەتای ساڵانی شەستەکان بۆ ناوەڕاستی ساڵانی حەفتاکانی سەدەی بیستدا) یەکەمین قۆناغی دامەزراندنی خۆی تێپەڕکردبوو، وە هەریەکەیان بەپێی پێداویستییەکانی سەرمایەداری، ژێربینای ئابووری و تۆڕی گواستنەوە و پیشەسازی تایبەت بەخۆیان دامەزراندبوو، وە هەم کاردابەشکردنی جیهانی سەرمایەداریش، لەنێوان وڵاتانی ئیمپریالیستی/ مترۆپۆڵ و وڵاتانی ژێردەسەتەی ئیمپریالیزم (وڵاتانی وابەستە)دا، بەوجود هاتبوو. تەنانەت دابەشبوونی ناوچەکانی نفوزی سەرمایە، لەنێوان هەردوو بلۆکی شەرق و غەربدا، بەئەنجامی خۆی گەیشتبوو. کە تێیاندا مۆدێلەکانی سەرمایەداری دەوڵەتی و سەرمایەداری بازاڕی ئازاد، وەک دوو مۆدێلی جیاواز و تەنانەت دژبەیەک، سیما و ناوەڕۆکی ئابووری و سیاسی و ئایدیۆلۆژی ئەم وڵاتانەی یەکلاکردبووەوە. بێگومان لە وەها دۆخێکدا ڕیگان و نیولیبرالیزمی ئەمریکایی نەیتوانی هەر لە سەرەتاوە بەهەمان ئاستی

ئەو ئاڵوگۆڕەی کە لە وڵاتانی ئەوروپادا جێیخست، لەئاست وڵاتانی "جیهانی سێهەم"یشدا بەدەستی بهێنێ، چونکە خودی دنیای دووقوتبی و لەئارادا بوونی نفوزی سۆڤیەت وەک بلۆکێکی ئیمپریالیستی تەواو پێچەوانە بە بەرنامە و کارکردە جیهانییەکانی نیولیبرالیزم، ڕێگری سەرەکی بەردەم ئاوەها گۆڕانکارییەک بوو. بەمجۆرە سەردەمی جەنگی سارد و دنیای دووقوتبی، بۆ ساڵانێک ڕەوتی چوونەپێشەوە و یەک کاسە کردنەوەی جیهانی سەرمایەداری بەپێی کارکرد و پلاتفۆرمی نیولیبرالیزم لە چاوەڕوانی و بزاوتێکی شێنەییدا ڕاگرت.
لە کۆتایی ساڵانی هەشتاکاندا و لەگەڵ هەڵوەشانەوەی بلۆکی شەرقدا، نیولیبرالیزم و باوەڕەکانی، دەرگایەکی نوێی بەڕوودا کرایەوە کە ئەویش دووبارە سازدانەوەی دنیا و سەرمایەداری جیهانییە.

## شەپۆلی سێهەم: نیولیبرالیزم و جیهانیسازی سەرمایەداری:

ڕوخانی دیواری بەرلین و لە مەیدان دەرچوونی ڕوسیای سۆڤیەتی، وەک بلۆکێکی ئیمپریالیستی، لەگەڵ ئەوەدا دەرگای بازاڕێکی فراوان و ناوچەیەکی گرنگی لەبەردەم نفوزی سەرمایەی ئەمریکایی و ئەوروپاییدا کردەوە، هاوکات خودی مەوجودییەتی بلۆکی غەرب و زەروورەتی مانەوەی خستەژێر پرسیارەوە. لە دۆخێکی ئاواشدا ئەمریکا و نیولیبرالەکانی وادارکرد بەوەی پرۆژەی دووبارە سازدانەوەی دنیا و جیهانیسازی سەرمایەداری بەجۆرێک کە باڵادەستی ئەمریکا بەسەر جیهاندا زامن بکات، بۆ جارێکی تر بەدەستەوە بگرێ و لەبەر ڕۆشنایی ئەم پرۆژەیەش ئابووری و سیاسەت و پەیوەندی نێوانیان، هەروەها مەلزومات و ئۆرگانەکانی بەڕێوەبردنی دنیا، جارێکی تر پێناسە بکاتەوە. پرۆژەی "نەزمی نوێی جیهانی"، کە سەرەتا لەلایەن هەردوو بۆشی باوک و کوڕەوە بەدەستەوە گیرا، هەڵگری هەمان ئەو خەون و ستراتیژە بوو کە ڕێگان یەکەمجار بۆی ڕوانی.
نەزمی نوێی جیهانی بەمانای ئەوەی ئەمریکا لەڕووی سیاسی و سەربازییەوە هەژموونی و باڵادەستی بەسەر دنیادا زامن بکات، وە لە ڕووی ئابووریشەوە، جیهانیسازی سەرمایەداری بەجۆرێک بێت، کە سەرمایە و کارتیل و کۆمپانیا ئەمریکییەکان تێیدا میحوەر بێت. بەڵام لایەنە سەرەکییەکانی ئەم نەزمە نوێیە، ئەگەر لە شێوە گشتییەکەیدا بەکورتی ئاماژەی بۆ بکەین، لەم خاڵانەدا بەرجەستە دەبێتەوە:
**یەکەم:** دەست بردن بۆ جەنگ و گەمارۆی ئابووری لەپێناو فەرزکردنی هەیمەنە و ڕابەریی ئەمریکا بەسەر جیهاندا، هاوکات ملکەچ پێکردنی دەوڵەتانی نەیاری ئەمریکا لەئاست ئەوروپا و دنیادا و ڕاگرتنی هێزە دەوڵەتییەکان لەژێر سایەی تەوازن و نیزامێکی سیاسی

نێودەوڵەتی یەک قوتبیدا کە نیولیبرالیزمی ئەمریکا نەخشەکێشیەتی. بە واتایەکی تر دەستبردن بۆ سیاسەتی گەمارۆی ئابووری بۆ ملکەچ پێکردنی ئەو دەوڵەتانەی کە لەگەڵ سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکادا نایەتەوە، هەروەها پەنابردن بۆ جەنگ وەک فاکتۆرێک لە ڕاستای جێخستنی هاوسەنگی نێودەوڵەتی و سیستمە ئەمنیەکان (چ بەمانای ئەمنیەتی جیهانی و چ لە ئاست ئەمنیەتی ناوچەییدا) تا فەزایەکی ئارام لەبەردەم ئازادی سەرمایە و بازرگانی جیهانیدا بەوجۆرەی ئەمریکا باڵادەستە بەسەر دنیاوە، بڕەخسێ. جەنگەکانی ئەمریکا لەعێراق، ئەفغانستان، و دووبارە عێراق، کە لە ڕاستای دووبارە سازدانەوەی دنیای دوای ڕوخانی بلۆکی شەرق گیرانە بەر، لە دوائەنجامدا ڕوویان لەم ڕەوەندە بوو.

**دووەم:** دیموکراتیزەکردنی دنیا بە تەعریفێک کە نیولیبرالیزمی ئەمریکایی بۆی کردووە (بەوجۆرەی لەپێشەوە ئاماژەمان پێکردووە). لە یەکەمین هەنگاویشدا هەوڵدان بۆ گۆڕینی "دەوڵەتە دیکتاتۆرەکان" چ ئەو دەوڵەتانەی لەبازنەی بلۆکی بەناو کۆمۆنیستی ڕوسیا بوون لەئاست ئەوروپادا (دیارە بە ڕوسیا خۆشیەوە) و چ ئەوانەی لە ئاسیا و ئەفریقیا و ئەمریکای لاتیندا، وەک ناوچەی نفوز و پاشماوەی ئەم بلۆکە بوون، بۆ "دەوڵەتانی دیموکراسی". سەردەرهێنانی "شۆڕشی نارنجی" لە وڵاتانی ئەوروپای شەرقی، لەوانە بولگاریا، ڕۆمانیا، ئۆکرانیا و... هەروەها هەڵوەشانەوەی چیکۆسلۆفاکیا و یوگۆسلافیا... و گۆڕینیان بە دەوڵەتی دیموکراسی، بە پشتیوانی ئەمریکا و ئەوروپا، نموونەیەکە لە سیاسەتی دیموکراتیزەکردنی دنیا. ڕوخانی ڕژێمی سەدام و دیموکراتیزەکردنی دەوڵەتی عێراق نموونەیەکی تری ئەم ئاڕاستەیەیە، کە هەموومان شاهیدی ئەوەین ئەنجامەکەی سەری لە چ زەلکاو و گێژاوێک دەرهێناوە.

**سێهەم:** لەڕووی ئایدیۆلۆژییەوە، ڕاگەیاندنی کۆتایی کۆمۆنیزم و هەر باوەڕێکی جیهانداگر و ئینسانگەرایی جیهانی و لێرەشەوە هێرش و پەلاماردانی هەر باوەڕ و پرەنسیپ و ئایدیایەکی سۆشیالیستی و چەپگەرا و ڕایدکاڵیزمێک، کە پشتی بە بیرۆکەی چینەکان و خەباتی چینایەتی لە سیاسەتدا بەستبێت.

**چوارەم:** جێخستنی ئابووری بازاڕ، وەک تەنها مۆدێلێکی موعتەبەر بەسەر سیستم و کردە ئابووری و بازرگانییەکاندا. بەجۆرێک کە هەر وڵاتە پەیڕەو لەم ئاڕاستە سەرەکییانە، لە بازاڕی ناوخۆیاندا بکەن:

١/ کورتکردنەوەی ڕۆڵی دەوڵەت. ئەمە نەک هەر بەمانای ئەوەی دەوڵەت ڕێگری و دەخاڵەت لە کردە ئابووری و بازرگانییەکاندا نەکا، بەڵکو خۆی ڕەها بکات لە بەدەستەوە گرتنی پڕۆژە ئابووری و بازرگانییەکان و سپاردانی بە کۆمپانیاکانی کەرتی تایبەت، بەمجۆرەش هەوڵدان بۆ بەتایبەتی کردنی هەموو ئەو پڕۆژە ئابووری و بازرگانییانەی کە

پێشتر لەدەستی دەوڵەتدا بووە و بە کەرتی دەوڵەتی ناسراوە.
٢/ تەقلیسکردنی پێکهاتەی دەوڵەت و سازدانەوەی وەک دەوڵەتی نابەرپرسیار، ئەمە هەم بەمانای کەمکردنەوەی خەرجییەکانی دەوڵەت و گێڕانەوەی بۆسەر سەرمایەی بەرهەمهێن، وە هەم دەوڵەت خۆی بە بەرپرسیار نەزانێ لەبەرامبەر دابینکردنی خزمەتگوزارییە گشتییەکان (لەوانە ئاو، کارەبا، گەیاندن، خویندن، تەندروستی و پاکژی...) و هەڵوەشانەوەی ئەو بەشە لە کرێی کرێکاران کە بە شێوەی خزمەتگوزاری و بیمەی کۆمەڵایەتی بە هاوڵاتیان دەدرا.
٣/ بەدەستەوەگرتنی سیاسەتی سکهەڵگوشین و لێگرتنەوەی ئابووری وەک خاڵێکی سەرەکی لە پلاتفۆرمی دەوڵەتدا، لێرەشەوە گرێدانەوەی دەوڵەت لە بڕیار و سیاسەتی دامەزراوە جیهانییەکانەوە و پەیڕەو لێکردنیان، لەوانە بڕیارەکانی سندوقی دراوی نێودەوڵەتی، بانکی جیهانی، ڕێکخراوی بازرگانی جیهانی، ڕێکخراوی کاری جیهانی، نەتەوە یەکگرتوەکان.
٤/ هێرش بۆسەر دەستکەوتەکانی چینی کرێکار، هەڵوەشاندنەوەی هەموو ئەو بەشانەی کە لە شێوەی بیمە و خزمەتگوزاریدا بە کرێکار دەدرا. هەروەها هێرش بۆسەر ئازادی ڕێکخراو بوون و مانگرتنی کرێکاری و هەڵوەشانەوەی حەق و حقوقی سەندیکایی کرێکاران. لە ئەنجامی ئەمانەشدا هێنانە خوارەوەی بەهای واقعی ئاستی کرێ و بژێوی کرێکاران و هەرزان کردنی.
٥/ هەڵوەشانەوەی سیاسەتی پاراستن (سياسة الحمائية للسلع) و کۆنترۆڵی کاڵای مەسرەفی و گرتنەبەری سیاسەتی "دەرگای کراوە" لەبەردەمیاندا. بە ئاستێک کە کاڵای مەسرەفی، پێویست بۆ دابینکردنی بژێوی ڕۆژانەی کرێکاران و هاوڵاتیان، بە نرخێکی هەرزان و لەدەرەوەی کوالیتییان دابین بکرێ.
٦/ خۆلادان لە سیستمی گرێبەست، کاری بەردەوام و ڕووکردنە پرەنسیپی "زیرۆ کۆنتراکت" و "کاری ناجێگیر". بەڕادەیەک کە مونافەسەی کرێکارانی لەسەرکار و بێکار لە بەدەستهێنانی کاردا بەو ئاستە بگەیەنێ کە هەردوو بەشەکەی کرێکاران ملدان بە خواستەکانی سەرمایەدارانی کەرتی تایبەت بدەن. لێرەشەوە ڕاگرتنی بەردەوامی ڕوولەسەری ڕێژەی بێکاری.
٧/ ...
بەڵام وەکو ئەوەی ڕووداوەکانی دنیا لەسەرەتای دەیەی نەوەدەکانەوە تائێستا نیشانمان ئەدات، نیولیبرالیزمی ئەمریکایی، سەرەڕای ئەوەی دنیای لە نائارامی و جەنگ و کاولکاری و تیرۆریزمدا نقومکرد، سەرەڕای ئەوەی هەژاری و ئاوارەیی وماڵوێرانی دنیای داگرت و

## نیو لیبڕالیزم، لەئایدیاوە بۆ جیهانسازی..

سیناریۆی ڕەشی کردە نسیبی کۆمەڵگاکان، بەڵام نەیتوانی دنیا بەپێی "نەزمی نوێی جیهانی" سازبداتەوە و جێگاوڕێگای ڕابەری و باڵادەستی ئەمریکا بەسەر دنیاوە، بکاتە میحوەری ئارایشتدانەوەی هێزەکانی چینی بۆرژوازی لەدنیادا. بەتایبەتیش هەڵکشانی ڕەوتی ئیسلامی سیاسی و تیرۆریزم وەک ڕەوتێکی جیهانی لە فەزای دوای ڕوخانی بلۆکی شەرقدا، هەروەها سەرهەڵدانی قەیرانی ئابووری جیهانی ساڵی ٢٠٠٨، شۆڕشەکانی دنیای عەرەبی، جەنگ لە سوریا و دەرکەوتنی ئەقتابی نوێی ئیمپریالیستی (لەوانە: ڕوسیا و چین، یەکێتی ئەورووپا)، هاوکات دەرکەوتنی جەنگە ناوچەییەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و لیبیا و یەمەن و سۆماڵ و... ڕۆڵی دەوڵەتانی ئیمپریالیستی و هێزە ناوچەییەکان تیایاندا... هەموو ئەمانە ئامانج و ستراتیژی نیولیبرالیزمی ئەمریکایی بەوجۆرەی کە لە پڕۆژەی "نەزمی نوێی جیهاندا" وێنای بۆکرابوو، ڕووبەڕووی ڕاوەستان و شکست بووەوە، بەمجۆرەش پرۆسەی جیهانسازی سەرمایەداری سەردەم لە ئێستادا، بەکراوەیی، لە ناڕۆشنی و بێ ئەڵتارناتیڤیدا، بەدیار ئاکامەکانی جەنگ لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و پەیوەندی نێوان هێزە ئیمپریالیستیەکان و ڕێکەوتنیان لەسەر دابەشکردنەوەی دنیا لەنێوان خۆیاندا ماوەتەوە.

* * *　　　* * *　　　* * *

وەک ئەنجامگیرییەکی گشتی لەم باسەی کە تا ئێرەمان هێناوە دەبێ ئەوە بڵێین کە: نیولیبرالیزم وەک جووڵانەوەیەکی بۆرژوازی سەردەم لە ئایدیاوە تا نەزم و نیزامێک لە بەڕێوەبردنی کۆمەڵگای سەرمایەداریدا، لەگەڵ ئەوەدا لە ڕوانگەی سەرمایە و سەرمایەدارییەوە وەڵامێکی بە قەیرانە ئابووری و سیاسییەکان داوەتەوە، هاوکات گۆڕانکاری گەورەی لە دنیادا بە ئاڕاستەی "نیولیبرالیزەکردنی جیهان"دا جێخستووە. بەدیاریکراویش لەلایەک توانیویەتی پەیوەندییەکان و هاوسەنگی نێوان بلۆک و دەوڵەتانی ئیمپریالیستی بگۆڕێ و دەرگای قۆناغێکی نوێ لەبەردەمیاندا بکاتەوە، وە لەلایەکی تریشەوە توانیویەتی پەیوەندی و هاوسەنگی ئەم دەوڵەتانە و مۆنۆپۆلەکانیان لەگەڵ ناوچەکانی نفوز و دەوڵەتانی ژێردەستەی ئیمپریالیزم بگۆڕێ و بەرەو ئاستێک ڕایانکێشێت کە قۆناغی نوێی پەرەسەندنی ئابووری و بازاڕی سەرمایەداری جیهانی دەیخوازێ. وە لەسەر ئەم دوو لایەنەش پەیوەندییەکانی نێوان کار و سەرمایە چ لەئاست بازاڕی ناوخۆی هەر وڵاتەدا و چ لە مەودای جیهانیدا، بە قازانجی چینی بۆرژوازی بگۆڕێ، لێرەشەوە سیاسەت و دەوڵەتی چینایەتی سەرمایەداران بەرامبەر بە گشت چینی کرێکاری جیهان و جەماوەری زەحمەتکێش بباتە پێشەوە. مەبەستی ئێمەش لە جیهانیسازی سەرمایەداری کە ڕەوتی نیولیبرالیزم گرتوویەتیەبەر هەرئەمەیە. یانی لەناوەڕۆکدا شتێکی جیاواز و زیاتر لەو تیۆر و باوەڕانە نییە کە لینین لە پەیوەند بە ئیمپریالیزم وەک باڵاترین قۆناغی

سەرمایەداری خستویەتیەڕوو، واتە: "سازدانەوەی ئابووری جیهان، لەسەر بناغەی بەرهەمهێنانی ڕێژەی ڕووڵەسەری نائاسایی قازانجی ئیمپریالیستانە لە بەرهەمهێناندا، لەڕێگای چەوسانەوەی هێزی کاری هەرزانی چینی کرێکاری جیهانەوە".

## بۆرژاوازی کورد و نیولیبرالیزم:

بۆرژوازی کورد، بەپێچەوانەی چینی بۆرژوازی لیبرالی غەربیەوە، چ لەمێژووی شکڵگرتنی خۆیدا و چ لەپەیوەند بە سەرهەڵدانی سەرمایەداری لە کوردستاندا، نە هەڵگری پەرچەمی ئازادییەکانی تاک و کۆمەڵگای مەدەنیەت بووە، وە نە لەدژی کۆنەپەرستی دەرەبەگایەتی و سوننەت و فەرهەنگی ئاینی و خێڵەکێتی و هەموو ئەو دەرکەوتانەی کە پێچەوانە و بەربەستن لەسەر ڕێگای هاتنەکایەوەی کۆمەڵگایەکی مۆدێرن و پێشکەوتوو، سەریهەڵداوە و خۆی ناساندووە. هەربۆیە نە لەڕابردوو، وە نە لە ئێستاشدا هەڵگری هیچ جۆرە خەسڵەتێکی ڕادیکاڵ و شۆڕشگێڕانە و هیچ ئاستێک لە پێشکەوتنی کۆمەلایەتی نەبووە. پێگرتنی ئەم چینە کە هاوسەردەمە لەگەڵ بوونی ئیمپریالیزم و دابەشکاری و ئیلحاقی نەتەوەکاندا، لەو شوێنەوە دەستپێدەکات کە ستەمی نەتەوایەتی لەسەر نەتەوەی کورد سەرهەڵدەدا و لێرەشەوە دەبێتە ئالاهەڵگری ڕەگەیەکی سیاسی و فکری، کە ئەویش جووڵانەوەی کوردایەتی و ناسیونالیزمێکی دواکەوتووی ڕۆژهەلاتیە. بەمجۆرەش لیبرالیزم وەک ڕەوت و ڕەگەیەکی فکری و سیاسی سەر بە چینی بۆرژوازی، پێگەیەکی واقعی لەدەروونی ئەم چینەدا، نییە. تەنانەت لیبرالیزم و باوەڕەکانی بابەتیک نین بۆ خۆنواندنی ئەم چینە وەک چینێکی یەکپارچە لەئاست کۆمەڵگادا، هاوکات دەزگا و ئامرازێک نین بۆ هەڵخڕاندنی ڕیزەکانی خۆی و نەتەوەکەی. هەربۆیە تەقریبەن هەموو ئەو حزبانەی لە کۆشی ئەم چینەوە داکەوتوون، سەرەڕای جیاوازی ڕواڵەتیان، حزبەکانی سەر بە جووڵانەوەی ناسیونالیزمی کوردن و بەم یان بەو ئاستە باوەڕ و سونەت و فەرهەنگی ئەم جووڵانەوەیەیان لەخۆیدا پاراستووە و عەکس کردۆتەوە، کە بە "کوردایەتی" خۆی ناساندووە.

مەسەلەی خاک، کوردبوون وەک ڕەگەزێکی تایبەت، ئابووری لادێ و پیاوەتی و ڕەسەنایەتی فەرهەنگ و دابونەریتی باوباپیران، تەقدیسکردنی کەسایەتی ئاینی و سەرۆکی خێڵ و شێخ و مەلا، ڕابردووپەرستی و سوننەتی پێشمەرگانە... ئەمانە چەمک و باوەڕەکانی ناسیونالیزمێکە کە بۆرژوازی کورد لەگەڵ سەرهەڵدانی سەرمایەداری و شکڵگرتنی کۆمەڵگای مۆدێرنی شاریی کوردستاندا، بۆ پاساودانی شەڕی ڕزگارکردنی کوردستان لەدەستی داگیرکەران، وەک ئالایەک بەدەستیەوە گرت و مێژووی سیاسی کوردستانی پێ

لەقاڵبدا. بێگومان لە ڕەوتێکی ئاواشدا نەک هەر چەمکەکانی وەک ئازادی تاک، مەدەنیەت و سکولاریزم و... جێگایەکیان نییە، بگرە باسی دیموکراسی و پەرلەمان، بابەتێکی فۆرماڵی و کارتۆنیە.

بەڵام بەدوای ڕوخانی ڕژێمی بەعس و بەدەسەڵات گەیشتنی چینی بۆرژوازی کورد، ناسیونالیزم و حزبەکانی کارکردەکانی نیولیبرالیزمیان وەرگرت (بەتایبەت لەپەیوەند بە ئابوورییەوە) و بەجۆرێک نیولیبرال بوونەوە. دیارە ئەمە بەمانای "غەربیبوونەوە" و ڕۆچوون بەرەو پرەنسیپ و فەرهەنگی مۆدێرنی ئەوروپایی، لەبواری سیاسەتکردن و دەوڵەتداری و بەڕێوەبردنی کۆمەڵگادا نەبووە و نییە، بەڵکو لە پێداویستی کۆنترۆڵکردنی بازاڕی ناوخۆی کوردستان و چۆنیەتی وەگەڕخستنی سەرمایە لەسەر بنەمای هێزی کاری هەرزان و هێنانەکایەوەی جۆرێک لە سیستم و دەسەڵات کە هیچ جۆرە بەرپرسیاریەتییەکی نەبێت بەرامبەر بە ژیان و گوزەرانی هاوڵاتیان، سەرچاوەی گرتووە. بێگومان لەم پەیوەندەشدا خۆسازدان لەگەڵ بازاڕی سەرمایەداری جیهانی و کارکردەکانیدا، کە نیولیبرالیزم تیایدا باڵادەستە، یەک پێداویستی حەیاتی و بەردەوامە. بەتایبەتی کە بوژانەوەی بازاڕ و ئابووری کورستان بە پلەی سەرەکی بەندە بە بواری پشکنین و دەرهێنانی نەوت و گاز و مەوادی ژێرزەمینی و چۆنێتی هەناردە کردنیان بۆ بازاڕی جیهانی، پێویستی ڕاکێشانی سەرمایە و کۆمپانیا دەرەکییەکان و دەستراگەیشتن بە سەرچاوەکانی قەرز، گەرمکردنی بازرگانی و هاوردەکردنی کاڵای مەسەرەفی بەنرخێکی هەرزان دەخوازێ؛ هەموو ئەمانەش ناتوانرێ لە دەرەوەی بازنەی ئابووری بازاڕ و لەژێر کارکرد و مەرجەکانی نیولیبرالیزم و دەزگا نێونەتەوەییەکانیدا دەرچێ و سایە و سێبەرنەگرێ. یاسای "وەبەرهێنانی کۆمپانیای بیانی لە کوردستان"، "یاسا و ڕێنماییەکان سەبارەت بەپێدان و بەکرێدانی زەوی بۆ بواری بەرهەمهێنان"، "ڕێنمایی و بڕیارەکان لەپەیوەند بەپشکنین و گەڕان بەدوای نەوت و گازدا"، "یاسای چاکسازی لە بیمەی کۆمەڵایەتی و خانەنشینیدا"... ئەمانە و گەلێک یاسا و بڕیاری تر ڕاستەوخۆ لەژێر تیشکی کارکردەکانی نیولیبرالیزمدا، پەسەندکراون و خراونەتە بواری کارپێکردنەوە.

لەمەش زیاتر سەرهەڵدانی قەیرانی ئابووری لە هەرێمی کوردستان و بەرنامەیەک کە حکومەت لەژێر ناوی "چاکسازی ئابووری لەپێناو بەشداری لە گەشەپێدان و پاراستنی نەداران"دا، بۆ تێپەڕین لەم قەیرانە ڕایگەیاندووە، بەهەمان شێوە ئەو هەنگاو و سیاسەتە ئابوورییانە لە کوردستاندا بەڕێوەدەبات، کە نیولیبرالیزم و سندوقی دراوی نێودەوڵەتی، بەسەر دەوڵەتانی قەیرانگرتووی سەرمایداری لە دنیادا دایسەپاندووە، تا شکاندنەوەی ئاکامەکانی ئەم قەیرانە بەسەر خەڵکی کرێکار و زەحمتکێشدا، وەک ڕێگایەک بۆ

دەربازبوون لە قەیرانی ئابووری بەڕێوەی بەرن. سەرەکیترین لایەنەکانی ئەم بەرنامەیەش بریتیە لە:
تەقلیسکردنی پێکهاتی دەوڵەت و کەمکردنەوەی مەسروفاتەکانی (ئەمە بەمانای بەرینکردنەوەی ڕێژەی بێکاری)، سپاردنی پرۆژە ئابوورییەکانی دەوڵەت بە کەرتی تایبەتی لەپێشیانەوە بوارەکانی خزمەتگوزاری (ئەمە بەمانای بەتایبەتی کردنی ئاو و کارەبا و خویندن و تەندروستی و گواستنەوە و پاکژکردنەوە و...)، بەدەستەوەگرتنی سیاسەتی لێگرتنەوە و سکهەڵگوشینی ئابووری و خۆدزینەوەی دەوڵەت لە هەرجۆرە کۆمەکێک بە نرخی کاڵای خۆراکی و سوتەمەنی و دانی بیمە و ئیمتیازات بە هاوڵاتیان (ئەمە بەمانای پەلاماردان و هێنانەخوارەوەی ئاستی ژیان و گوزەرانی هاوڵاتیان)، چاککردنی کەرتی دارایی گشتی و بانک، لەسەر بنەمای کۆنتۆڵی پارە و خڕکردنەوەی لەدەستی حکومەت و لەخوارەوە ڕاگرتنی بەهای دراو (ئەمە بەمانای هێنانە خوارەوەی توانای کڕینی کاڵا پێویستەکان و هەرزان ڕاگرتنی ئاستی کرێ و موچە...).
ئەو ڕاستییانەی کە لەسەرەوە ئاماژەمان پێدان، ئەوەمان پێدەڵێت کە بۆرژوازی کورد ناتوانێ بۆرژوازییەک بێ لەجۆری لیبرال و نیولیبرال، بەڵام وەک ئەوەی کە ئابووری جیهانی لەسەر بنەمای پەرەسەندنی پەیوەندییەکانی نێوان کار و سەرمایە و چەوساندنەوەی هێزی کار، وەک دەرکەوتە و کردەیەکی جیهانی دەچێتە پێشەوە و ئابووری و بازاڕی ناوخۆی هەر وڵاتە، لەوانەش ئابووری و بازاڕی ناوخۆی کوردستان، تەنها لەم چوارچێوەیەدا دەتوانێ دامەزرێ و پەرەبسێنێ و تەنانەت بەسەر قەیرانەکانیشیدا زاڵ بێت، بۆرژوازی کورد و ناسیونالیزم و دەسەڵاتەکەی ناچارە بە پەیڕەوکردن لە کارکرد و بڕیارەکانی ئەم سیستمە ئابوورییە جیهانییە، دیارە ئەویش لە سەردەمێکدا کە ئابووری بازاڕ و نیولیبرالیزم جیهانی بۆتەوە.

## نیولیبرالیزم و سیاسەتی بەتایبەتی کردن (خصخصة) و هەڵوێستگرتن لێی:

سەرەتا بابزانین تایبەتیکردن چییە و بەشوێن چ ئامانجێکەوەیە؟
ڕەهاکردنی ئەو بەشە لە بواری بازرگانی و ئابووری، کە بە دەستی دەوڵەتەوەیە و ڕاستەوخۆ لەلایەن دەوڵەت خۆیەوە بەڕێوەدەبرێ و وەگەڕدەخرێ و سپاردنی بە سەرمایەدارانی کەرتی تایبەتی، کە هەندێجار فرۆشتن و گوێزانەوەی مۆڵکداریتی بەدواوە دەبێت. ئەمە سیاسەت و میکانیزمێکە کە مۆدێلەکانی سەرمایەداری دەوڵەتی و ئابووری بازاڕ، لە سەردەمان و قۆناغی جیاجیادا، بە ئاستی فراوان و تەسک، بۆ مەبەستی تایبەت

گیراوەتەبەر. بەڵام بە پلەی یەکەم ئەم سیاسەت و میکانیزمە لە سەردەمانی قەیرانی ئابووریدا پەیڕەوی لێدەکرێت و بەگشتی ئاڕاستەیە بۆ ئەو بوارە ئابووری و بازرگانیانەی کە بەئاستی ژیان و گوزەرانی هاوڵاتیانەوە پەیوەندە (بەتایبەتیش بوارەکانی خزمەتگوزاری وەک تەندروستی، ئاو و کارەبا، گەیاندن و هاتوچۆ، خوێندن و پەروەردە، پاکژی و هاوردەکردنی ئەو کاڵا مەسرەفیانەی بە خۆراک و بژێوی ڕۆژانەی هاوڵاتیانەوە پەیوەندییان هەیە)، کە لە بنەڕەتەوە ڕووی لە ئامانجی چڕکردنەوەی داهات و سەرمایەیە لەدەستی دەوڵەتدا، کە بێگومان لەهەموو حاڵەتێکدا، بێکارسازی و گرانی و هەژاری و هێنانەخوارەوەی ئاستی ژیان و گوزەرانی هاوڵاتیانی بەدواوە دەبێت.
ئەگەر سیاسەتی بەتایبەتی کردن لەسەردەمی دنیای دووقوتبیدا، لەلایەن ئەو دەوڵەتانەوە دەستی بۆ برابێت، کە مۆدێلی سەرمایەداری دەوڵەتی تیایاندا زاڵبووبێت، ئەوا زیاتر بۆئەوە بووە کە پێکهێنانی هاوسەنگی نێوان توانای بەرهەمداریی بەشەکانی سەرمایە (سەرمایەی خسوسی و دەوڵەتی، کە بەکەرتی گشتی و تایبەتی ناوبراوە) بەقازانجی کەمکردنەوەی خەرجییەکانی دەوڵەت بەدەستەوە بگیرێ و لەم ڕێگایەوە داهاتی زیاتر لەدەستی دەوڵەتدا چڕکاتەوە، تا ئابووری وڵات لە ڕکود و ڕاوەستان دەربازبکات. بەڵام لەسەردەمی ئێستادا، بەتایبەتیش لەم دوو دەیەی دواییدا کە نیولیبرالیزم و کارکردەکانی ڕەوتێکی زاڵ بووە بەسەر ئابووری جیهاندا، سیاسەتی بەتایبەتی کردن ڕاستەوخۆ بۆ جێخستنی ئابووری بازاڕ و وەدەرنانی مۆدێلی سەرمایەداری دەوڵەتی بووە لە بازنەی ئابووری جیهانی سەرمایەداریدا. لەم چوارچێوەیەشدا میکانیزمێک بووە بۆ پێکهێنانی ئاڵوگۆڕ لە سیستمی ئابووری وڵاتانی ژێردەستەی ئیمپریالیزمدا بەجۆرێک کە ئەم ئاڵوگۆڕانە کۆمەک بکات بە دەرچوونی وڵاتانی ئەوروپا و ئەمریکا لەو قەیرانە ئابوورییەی یەخەی پێگرتوون.
بەڵام لە کوردستان "سیاسەتی بەتایبەتیکردن"، لە فۆرمێکدا دەستی بۆبراوە و دەچێتە پێشەوە، کە سەراپا تێکەڵە بە گەندەڵی و دزی و بەتاڵانبردنی داهات و سامانی کۆمەڵایەتی. نەبوونی دەوڵەت و ناجێگری سیاسی، هاوکات وجودی حاکمیەتی ناوچەیی ئەحزابی میلیشیایی و زاڵبوونیان بەسەر هەموو کردە و بوارە ئابوری و بازرگانی و داراییەکاندا، دۆخی ئابووری وڵاتیان لە بێسەرەوبەرەیی و تێکەولێکە و ئانارشیزمێکی گشتگیردا ڕاگرتووە. لە وەها دۆخێکدا، بەتایبەتی کردن هەر ڕووی لەوە نییە کە ئابووری کوردستان بازاڕی بێتەوە و حکومەت خۆی لە بەڕێوەبردن و وەگەڕخستنی هەندێک بواری ئابووری و بازرگانی ڕەها کا و ڕێژەیەک لە داهات و سەرمایە لەدەستی خۆیدا کۆکاتەوە، تا وەڵام بە هەستانەوەی باری داڕوخاوی ئابووری وڵات بداتەوە، بەڵکو میکانیزمێکە بۆ کۆکردنەوەی ڕێژەی خەیاڵیی سەرمایە و داسەپاندنی دەسەڵاتێکی نابەرپرس لە ئاست ژیان و گوزەرانی

هاوڵاتیاندا. ئەمەش لە دوو ئاستی سەرەکیدا بەرجەستەیە:
**یەکەم:** "بەتایبەتی کردن" ناوی سیاسەتێکە بۆ هەڕاجکردنی مەوادی ژێر زەمینی (نەوت، گاز، چیمەنتو و گەچ و ئاسن..) و هەناردەکردنیان بۆ بازاڕی جیهانی، ئەمەش لەژێر پەردەی یاسا و بڕیارەکانی حکومەتدا، بەشێوەی بەستنی گرێبەست لەگەڵ کۆمپانیا دەرەکییەکان و ڕێکەوتنە ئابووری و بازرگانییەکان لەگەڵ دەوڵەتاندا دەچێتە پێشەوە. لەمبارەوە بوارەکانی پشکنین و دەرهێنانی نەوت و گاز و ناردنەدەرەوەیان، سەرچاوەیەکی سەرەکین بۆ کۆکردنەوەی داهات و سەرمایەی زۆروزەبەند، بەشێوەی "بەئیجارەدانی کێڵگەکان - یانی ریع/ سووخۆری" (هەندێکجار ئەم بابەتە لەژێر ناوی "شیرینی کۆمپانایاکان"ەوە خڕەدکرێتەوە). وە یا بەشێوەی "پێدان و وەرگرتنی بەش" و هەندێکجاریش وازهێنان لە ڕێژەیەک بۆ کۆمپانیا دەرەکییەکان و دەوڵەتانێک کە پرۆسەی بەرهەمهێنان و فرۆشتنی ئەم مەوادانەیان پێسپێردراوە.
**دووەم:** "بەتایبەتی کردن" میکانیزمێکە بۆ هەڵتۆقینی تۆڕێک لە کۆمپانیای بەناو ئەهلی، کە خاوەنەکانیان، بنەماڵەکانی دەسەڵات، بەرپرسانی حزبی و حکومەت و سەرمایەدارانێکە کە لە بازنەی پەیوەندییەکانی حزب و دەسەڵاتەوە سەریان دەرهێناوە. ئەم تۆڕە کە ناوەندەکانی بازاڕ و بەرهەمهێنانی کاڵا و خزمەتگوزاری لە ئاست ناوخۆدا دەچەرخێنێ، نفوز و دەخالەتی بۆ نێو پرۆژە ئابووری و بازرگانییە بچوک و مامناوەندییەکان درێژ بۆتەوە و ڕۆڵێکی ئیحتکارییانەی تەواو دەگێڕێ. کۆمپانیا بەناو ئەهلییەکانی کەرتی تایبەتی کە بەڕێوەبردنی بوارەکانی خزمەتگوزارییان بەپێی گرێبەست، وەیا بەئیجارەدان، پێسپێردراوە، هەروەها ئەو پرۆژە ئابووری و بازرگانییانەی کە سەرمایەی بچووک و مامناوەند هەڵیدەسوڕێنن، لەوانە پرۆژەی هاوردەکردنی مەوادی خۆراکی، دەرمان، کارگاکان، خانووبەرە دروستکردن... تا دوائەڵقەی بچوک بۆ کۆکردنەوەی ڕێژەی داواکراوی داهات و بەش لە کۆمپانیاکان دەستی خۆی درێژدەکات.
لەکەنار ئەم تۆڕەی کۆمپانیاکانی کەرتی تایبەتیدا، ئەوە پرۆژە و دامەزراوەکانی "کەرتی گشتییە" کە بە فەرامۆشی سپێردراوە و وەک پاشماوەی "پەیکەرەی دایناسۆرەکان" بە ئابووری وڵاتەوە دەبینرێن.
بێگومان لە وەها دۆخێکدا بەتایبەتی کردن، لەگەڵ ئەوەدا سیاسەت و میکانیزمێکە بۆ کۆکردنەوەی داهات و کەڵەکەی خەیاڵیی سەرمایە لە دەستی چینی بۆرژوازی و سەرمایەدار و خاوەن کۆمپانیاکاندا، لەهەمانکاتدا ڕاکێشانی کرێکاران و زەحمەتکێشانی کوردستانە بۆژێر سایەی دۆخێکی کارەساتبار و لەڕادەبەدەری سەختی ئابووری. بە واتایەکی تر بەتایبەتی کردنی پرۆژە ئابوورییەکانی دەوڵەت و سپاردنی بوارەکانی

خزمەتگوزاری بە کەرتی تایبەت، میکانیزم و سیاسەتێکە بۆ لێگرتنەوەی ئابووری و هێنانە خوارەوەی ئاستی ژیان و گوزەرانی هاوڵاتیان و داسەپاندنی هەژاری و بێکاری زیاتر. کەوایە هەڵوێست لەم سیاسەت و میکانیزمە چییە؟
مادام سیاسەتی بەتایبەتی کردن، دەبێتە مایەی هەژاری و بێکاری و لێگرتنەوە لەئاستی ژیان و گوزەرانی هاوڵاتیان، بەدڵنیاییەوە دەبێ کرێکاران و زەحمەتکێشان لەدژی ڕابوەستن و خەباتی لێبڕاوانەی خۆیانی لەبەرامبەردا بەڕێبخەن، بەڵام ئەم خەباتە و ئەم دژایەتیکردنە نابێ ڕووی لە داکۆکیکردن بێت لە ئابووری دەوڵەتی و کەرتی حکومی کە بە "کەرتی گشتی" بە خەڵک ناسێندراوە، چونکە ئەمە بەمانای داکۆکیکردن و مانەوەیە لە هەلومەرجی ئابووری داسەپاو بەسەر کۆمەڵگادا، کە هەژاری و بێکاری و ناشایستە بوونی خزمەتگوزارییەکان گۆشەیەکی سەرەکییەتی.
کرێکاران و زەحمەتکێشان، وەک ئەوەی کە هێشتا دەسەڵاتی چینایەتی خۆیان لەدەست نەگرتووە و هێشتا لە کۆمەڵگایەکدا ناژین کە هۆیەکانی بەرهەمهێنان و گواستنەوە بووبێتە موڵکداریێتی گشتی، ئەوە گرنگ نییە کە موڵکداریێتی سەرمایە و پرۆژەکان کێن و لەلایەن کێوە بەڕێوە دەبرێن! دەوڵەت یان کەرتی تایبەتی، بەڵکو ئەوەی بۆ ئەم چینە گرنگە لە هەر گوێزانەوەیەکی موڵکایەتیدا و لە هەر سیاسەتێکدا کە پڕۆژە ئابوورییەکان و خزمەتگوزارییەکان لە حکومەتەوە دەسپێرێ بە کۆمپانیا و بەڕێوەبەرانی ئەهلی و کەرتی تایبەت، شوێنکەوتنی ماف و ئازادییەکانیانە، داکۆکیکردنە لە زامنبوونی کار و ئاستی کرێ و بیمە و ئیمتیازاتەکانیانە، یانی داکۆکیکردنە لە باشبژێوی و مسۆگەرکردنی خزمەتگوزاری شایستە. لەمەش زیاتر، بەو جۆرەی سیاسەتی بەتایبەتی کردن، جەماوەری کرێکار و کۆمەڵانی زەحمەتکێش لەنێوان شەڕ و مونافەسەی بەشەکانی سەرمایەدا دادەنێ، نابێ کرێکاران خۆیان بە لایەنێکی ناچار بزانن، بەوەی کە دەبێ لەنێوان کەرتی دەوڵەتی و تایبەتدا، یەکێکیان هەڵبژێرن، بەپێچەوانەوە دەبێ خەباتی چینایەتی خۆیان لەدژی هەموو جۆرەکان و بەشەکانی سەرمایە یەکخەن و بۆ هەڵوەشانەوەی نیزامی سەرمایەداری و دامەزراندنی کۆمەڵگای سۆشیالیزم تێبکۆشن.

## ئایندەی نیولیبرالیزم و خەباتی چینی کرێکار:

ڕووداوەکانی دوو دەیەی ڕابردووی جیهان، پێمان دەڵێت کە کارنامەی نیولیبرالیزم و جیهانسازییەکەی، کۆمەڵگای بەشەرییەتی لەنێو تونێلێکی تاریکدا ڕاگرتووە، بەرینبوونەوەی هەژاری و نەداری، جەنگ و کاولکاری، تیرۆر و تەقینەوە، پەرەگرتنی ڕاسیزم و کۆنەپەرستی، سەرەنجام تێکشکان و وەدەرنانی هێزێکی گەورەی ئینسانی لەمەیدانی کار و

بەرهەمهێناندا و داسەپاندنی دۆخی ئاوارەیی و دەربەدەری بەسەریاندا، تا دارمانی ژینگە و هەزاران کارەسات و دەرد و مەینەتی خنکێنەر، کە ڕووبەڕووی کۆمەڵگای بەشەریەت کراوەتەوە... ئەمانە هەموویان بەڵگەن بۆئەوەی کە بۆرژوازی و ڕەوتی نیولیبرالیزم و حکومەتەکانی، نەک هەر ناتوانن جیهان بەرەو ئاشتی و ئارامی و خۆشگوزەرانی بەرن، بەڵکو ئامادەن سەراپای گۆی زەوی لەنێو نارۆشنی و گێژاو و ڕکود و بنبەستە سیاسی و ئابوورییەکانی سیستمەکەیاندا، بەیەکجاری بخنکێنن. بە وتەی مارکس "خاوەنانی سەرمایە ئامادەن لەگەڵ بنبەست و مەرگی سەرمایەکانیاندا، کۆیلەکانی ژێردەستیان بخەنە قەبرەوە".
لەلایەکی تریشەوە ئەم نارۆشنی و بنبەستەی نیولیبرالیزم وەک ئەوەی ئاکام و ڕەنگدانەوەی کاریگەرییەکانی کۆمەڵە بەربەست و مەحدودیاتێکی چارهەڵنەگرە، کە لەسەر ڕێگای گەشە و چوونەپێشەوەی پەیوەندییەکانی کار و سەرمایە و سیاسەتەکانی نیولیبرالیزمدا قوتبوونەتەوە، بەناچاری ئایندەی ڕەوتی نیولیبرالیزم و سیستمە جیهانییەکەی لە مەحەکی شکست و دارمان دەدات. نموونەی ئەو بەربەست و مەحدودیاتانەش ئەکرێ سەرەکییەکانیان ئەمانە بن:
**یەکەم:** درێژەکێشانی جەنگ و نائارامی و لەنگەرنەگرتنی هێز و بلۆکبەندییە ئیمپریالیستیەکان لە تەوازنێکی تازەدا، (کەبڕیاربوو دنیا دابەشبکاتەوە)، خۆی دەگۆڕێ بۆ هۆکارێک بۆ نەمانی ئەمنیەتی بازاڕ و سەرمایە و تەخریبی بەشێکی گەورە لە ژێرخان و هۆیەکانی گواستنەوە و گەیاندن، کە لە ئاکامدا، بەشێکی زۆر لە سەرمایەی جیهانی لە چاوەڕوانیدا بەدیار "ئارامی ماوە درێژەوە" ڕادەگرێ و ئەمەش کاریگەری لەسەر هاتنەخوارەوەی گێچی قازانجهێنەری گشت سەرمایە لەئاستی جیهاندا دادەنێ.
**دووەم:** بەدەستەوەگرتنی سیاسەتی لێگرتنەوەی ئابووری و پەلاماردان بۆ سەر ئاستی گوزەرانی هاوڵاتیان و هێنانە خوارەوەی بەهای واقعی هێزی کاری کرێکاران، کە وەک میکانیزمێک بۆ بەدەستهێنانی زێدەبایی ڕەها و لێرەشەوە بردنەسەرەوەی ڕێژەی قازانجی سەرمایە بەدەستەوە گیراوە، خۆی سنورێکی هەیە و ناتوانێ تەجاوزی مانەوەی "زیندەگی فیزیکی" کرێکاران بکات، هەر بۆیە بەپێچەوانەی خۆی دەگۆڕدرێ و سیاسەتەکانی نیولیبرالیزم لە ناکامیدا دەهێڵێتەوە.
**سێهەم:** تەنگبوونەوەی بوارەکانی قازانجهێنەری سەرمایە، بە سود وەرگرتن لە بەرهەمهێنانی زێدەبایی نسبی. ئەمەش وەک ئاکامێک لە پڕبوونی پێکهاتی ئۆرگانیکی سەرمایە (کەڵەکە بوونی سەرمایەی نەگۆڕ لەئاستێکی بەرزدا، لەچاو سەرمایەی گۆڕدراودا) و ناکام مانەوەی ڕۆڵی تەکنۆلۆژیا لە وڵاتانی میترۆپۆڵدا.
**چوارەم:** سەرهەڵدانی نارەزایەتییەکی کۆمەڵایەتی، وەک بەرئەنجامێک لە شاریبوونەوەی

کۆمەڵگاکان، وە لەخۆگرتنی شەپۆلی ئاوارەیی و سیاسەتی لێگرتنەوەی ئابووری و ئەو هێرشانەی کە بۆسەر هاوڵاتیان بەڕێخراوە. شۆڕشەکانی دنیای عەرەبی، ناڕەزایەتییەکان لە جەزائیر و سودان، جووڵانەوەی هێلەک زەردەکان، ناڕەزایەتییەکان لە شارەکانی عێراق و کوردستان... نموونەگەلێکی ئەم واقعیەتەن کە هەڕەشەیەکی بەردەوامە بەسەر سەری چینی بۆرژوازی و دەسەڵاتەکەیەوە.
بێگومان دۆخێکی ئاوا، لەگەڵ ئەوەدا کە خەباتی چینایەتی کرێکاران و کۆمۆنیستەکانی لەئاست دنیادا سەخت و دژوار کردۆتەوە، بەڵام هیچ ڕێگایەکی تری لەبەردەم ئەم چینەدا نەهێشتۆتەوە جگە لە تێکۆشان بە ئاڕاستەی بەدەستهێنانی خێرای ئامادەییەکان و پێداویستییەکانی، دەستبردن بۆ شۆڕشی چینایەتی کرێکاران و دامەزراندنی کۆمەڵگایەکی سۆشیالیستی. بەتایبەتی کە لەمێژە کۆمۆنیستەکان لەبەرامبەر جەنگ و قەیرانە ئابووریەکانی سەرمایەداریدا ڕایانگەیاندووە: "یان سۆشیالیزم، یان بەربەرییەت".
لەلایەکی ترەوە ئەم دۆخە هەرچی زیاتر خەسڵەتی ئەنتەرناسیونالیستی و شۆڕشگێڕانەی بە تێکۆشانی کرێکاران و بێبەشانی کۆمەڵگا و لێکگرێدانی هاوچارەنووسی ژیان و خەباتی ئەم چینە و بەشەکانی، لە بوعدی جیهانیدا، کردۆتە تایبەتمەندییەکی سەرەکی خەبات لەپێناو بردنەپێشەوەی ئەرکەکانی سەر ڕێگای شۆڕشی کرێکاریدا. بە واتایەکی تر چینی کرێکار لەگەڵ ئەوەدا کە دەبێ لەپێشدا حسابی خۆی لەگەڵ چینی بۆرژوازی لەئاست وڵاتەکەی خۆیدا یەکلابکاتەوە و دەسەڵات بگرێتە دەست، دەبێ بە ئاسۆ و ستراتیژییەکی ئەنتەرناسیونالیستیەوە، لە مەیدانی بردنەپێشەوەی ئەرکەکانی خۆی لە هەر وڵاتێکدا بێت و بیانباتە پێشەوە.
هاوکات دۆخی ئێستای جیهان پێماندەڵێت کە خەبات بۆ داکۆکیکردن لە ئەمنییەت و باشبژێوی کۆمەڵایەتی، یەکێک لە مەیدانە سەرەکییەکانی ڕووبەڕووبوونەوەیە بەڕووی چینی بۆرژوازی و ڕەوتە نیولیبراڵەکەی لە بوعدێکی جیهانیدا. چینی کرێکار و کۆمۆنیزم دەبێ لە قامەتی یەک چینی کۆمەڵایەتی و یەک جووڵانەوەی جیهانیدا بەدژی جەنگ و کاولکاری و پەلامارەکانی دەسەڵاتدارانی سەرمایە ڕاوەستن و بۆ گێڕانەوەی ئەمنییەت و ئارامی و بەدەستهێنانی باشبژێوی ئینسانی، جڵەوی ئەم بەربەرییەتە بگرن. ئەمە یەکێک لە مەیدان و نەبەردەکانی خەباتی چینایەتی، ئەم سەردەمەی کرێکاران و کۆمۆنیستەکانە بەرەو سۆشیالیزم.



کارڵ مارکس

# سەبارەت

# بە کاڵا_ بەشی٢

# لە کتێبی سەرمایەی کارڵ مارکسەوە،

**وەرگێڕانی جەمال موحسین**

(ئەم وەرگێڕانە لەم ڤێرژنەوە کراوە: کۆکراوەی کارەکانی مارکس و ئەنگڵس بەرگی ٣٥. سەرمایە، بەرگی یەک_کتێبی یەک، چاپی لۆرێنس و ویشەرت ٢٠١٠ (لاپەڕەکانی ٥١ تا ٥٦)
بەرگی یەک، کتێبی یەک (پرۆسەی بەرهەمهێنانی سەرمایە)، بەشی یەک: کاڵا و پارە، بەندی یەک سەبارەت بە کاڵا

**لقی دوو_ سروشتی دوولایەنەیی کاری بەرجەستەبوو لە کاڵادا**

لە یەکەم نیگادا کاڵا وەک پێکهاتەی دوو شت خۆی نیشانی ئێمە دا کە ئەویش بەهای بەکارهێنان و بەهای گۆڕینەوەیە. دواتر هەروەها ئەوەشمان بینی کە کاریش هەمان سروشتی دوولایەنەیی هەیە لەبەرئەوەی تا ئەو جێگایەی لە بەهادا خۆی دەرئەخات، خاوەنی هەمان ئەو خاسیەتانەی نابێ کە وەک خوڵقێنەری بەهای بەکارهێنان هەیەتی. من

## سەبارەت بە کاڵا- لە کتێبی سەرمایەوە

یەکەم کەس بووم کە ئەم سروشتە دوو لایەنیەی کاری بەرجەستە بووم لە کاڵادا دەستنیشان کرد و دامە بەر لێکۆڵینەوەی ڕەخنەگرانە. لەبەرئەوەی ئەمە ئەو تەوەرەیە کە تێگەیشتنی ڕۆشن لە ئابوری سیاسی لە دەوری ئەسوڕێتەوە، وا باشترە زیاتر ڕۆبچینە وردەکاریەکانیەوە. با دوو کاڵا وەربگرین وەک چاکەتێک و ١٠ یارد کەتان و وایدابنێین ئەوەی یەکەمیان دوو ئەوەندەی بەهای ئەوەی دووەمیانی هەیە. یانی ئەگەر ١٠ یارد کەتانەکە یەکسان بێ بە W ، ئەوا چاکەتەکە یەکسانە بە W2.
چاکەتەکە بەهایەکی بەکارهێنانە کە پێویستیەکی تایبەتی دابین ئەکات و بوونەکەی ئەنجامی جۆرێکی تایبەتە لە چالاکیەکی بەرهەمهێنەر. سروشتی ئەم چالاکیەش بە ئامانجەکەی، شێوازی کارکردن، شت و ئامرازەکان و ئەنجام دیاریئەکرێ. ئەو کارەی کە بەکارهێنانەکەی لە بەهای بەکارهێنانی بەرهەمەکەیدا خۆی ئەنوێنێ، یان بەوجۆرە خۆی دەرئەخات کە بەرهەمەکەی ئەکاتە بەهایەکی بەرهەمهێنان پێی ئەڵێین کاری بە کەڵک. لەم پەیوەندەشدا تەنها کاریگەریە بە کەڵکەکەی ڕەچاوئەکەین.
لەبەرئەوەی چاکەتەکە و کەتانەکە لە ڕووی جۆرێتیەوە دوو بەهای بەکارهێنانی جیاوازن، هەربەو پێیە ئەو دوو جۆرە کارەشی بەرهەمیانئەهێنێ جیاوازن کە دوورین و چنینە. ئەگەر ئەم دوو شتە لەباری جۆرێتیەوە لەیەک جیاواز نەبوونایە و بەرهەمی کارێک نەبوونایە کە جیاوازن لەباری جۆرێتیەوە، ئەوا لە پەیوەندیەکی کاڵاییدا نەئەبوون لەگەڵ یەکدا. چاکەت بە چاکەت ناگۆڕدرێتەوە، یانی بەهایەکی بەکارهێنان بە بەهایەکی تری بەکارهێنانی هەمان چەشن ناگۆڕدرێتەوە.
هەموو جۆرە جیاوازەکانی بەها لە بەکارهێناندا پەیوەست ئەبنەوە بە زۆرترین جۆری جیاوازی کاری بەکەڵکەوە کە ئەوانیش بەپێی دۆخ، توخم، چەشن و هەمەجۆرێتیەکەیان پۆلێن ئەکرێن لە دابەشکردنی کۆمەڵایەتیانەی کاردا. ئەم دابەشکردنی کارە مەرجێکی پێویستە بۆ بەرهەمهێنانی کاڵاکان، بەڵام بە پێچەوانەوە بەوجۆرە نییە کە بەرهەمهێنانی کاڵاکان مەرجێکی پێویست بێ بۆ دابەشکرنی کار. لە کۆمەڵگای سەرەتای هیندیدا دابەشکردنی کۆمەڵایەتی کار بوونی هەیە بەبێ بەرهەمهێنانی کاڵاکان. یان با نمونەیەکی نزیکتر وەربگرین، لە هەموو کارگەیەکدا کار بەپێی نەزمێک دابەشکراوە بەڵام ئەم دابەشکردنە لەوەوە نەهاتووە کە کرێکارەکان بەرهەمە شەخسیەکانیان بەیەک ئگۆڕنەوە. ئەو بەرهەمانە تەنها لە کاتێکدا لە پەیوەند بە یەکەوە ئەبن بە کاڵا کە ئەنجامی جۆری جیاوازن لە کار کە هەریەکەیان سەربەخۆ و لەپێناو تاکی کەسەکاندا بە ئەنجام گەیەندراون.
گەر بە کورتی بیڵێینەوە: لە بەهای بەکارهێنانی هەر کاڵایەکدا کارێکی بەکەڵک هەیە، واتە

چالاکیەکی بەرهەمهێن لە جۆرێکی دیاریکراو کە بۆ ئامانجێکی دیاریکراو ئەنجامدراوە. بەهاکانی بەکارهێنان وەک کاڵاکان ڕووبەڕووی یەک نابنەوە هەتا ئەو کارەی تێیاندا بەرجەستە بووە لە ڕووی جۆرێتیەوە لە هەر یەکەیاندا جیاواز نەبێ. لە کۆمەڵگایەکدا کە بەرهەمەکانی بە گشتی شێوەی کاڵاکان وەرئەگرن، واتە لە کۆمەڵگای بەرهەمهێنەرانی کاڵادا، ئەو جیاوازیە جۆرێتیەی نێوان شێوە بەکەڵکەکانی کار کە بە شێوەیەکی سەربەخۆ لەلایەن تاکەکانەوە و هەر یەک بۆ خۆیان ئەنجامئەدرێ بەرەو سیستمێکی ئاڵۆز گەشە ئەکات، واتە دابەشبوونی کۆمەڵایەتی کار.
بەهەرحاڵ ئەوەی کە چاکەتەکە لەلایەن بەرگدووەکەوە یان کڕیارێکیەوە لەبەرئەکرێ لە هەردوو حاڵەتەکەدا وەک بەهایەکی بەکارهێنان کار ئەکات. وە پەیوەندی نێوان چاکەتەکە و ئەو کارەی کە بەرهەمیهێناوە بەهۆی ئەو هەلومەرجەوە کە دوورین ڕەنگە بووبێ بە بازرگانیەکی تایبەت، واتە بەشێکی سەربەخۆی دابەشبوونی کۆمەڵایەتی کار گۆڕانی بەسەردا نایەت. لە هەر شوێنێک مرۆڤەکان ناچار بە جلوبەرگ پۆشین بووبن جلوبەرگیان بۆ هەزاران ساڵ دروستکردووە و بێئەوەی تاکە یەک کەسیشیان بووبن بە بەرگدروو. بەڵام چاکەت و کەتان وەک هەر سەروەتێکی تری ماددی کە خۆی بەشێکی خۆڕسک نییە لە سروشت هەمیشە بوونیان وابەستەیە بە چالاکیەکی بەرهەمهێنی تایبەتیەوە کە بۆ ئامانجێکی دیاریکراو ئەنجامدراوە. واتە چالاکیەک کە چەند کەرەستەیەکی تایبەتی وەدەستهاتووی سروشت ئەکات بە چەند پێویستیەکی تایبەتی مرۆڤەکان. لەبەرئەوە تا ئەو جێگایەی کە کار خوڵقێنەری بەهای بەکارهێنانە و کارێکی بەسوودە، مەرجێکی پێویستە بۆ وجودی ڕەگەزی مرۆڤ، سەربەخۆ لە هەر شێوەیەک لە شێوەکانی کۆمەڵگا. پێویستیەکی سەپێندراوی هەتاهەتایی سروشتە کە بەبێ ئەو هیچ ئاڵوگۆڕێک لە نێوان مرۆڤ و سروشتدا نابێ و بەمجۆرەش ژیانیش بوونی نابێ.
بەهاکانی بەکارهێنان، چاکەت، کەتان و هتد. واتە کۆمەڵەی کاڵاکان تێکەڵەی دوو توخمن: مادده و کار. گەر کاری بە کەڵک کە تێیاندا خەرج کراوە لابەین تەنها بناغەیەکی ماددی ئەمێنێتەوە کە لەلایەن سروشتەوە دابینکراوە بەبێ هاوکاری مرۆڤ. ئەمەی دواییان تەنها ئەتوانێ وەک سروشت کار بکات ئەوەش لە ڕێی گۆڕینی شێوازی ماددەوە * بگرە لەوەش زیاتر لەم کاری گۆڕینی شێوازەدا بە بەردەوامی یارمەتی لە هێزە سروشتیەکانەوە

* هەرچی دیاردەی گەردونە ئیتر ئایا بە دەستی مرۆڤ بەرهەمهێنرابن یان لە ڕێی یاسا ⟸ فیزیاییەکانی گەردونەوە بوونەوەری تازەی ڕاستەقینە نین بەڵکو تەنها گۆڕانی ماددەن. کاتێک مرۆڤ چەمکی بەرهەمهێنانەوە شیئەکاتەوە تەنها ئەو توخمانەی کە هەمیشە مێشکی بۆیان ئەچێ پێکەوەبوون و

وەرئەگرێ. ئنجا ئەبینین کە کار تەنها سەرچاوەی سەروەتی ماددی و بەهای بەکارهێنان کە لە کارەوە بەرهەمهاتووە نییە. هەروەک ویلیەم پیتی ئەڵێ، کار باوکی ئەو سەروەتە و زەویش دایکیەتی.

ئێستا با لە کاڵاوە کە بە بەهایەکی بەکارهێنان دائەنرێ بچینە سەر بەهای کاڵاکان.

بە گریمانەی ئێمە چاکەتەکە بایی دوو ئەوەندەی کەتانەکەیە کە ئەمەش جیاوازیەکی چەندێتیە و لە ئێستادا مەسەلەی ئێمە نییە. لەگەڵ ئەوەشدا ئەبێ ئەوەمان بیربێت کە ئەگەر بەهای چاکەتەکە دوو ئەوەندەی ١٠ یارد لە کەتان بێ، کەواتە ئەبێ ٢٠ یارد لە کەتان بەهای یەک چاکەتی هەبێ. لەبەرئەوەی چاکەتەکە و کەتانەکە هەردووکیان بەهان، ناوەڕۆکێکی وەک یەکیان هەیە، واتە دەربڕینی ئۆبجێکتیڤانەی (عەینیانەی) کارێکی لە بنەڕەتدا لەیەکچوون. بەڵام دوورین و چنین لە ڕووی چۆنێتیەوە دوو جۆری کاری جیاوازن. بەهەرحاڵ هەندێ بارودۆخی کۆمەڵگا هەیە کە تیایدا هەمان مرۆڤ بە نۆرە کاری دوورینیش و چنینیش ئەکات کە لەهەردوو حاڵەتەکەشدا شێوازەکانی کارەکە بریتیە لە تەنها گۆڕینێکی سادە لە کاری هەمان تاکە کەسدا، نەک کرداری تایبەت و چەسپاوی چەند کەسێکی جیاواز، بەهەمان شێوەی ئەوەی کە بەرگدرووەکەی ئێمە ڕۆژێک چاکەتێک دروست ئەکات و ڕۆژێکی تر پانتۆڵێک ئەمەش تەنها دەرخەری ئەوەیە کە هەمان کەس دوو جۆری جیاوازی کار ئەکات. هەروەها بە چاوخشاندنێک بۆمان دەرئەکەوێ کە لە کۆمەڵگای سەرمایەداری ئێمەدا ڕێژەیەک لە کاری مرۆڤ بەپێی دەستەبەرکردنی داخوازی جیاجیا لە کاتێکدا لە شێوازی دوورینیدا پێشکەش ئەکرێ و لە کاتێکی تردا لە شێوازی چنیندا. ئەم گۆڕانە ڕەنگە بەبێ پێکدادان ڕوونەدات، بەڵام هەرئەبێ ڕووبدات.

ئەگەر شێوازە تایبەتەکەی چالاکی بەرهەمهێن، واتە سروشتی بەسوودیی کار، لەبەرچاونەگرین ئەوا هیچ نامێنێتەوە جگە لە خەرجکردنی (بەکارهێنانی) هێزی کاری

---

⇨ لێکجیابوونەوەیە. سەبارەت بە بەرهەمهێنانی بەهاش بەهەمان جۆرە (مەبەست لە بەهایەکە لەبەکارهێناندا بێ، هەرچەند ڤیری لەم تێکستەیدا کە پێچەوانەیە لەگەڵ فیزیۆکراتەکاندا خۆشی دڵنیا نییە قسە لەسەر چ بەهایەک ئەکات). هەروەها بۆ سەروەتیش، کاتێک زەوی و هەوا و ئاو لە کێڵگەکاندا ئەگۆڕدرێ بۆ دانەوێڵە، یان کاتێک دەستی مرۆڤ دەردراوەکانی مێروویەک ئەکات بە ئاوریشم یان پارچە کانزایەک پێکەوەئەنرێ تاکو کاتژمێرێکی لێ دروستبکرێ.'' [فیزۆکراتەکان، واتە سروشت دەسەڵاتیەکان، کە لە سەدەی ١٨ دا لە فەڕەنسا گروپێکی ئابوریناس بوون و پێیان وابوو دەسەڵات یان حکومەت و دەوڵەت نابێ دەخاڵەت لە سروشتدا بکات و تاکە سەرچاوەی سەروەت زەوی و بەکارهێنانن و کێڵانیەتی_وەرگێڕ]. پێترۆ ڤیری، مێدیتازیۆنی سولا ئیکۆنۆمیکا پۆلیتیکا، بۆ یەکەمین جار لە ١٧٧١ دا چاپکراوە وەک بەشێک لە ئابوریناسە ئیتاڵیەکانی سەر بە کەستۆدی، پارتێ مۆدێرنا، ل. ٢١ و ٢٢...

مرۆڤ. دوورین و چنین هەرچەندە لەڕووی چۆنێتییەوە چالاکی بەرهەمهێنەری جیاوازن، هەریەکەشیان بەکارهێنانی بەرهەمهێنەرانەی مێشک و دەمارەکان و ماسولکەکانی مرۆڤ و بەم مانایەش کاری مرۆڤن. ئەوان تەنها دوو شێوازی جیاوازی بەکارهێنانی هێزی کاری مرۆڤن. بێگومان ئەم هێزی کارەش کە لەژێر هەر ئاڵوگۆڕێکدا وەک خۆی ئەمێنێتەوە ئەبێ پلەیەکی دیاریکراو لە گەشەی بەدەستهێنابێ پێش ئەوەی لە شێوازی جیاجیادا بەکارهێنرابێ. بەڵام بەهای کاڵا بەشێوەیەکی موجەڕەد دەرخەری کاری مرۆڤە، واتە بەکارهێنانی کاری مرۆڤ بە گشتی. هەروەک چۆن لە کۆمەڵگادا ژەنەراڵێک یان خاوەن بانێک ڕۆڵێکی گەورە ئەبینێ، بەڵام لەلایەکی ترەوە مرۆڤی سادە تەنها ڕۆڵێکی کەمی هەیە، مەسەلەکە بۆ کاری سادەش بەهەمان شێوەیە * ئەوە بەکارهێنانی هێزی کاری سادەیە، واتە هێزی کارێک کە بە تێکڕا و بەجیا لە هەر گەشەیەکی تایبەتی، لە ئۆرگانیزمی هەر تاکێکی ئاساییدا بوونی هەیە. ئەوە ڕاستە کە تێکڕای سادەی کار لە تایبەتمەندیەکانیدا لە وڵاتی جیا و لە کاتی جیادا ئەگۆڕێ بەڵام لە کۆمەڵگایەکی دیاریکراودا هەمیشە بوونی هەیە. کاری لێهاتوو تەنها بە کارێکی سادەی چڕکراوە، یان بابڵێین کارێکی سادەی چەندقاتکراوە هەژماردەکرێت کە ئەمەش چەندێتیەکی لێهاتوویی دراوە و یەکسانە بە چەندێتیەکی گەورەتری کاری سادە. ئەزمون نیشانی ئەدات کە ئەم کەمکردنەوەیە بەشێوەیەکی بەردەوام ئەنجامئەدرێ. کاڵایەک ڕەنگە بەرهەمی لێهاتووترین کار بێ بەڵام بەهاکەی کە یەکسانی ئەکەیتەوە بە بەرهەمی کارێکی سادەی نالێهاتوو تەنها نوێنەرایەتی چەندێتیەکی دیاریکراوی ئەم کارەی دواییان ئەکات** ئەو ڕێژە جیاوازانەی کە تیایدا جۆری جیاوازی کار کەمکراونەتەوە بۆ کاری نالێهاتوو وەک ستانداردی خۆیان، بە پرۆسەیەکی کۆمەڵایەتی دیاریئەکرێن کە لە پشت بەرهەمهێنەرەکانەوەن و سەرئەنجام ئەو ڕێژەیە وادەرئەکەوێ کە بە نەریتێک ڕێکخراوە. بە مەبەستی ئاسانکردنەوە لێرە بەدوا هەرجۆرە کارێک بە کاری نالێهاتوو، واتە کاری سادە هەژمارە ئەکەین و بەمجۆرەش تەنها خۆمان لە کێشەی کەمکردنەوە دوورئەخەینەوە.

کەوایە هەروەک چۆن لە بینینی چاکەتەکە و کەتاندا وەک بەها خۆمان لە بەهای

---

* هیگڵ، فیلۆسۆفی دێس ریختس (فەلسەفەی مافەکان)، بەرلین ساڵی ١٨٤٠، ل. ٢٥٠).

** خوێنەر لێرەدا ئەبێ تێبینی ئەوە بکات کە ئێمە مەبەستمان لە کرێ یان ئەو بەهایە نییە کە کرێکار لەبەرامبەر کاتێکی کاری دیاریکراودا وەریئەگرێ، بگرە مەبەستمان بەهای ئەو کاڵایەیە کە تیایدا ئەو کاتی کارە ماددی کراوەتەوە. کرێ ئەو بابەتەیە کە هێشتا لەم بەشەی لێکۆڵینەوەکەماندا بوونی نییە.

بەکارهێنانی جیاوازیان بەدوور گرت، بۆ کارێکیش کە بەو بەهایانە دیاریبکرێ هەمان کار ئەکەین: واتە چاوپۆشی ئەکەین لە جیاوازی نێوان شێوازە بەسوودەکانی، واتە چنین و دوورین. چاکەت و کەتان وەک بەهای بەکارهێنان بریتین لە تێکەڵەی چەند چالاکیەکی بەرهەمهێنی تایبەت لەگەڵ قوماش و دەزوودا، لەکاتێکدا بەهاکان، واتە چاکەت و کەتانەکە، لەلایەکی ترەوە مەیینی هاوتوخمیانەی کاری لێکچوون. کەواتە ئەو کارەی لەم بەهایانەی دواییدا بەرجەستەبووە بەپێی پەیوەندیە بەرهەمهێنەرانەکەی بە قوماش و دەزووەوە هەژمارناکرێ، بگرە تەنها وەک بەکارهێنانی هێزی کاری مرۆڤ هەژمار ئەکرێ. دوورین و چنین هۆکاری پێویستن لە خوڵقاندنی بەهای بەکارهێناندا، واتە چاکەت و کەتان، رێک لەبەرئەوەی ئەم دوو جۆرە لە کار سیفاتی جیاوازیان هەیە. بەڵام تەنها لەکاتێدا کە لە سیفاتە تایبەتەکانیان دابپرێنرێن و تەنها لەکاتێکدا کە هەردووکیان خاوەنی هەمان ئەو سیفەتەن کە کاری مرۆڤن ئیتردوورین و چنین ناوەڕۆکی بەهای هەمان ئەو دوو شتومەکەی باسکراون پێکئەهێنن.

لەگەڵ ئەوەشدا چاکەت و کەتان تەنها بەهایەکی ڕووت نین، بگرە بەهای برێکی دیاریکراون و بەپێی گریمانەی ئێمەش چاکەتەکە بایی دوو ئەوەندەی ١٠ یارد کەتانە. ئەم جیاوازیە لە بەهاکانیاندا لە کوێوە هاتووە؟ ئەمە ئەگەڕێتەوە بۆ ئەو ڕاستیەی کە کەتانەکە تەنها نیو ئەوەندە کاری چاکەتەکەی لەخۆگرتووە و سەرئەنجام لە بەرهەمهێنانی ئەمەی دواییاندا هێزی کار ئەبێ لە دوو ئەوەندەی کاتی پێویست بۆ بەرهەمهێنانی ئەوەی یەکەمیاندا بەکارهاتبێ.

لەبەرئەوە لە کاتێکدا کە مەسەلەکە پەیوەستە بە بەهای بەکارهێنانەوە ئەو کارەی لە کاڵایەکدا بەرجەستەیە تەنها لەڕووی چۆنایەتیەوە هەژمارئەکرێ، بەڵام لە پەیوەند بە بەهاوە تەنها لەڕووی چەندایەتیەوە هەژمار ئەکرێ و ئەبێ سەرەتا کەمبکرێتەوە بۆ کاری مرۆڤی پوخت و سادە. لەوەی یەکەمیاندا پرسیارەکە چۆن و چییە، لە دووەمیاندا چەندەیە و چەند کاتی ویستووە؟ لەبەرئەوەی بڕی بەهای کاڵایەک تەنها دەرخەری چەندێتی ئەو کارەیە کە تیایدا بەرجەستە بووە کەواتە هەموو کاڵایەک، گەر بڕێکی دیاریکراویان لێوەربگیرێت، ئەبێ لە بەهادا یەکسان بن.

ئەگەر هێزی بەرهەمهێنەریی هەموو جۆرە جیاوازەکانی کاری بەسوود کە پێویستن بۆ بەرهەمهێنانی چاکەتێک نەگۆڕدرێ، ئەوا لەگەڵ زیادبوونی ژمارەی ئەو چاکەتانەی بەرهەمئەهێنرێن کۆی بەهاکانیشیان زیاد ئەبێ. ئەگەر یەک چاکەت دەرخەری x ڕۆژ کار بێ، دوو چاکەت دەرخەری x2ڕۆژ کارە و بەوجۆرە. بەڵام وایدابنێ ئەو ماوەی کارەی بۆ بەرهەمهێنانی چاکەتێک پێویستە ببێ بە دوو ئەوەندە یان نیو ئەوەندە. لەوەی یەکەمیاندا

چاکەتێک بایی دوو چاکەتی پێشووە، و لەوەی دووەمیشیاندا دوو چاکەت بایی یەک چاکەتی پێشووە هەرچەندە لە هەردوو بارەکەدا چاکەتێک هەمان خزمەتی پێشوو پێشکەش ئەکات و ئەو کارە بەسوودەی تیایدا بەرجەستە بووە بە هەمان جۆرێتی ئەمێنێتەوە. بەڵام چەندێتی ئەو کارەی لەبەرهەمهێنانیدا بەکارهاتووە گۆڕاوە.
زیادبوون لە چەندێتی بەهای بەکارهێناندا زیادبوونە لە سەروەتی ماددیدا. بە دوو چاکەت دوو کەس پۆشتە ئەبێ و بە دانەیەکیش یەک کەس. لەگەڵ ئەوەشدا چەندێتی زیادبووی سەروەتی ماددی هاوتایە لەگەڵ دابەزینی هاوکاتی بڕی بەهاکەیدا. سەرچاوەی ئەم جوڵە ناکۆکە ئەگەڕێتەوە بۆ سروشتی دوولایەنەیی کار. بێگومان هێزی بەرهەمهێنەر تەنها پەیوەستە بە کاری هەندێک شێوازی بەرجەستەی بەسوودەوە، واتە بە کاریگەربوونی هەر چالاکیەکی بەرهەمهێنی تایبەت لە کاتێکی دیاریکراودا کە لەسەر ڕادەی بەرهەمهێنیەکەی ڕاوەستاوە. لەبەرئەوە کاری بەسوود کەم تا زۆر ئەبێ بە سەرچاوەیەک بۆ فرەیی بوونی بەرهەمەکان بەڕادەی بەرزبوونەوە یان دابەزینی بەرهەمهێنیەکەی. لەلایەکی ترەوە، هیچ گۆڕانێک لەو بەرهەمهێنیەدا کارناکاتە سەر ئەو کارەی کە بەها نیشانی داوە. لەبەرئەوەی هێزی بەرهەمهێنەر سیفەتێکی شێوازی بەرجەستەی بەسوودی کارە، بێگومان هیچ کاریگەرییەکی لەسەر ئەو کارە نابێ گەر بێتوو لەو شێوازە بەرجەستە بەسوودەی دایببڕێنین. بەهەرحاڵ ئیتر هەرچەندە هێزی بەرهەمهێن بگۆڕێ، هەمان ئەو کارەی کە لە ماوەیەکی کاتی یەکساندا ئەنجامدرابێ هەمیشە بڕی یەکسان لە بەها پێشکەش ئەکات. بەڵام لە ماوەی کاتی یەکساندا چەندێتی جیاواز لە بەهای بەکارهێنان پێشکەش ئەکات، ئەگەر هێزی بەرهەمهێنەر زیادبکات بەهای بەکارهێنانی زۆرتر و گەر هێزی بەرهەمهێنەر دابەزێت بەهای بەکارهێنانی کەمتر. هەمان ئەو گۆڕانە لە هێزی بەرهەمهێناندا کە بەبەرهەمبوونی (بەبڕشتبوونی) کار زیاد ئەکات و بەمپێیەش چەندێتی (بڕی) ئەو بەهایانەی بەکارهێنان کە لەو کارەوە بەرهەمدێن زیاد ئەکات، ئەمەش ئەبێتە هۆی کەمبوونەوەی تێکڕای بەهای ئەو بڕە لە بەهای بەکارهێنانە زیادبووە بەومەرجەی تێکڕای کاتی کارێک کە بۆ بەرهەمهێنانی ئەو بەهای بەکارهێنانانە پێویستە کەم بکاتەوە، ئەم مەسەلەیە بە پێچەوانەشەوە هەر ڕاستە.
لەلایەکەوە گەر لەڕووی فیسیۆلۆجیەوە قسە بکەین هەموو کارێک بریتیە لە خەرجکردنی هێزی کاری مرۆڤ و خوڵقێنەر و شێوەپێدەری بەهای کاڵاکانە. لەلایەکی ترەوە، هەموو کارێک بریتیە لە خەرجکردنی هێزی کاری مرۆڤ لە شێوەیەکی تایبەتدا و بۆ ئامانجێکی دیاریکراو، وە لەم بارەیدا ئەو سروشتەی وەک کارێکی بەرجەستەی بەسوود هەیەتی بەهای بەکارهێنان بەرهەمئەهێنێت *

# سەبارەت بە کاڵا- لە کتێبی سەرمایەوە

⇨

* ئادەم سمیث بۆ ئەوەی بیسەلمێنێ کە ''کار بە تەنها ئەو پێوەرە ڕاستەقینەیەیە کە بەتەواوەتی بەسە بۆ ئەوەی لە هەموو کاتێکدا بەهای کاڵاکانی پێ مەزەندە و بەراورد بکرێ''، ئەڵێ: ''بڕی کاری یەکسان لە هەموو کات و شوێنێکدا ئەبێ هەمان بەهای بۆ کرێکار هەبێ. لە باری ئاسایی تەندروستی و هێز و چالاکیدا و لە هەبوونی توانایەکی مامناوەندیدا، هەمیشە ئەبێ دەستبەرداری هەمان بڕ لە پشوو و ئازادی و خۆشیەکانی ببێ'' (سەروەتی نەتەوەکان، بی ئای سی ئێچ ڤی، بەرگی یەک، لەندەن ١٨٣٥، لا ١٠٤_١٠٥). لەلایەکەوە ئادەم سمیث لێرەدا (بەڵام نەک لە هەموو شوێنێکدا) دیاریکردنی بەها لەڕێی بڕی ئەو کارەی بەخەرجدراوە لە بەرهەمهێنانی کاڵاکاندا لێی تێکئەچێ لەگەڵ دیاریکردنی بەهاکانی کاڵاکان لەڕێی بەهای کارەوە. هەربۆیە بە شوێن ئەوەوەیە بیسەلمێنێ کە بڕی یەکسان لە کار هەمیشە هەمان بەهای هەیە. لەلایەکەوە ئەو هەستێکی پێشبینی وای هەیە کە کار تا ئەو جێگایەی کە لە بەهای کاڵاکاندا خۆی نیشان ئەدات، تەنها وەک خەرجکردنی هێزی کار هەژمار ئەکرێ بەڵام بەو جۆرە مامەڵەی ئەم خەرجکردنە ئەکات کە تەنها وەک لەدەستدانی پشوو و ئازادی و خۆشی بێت، نەک لە هەمان کاتدا وەک چالاکیەکی ئاسایی مرۆڤە زیندووەکان. بەڵام تەنها کرێکاری کرێگرتەی مۆدێرنی لەبەرچاو گرتووە. زۆر بە لە خۆڕابینینەوە کەسێکی نادیار پێش ئادەم سمیث (کە لە پێشەوە لە لاپەڕە ٤٩ دا دەقی قسەکەیمان هێنایەوە) ئەڵێ: ''کەسێک هەفتەیەک خۆی خستۆتە کارەوە تاکو بتوانێ پێداویستیەکی ژیان بەدەستبهێنێ، وە کەسێکی تریش کە پێداویستیەکی تری پێ بگۆڕێتەوە ناتوانێ مەزەندەیەکی باشتری ئەوە بکات کە چ شتێک هاوتای تەواوی ئەوەیە جگە لەوەی کە حسابی تێچووی هەمان کار و کات بکات، کە لە ڕاستیدا ئەمە هچ نییە جگە لە ئاڵوگۆڕکردنی کاری کەسێک لە شتێکدا و لە کاتێکی دیاریکراودا بە کاری کەسێکی تر بۆ شتێکی تر و لە هەمان کاتدا (ئێڵ سی، ل ٣٩). زمانی ئینگلیزی ئەو سوودەی هەیە کە وشەی جیای هەیە بۆ دوو بواری جیای کار کە لێرەدا باسکراوە. ئەو کارەی کە بەهای بەکارهێنان ئەخوڵقێنێ و لە ڕووی چۆنێتیەوە هەژمار ئەکرێ پێی ئەووترێ کار (Work) کە جیاوازە لە کار (Labour)کە بەها ئەخوڵقێنێ و لەڕووی چەندێتیەوە هەژمار ئەکرێ. فرێدریک ئەنگڵس [ئەم پەراوێزەی دواییان هی ئەنگڵسە و من لێرەدا وەرمگێڕاوە تاکو ئەو ڕوونکردەوەیەی کە لەم بەشەدا داویەتی بۆ خوێنەر بەردەست بێ. هاوکاتیش گەر لە سەبەینێدا تەواوی سەرمایە لەم بەرهەمەوە وەرگێڕدرا کۆمەک بە هەموو پەراوێزەکان بکات_وەرگێڕی کوردی].



عوسمانی حاجی مارف

# ئامادەبون بۆ نوێنەرایەتی کەسێک کە بە شایانی سزای تەوبیخی دەزانی، مانای چیە!؟

## وەڵامێک بە موئەیەد ئەحمەد

لە پلینۆمی ٣٣ی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراقدا مەسەلەیەکی هەستیار لەئارادا بوو، دەبوایە یەکلایی بکرێتەوە. مەسەلەیەک کە چەندین جار هاتبووە گۆڕێ، بەڵام هەمووجار بۆ ڕاگرتنی دڵی هاوڕێیانێک و بۆخاتری بەرگرتن لە قووڵبونەوەی ناکۆکی ناو ڕابەری لەسەر ئەو مەسەلەیە چاوپۆشی لێدەکرا، بۆیە بە هەڵواسراوی دەمایەوە. ئەو مەسەلەیە باسکردن و بڕیاردان بوو لە سەر پێشێلکاری چەندجارەی فەلاح عەلوان لە هەڵبەستنی تۆمەتی بێبنەما و تەشهیرو سوکایەتی بەرامبەر چەندین هاوڕێی هاوکۆمیتەی خۆی لە ڕابەریی حزبدا، کە لەسەر تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان بە نوسراو و بە عەلەنی بڵاوی دەکردەوە. ئەوەی پێویست دەکات ئەم مەسەلەیە لە ئێستادا بە یاد بهێنمەوە، وەڵامە بە چاوپێکەوتنێکی هاوڕێ

## وەڵامێک بە موئەیەد ئەحمەد

موئەیەد ئەحمەد کە لە "کوردستان دیبلوماتیک" بڵاوبۆەتەوە و دواتر لە پەیجی خۆیدا دایناوە. جۆری وەڵامەکانی هاوڕێ موئەیەد لە گێڕانەوەی پرۆسەی گەیشتن بە بڕیاری لێسەندنەوەی ئەندامیەتی لە فەلاح عەلوان لە پلنۆمی ٣٣دا، بەڕاستی نامونصیفانە و ناواقعی و نادروستن. لەو بارەیە دەڵێت یەکەم؛ خۆی لایەنگریی لەو بڕیارە نەکردووە و هەڵوێستی وەرگرتووە. دووەم؛ دەستکاری پەیڕەوی ناوخۆ کراوە.

هەڵبەتە هاوڕێ موئەیەد لەو چاوپێکەوتنەدا دەربارەی ئایندەی کاری سیاسی خۆی باسێک دەکات، مەبەستم ئەوەنیە لەم نوسینەدا لەوبارەیەوە هیچ بڵێم، ئەوە هەڵبژاردنی ژیانی سیاسی خۆیەتی، بەڵکو هەوڵ ئەدەم لەم نوسراوەدا چەند ڕوونکردنەوەیەکی پێویست بدەم دەربارەی ئەو وەڵامانەی لەسەر لێسەندنەوەی ئەندامیەتی فەلاح داویەتەوە.

مەکتەبی سیاسی حزب تا ئەو ساتەی گەیشت بەوەی پێشنیار بکات بۆ پلنۆم کە ئەندامیەتی لە فەلاح عەلوان بسەندرێتەوە، چەندین جار لەو شکاتانەی کۆڵیبووەوە کە لەسەر تۆمەت و تەشهیرو سوکایەتی کردنی فەلاح بە هاوڕێیانی هاوکۆمیتەی درابووە مەکتەبی سیاسی. هەموو جارەکان دوای لیکۆڵینەوە و سەلماندنی خەتاکاریی فەلاح لە کۆبونەوەی ڕەسمیدا، مەکتەبی سیاسی بە نامەی ڕەسمی خودی هاوڕێ موئەیەد داوای لە فەلاح کردبوو کە تۆمەتە بێبنەماکانی وەرگرێتەوە و داوای لێبوردن بکات. هەمووجار مەرجی وەرگرتنەوەی تۆمەتەکان و داوای لێبوردنی فەلاح کرابوو بە مەرج بۆ ئەوەی سزاکەی کەم بکرێتەوە. بەڵام هەموو جارێک نەک فەلاح هیچ هەنگاوێکی لەوبارەیەوە نیشان نەدا، بەڵکو بە دووبارە و چەندبارە کردنەوەی پێشێلکاریەکانی، هیچ ڕێگایەکی لەبەردەم ڕابەری حزب نەدەهێشتەوە جگە لە لێسەندنەوەی مافی ئەندامیەتی.

هاوڕێ موئەیەد بۆ خۆی ئاماژە بەوە دەکات کە لەگەڵ ئەو تۆمەت و تەشهیرو سوکایەتیانەی فەلاحدا نەبووە و ڕەخنەی لیێ هەبوون! بیهێننە بەرچاوتان کەسێک لە پۆستی سکرتیری حزبێکدا بێت، کە ئەرک و مەسئولیەتی سەرشانی ئەوەیە بەرگری لە پرەنسیپ و بنەما سیاسی و کۆمۆنیستیەکان بکات، کەچی هەموو هێزی خۆی خستوەتە سەریەک تەنها بۆ ئەوەی بڵێ من لەگەڵ ئەو کارانەدا نیم!! تازە هەموو جارێک دوای دووبارەکردنەوەی ڕستەی "من لەگەڵ ئەو ڕەفتارانەی فەلاحدا نیم" و بە زیادکردنی بەلامێک، کەوتوەتە پاساوهێنانەوە بۆ بەرگری لە مەحفەلیستی و خۆپارێزی لە گرتنەبەری هەڵوێستێکی ئوصوڵی و حزبی ڕاشکاو لە بەرامبەر پێشێلکاریەکانی فەلاحدا. بۆ یەکجاریش بەرپرسیارێتی خۆی وەکو سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی بەرامبەر پارێزگاری لە کەرامەت و کەسایەتی ئەندامانی کۆمیتەکەی نیشان نەداو لە سەر ڕەفتارەکانی فەلاح وشەیەکی نەنوسی، تا هاوڕێیانی کۆمیتەی ناوەندی هەست بکەن هاوڕێ موئەیەد وەک سکرتێرێک بە

چاوێکی یەکسان بەرگری لە کەسایەتی و کەرامەتیان دەکات.
جارێک لە کۆبونەوەیەکدا هاوڕێیەکی کۆمیتەی ناوەندی بە هاوڕێ موئەیەدی ووت؛ "هاوڕێ موئەیەد ئەسڵی کێشەکە خۆتی نەک فەلاح، کە لە بەرامبەر ئەو هەموو پێشێلکاریانەی فەلاحدا نەک هەر بێدەنگیت هەڵبژاردوە، بەڵکو ڕوون و ڕاشکاو چاوپۆشی لێدەکەیت. لەبارەی ئەم کێشەیەوە بەر لە هەرکەس ئەوە کار و بەرپرسیارێتی تۆ بوو وەک سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی دەستپێشخەری بکەیت و بۆ پارێزگاری لە کەرامەتی کەسانێک کە تۆ سکرتێریانی یەخەی فەلاح بگریت و چارەسەری بکەیت. ئەگەر یەکجار واتبکردایە ئیتر پێویستی نەدەکرد ئێمە ناچار بین بە پێشنیارو بڕیارو لێسەندنەوەی ئەندامیەتی بەر بە پرەنسیپ شکێنی فەلاح بگرین، بەڵام لەوە دەچێت ناتەوێت بەهیچ جۆرێک وەڵامی فەلاح بدەیتەوەو بەرگری لە ئوصوڵ و پرەنسیپەکانی کۆمیتەکەت بکەیت، تا فەلاح لێت نەڕەنجێت".
لە ڕاستیدا بەردەوامی فەلاح لەسەر پرەنسیپ شکێنی و هەروەهاش بێدەنگی و چاوپۆشی هاوڕێ موئەیەد وەکو سکرتێر وایکرد و ئاکامەکەی گەیشت بەوەی لە پلنۆم ٣٣دا کۆمیتەی ناوەندی بۆ بەرگری لە پرەنسیپە حزبیەکان و بەرگری لە کەرامەتی کۆمیتەکە و ئەندامەکانی بڕیار لەسەر سەندنەوەی ئەندامێتی لە فەلاح بدات. هاوڕێ موئەیەدیش بەرپرسیارێتی خۆی کردە قوربانی بەرژەوەندی مەحفەلیستی و وەکو هەمیشە بە دووپاتکردنەوەی "من لەگەڵ ئەو ڕەفتارانەی فەلاحدا نیم" لەڕاستیدا خۆی دایە پاڵ پێشێلکاریەکانی فەلاح. تا ئەو ڕادەیەی کە بۆ دەستکێشانەوەکەی بڵێ: "ناتوانم لەگەڵ مەحفەلیستی ئەو ڕابەریەدا کار بکەم"..
هاوڕێ موئەیەد باس لەوە دەکات هەر لەو پلنۆمەدا پێشنیاری کردووە فەلاح تەوبیخ بکرێت و مافی ئەندامەتی لێ وەرنەگیرێتەوە، پێش هەموو شتێک دەبێ بڵێم بەڕاستی ئەو هەڵوێستەی هاوڕێ موئەیەد منی تووشی جۆرێک سەرسامی کرد، کە خۆی لە کاتێکدا لانی کەم فەلاحی بە مستەحەقی تەوبیخ دەزانی، کەچی لەبەر ئەوەی فەلاح غائب بوو لە پلنۆم، بە ڕێگای تەلەفون ئەوپەڕی هەوڵیدا ڕەزامەندیی فەلاح وەربگرێت تا خۆی ببێتە نوێنەری و بە نوێنەرایەتی ئەو دەنگێک زیاد بکاو بەرگری لێ بکات، بەڵام ئسوڵی تر ئەوەبوو کە بۆ ئەوەی ئیحساسی ئەوە بە ئێمە بدات کە بەرگری لەکەسایەتی و کەرامەتی ئێمە دەکات، هەتا ئەگەر فەلاح بۆ خۆی داوای لە موئەیەد بکردایە کە ببێتە نوێنەری لە پلنۆمدا، پێویست بوو هاوڕێ موئەیەد بڵێ "بەڕای من تۆ پێشێلکاریت کردوە و تەشهیر بە هاوڕێکانت دەکەیت و مستەحەقی تەوبیخی، بۆیە من ناتوانم و ئامادەنیم ببمە نوێنەری تۆ". بەڵام بەداخەوە هاوڕێ موئەیەد ئەم هەڵوێستە کۆمۆنیستیەو بەرپرسیاریەتی وەک سکرتێرێک

کردە قوربانی بەرژەوەندی مەحفەلیستی لەگەڵ فەلاح و ڕێک پێچەوانەکەی کرد.
هاوڕێ موئەیەد دەڵێ کە بە بڕیاری زۆرینە لێسەندنەوەی ئەندامیەتی فەلاح پەسەند دەکرێت، بە دژی وەستاوەتەوە و دواتریش دەستی کێشاوەتەوە، هەروەک پێشتر ئاماژەم پێکرد، ئەو بڕیاری لێسەندنەوەی ئەندامەتیە پرۆسەیەکی لە ناکاو و تەنها دەنگدانێک نیە کە بڕیارێکی یەکلایەنەی تیا پەسند کرابێت، بەڵکو پاش ماوەیەکی درێژخایان و تەوبیخکردن و داواکردن بەوەی فەلاح کۆتایی بهێنێت بە پێشلکاری و داوای لێبوردن بکات، پاش هەموو ئەوانە و دووبارە و چەندبارە بوونەوەی فەلاح لەسەر تۆمەت و تەشهیرەکانی، کۆمیتەی ناوەندیی بەو بڕیارە گەیاند. لێرەدا پێویستە مەسەلەیەکی گرنگ بەیادی هاوڕێ موئەیەد بهێنمەوە، کە لەناو پلنۆمەکەدا پێم ووت؛ باشە هاوڕێ موئەیەد سەرباری هەموو ئەوانە فەرموو ئێمە ئێستا پێشنیارەکەی تۆ کە تەوبیخە قەبوڵ دەکەین، بەڵام ئەگەر دوای ئەو تەوبیخەش فەلاح هەمان کاری دووبارە کردەوە، بۆ پلنۆمی داهاتوو چی بکەین و پێشنیارت چی دەبێت، هاوڕێ موئەیەد لەو بارەیەوە وشەی "نازانم"ی هەڵبژارد! چونکە سوور دەیزانی کە ئەگەر بە قسەکەی ئەویش بکەین، فەلاح دووبارە هەمان سوکایەتی و پرەنسیپ شکێنی دەکاتەوە و دیسانیش هاوڕێ موئەیەد لەبەرامبەر پێشنیاری لێسەندنەوەی ئەندامەتیدا، بەرگری مەحفەلیستی لەو دەکات. ووتم باشە ئێمە وەک ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی تاکەی و چۆن هەست بە زەمانەتی پاراستنی کەرامەتی خۆمان بکەین لەبەرامبەر ئەندامێکی کۆمیتەی ناوەندیدا کە تۆمەت و سوکایەتی نارەوامان پێدەکات و سکرتێرەکەش نازانێ چی بکات؟! هەر بۆیە پرۆسەی چارەسەری ئەو کێشەیە دەبوا بە قەناعەت و بڕیاری زۆربەی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی چارەسەر بکرێت و بەرگری لە کەسایەتی و کەرامەتی خۆمان بکەین، کە هاوڕێ موئەید نەیتوانی یان نەیویست بەوکارە هەستێت، هەر بۆیە لەو پلنۆمەدا زیاتر لە هەر کەس پێداگریم کرد لەسەر پێشنیارەکەی مەکتەبی سیاسی بۆ لێسەندنەوەی ئەندامیەتی لە فەلاح.
لەلایەکی ترەوە هاوڕێ موئەیەد دەڵێت دەستکاری پەیڕەوی ناوخۆ کراوە، ئاخۆ بەڕاست هاوڕێ موئەیەد ئامادەیی سەلماندنی ئەم تۆمەتە گەورەیەی هەیە، یان ئەویش وەک فەلاح بەڕەوای دەبینێ بێ بنەما کە تۆمەتی گەورەی بەم جۆرە لە میدیاکانەوە بدات بەڕووی هاوڕێکانی دەیان ساڵەیدا؟! گەر مەسەلەکە لەم ئاستەدا بوو، پێویست بوو کەمێک ئەرک و زەحمەت بکێشێ، یەکەم ئەو بەندە لە پەیڕەوی ناوخۆ بخاتەڕوو کە پێیوایە دەستکاری کراوە، دووەم بەرلەوەی لە میدیاوە ئەم تۆمەتە ڕابگەیەنێ، لانی کەم بۆ یەکجار لە ئۆرگانێکی خاوەن سەڵاحیەتدا بیخاتەڕوو.
لە شوێنێکی تردا دەگەڕێتەوە بۆ ئەو نوسراوانەی کە دەربارەی "ئینشقاقی یەکێتی شورا و

## عوسمانی حاجی مارف

سەندیکا کرێکاریەکانی عێراق" لەلایەن هاوڕێ موئەیەد و هاوڕێ ڕێبوار و منەوە نوسراون و بڵاوکراونەتەوە. ئاشکرایە کە لەو بارەیەوە هەرکەس لەسەر بنەمای بۆچونی خۆی لەو کاتەدا باسەکانی کردووە، هەرکەس مەبەستی بێت دەتوانێت لەو بۆچونانە وورد بێتەوە و بۆیان بگەڕێتەوە، بەڵام بۆ ساغکردنەوەی دروستی و نادروستی ئەو نوسراوانە لەبەرامبەر ئەو ئینشقاقەی لە یەکێتی شورا و سەندیکا کرێکاریەکاندا ڕوویداوە، ئێستا ئەو نوسراونە بنەما نین، بەڵکو لە ئێستادا پێویست دەکات دەربارەی چۆنیەتی گەشەی ڕێکخراوەیی ئەم یەکێتیە لە ڕاستای پێشڕەوی لە نێو بزوتنەوەی کرێکاریدا لێک بدرێتەوە. هەر بۆیە باسکردن لەسەر ئەوەی کە هاوڕێ موئەیەد ئەیخاتە سنوری ئەوەی لە باری سیاسیەوە خۆی بەرگری لە یەکێتی شوراو سەندیکاکان و فەلاح عەلوان کردووەو وەها نیشان ئەدات موخالەفەتی ئێمە باش نەبووە، ئەو پرسیارە دێتە پێشەوە، یەکێتیەکەی فەلاح و دەوری فەلاح لە ناو بزوتنەوەی کرێکاریدا دوای پانزە ساڵ لە هەڵسوڕانی سیاسی و هاوپشتیە سیاسیەکانی هاوڕێ موئەیەد بۆ ئەو ڕێکخراوە بە چی گەیشت..؟ ئەوەی هاوڕێ موئەیەد ئێستا ناتوانێ بیسەلمێنێت و کاری پێ بکات ئەو لایەنەیە.

لە کاتێکدا هاوڕێ موئەیەد لەوەڵامی دەربارەی ئینشقاق لە حزبدا دەڵێت؛ "*حزبێک یا ڕێکخراوێک بە ڕواڵەت وا دەرئەکەوێت کە نەگۆڕاوە لە بەر ئەوەی تووشی ئینشقاق نەبووە، بەڵام بە کەمێ ووردبوونەوە دەرئەکەوێت کە ئەو حزب و ڕێکخراوەش هەمیشە سەرلەنوی خۆیان بەرهەم ئەهێننەوە بە میکانیزمی تایبەتی خۆیان. رابەریەکەی و ئەندامەکانی گەر کەسانی چەند نەوەی دواتریش بن بەڵام لە سەر بنەمای نەریت و میکانیزمی تایبەت درێژە بە حزبەکە یا ڕێکخراوەکە ئەدەن و ئەمەش وەک ئەوە وایە کە سەرلەنوێ دروستیان بکەنەوە. هەربۆیە ئینشقاق یا مانەوەی ئارایشێکی ڕێکخراوەیی لە شوێنی خۆیدا دوو لایەنی یەک پرۆسەن و ناتوانرێ واقعیەتی بزوتنەوەیەکی پێ دەست نیشان بکرێت.*"

بەڵام دوای پانزە ساڵ لە هەڵسوڕانی یەکێتیەکەی فەلاح کە تا ئیستا هیچ دەورو پێگەیەکی لەناو بزوتنەوەی کرێکاری عێراقدا بە دەست نەهێناوە، هەروەها هیچ جۆرە کارکردێکی لەسەر بەهێزکردن و ڕێکخراوکردنی ئەو بزووتنەوەیە نەبووەو نیە، نەمانبینی لەباری عەمەلیەوە هاوڕێ موئەیەد سەرنجی بچێتە سەر میکانیزمی کارێکی لەو جۆرە بنبەست و بێسەمەرەی ئەم ڕێکخراوە، کە پانزە ساڵە تەنها ناوەکەی خۆی و مەحفەلێک بەرهەم دەهێنێتەوە، بە مانایەک بەرگری لەو ڕێکخراوەو لە دەوری سەرەکی فەلاح لەو ڕێکخراوەدا، ئەوە دەگەیەنێت هاوڕێ موئەیەد میکانیزمی پەیوەندبوون بە کرێکارەوە، ئومێدی بە کارو هەڵسورانی یەکێتیەکە و سکرتێرەکەیەوە هەیە، کە تا ئێستا چالاکی و

## وەڵامێک بە موئەیەد ئەحمەد

ئاسۆکەی و مەیلە سۆشیالستیەکەی هیچ ئاسەوارێکی نیە، بەراستی ئینسان سەرنجی دەچێتە سەر ئەو کەسانەش کە چاوەڕوانن و ئومێدیان بەوەیە ئەم یەکێتیە لە خەو خەبەری بێتەوەو کارێکی سیاسی گەورەیان بۆ بکات..!

مەسەلەیەکی گرنگتر دەربارەی ئەم یەکێتیە ئەوەیە کە لە ڕۆژی دامەزرانیەوە بۆ یەکجار فەلاح بووە بە سەرۆکی، ئیتر تا ئێستا ناوی "سەرۆک" وەکو ناوی باپیرەی فەلاحی لێهاتووە و تا ئەبەد ناگۆڕدرێ. هاوڕێ موئەیەد کە هەمیشە خۆی بە لایەنگری نەریتی شورایی و ڕابەری دەستەجەمعی دەزانێ، کەی لە ڕوانگەی ئەوەوە جارێکی تر پێویست دەکات سەرۆکی ئەم یەکێتیە هەڵبژێردرێتەوە؟! هەر لەوکاتەوە حزب پێنج جار سکرتێری گۆڕیوە، هەرچی دامەزراوە بۆرژوازیەکانی ئەم کۆمەڵگایە هەیە، لە سەرۆک کۆمار و سەرۆکی پەرلەمان و سەرۆکی حکومەت و سەرۆکی هەرێم و ..هتد، چەند جار گۆڕاون، دەکرێ هاوڕێ موئەیەد پێمان بڵێیت کەی نۆرەی ئەوەش دێت کە لە ڕوانگەی لایەنگری سیستەمی شورایی و ڕابەری جەمعیەوە لانی کەم دووبارە هەڵبژاردنەوە بۆ سەرۆکی ئەو یەکێتیە بکرێت؟! یان ئەوەی کە هەموان دەزانین سەرباری ئەوەی قیادە و قاعیدەی ئەو یەکێتیە لە ژمارەی پەنجەکانی یەک دەست زیاتر نیە، بەڵام چۆنە لە ئاست دەسەڵاتی ڕەها و فەردی و یەکلایەنەی فەلاح دەربارەی هەموو شتێکی وورد و درشتی ئەو یەکێتیە، بۆ جارێک باسی ڕابەری جەمعی و نەریتی شورایی ناکەوێتە بیریان و کاری پێ ناکەن؟!

دوای هەموو ئەوانەش تا ئێستا کە هاوڕێ موئەیەد پێداگری دەکات و ناڕازیە بەو بڕیارەی کۆمیتەی ناوەندی، پێموایە باشتربوو بۆ نارەزایەتی بەرامبەر بە بڕیاری لێسەندنەوەی ئەندامەتی فەلاح لەبری هەڵچوونی کوتوپڕ و دەستکێشانەوەی بێ پێشینە، پێش ئەوە هەوڵیان بدایە نەک هەزاران و سەدان ئیمزای کرێکاران لە یەکێتیەکەیان کۆبکنەوە لە بەرامبەر ئەو بڕیارەی حزبدا، بەڵکو شەخسی خۆم بە کۆکردنەوەی ئیمزای دە کرێکاریش بیرێکی ترم لێدەکردەوە. هاوڕێ موئەیەد زیاتر لەچارەکە سەدەیەک کاری سیاسی خۆی لەم حزبە کردە قوربانی بەرگریەکی مەحفەلیستی لە ڕەفتاری نارەوای تۆمەت لێدان و تەشهیرو سوکایەتی بە هاورێیانێکی، کە دەیان ساڵ پێکەوە لە سەختترین دەورانەکاندا کاری کۆمۆنیستیان کردوە، خودی هاوڕێ موئەیەد لە هەموو کەس باشتر ئەو ڕاستیە دەزانێ کە ئەو هاوڕێیانە مستەحەقی ئەو تۆمەت و تەشهیرو سوکایەتیانە نەبوون.

لەبڵاوکراوەکانی گۆڤاری دیدگای سۆشیالیستی

# پرۆگرامی سیاسی بزوتنەوەی گۆڕان چیمان پێدەڵێت؟

## ئاناتۆمی بۆرژوا ناسیونالیزم لەبەرگی چاکسازیدا




نوسینی: خەسرەو سایە

چاپی یەکەم
ساڵی 2018

بۆ بەدەستهێنانی کۆپیەک لەم
کتێبە بەفۆرماتی پیدیئێف
سەردانی سایتی حزبی
کۆمۆنیستی کرێکاری
کوردستان بکەن:
www.hkkurdistan.org

بۆ بەدەستهێنانی ژمارەکانی پێشووی گۆڤاری دیدگای سۆشیالیستی، دەتوانن لەگەڵمان پەیوەندی بگرن:

0047 47276028

didgaisocialisti@gmail.com

**دیدگای سۆشیالیستی، بخوێننەوە و بەدەستی دۆستان و ئاشنایانی خۆتانی بگەیەنن!**

# Socialist Outlook

A political intellectual quarterly issued by Worker - communist Party of Kurdistan

Thirteenth ISSUE, July 2019